ئەحمەد عارف

# لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند

وەرگێڕان و سەرنج

دڵشاد هیوا



کتێبی ژنەفتن

٢٢

ئەحمەد عارف

# لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند

وەرگێڕان و سەرنج

دڵشاد هیوا

# له تاسه‌تا كۆت و زنجيرم ڕزاند

ئه‌حمه‌د عارف
وه‌رگێڕان و سه‌رنج: دڵشاد هیوا

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند
نووسینی: ئەحمەد عارف
وەرگێڕان و سەرنج: دڵشاد هیوا
بابەت: شیعر
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، حوزەیران ٢٠٢٥
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٣٥٤ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

## پێرست

پێشەکییەکی کورت بۆ ئەم وەرگێڕانە..........................ل١٠

پێگەی ئەحمەد عارف لە شیعری تورکیدا..........................ل١٩

**لە تاسەتا کۆت و زنجیرم پڕاند**

ئەڤینی تۆ..........................ل٣٥

ڕامانێک لە شیعر «ئەڤینی تۆ»..........................ل٣٦

لە زیندانا..........................ل٤١

ڕامانێک لە شیعری «لە زینداندا»..........................ل٤٢

کۆڵانی مێخەک..........................ل٤٧

ڕامانێک لە شیعری «کۆڵانی مێخەک»..........................ل٥٢

تەنیا نین..........................ل٦٢

ڕامانێک لە شیعری « تەنیا نین»..........................ل٦٨

سڵاو..........................ل٧٥

ڕامانێک لە شیعری «سڵاو»..........................ل٧٧

ئەها کە تەقەش دڕ بە تاریکیی شەو نادا..........................ل٨٣

ڕامانێک لە شیعری «ئەها کە تەقەش دڕ بە تاریکیی شەو نادا»..........................ل٨٧

ئێواره له زیندان زووبەسەرا دێ..........................................ل١٠٠

ڕامانێک له شیعر «ئێواره له زیندان زوو بەسەرا دێ».............ل١٠٣

بێدەنگ...............................................................................ل١١٢

ڕامانێک له شیعری «بێدەنگ»......................................................ل١١٨

مانگ تاریکه.........................................................................ل١٢٩

ڕامانێک له شیعری «مانگ تاریکه»...............................................ل١٣٢

وای، قوربان..........................................................................ل١٣٨

ڕامانێک له شیعری «وای قوربان»...............................................ل١٤٥

ئەوەی ناتوانم لەبیری بکەم..........................................................ل١٥٥

ڕامانێک له شیعری «ئەوەی ناتوانم لەبیری بکەم»...................ل١٥٨

ڕەش..................................................................................ل١٦٥

ڕامانێک له شیعری «ڕەش»..........................................................ل١٦٩

ئەم زیندانە، ئەم تێکشکانە، ئەم گیانبازارە...............................ل١٧٩

ڕامانێک له شیعری «ئەم زیندانە، ئەم تێکشکانە، ئەم گیانبازارە».............................................................................ل١٨٤

ئەی هاوار!.............................................................................ل١٩٦

ڕامانێک له شیعری «ئەی هاوار»...............................................ل٢٠١

ئەنادۆڵ................................................................................ل٢١١

ڕامانێک له شیعری «ئەنادۆڵ»....................................................ل٢١٧

لەیلم ـ لەیل.........................................................................ل٢٢٦
ڕامانێک لە شیعری «لەیلم ـ لەیل»...........................................ل٢٣١
لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند.............................................ل٢٤٠
ڕامانێک لە شیعری «لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند»............ل٢٤٢
یادداشتەکانی قەڵای دیاربەکر و لایلایەی عادیلۆش بەبۆ..........ل٢٤٩
ڕامانێک لە شیعری «یاداشتەکانی قەڵای دیاربەکر و لایلایەی عادیلۆش بەبۆ»...................................................................ل٢٥٤
سی و سێ گولله......................................................................ل٢٦١
ڕامانێک لە شیعری «سی و سێ گولله»......................................ل٢٧٢
چەند بەشێک لە: «دڵم، چاڵی دینامیتە»....................................ل٢٧٨
ڕامانێک لە شیعری «دڵم چاڵی دینامیتە»..................................ل٢٨١
تەنانەت شەرەفیش دەگری.......................................................ل٢٨٦
ڕامانێک لە شیعری «تەنانەت شەرەفیش دەگری»....................ل٢٨٩
نیشتمانم، شادەماری من........................................................ل٢٩٤
ڕامانێک لە شیعری «نیشتمانم، شادەماری من»........................ل٢٩٨
بەندکراو..................................................................................ل٣٠٤
ڕامانێک لە شیعری «بەندکراو»...............................................ل٣٠٦
پاش ڕەستاخێز........................................................................ل٣١١
ڕامانێک لە شیعری «پاش ڕەستاخێز»ی ئەحمەد عارف........ل٣١٥

ڕۆستەمۆ..........................................................................ل٣٢٣
شیکردنەوەی شیعری «ڕۆستەمۆ»ی ئەحمەد عارف................ل٣٢٧
ئەڤینی ڕەش...........................................................................ل٣٣٣
ڕامانێک لە شیعری «ئەڤینی ڕەش»..........................................ل٣٣٤
تۆلیاتی.................................................................................ل٣٣٩
ڕامانێک لە شیعری «تۆلیاتی»....................................................ل٣٤١

## پێشەکییەکی کورت بۆ ئەم وەرگێڕانە

ئەحمەد عارف (١٩٢٧-١٩٩١)، شاعیری کوردی تورکینووس، لە شیعری هاوچەرخی تورکیادا، دەنگێکی تاک و هەڵقوڵاوی ناخی ئازار و خەباتە. شیعرەکانی، بە چنینێک لە ناڕەزایی، خۆشەویستی، هیوا و یاخیبوونەوە، هاواری ئازاری خەڵکی چەوساوە دەکات؛ خەڵکێک، کە بە ئازایەتییەوە بەرگەی ستەمی مێژوویی، سەرکوتکردن و تواندنەوەیان گرت. ئەحمەد عارف، لە سەرتاپای شیعرەکانیدا، باسی ئازار و ئاواتی ئەو مرۆڤانە دەکات وا خۆشەویستیی ئازادی و دادپەروەرییان وەک ڕاستییەکی زیندوو و پیرۆز، لە سنگیاندا هەڵگرتووە.

ئێستا کە شیعرەکانی دەکرێنە کوردی، پردێکی نوێ لە نێوان دوو نەریتی ئەدەبیی مەزندا دروست دەبێت: لەلایەکەوە، میراتی دەوڵەمەند و بەناوبانگی شیعری ناڕەزایەتیی هاوچەرخی تورکیا، لەلایەکی تریشەوە، ئەدەبی بەکوردینەنووسراو، کە لە ناخی خۆیدا ڕۆحی بەرخۆدانی کوردانە و گەڕانی بە دوای ناسنامەدا هەڵگرتووە. ئەم وەرگێڕانە، دەرفەتێکی نوێیە بۆ خوێنەری کورد تا شیعرەکانی ئەحمەد عارف، لە دەریچەی هەست و

زمـــانی خۆیەوە تـــاقی بکـــاتەوە و دەنگە فرەچەشـــــنە ئازارچێشـــــتوو و خەباتگێڕەکان لە قاڵبی وشـــــەی نوێدا ببیستێت.

❊❊❊

بەهای شـــیعری ئەحمەد عارف لە بێدەنگنەبوونیدایە لە ســـەردەمێکدا، کە لەســـەر دەنگهەڵبڕین زمان دەبڕا. ئەو، بە دەربڕینێکی پڕجۆش و ســـۆز و گـەرمییـەوە، میراتی ئازار و کەفوکوڵی پەنهانی ســـــەردەمەکەی بە یادگار بۆ بەجێ هێشتووین. وەرگێڕانی شیعرەکانی بۆ کوردی، تەنیا هەنگاوێکی ئەدەبی نییە؛ بەڵکو دەرفەتێکە بۆ ئەوەی گیانە تینووەکـانی ئـازادی و دادپەروەری، لە ئـاوێنەی وشـــــە هـاوبەشـــــەکـانـدا، نزیکـایـەتی لـەپچڕاننەهـاتووی خۆیـان بناسـنەوە. کاتێک سـنوورە سـەپێنراوەکان و سـووکایەتییە مێژووییەکـان دەڕووخێن، هـەقیقـەتی شـــــیعر و ئـازادی پێکەوە گیانیان بەبەردا دێتەوە.

❊❊❊

تا ســاڵانێکی زۆر کەس نەیدەزانی ئەحمەد عارف، لە پاڵ پەیوەندییە تایبەتەکەیدا بە گەل و خاکەکەیەوە، ئەڤینی ژنێک بە ناوی لەیلا ئەربیل (١٩٣١-٢٠١٣) ســـەرچاوەیەکی ســـــەرەکیی ئیلهامی شـــــیعرەکانی بوون. لـەیلا ئـەربیل،

یەکەمین پاڵێوراوی نووسـەرانی تورکیا بۆ خەڵاتی نۆبڵ بوو، خاوەنی شەش ڕۆمان و سێ کۆمەڵە چیرۆکە. دواتر، پاش سـاڵانێکی زۆر کە ئەم خاتوونە ڕێگەی بە بڵاوکردنەوەی نامەکانی ئەحمەد عارف دا، خوێنەرانی لەوە تێگەیشـتن ئەو نەک تەنیا شـاعیرێکی شـۆڕشـگێڕ، بەڵکو ئاشـقێکی بێبەختیش بووە. لە سـاڵانی ١٩٥٤ تا ١٩٥٩دا، ژمارەیەکی زۆر نامە لە زیندان و شـارەکانی ترەوە لە نێوان ئەحمەد و لەیلادا ئاڵوگۆڕ کراون و دوانامەی ئەو سـاڵانەشـی بۆ لەیلا ئەربیل، لە ١٩٥٩دا نووسـیوە. لە نامەکانەوە تێدەگەین کە ئەم ئەڤینە یەکلایەنە بووە و لەیلا خۆشـی دان بەوەدا دەنێت پاش سـاڵی ١٩٥٥ ئیتر ئەم ئەڤینە یەکلایەنە بووە. ئەم یەکلایەنبوونەی ئەڤین لە ئەدەبیاتی تورکیدا بە «قەرەسـەڤدا» ناو دەبرێ و ئەحمەد عارف دەیان جار لەم شـیعرانەیدا بەکاری هێناوە لێرە وەکوو خۆی و بە «ئەڤینی ڕەش» وەرگێڕدراوە و بەپێویست نەزانراوە وشـەیەکی تر لە بەرامبەری دابنرێت، بەتایبەتیش لەپێناوی پاراستنی ئەو ڕەشێتییەی لە شیعری «ڕەش»دا هەیە.

پاش ١٧ ساڵ لە دابڕان و شووکردنی لەیلا، ئەحمەد عارف لە سـاڵی ١٩٧٦دا، جارێکی تر نامەیەکی بۆ نارد و کتێبێکی ئیسـماعیل بێشـکچیشـی بۆ واژۆ کرد. بەڵام کە

سـالّی ١٩٨٩، ئەحمەد عارف بانگهێشـتی ئیسـتانبوڵ کرا تاوەکوو لە کۆبوونەوەیەکی واژۆکردنی کتێبدا بەشـداری بکات، دوای کۆبوونەوەکە، لەگەڵ چەندین نووسـەر و هونەرمەندا، لەنێویاندا یاشـار کەمال و ڕەحمی سـەلتوق، سترانبێژی بەناوبانگی خەڵکی مامەکییەی دەرسیم چوون بۆ مەیخانەیەک. لە وێنەکانی ئەو شـەوەدا، لەیلا ئەربیلیش لە تەنیشتی ئەوەوە ئامادە بووە.

لە ئێسـتادا زۆرێک لەوانەی ئەحمەد عارف دەخوێننەوە پێیان وایە ئەوە ئەڤینی لەیلایە کە شـیعری ئەوی بەرهەم هێناوە؛ تەنانەت پێیان وایە ئەگەر لەیلا ئەربیل و خۆشـەویسـتییەکەی لە شـیعرەکانی لابدرێت، هیچی تری لێ نامێنێتەوە. بەڵام لە ڕاسـتیدا شـیعری ئەحمەد عارف بە ئەڤینی لەیلا و بێ ئەڤینی ئەو، یەکێکە لە تایبەتترین شـیعرەکانی ئەدەبیاتی تورکیا. وێنە



شیعرییەکانی ئەوەندە ئاڵۆز و قووڵن کە تەنانەت ئەمڕۆش کردنەوەی تەواوی ســـیمبۆلەکانی ئەســـتەمە. هەر لەبەر ئەمەشـــە کە ڕەنگە خوێنەر لە هەندێ شـــوێندا پێی وابێ وەرگێڕانەکە هەڵەی تێدایە یان ناتەواوە! بەڵام لە ڕاســـتیدا ئەو هێماســـــازی و کورتبڕی و کەمتێگەیشـــتنەیە کە «خەنجەری کورد» لەوانی تر جیا دەکاتەوە.

❊❊❊

بێگومان، بەشێک لەم هێماسازی و زمانە سیمبۆلیکیە پەیوەندی بە تایبەتمەندیی شـاعیرانەی ئەوەوە هەیە. بەڵام بەشـی گرنگتری، ئەنجامی کاریگەرییە بەهێزەکانی ژینگەی سیاسیی سەردەمەکەیەتی. ئەحمەد عارف لە سەردەمێکدا ڕووی کردە شـــیعر کە لـەلایـەکـەوە تورکیـا شـــــایەتی ســـەرکوتکردن و توانەوەی کورد و، لەلایەکی تریشـــەوە ئاگاداری گوشـــارە ســـەختەکان لەســـەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بوو. لە دەیەی ١٩٥٠دا، هەر جۆرە دژایەتییەک لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای فەرمی، نەک تەنیا ســـەرکوت دەکرا، بەڵکو باجێکی قورسـی بۆ شـاعیران و نووسـەران هەبوو. لە وەها ژینگەیەکدا، ئەحمەد عارف پەنای بردە بەر وێنەی شیعری پڕ سیمبۆل و خوازەی سەختی ناباو.

❊❊❊

یەکێک لە گرنگترین پرسیارەکان سەبارەت بە ئەحمەد عارف ئەوەیە ئایا ئەو شاعیرێکی تورکە یا کورد؟ ئەگەر لە ڕووی زمانەوە سەیری بکەین، گومانی تێدا نییە کە شیعرەکانی بە زمانی تورکی نوسراون؛ بەڵام وەختێ دێینە سەر ناوەرۆک و شیکردنەوەی گرێ و خوازەکانی شیعری وی، شوێنپێیەکی ئاشکرای ناسنامەی کوردی لە شیعرەکانیدا بەدی دەکەین.

بۆ ئەوەی باشتر لە پێگەی ئەحمەد عارف تێ بگەین، باشە لە پاڵ شاعیرە ناودارەکانی تری تورکیادا، وەک نازم حیکمەت (١٩٠٢-١٩٦٣)، دایبنێین. نازم حیکمەتێک کە لە سەردەمی گەنجێتییدا، بە ڕاشکاوی دژایەتی کەمالیزمی دەکرد و دوای تیرۆرکردنی مستەفا سوفی و هاوڕێیانی، لە شیعرێکدا هێرشی کردە سەر ئەتاتورک:

*بۆرژوا چۆتە سەر ملی کەمال،*

*کەمال ئاڵاوە لە پەتکی فەرماندەوە*

*فەرماندە چۆتە گیرفانی سەرکارەوە*

*سەرکاریش چۆتە شەرواڵی پیاوەکانییەوە*

*دەلوورێنن...*

بەڵام هەر نازم حیکمەت، لە سەرەتاکانی ١٩٤٠دا، لە شیعری *داستانی هێزە نەتەوەیییەکان* «قیوای میلییە»دا وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیی یادی ئەتاتورک دەکاتەوە:

*لە گورگێکی زەردڕەنگ ئەچوو،*

*وەختێ چاوە شینەکانی ئەدرەوشانەوە.*

هاوشێوەی ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستدا، لە شیعرەکانی حەسەن حوسێن کۆرکمازگیل (١٩٢٦-١٩٨٤)یشدا دەبینرێت. لە بەرامبەردا، ئەحمەد عارف هەرگیز ئەم جۆرە ڕێککەوتنەی نەبوو. ئەو هیچ کات بۆ ڕازیکردنی کەمالیستەکان لە باوەڕەکانی پاشەکشەی نەکرد و لە هەمان کاتدا، بە پێچەوانەی هەندێک شاعیری کوردەوە، بەلای ناسیۆنالیزمی کوردیشدا نەچوو.

هەربۆیە ئەو وەک شاعیرێکی دژەستەمی ئەو سەردەمە لە تورکیادا زۆر کەم سەرنجی خراوەتە سەر. خۆشی هەستی بەم کەمسەرنجییە کردووە. بۆ نموونە کاتێک لەبارەی خۆبەراوردکردنەوە بە نازم حیکمەت پرسیاری لێ دەکەن، لە وەڵامدا دەڵێ «لە بەرامبەر بۆمبی هێدرۆژینیدا، خەنجەری کورد دەتوانێ چی بکات؟» لە ڕاستیدا، ئەو، نازم بە بۆمبی هێدرۆژینی و خۆشی بە خەنجەری کوردی دەچوێنێت.

له تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند

❊❊❊

ئەحمەد عارف کوردێکی ناسیۆنالیست نەبوو، بەڵام لە کاتێکدا زۆربەی شاعیرانی تورکیا، لە ناسیۆنالیست و کۆمۆنیست، ئازار و مەینەتییەکانی کوردیان پشتگوێ دەخست، یان تەنیا ئاماژەیەکی خێرایان پێ دەکرد، ئەحمەد عارف لە شیعری تایبەت بە خۆیدا، سروشت و ڕۆحی کوردستانی زیندوو ڕادەگرت. هەرچەندە بە ڕاشکاوی باسی ناسنامەی کوردی خۆی ناکات، کەچی لە تەواوی بەرهەمەکانیدا دەتوانرێت هەست بە ئامادەیی هەمیشەیی کوردستان بکرێت.

❊❊❊

لە کۆتاییدا پێم خۆشە بڵێم، گومانم نییە لەوەی ڕۆژێ یەکێک دێت و ئەم شیعرانە لە من جوانتر، پڕهەستتر و شاعیرانەتر وەردەگێڕێت، بەڵام گومانم لەوەش نییە کە شیعری ئەحمەد عارف هەرگیز ناتوانێ ئەو شکۆ، ترس، خەم و سەنگینییەی خۆی بە تەواوی مانا بۆ هیچ زمانێکی تر بگوازێتەوە. هەرگیز ناتوانێ نسرمی زیندانەکانی تورکیای کەمالی بۆ هیچ زمانێک بگوازێتەوە. هەندێ وشە و دەستەواژە هەن لەم شیعرانەدا کۆڵ بە وەرگێڕان نادەن، جەبری سیاسی، فەزای سەرکوتکاری و باری کولتوورییان هەیە، من دەتوانم هەستیان پێ بکەم و

چێژی تەواویان لێ وەرگرم، بەڵام ڕەنگە نەمتوانیبێ وەک پێویســـت ئەو هەســـت و چێژە بگوازمەوە. ئەمەش واتە تایبەتمەندیی شـــیعری هەر زمانێک. لەگەڵ ئەمەشـــدا لەپێناوی ئاســانکاری لە تێگەیشــتندا لە هەندێک شــوێندا لە پەراوێزدا ڕوونکردنەوەی پێویســـتم داوە. لە کۆتاییی هەر شیعرێکیشدا لێکدانەوەیەکم بۆ شیعرەکە کردووە و هەوڵم داوە تا هێندەی لە ئەحمەد عارف تێگەیشـــتووم، بە خوێنەری بگەیەنم.

بەو هیوایەی ئەم وەرگێڕانە خاکەڕایانە، وەک من، ترپــەی دڵتــان خێراتر بکــا و لە نێوان دێڕە پڕجۆش و خرۆشــەکانی ئەحمەد عارفدا، هەناســەیەکی گەرمی ونبوو بکاتەوە بە بەر شیعری کوردیشدا، کە سەردەمێک قەڵغانی بەرگری بوو. لەوانەیە ئەم شــیعرانە، دەرفەتێک بن هەتا لە ئازارە هــاوبەشـــەکان تێپەڕین و هەنگاو بۆ ئاســـۆی ڕووناکتر بنێین؛ ئەو ئاســـۆیانەی کە تێیاندا «مرۆڤ» و «بەرخۆدان» پێکەوە مانایەکی نوێ دەدۆزنەوە.

## پێگەی ئەحمەد عارف لە شیعری تورکیدا

### جەمال سورەییا[1]

گۆڤاری پاپیروس، ژمارە ٣١، کانونی دووەمی ١٩٦٩

*«شاعیرێک: ئەحمەد عارف،*
*شنەی دەم چیاکان کۆ ئەکاتەوە و*
*دەمودەست، بەسەر منالآندا دابەشی ئەکا»*

بە بڵاوبوونەوەی کتێبی *لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند*، سەرەنجام شیعری ئەحمەد عارفیش ڕووناکیی بەخۆیەوە بینی. بەمەش، ئەو پێگەیەی ئەحمەد عارف لە شیعری تورکیدا لە پێشترەوە مسۆگەری کردبوو، لە بەرچاوی خوێنەردا دڵنیاییەکی لێبڕاوانە و بیرکارییانەی بەدەست هێنا. پێم وایە ئەم پێگەیە لەمەودوا، وەک یەکێک لەو شوێنانەی کەمترین مشتومڕیان لەسەر دەکرێت،

[1] جەمال سورەییا (١٩٣١ ــــ ١٩٩٠) شاعیر، نووسەر و وەرگێڕی بەناوبانگی کوردی زازا، سەرنوسەر و دامەزرێنەری بڵاوکراوەی ئەدەبیی پاپیروس و یەکێک لە کەسایەتییە گرنگەکانی نەوەی دووەمی ئەدەبیاتی تورکیا.

بمێنێتەوە. ئەم ڕۆژانەی تێیدا دەژین، ڕۆژانی پڕ لە هەژان و ئاڵۆزین. ڕۆژانێکی پڕجموجۆش. بەڵام لەم نێوەندەدا، لە ژیانی هزری و هونەریماندا لە نێوان بەها جێگیرەکان و بەهای نوێدا، تەنانەت لەناو خودی بەها جێگیرەکانیشـــدا، هامشـۆیەکی نوێ دروسـت بووە. ئەو بەهایانەی تا ئێسـتا لە ڕوانگەکەیەوە ســـەیر دەکران، ئێســـتا لە ڕوانگەیەکی تریشـــەوە دەبینرێن؛ بەها لاوازەکان خەریکە دادەڕووخێن و دەپوکێنــەوە و زۆرێـک لــە شـــتــەکـان خــەریکـە هەڵسەنگاندنەوەیان بۆ دەکرێ و لێپێچینەوەیان لێ دەکرێ. لەلایەکی ترەوە بەها تۆکمەکان شوێنی خۆیان دەدۆزنەوە، یان شـتێکی وا نەماوە تا شـوێنیان دەربکەوێ. بۆیە دەڵێم ئەم هەژان و ئاڵۆزییە باشـــە. ئەحمەد عارفیش کە پێشـــتر تەنیا لەنێو شـــاعیراندا «بازاڕ»ی هەبوو، ئێســـتا وا لەم نێوەنـدەدا، دەرفـەتی ئـەوەی دۆزییـەوە لـەم دۆخـە بێتـە دەرەوە و هەست بکات کە پێویستە بگاتە خوێنەر.

ئەحمەد عارف خەڵکی دیاربەکرە. یەکەم شـیعرەکانی لـە نێوان ســـالانی ١٩٤٨-١٩٥١دا، لـە یـەک دوو گۆڤاردا بەرچاو کەوتن. لەو ڕۆژانەدا خۆی لە بەشـــی فەلســـەفەی فاکەڵتی زمان و مێژوو و جوگرافیای ئەنقەرە خوێندکار بوو. دواتر دەســـتگیر کرا. لەو کاتەی یەکەم شــیعرەکانی بڵاو کردەوە، ئۆرهـان وەلی و هـاوڕێکـانی بـە تـەواوی

بەســـــەر شـــــیعردا زاڵ بوون. قۆناغی «غەریب»[2] کۆتایی هاتبوو، بە گوتەی ســـــەباحەدین ئەیوبئۆغڵو دەســـــتیان کردبوو بە ئەزموونکردنی «هونەر لە ڕوانگەی گەلەوە»[3]. هەموو گەنجەکان، هەموو تازەکارەکان، لاســـاییی ئۆرهان وەلی، ئۆکتـای ڕەفعـەت و مـەلیح جـەودەت ئـاندایـیـان

[2] ڕەوتی غەریب Garip hareketi، غـەریبچییـەکـان یان "یـەکـەمین نویێ"، ڕەوتێکی شـــیعری بوو، لەلایەن ئۆرهـــان وەلی کـــانیـک (١٩١٤ــــ١٩٥٠)، ئۆکتای ڕەفعەت (١٩١٤ــــ١٩٨٨) و مەلیح جەودەت ئاندای (١٩١٥ــــــ٢٠٠٢)ەوە لە ســاڵی ١٩٤١دا، لە شــیعری تورکیدا دامەزرێنرا و جەختیـان لەســـــەر ســـــادەیی و جوانیی دەربڕین دەکردەوە. ئەم قوتـابخـانەیە بە ڕەتکردنەوەی نەریتە بـاوەکـان، شــیعری بەرەو زمانی ڕۆژانە و دەربڕینێکی میللییانە نزیک کردەوە و لە کێش و سەروای کلاسیکی دوور کەوتەوە. لە ئەنجامدا، شیعری تورکی ڕێڕەوێکی نوێی دۆزییەوە کە تەنز، زمـانی ســــادە و ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕۆژانەی لە پێشینەدا دادەنا.

[3] تێڕوانینی "halk olarak sanat" لە شــیعری تورکیدا کە دەکرێت بە "هونەر وەک گەل" یان "هونەر لە ڕوانگەی گەلەوە" وەربگێڕدرێت، لە چوارچێوەی کولتووری-کۆمەڵایەتیی تورکیادا بە گشتی ئاماژەیە بۆ ڕوانگەیەک لە هونەردا کە لە ژیـان، کولتوور و بەهـاکـانی خەڵکی ئاســـاییەوە ســـەرچاوە دەگرێت و هەوڵ دەدات "دەنگی خەڵک" یان "ڕوانینی گشـــتی" لە بەرهەمە هونەرییەکـانـدا ڕەنـگ بـداتەوە. بە واتایەکی تر، جەختی ســەرەکی لەســەر ئەوەیە کە هونەر نابێت تەنیا لە خزمەتی چینێکی تایبەت یان دەســتەبژێردا بێت، بەڵکوو دەبێت لە ناخی خەڵکەوە و بۆ خەڵک دروست ببێت.

دەکردەوە. وەک بڵێی شـــیعر تەنیا ئەوە بوو کە ئەوان دەیاننووســـی؛ وەک بڵێی جگە لەوەی ئەوان دەیاننووســـی شـیعرێکی تر نەبێت. ئەم هەڵوێسـتە نائاگایانەی گەنجەکان زیانی بە شـــیعری ئێمە گەیاند. بەڵام ســـەرەڕای ئەوەی زۆربەی هونەرمەندە گەنجەکان وا بوون، لە ناویاندا کەســـانێکیش هەبوون کە هەوڵیان دەدا خاڵی دەســـتپێکی خۆیان پەرە پێ بدەن و گوێیان نەدەدایە ئۆرهان وەلی و هاوڕێکانی. ئەحمەد عارفیش وەک یەکێک لەوانە دەبینین؛ تەنانەت هەر لە یەکەمین شـــیعریدا. ئەو، ناوەرۆکی ئەو شـــیعرانە ڕازییان نەکرد کە «ڕەوتی غەریب» هێنابوویە ئاراوە. ئەو ڕەوتەی کە، ئەوەی دەیخستە ڕوو شتێک بوو لە شـــێوەی «شـــیعری بێشـــیعر»دا، بەڵام ئەو بێ ئەوەی گوێ بەمە بدات، بە ڕێڕەوی خۆیدا دەڕۆشـــــت. لەو شاعیرانە بوو ڕێبازێکی وەهای هەبوو.

شـــیعری ئەحمەد عارف لە لایەکەوە درێژەی ڕەوتی نازم حیکمەتە، یان باشـــتر بڵێین بەو هێڵەدا کە نازم حیکمەتیشـــی تێدا بووە، گەشـــەی کردووە. بەڵام جیاوازی گەورە لە نێوان هەردوو شـــاعیردا هەیە. نازم حیکمەت شـــاعیری شـــارەکانە. لە دەشـــت و پانتاییە گەورەکانەوە لەگەڵ خەڵکدا دەدوێ؛ وەک «ڕووبارێکی گەورە و بەپیت» دەشـــتەکان دەبڕێت و ڕەوت دەکات؛ شـــارســـتانییە. بەڵام

ئەحمەد عارف چیاکان دەنووسـێتەوە؛ ئەو چیا و کەژانەی ملکەچیی ناناسن، چیا «یاخی»یەکان. شیعری ئەو لە کۆدا، نەوایەکە لە شـێوەی لاواندنەوەیەکی درێژ و بێهاوتادا؛ لاواندنەوەیەک بۆ ئەو منالانەی کە «هێشـتا دەریایان نەدیوە»؛ شـیعرێک کە لەناو گورگ و باڵندەدا، لەناو گوڵە کێوییەکاندا گوتراوە، لەسـەر مسـکی خەنجەرێک هەڵکۆڵراوە. بەڵام هەر لەم لاوانەوەیەدا، لە شـوێنێکدا، لەناکاو وەک ئەوەیە بیەوێ ببێتە سـرودی سـەرکەوتن؛ هیوایەک هەیە (وڕێنەیەک، یان باشـترە بڵێین حەزێکی توند)؛ بریسـکەیەکی تیژ هەیە. شـیعری ئەحمەد عارف شـیعری گەریلایەکی بریندارە، کە گۆرانی دەچڕێت و دەجەنگێت؛ بەدەم سـوێی برینەکەیەوە، کورتەیەکی مێژوو بۆ هاوڕێکانی دەگێڕێتەوە، لەم نێوەندەشـدا فەلسـەفە و باوەڕی خۆی لەبیر ناکات. شـتێک لەوە زیاتر کە تەنیا بە مانای بەرەنگاربوونەوە بێ، لەنێو سروشتێکدایە کە ملکەچ ناکات. لە سـروشـتێکدایە کە سـامانە مەزنەکەی، پاکیی ئەزەلییە؛ سروشتێک لە ڕەگەزی تیراوێژ و ڕاوچییان.

لە نێوان سـالانی ١٩٥٩-١٩٦٢دا لە ئەنقەرە بووم. موزەفەر ئەردۆست بە یەکی ئاشنا کردین. یەکسەر بووینە هاوڕێی گیانی بە گیانی. لەو کاتەدا، موزەفەر ئەردۆسـت بەڕێوەبەری چاپخانەی ڕۆژنامەی ئولۆس (Ulus) بوو.

ئەحمەد عارفیش لە ڕۆژنامەی مەدەنییەت (Medeniyet) کاری دەکرد. لە هەفتەیەکدا سێ چوار شەومان پێکەوە بەڕێ دەکرد؛ یان باشترە بڵێم سێ چوار ڕۆژوشەو. من، کە شەو دادەهات، لە کاتژمێر ١١ یا ١٢ دەچوومە باڵەخانەی ڕۆژنامەی ئولوس. تا ئەو وەختە، ئەحمەد عارفیش، کە زوو کاروباری ڕۆژنامەکەی خۆی تەواو کردبوو، دەهاتە ئەوێ. لە ژوورەکەی موزەفەر دادەنیشتین و تا بەیانی قسەمان دەکرد. لەبارەی چ شتانێکەوە دەدواین؟ هەموو شتێک. بەیانییەکەی، بە پێ دەچووین تا قزلای و لەوێ لە یەکتر جیا دەبووینەوە. هاوین و زستان، هەر وا. ئەم پەیوەندییە بەهێزە وای کرد باشتر یەک بناسین. بێگومان هەموو شاعیرێک، لە نێوان شێوازی قسەکردنەکەی، (تەنانەت ڕوخساری) و شیعرەکەیدا گونجان و نزیکییەک هەیە؛ بەڵام بۆ یەکەم جار ئەم هاوتایی و یەکسانییە قووڵەم لە نێوان ئاخاوتن و شیعری شاعیرێکدا، لە ئەحمەد عارفدا بەدی کرد. شیعری وی وەک ئەوەبوو بەشێک بێ لە ئاخاوتنی و ئاخاوتنیشی وەک ئەوە بوو لە هەموو ڕوویەکەوە درێژەی شیعرەکانی بێت. لەم ڕووەوە دەتوانرێ شیعری ئەو بە شیعرێکی «زارەکی» دابنرێ. چارەنووسێکی سەیریش لە شیعری زارەکیدا هەیە؛ چونکە لەم جۆرە شیعرەدا، بەگشتی، یان بەرەو وتاربێژیی وشک و فەرمی دەخزێین، یان دەکەوینە

نێو گێژەنەی یەکڕەنگیی هەستوسۆزە بێزارکەر و باوەکانەوە. یان باشتر بڵێین، وەها بووە یان لەبەر هەرهۆیەک بووبێ تا ئێستا بەگشتی وا بووە. لەم بارەدا، جوانیی وشە دەبێتە قوربانیی شیعر و شیعریش بەهەدەر دەچێ. کەچی لە شیعری ئەحمەد عارفدا ئەم کێشەیە نییە. هیچ وەختێ ناکەوێتە داوی وتاربێژییەوە. لافاوێکە لە هەست، کە لە شێوەی وێنەگەلێکدا، دێڕ دێڕ بەدوای یەکدا دەیانخولقێنێ. هزری سەرەکی هەمیشە لە قووڵاییدا دەردەکەوێ، بەڵام ئارام دەسرەوێت؛ لەوانەیە گەشە بکات و زۆر ببێت، بەڵام وەک ڕەگێکی ئەستور، هەمیشە لە قووڵاییدا دەمێنێتەوە. ئەحمەد عارف شاعیرێکە گونجاوترین پێکهاتە و ڕێکخستنی دێڕەکانی بۆ شیعرەکەی خۆی دۆزیوەتەوە. لەنێوان دەربڕین و ناوەڕۆکی شیعرەکەیدا جۆرێک لە هاوشێوەیی هەیە. چەند ئەزموونێکی سەرنجڕاکێشی لە بواری داستانگۆییی تورکیدا هەیە. ڕەنگە باشتر وابێ بڵێین ئەحمەد عارف سەرنجڕاکێشترین دەرکەوتنی خۆی بەم جۆرە پیشان دەدات: ئەو ڕەقی و تۆکمەیییەکی چیائاسا یا گرانیتی دێنێتە ناو شیعرەکانیەوە. لەو ڕەقییەوە لەناکاو بەرەو گوندە سنوورییەکان دادەگەڕێ، بەرەو ئەو شوێنانەی کە خەڵکەی «مامر و پەلەوەرەکانیان تێکەڵ بە یەک دەبێت». ئەم وەرچەرخانە کتوپڕە، بەرەو جۆرێک لە ناسکیی

شـاعیرانە ڕاماندەکێشـێ کە دەتوانرێ بە «کەمێک ترش و تاڵ» وەسـف بکرێ. یان پێچەوانەکەی ڕوو دەدات. لە ناوەڕاسـتی کۆمەڵێک تاقم و تفەنگ و فیشـەکدا، لەناکاو بەسـتەیەک تەڕەپیاز دەبینی کە سـەردانیکەر بۆی هێناوە. ئەحمەد عارف وێنەیەک لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و گوندە سنوورییەکان دەدات، کە ناوەرۆکی گۆرانییەکانی ئـەو نـاوچـانـە دەردەخـات و بـە هـەموو گۆرانییـەکـانی ئـەنـادۆڵـەوە گرێیـان دەداتـەوە، بـەرفراوانی و توانـا دەبەخشێت، بەڵام لە نێویاندا نوقم نابێت. ئەو گەنجینەیەکی مـەزنی مرۆڤـەکـانی ڕۆژهـەڵاتی ئـەنـادۆڵ هـەڵـدەڕێژێتـە بـەردەممـانـەوە؛ بێ هیچ سـڵـەمینـەوەیـەک لـە قووڵاییی هەسـتێکی بێباکدا. پاشـان هەر ئەوە بە هەموو خەڵکی ئەنادۆڵەوە گرێ دەدات؛ ناوی پیر سـوڵتان عەبدال، نەزیفی ئورفەیی، کوێرئۆغلۆ و بەدرەدین دێنێت. خەڵکی ئەنادۆڵ بـەرەو ئـەڤینێکی گـەورە و هیوایـەک بـانـگ دەکـات؛ بـە ماچکردنی چاوەکانیان و ئەڤینێکەوە، کە دەگاتە سـنووری شـێتی. بـەڵێ، ئـەحمـەد عـارف سـوود لـە گۆرانییـە خۆماڵییەکان وەردەگرێت؛ بەڵام دەزانێت کە ئەو سەرچاوە میللییانە نەک هەر تەنیا گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان، بەڵکوو کۆمەڵێک توخمی دیکەشیان بۆ ئەدەبیات و شیعر هەیە و تـەنـانـەت لـە نێوان ئـەو توخمـە جۆراوجۆرانـەدا، خودی گۆرانییـەکان ڕەنگە قورسـایی و گرنگییـەکی ئەوتۆیان

نـەبێت. ئـالێرەوەیـە لـەو شـــــاعیرانـەی پێیـان وایـە لـە سەرچاوەی میللییەوە سوود وەردەگرن، بەڵام تەنیا پشت بە گۆرانییەکان دەبەستن، جیاواز دەبێتەوە. ئەو تەنیا پشت بە گۆرانییەکان نابەستێت. بەتایبەتی لە جۆری داستاندا، هەڵوێستی بنەڕەتی لە ڕیشەوە وەردەگرێت و کارەکەی لەسەر ئەو بنەمایە بەرەو پێش دەبات.

گوتمان کە ئەحمەد عارف شاعیرێکە گونجاوترین پێکهاتە و ڕێکخستنی دێڕەکانی بۆ شیعری خۆی دۆزیوەتەوە. با ئەوەش بڵێین، قسەیەک کە بۆ پۆڵ ئێلوار گوتراوە، بۆ شیعری ئەمیش دەگونجێت: شیعری پۆڵ ئێلوار دیلی وێنە نییە؛ چ لە قۆناغی سوریالی و چ لە قۆناغەکانی دواتریشیدا، ئەو توخمە سەرەکییەی لە بنەڕەتی شیعرەکەدایە، بەهۆی کورتیی دێڕەکان، شێوازی دروستکردن و چۆنێتیی بەستنەوەیان بە یەکترەوە، هیچ کاتێک نیشانە بنەڕەتییەکانی خۆی ناشارێتەوە. لەلای ئەحمەد عارفیش هەروایە. وێنە، ڕاشکاوییەکی ڕووتی هەڵگرتووە؛ هزریش، هەر لە ساتی یەکەمەوە کاریگەریی خۆی دادەنێت. لەم شیعرانەی «لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند» چەندین نموونەی ئەم تایبەتمەندییە دەبینین. سەرباری ئەوە، وێنە لای وی توخمێکی سنووردارکراو نییە؛ بەڵکوو دەتوانرێ بگوترێ خودی شیعرەکە بە

تەواوی وێنەیە. ئەو بەجارێ شـــیعرەکەی دەخاتە ڕوو. وشــەکان بەناو ئەو چەمکانەدا ڕەت دەبن کە ئاماژەیان بۆ دەکەن و پێگە و شـــوێنێکی بەرفراوانتر داگیر دەکەن. لای ئەحمەد عارف، هەندێ دەربڕینی بەڕواڵەت ســادە، وەختێ لـە نێو کۆی گشـــتیی شـــیعردا بـەکـار دەبرێن، هێز و کاریگەرییەکی وێنەیی ســەرســوڕهێنەر و باوەڕپێنەکراو بەدی دەهێنن. لەلایەکی ترەوە، هـەر ئەم وشـــانە کە لە شــێوەی دێڕەشــیعری یەکدوو وشــەییدا لە شــیعرەکەیدا هەڵدەقوڵێن، لە ڕووی فۆرمیشـــــەوە گرنگی پەیدا دەکەن. بەجۆرێک، کە کێشـێکی شـاراوە و تایبەتی ئەحمەد عارف ـ لە شێوەی عەروزێکی نهێنیدا ـ لە هەناوی ئەم وشانەوە بە ســــەرانســــەری شــــیعرەکەدا بڵاو دەبێتەوە، یان تەواوی شـــیعرەکـە، ســـیســـتـەم و ڕێکوپێکیی خۆی لـەوەوە وەردەگرێت.

بۆ نموونە، لە شـــیعری «ســـی و ســـێ گوللە»دا، دێڕەکانی:

جوانڕوو،

سووکەڵە،

سوارچاک

هەر لە هەمان شیعردا:

ڕەوە کەڵەکێوی و،

پۆلە کەو...

ئەرک و کارنوێنییەکی وەهایان هەیە.

لەوانەیە ئەمە ئەو کارە فۆڕمییانەی مایاکۆڤسکی بهێنێتەوە یادمان کە بۆ بەدەستهێنانی ڕیتم ئەنجامی داون، بەڵام لە ڕاستیدا لەم خاڵەدا نابێت هەڵوێستی هەردوو شاعیر تێکەڵ بە یەکتر بکرێت. بۆ مایاکۆڤسکی، ڕیتم، لە شوێنێکدا، هەموو شتێکە و ئەو، «هێزی بنەڕەتیی شیعر» لە ڕیتمدا دەبینێتەوە؛ لە هونەرێکدا دەیبینێتەوە کە بە کارگەیەکی دەچوێنێت؛ ڕیتم بە هێزی موگناتیسی یان ئەلیکتریسیتەی شیعر دەزانێت. کەچی لای ئەحمەد عارف، ڕیتم تەنیا یەکێکە لە کەرەستەکانی شیعر. بەڵام پێم وایە جیاوازییە سەرەکییەکەیان لێرەدایە: لەلای مایاکۆڤسکی ڕیتم، زۆروکەم، لە دەرەوەی خودی شیعردایە؛ تەکنیکێکی گشتی و هاوبەشە. هەر لەبەر ئەمەیە زۆر جار پەنا دەباتە بەر لێکچوونە دەنگییە ستوونی و ئاسۆیییەکان یان پێکهێنەرە دەنگییەکان. بە کورتی: مایاکۆڤسکی لە دەنگدا بەدوای ڕیتمدا دەگەڕێت، بەڵام ئەحمەد عارف لە وشەدا. بۆیە شیعری ئەحمەد عارف لە ڕوویەکەوە خەسڵەتی «زارەکی»ی خۆی جێ دێڵێت و زۆر دوورتر دەڕوات. لەم ڕوانگەیەوە، تێکەڵ بە نوێترین ئاراستەکانی شیعری

هاوچەرخ دەبێت. بەتایبەت ئەو بازەی لە بواری وێنەدا داویەتی، ئەوی کردووە بە یەکێک لەوانەی شیعری ئەمڕۆیان بەرهەم هێناوە. ئەوەشی کە شایەتی لەسەر ئەم حاڵەتە دەدات ئەوەیە زۆرێک لە شاعیرەکان لەژێر کاریگەریی ئەودا بوون. هەر لەبەر ئەمەشە دەکرێ بڵێین «لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند»، کتێبێک نییە کە درەنگ بڵاو بووبێتەوە. لە لایەکی تریشەوە «لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند» کتێبێک نییە کە درەنگ پێمان گەشتبێ: شیعری ئەحمەد عارف شیعرێکە لە دەرەوەی کات. پڕە لە «ئەمڕۆ» ئەویش نەک بە مانا زووتێپەڕەکەی، بەڵکوو «هەنووکەبوون»ێکی هەڵقوڵاوە لە قووڵاییی مێژووەوە؛ نەک تەنیا هەر سەردەمەکەی ئێمە، بەڵکوو سەردەمەکانی پێشووشی لەخۆ گرتووە. لەوکاتەوەی نیشانەکانی زکماکییەکانی لە ناسنامەکەیدا نووسرا، کێ چوزانێ چەند ئەستێرە کشاون! ئەو وەختەی لەنێو ئەو گوندییانەیدایە کە شانبەشانیان ژیاوە، یا لەنێو ئەو شارۆچکانەدا کە بەپێ پەڕانپەڕی کردوون، حەزی لێیە بە خەتی گەورە تەماشای مێژوو بکات؛ مێژوو و شارستانێتی. بەڵام لە «یاداشتەکانی قەڵای دیاربەکر و لایلایەی عادیلۆش بەبۆ»دا هەڵوێستێکی هەنووکەییتری هەیە. لە «سێ و سێ گوللە»شدا تا ڕادەیەک وایە. هەندێ جار وا هەست دەکەیت شاعیرێک قسە دەکات کە بەر لە «مێژووی نووسراو» ژیاوە، لە

شـــوێنێکی تردا وەک ئەوەیە بەرهەمی شـــاعیرێک لە گەنجترین نەوەکان دەخوێنیتەوە. بەجۆرێ کە ئەگەر تەنانەت پەنجا ســاڵ دواتریش بڵاو بکرایەتەوە، دیســانەوە بە هەمان ڕادە دەبینرا و خۆش دەویسترا.

کاتێک چوومە هۆڵەندا، لەوێ سەرچاوەی زەردەکانی ڤان گۆگم دۆزییەوە و زیاتر شـــیفتەی بووم؛ زەردەکانی ناو تابلۆکانی ڤان گۆگ. چونکە جوگرافیا و شـــێوە سروشتییەکان و ڕووپۆشە گیاییەکانی هۆڵەندا، زەردێکی هاوشـــێوەی تابلۆکانی ڤان گۆگی هەبوو، هەر دەتوت ڤان گۆکی لە ناخمدا بەرجەســـتە دەکرد و لە شـــوێنە ڕاســـتەقینەکەی خۆیدا دایدەنا. ئەمەش کاری ئەوی لە بەرچاوانمدا گەورەتر دەکرد. پەیوەندیی نێوان دراوە ســـروشـــتییەکان و کاری داهێنەرانە، بەهای بەرهەمی هونەری زۆرتر دەباتە ســـەرەوە. بەرهەمی هونەری نابێ مشەخۆری هەقیقەت بێت، بەڵام ناشبێت بە تەواوەتی لێی دابڕێت؛ دەبێت هەندێ نیشـــانەی بۆ ئەم پەیوەندی و دانەبڕانە هەبێت.

بە هەمان شێوە، دوای ئەوەی خاکوخۆڵی ئەرزەڕۆم و بەرزونزمییە ســـروشـــتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵم بەباشـــی بینی و پێیدا گەڕام و بە ناخمدا ڕۆچوو، زیاتر

هۆگری دەنگی عاشـــق ڤەیســـەل[4] بووم. هەروەکو چۆن زەردەکانی ڤان گۆگ ڕەنگە زاڵەکانی خاکی هۆڵەندای لەخۆدا هەڵگرتووە و لە شوێنێکدا شتێکی بۆ زیاد کردووە؛ وەک بڵێی گوڵزارێکی دێوانە و وڕێنەگۆ بوون کە لەنێویاندا پشــکوتوو بوون، ئاوا دەنگی عاشــق ڤەیســەلیش ڕەنگ و هۆنا و خەســڵەتی هەردەڵانیی خاکی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵە؛ هی ئەو جۆگانەیە کە بەناو ماڵە گوندییەکاندا ڕەت دەبن، هی ئەو خورت و کیژە دەمەوبەختانەیە کە دەکەونە ســەر سک و لەو ئاوانە دەخۆنەوە. لە شیعری ئەحمەد عارفیشدا، چ لەو ئامرازانەی لە کاتی نوســینی شــیعرەکەیدا بەکاری هێناون، چ لە خودی ئەو ژیانەی وێنەی کێشـــاوە، ئاوێتەکردنێکی ســازگار لەگەڵ ئەوشــوێنانەدا کە وەســفی کردون، بەرچاو دەکەوێت. بەتایبەتی لە جۆری داســـتاندا، کاتێک شــیعرەکانی ئەحمەد عارف دەخوێنمەوە، ئەوســـا تێدەگەم ئەم سازگارییە چەندە گرنگە.

ئەحمەد عارف، ســـتایشـــی ئازایەتی دەکات، هی پاڵەوانێتیش. هەروەک کانییەک، وەک ئاوەکانی ژێر زەوی،

---

[4] Aşık Veysel (١٨٩٤_١٨٧٣) یەکێک لە گەورەترین کەسایەتییەکانی نەریتی "عاشقی" تورکیا بوو، کە سەرەڕای نابینابوونی لە منداڵییەوە، بە هۆی ژەنینی ســازی باغلاما و هۆنینەوەی شــیعری ســادە و پڕ ناوەڕۆک ناوبانگێکی بەرفراوانی پەیدا کرد.

وه‌ک باهۆزێک. «وه‌ک پیشـــاندانی برین به دۆســـت « به‌ســـه‌ر ئه‌و به‌فره کۆنباریوانه‌ی ســـالآنێکه له دوندی چیاکاندا که‌ڵه‌که بوون، به‌پێی په‌تی و به‌ده‌م ســـووتانی پێیه‌کانییه‌وه، ڕێ ده‌کات.

# لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند

## ئەڤینی تۆ

ئەڤینی تۆ لێم نەگەڕا،
بە برسێتی، بە تینوێتی،
شەو خیانەتکار و تاریک،
گیان نامۆ، گیان بێدەنگ،
دڵ، پارچەپارچە...
دەستەکانیشم لە کەلەپچەدا،
بێتووتن، بێخەو،
لێ ئەڤینی تۆ لێم نەگەڕا...

**ڕامانێک لە شیعر «ئەڤینی تۆ»:**

شـیعری «ئەڤینی تۆ»ی ئەحمەد عارف، سـەرەڕای کورتی، نیشـانـدەری پەیوەنـدیی قووڵی نێوان ئەڤین و ئازارە. لە سەرەتاوە، شاعیر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەڤین هەرگیز وازی لێ نەهێناوە و بەجێی نەهێشتووە؛ تەنانەت کاتێک برسـی و تینوو بووە؛ کە شـەو تاریک و خیـانەتکـار بووە و ڕۆحی لە بێـدەنگی و غەریبیـدا دەسـتوپەنجەی نەرم کردووە. ئەم سـادەییەی زمان، شـیعرەکە لە هەر جۆرە ئـاڵۆزییەک دوور دەخـاتەوە و ڕاسـتەوخۆ خوێنەر بەرەوڕووی تـابلۆی مرۆڤێکی ئـازارچەشـتـوو دەکـاتەوە، کە سـەرەڕای هەمـوو ناڕەحەتییەکان، هێزێکی ناوەکیی بۆ مانەوە هەیە.

برسـێتی و تینوێتی، یەکەم وێنەکـانی هەژاری و سـنووردارێتی دروسـت دەکەن. لە ڕوانگەی ئـەحمـەد عـارفەوە، ئەم بارودۆخە تەنیا پێداویسـتییە مادییەکان ناهێنێتەوە بیر، بەڵکو جۆرێکە لە بێبەشبوونی گشتی کە لە ڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتیشەوە بەرۆکی تاک دەگرێت. کاتێک لە درێژەدا، شـاعیر ئاماژە بە شـەوی «خیانەتکار و تاریک» دەکات، پێدەچێت بیەوێت بە خوێنەر بڵێت کەشەکە نەک تەنیا سـارد و بێبەزەییە، بەڵکو هەڵگری جۆرێک لە پیلان و خنکانە. لەم بەسـتێنەدا، «گیانی» ئەو «نامۆ» و

«کپ» دەبێت و «پارچە پارچە» دەردەکەوێت؛ دەربڕینێک کە هەواڵی شکانی ئیرادە و زیانی گیانیی توند دەدەن.

دەستە بەندکراوەکان و ژوورێک کە بێ «تووتن و خەو» دروست بووە، یادهێنەرەوەی سەرکوتی سیاسی و بیرەوەرییە بەکۆمەڵەکانە. شاعیرانی وەکوو ئەحمەد عارف، لە سەردەمانێکدا کەوتنە زیندانەوە و لەژێر فشاری سیستەمە سەرکوتکەرەکاندا ژیان. کەواتە «دەستانێکی کەلەپچەکراو»، لە وێنەیەکی شاعیرانەی سادە زیاتر کار دەکات. ئەم هێمایە ئاماژە بە بارودۆخی زۆرێک لە مرۆڤەکان دەکات کە توانایەکی کەمیان بۆ کاردانەوە هەیە و تەنانەت لە ئاساییترین چێژەکانیش بێبەشن. ئەگەرچی لەشیان لە بەندە، بەڵام لە پشت هەموو ئەم گرفتارییانەوە، هێزێکی شاراوە هەیە کە دەستگەیشتن پێی لە توانای ستەمکاران بەدەرە: ئەڤین.

ئەم ئەڤینە بۆ ئەحمەد عارف بارێکی کەسی نییە؛ بەڵکوو وەک لە دواتردا زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە هەندێ جار چەمکی نیشتمان، خەڵک، یان ئایدیالێکی مرۆیی لە شیعرەکانیدا بە وشەی «ئەڤین»ەوە گرێ دەدرێت. ئەو دەیەوێت بڵێت کاتێک مرۆڤ بۆ ئازادی یان بۆ دڵدارێکی پاک خەبات دەکات، تەنانەت لە لوتکەی ئازار و بێخەویشدا، ئەو سۆزە ناوەکییە وازی لێ ناهێنێت. لە

ڕاســـتیدا، «ئەڤینی تۆ لێم نەگەڕا» تەکانخواردنێکە بیرمان دەخـاتەوە هێزێـک لە قووڵاییی بوونی شـــاعیر یـان خەباتکاردا هەیە کە هیچ هێزێک ناتوانێ بیبەســـتێتەوە. دووبـارەکردنەوەی ئەم دەســـتەواژەیە وەک بەنـدێکی شـیعرییە کە هەر جارێک دوای باسـکردنی نارەحەتییەکی تازە، بە زماندا دێت و ئەوە پیشـان دەدات تا ئەو وەختەی ئازار بەردەوامە، ئەڤینیش خۆڕاگری خۆی لەدەست نادات.

گوشـارێک کە فەزای شـیعرەکە وێنای دەکات، وەک ژوورێکی تاریک وایە، هەموو سـاتێک خەریکە شـاعیر بەرەو لێواری داڕووخان دەبات. کەچی ڕێک لەو کاتەدا کە ناکامی و ئازار خـەریکە مرۆڤ ناچار بە ڕادەسـتبوون بکات، ئەحمەد عارف باســی «ئەڤین» دەکات تا نیشــان بـدات ڕەگێـک هەیە ئەگەرچی بە ڕواڵەت لاوازە، بەڵام لە هەموو شـورایەک خۆڕاگرترە. ئەم ڕەگە نە بە برسـێتییەوە بەندە و نە بە خۆشـگوزەرانییەوە؛ بەڵکو بەردەوامییەکە لە بـاوەڕی شـــاعیردا بە بەهـاکـانی مرۆڤـایەتییـەوە بەستراوەتەوە.

هەموو دێڕێکی شـــیعرەکـە وێنەیەکە لە یەکگرتنی ئازار و هیوا. دێڕبەدێڕی ئەم شـــیعرە کورتە، لەســـەر تەوەرێک دەســـووڕێتەوە کە ئەڤین وەک تەنیا پەناگە لە بەرامبەر تـاریکیـدا دەخـاتە ڕوو. لە ڕوانگەی ئـەحمـەد

عارفەوە، کاتێک وا دەردەکەوێت هەموو شتێک بەرەو کۆتایی دەڕوات، کەچی دەتوانرێ دەریچەیەک بۆ ڕزگاری هەبێت. ئەم جۆرە ڕوانینەیە کە شیعرەکە لە چاڵی نائومێدی دەردێنێت و دەیگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر. لە ڕاستیدا، ئەگەر ئەو باسی برسێتی، بێخەوی، تاریکی و بەندکراوی دەکات، دەیەوێ تاریکاییی سەردەمەکەیمان نیشان بدات، بەڵام یەکسەر بەدوایدا بە پشتبەستن بە «لێنەگەڕانی ئەڤین»، ئاسۆیەک دەکاتەوە کە لە ڕێگەیەوە بەردەوامی بە گیان و دەروون دەدات.

لەم ڕووەوەیە، «ئەڤینی تۆ لێم نەگەڕا» لە باسکردنی ئازارێکی کەسی یان ڕۆمانتیک فراوانترە. ئەم شیعرە شارەزابوونێکی گشتیشە، چونکە پەیوەندیی نێوان ئەزموونەکانی زیندان، دوورخرانەوە و سەرکوت و باوەڕ بە ئازادی و جوانی دروست دەکات. ئەحمەد عارف، چونکە لە بەستێنێکی مێژوویی پڕ لە سنووردارێتیدا ژیاوە، باش دەزانێت گوڕ و هێزی مرۆڤێکی بەندکراو ڕەنگە ڕۆژێک تەواو بێت، بەڵام گیانی ئەڤیندار و هەقخواز هەرگیز کپ نابێتەوە. ڕەنگە دەست و پێی ببەسترێ، بەڵام هەر ئەم دەستەواژەی «ئەڤینی تۆ لێم نەگەڕا»یە نیشانەیەکە کە گیانی ئازارچەشتوو بێدار ڕادەگرێت.

دەبێ ئەوەش بگوترێت کورتبوونی شیعرەکە هەرگیز ڕێگر نەبووە لە قووڵیی بیرۆکەکەی. لەو چەند دێڕانەی کە دەیخوێنینەوە، تێکەڵەیەک لە نائومێدی و هیوا، تاریکی و ڕووناکی، جیابوونەوە و پەیوەندی شەپۆل دەدات. ئەحمەد عارف هەموو ئەم دژیەکییانەی لە تەنیشت یەکەوە داناوە و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەگەرچی جیهان دەتوانێت خیانەتکار بێت و گیان لاواز بکات، بەڵام هەرگیز توانای بەتاڵکردنەوەی هێزی ئەڤینی نییە.

## لە زیندانا

ئاگات لێیە، بەردینەدیوار؟
ئاسنەدەرکە، ئەی کوێرەپەنجەرە!
سەرینەکەم، جێخەوەکەم، کۆتوبەندەکەم...
لەوەی کە لەپێناویا،
چەندین جار چوومە لێواری مەرگ و هاتمەوە،
لەو وێنە خەمناکەی من لە بەندی ستەما،
ئاگات لێیە؟
سەردانکەرەکەم، تەڕەپیازی ناردووە،
جگەرەکەم بۆنی مێخەکی گرتووە،
بەهار گەیشتۆتە کوێستانەکانی نیشتمانم...

## ڕامانێک لە شیعری «لە زینداندا»

شـیعری «لە زینداندا»ی ئەحمەد عارف، سـەرەڕای کورتی و پوختیەکەی، دەرخەری کەشێکی قووڵی دڵتەنگی، زیندان و تامەزرۆییە بۆ ئازادی. شـاعیر بە شـێوەیەکی ڕاشـکاو و سـادە دەمانباتە ناو ژوورێکی تاریکەوە؛ ژوورێـک کە لـە «دیوارێکی بەردین»، «دەرگـایەکی ئاسـنین» و «پەنجەرەیەکی کوێر» پێک هاتووە. ئەم سـێ وێنەیە، سـتوونە سـەرەکییەکانی فەزایەکی داخراو پێک دەهێنن. بەرد، ئاسـن و تاریکی، هەموو هێمای داخران و سەختین. ئەگەرچی لە ڕوخسارێکی ڕواڵەتیدا ئەم توخمانە تەنیا تایبەتمەندییەکانی زیندانێکی فیزیکی نیشـان دەدەن، بەڵام هاوکاتیش دەکرێت ئەوان وەک نموونەیەک لە هەر جۆرە سنووردارێتی و خنکانێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی لێکدانەوەیان بۆ بکرێت.

لێرەدا ئەحمەد عارف بە ڕاشـکاوییەکی کاریگەرەوە، باسی بێئاگایی ئەم سێ توخمە دەکات و لێیان دەپرسێت «ئاگات لێیە؟». دووبارەکردنەوەی ئەم پرسیارە، بەرهەمی بەرەنگـاربوونەوەیە لە نێوان شـاعیر کە لە دۆخێکی تاقیکراوەی ئازار و بێبەشـی و بێدەنگیدایە لەگەڵ ڕواڵەتی ئەو شـتانەی دەوریان داوە. ئەو لێیان دەپرسـێت ئایا دەزانن لە تەنیشت جێخەوی سادە و زنجیرەکانی دەست

و پێوە، چ هەست و سۆزێک لە جووڵە و خرۆشدان؟ ئایا ئاگادارن کە گێڕەوە ئامادەیە لە پێناوی «ئەو»دا – واتە خۆشەویستێک یان ئامانجێک - چەندین جار تا لێواری مەرگ بڕوات و بگەڕێتەوە؟ ئەم «ئەو»ە لە شیعری ئەحمەد عارفدا هەمیشە دەتوانێت ڕاکێشانی پەنجە بێت بۆ بزوێنەرێکی جیاواز: هەندێ جار خۆشەویستێک، هەندێ جار نیشتمانێکی بەندکراو و هەندێ جاریش خەڵکی ئازارچەشتوو.

ئەو لەم شیعرەدا پێمان دەڵێت کە مەرگ و ژیانی بۆ گەیشتن بە ئامانجی گەیشتن بە «ئەو» تاقی کردووەتەوە و لە کاتی بەشداریکردن لە خەباتێکی درێژخایەندا ـــ لە زینداندا یان لە دەرەوەی ـــ هەمیشە «وێنەیەکی خەمگین»ی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە. لەوانەیە ئەم وێنەیە، نموونەی هەمان ئەڤین، هەمان دڵدانە کەسی و هاوبەشەکان بێت؛ ڕووداوێک کە پێدەچێت تەنیا یادگاری زیندووی ناو تاریکیی ژوورەکە بێت. لە کولتووری ئەو سەردەمەدا، زیندانییەکان زۆرجار وێنەی خۆشەویستەکانیان یان زێدی خۆیان دەشاردەوە؛ وێنەگەلێک کە پەیوەندیی ئەوانی لەگەڵ ژیانی دەرەوەی چواردیواری زیندانەکەیاندا زیندوو ڕادەگرت. بەم وەسفانەوە، پێمان دەڵێت ئەم دیوارە بەردین و دەرگا

ئاســــنینانــه له هەموو ئەم ڕووداوانه بێئـاگـان. هەر ئەم نەزانی و بێئاگاییيەی ئەو شــتانەشـــه له بەرامبەر خولیای پڕسۆزی مرۆڤدا، دژیەکییەکی کاریگەر دروست دەکات. له ڕوانگەی ئەحمەد عــارفەوه، وەهـــا شـــتگەلێــک تەنیــا بەربەســــتێکن که ســــاردی و توندوتیژییان هەیه، بەڵام ئـاگـایـان لـه دەروونی زینـدانی نییـه. به واتـایەکی دیکه، خەباتکار یان ئەڤینداری بەندکراو، به هێزی یادەوەرییەکانی و ئەڤینەکەی زیندووه و ئەوەی که بەرەو پێشــــی دەبات، نەک ئازادیی ڕواڵەتی، بەڵکو تین و گڕی هیوایه.

له درێژەدا، وەختێ دەڵێ «ســــــەردانکــەرەکــەم، تەڕەپیـازی نـاردووه» دیمەنێکی نـاســـــک و مرۆیی به شـیعرەکه دەبەخشـێت. ئەم دیارییه، یا ئەم خواردنه سـاده و گوندییه، وێنەیەک له پەیوەندی لەگەڵ ژیانی دەرەوەی زیندان و بۆنی ســــروشـــتی بەهار و تازەیی لەگەڵ خۆی دەهێنێت. ڕاسـتەوخۆ دوای ئەم دیمەنه، شـاعیر به خوێنەر دەڵێــت «جگــەرەکــەم بۆنی میخەکی گرتووه»، چونکــه تێکەڵبوونی تـامی پیـاز و بۆنی تووتن هـەســــتێکی وای دەداتێ کـه بۆنی مێخـەکی گرتووه. تـەڕەپیـاز و میخەک لێرەدا هێمان بۆ پەیوەندی لەگەڵ ژیان و سـروشـت که له دەرەوەی شــیشـــەکانی زیندانەوه تێدەپەڕن. به واتایەکی دیکه، ئەم یادگاره بچووکانه نیشـاندەری ئەوەن که هێشـتا

داوێکی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا ماوە و بۆنی هیوا ڕێی خۆی بۆ ناو زیندانەکەی دۆزیوەتەوە.

ئەحمەد عارف پاشـــان دیمەنەکە دەگەیەنێتە لوتکە: «بەهار گەیشــتۆتە کوێســتانەکانی نیشــتمانم». ئەم دێڕە بنچینەی سەرەکیی ئەو پەیامەیە کە شیعرەکە دەیگەیەنێت. خۆی لە کۆتوبەنددایە، بەڵام سروشتی نیشتمان لە ئازادیدا هەناســە دەدات و دوور لە دیلی بازنەی ســروشــتییانەی خۆی دەبڕێت. لەمەش زیاتر، ئەم «بەهارە» بۆ شــــاعیر، چەمکێکی جوانیناســـییە و لە ســـووڕانەوەی وەرزەکان فراوانترە. «بەهــار» هــێمــای ڕزگــاربــوون، گــۆڕان، دادپەروەری و دەستپێکێکی نوێیە. لە تەنیشت یەکتردانانی وێنەی چیاکان (هێمایەک لە بەرزی و ئازادی) لەگەڵ هاتنی بەهار، درکەیە لەوەی کە هەرچەندە شــاعیر لە زینداندایە، بەڵام لە دەرەوە، سروشت لە جووڵەدایە و ژیان بەردەوامە. ئەم پەیامە هێزبەخشە، لە دژایەتیدایە لەگەڵ ساردیی بەرد و ڕەقیی ئاسن و کەشی خنکێنەری زینداندا.

وەک شــیعری پێشــتر، ئەم شــیعرەش، بە کەمترین وشــە، پردێک لە نێوان دڵی زیندانی و ســروشــتی ئازاددا دروســت دەکات. ئەوەی ئەحمەد عارف تەماشــای دەکات، تەنیــا دەربڕینی تــاســـــە نییە، بەڵکو گەیــانــدنی هیوا و بەردەوامیی زیندوومانەوەیە لە ســـەختیدا. ئەو ئاماژە بە

ســـــەختیی دیوارەکان، دەرگاکان و پەنجەرە داخراوەکان دەکات، بەڵام یەکســـەر هاوســـەنگیی شـــیعرەکە بە بۆنی میخەک، تەڕەپیاز و بەهار لە چیاکانی وڵاتدا پارســـــەنگ دەداتـەوە. لەم ڕووەوە، «لـە زینـدانـدا» هەم ســـــرودێکی نارەزایی بەرامبەر بە دامەزراوە ســـەرکوتکەرەکانە و هەم چرپەچرپی عاشـــقانەی پیاوێکە، کە بە یاد و بیرەوەریی نیشـــتمان، خەڵکەکەی و تەنانەت بۆنی گیاکانی دەرەوەی زینـدانیشـــــەوە، دڵنەواییی خۆی دەدات و هێزی مـانـەوە بەخۆی دەبەخشێت.

## کۆڵانی مێخەک

زستان دایگرتوونەوە سەرانسەری ئاسۆکان،
چوار ئاراستە، شانزە با،
حەوت هەرێمی پێنج بەژیش
بوون بەژێر بەفرەوە.

لە ڕازی بەیەکگەیشتنی هەموو وەرزەکاندایین ئێمە،
ئاسنەڕێ، ئاسفالت، لمەڕێ، بەردەڕێژ،
ڕێگە هەڵدێرەکەی من و کوێرەڕێکەم،
تۆروس، ئەنتی تۆروس و فوراتی سەرکێش،
کێڵگەکانی توتن ، پەمۆ و گەنم، مەرەزەکان،
نیشتمانەکەم لەمسەرییەوە تا ئەوسەری
بوون بەژێر بەفرەوە.

کەسانێک هێشتا شەڕ ئەکەن، بەم سەرمایە
دەستوپێ کەسیرە، دڵیان پەنگر،

هیوا، توڕەیە و خەمگین،
هیوایەکی بەشەرەف تا قووڵاییی مۆخ،
پەنای بۆ دامێنی چیاکان بردووە،
کە بوون بەژێر بەفرەوە.

سترانەیلێک دەناسم بوونە بەژێر ڕەنووی بەفرەوە،
نیگار، پەیکەر و داستانەکان،
زادەی دەستی هونەرمەندان.
ڤینۆسی بێقۆڵ، نیوەڕووت،
کۆلانی ترانس ـ نۆنێن،
مەزاری گارسیا لۆرکا و
بیلبیلەکانی پییێر کوری،
بوون بەژێر بەفرەوە.

دیوارەکانیان لە سەنگی سەبوری ڕەق،
بەژێر بەفرەوەن گەڕەکە کەنارەنشینەکان
تاسەم نازدارە، ئەنقەرە.

با گورگ تەمتومانی خۆش بوێ، لێگەڕێ،
با بەسەر قیردا بڕوات ڕێبەندان،
حەزی پێ ناکەم؛ مانگێکی دمۆرە.
جۆرێکی ترە،
بەڵام نازانم،
بۆ چەندەمین بەهار ماوەتەوە ویساڵی ئێمە
دڵم، ئەم ئەڤینە ستەملێکراوە،
بوون بەژێر بەفرەوە.

لە تەنەکەنشینەکان هەوا هەورینە و تەماوی.
ئاسمانی ئاڵتنداغ[5] سیخناخە بە هەوری کومولوس،
نان و ئەڤین و تەمەن،
بە زەمبیلەکانیان حوکم دەکەن
سییەکانیان بچووک و دەستانیان گەورە،
هەناسەیان بەشی پڕکردنی ناولەپیان ناکا،

---

[5] Altındağ یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی ئەنقەرە و دەکەوێتە ناوەندی شارەکەوە، لە ڕاستیدا بریتییە لە ئەنقەرەی کۆن.

ـ لە تەمەنی سەرەتاییدان ـ
منداڵانی کەنارەنشین
بوون بەژێر بەفرەوە.

هەوا فێنکە، لەوبەری ڕووباری خەتیبەوە[6]،
نوقمی کەیف و سەفان، بولڤارەکانی یەنیشەهیر[7]،
لە کۆڵانی مێخەکدا خۆر کەوتووە،
زۆر بێ پرسیار نییە حیکمەتەکەشی،
من «هۆکار»ەکەی ئەزانم و
«بەڵگەی پێویست»یش لەگۆڕێنە...

باخچەیەکی شووشەیی لە کۆڵانی مێخەکە،

---

[6] Hatıp Çay یان ڕووباری ئەنقەرە، ڕووبارێکی درێژە بە ئەنقەرەدا ڕەت دەبێت.
[7] گەڕەکەکانی ئەنقەرەی نوێیە کە پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا دروست کران و دەکەونە باشووری ئەنقەرەی کۆنەوە. شوێنێک بوو لە ڕووی ژیانەوە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئەنقەرەی کۆندا هەبوو.

گوڵدانێکی چینی لەو باخچە شووشەییيەدا
لقێکی لە شینیدا ئەتوێتەوە،
گۆرانییەکی سوورسووری گڕگرتوو،
وا سەیری مەکەن، لەو گوڵدانەدا باڵای هەڵداوە،
ڕەگوڕیشەی لە ئاڵتنداغە و لە ئینجەسو[8].

[8] İncesu یەکێکە لە گەڕەکەکانی شارۆچکەی چانکایا لە ئەنقەرە، کە بەناوی چەمێکی ئەو ناوچەیەوە ناونراوە.

## ڕامانێک لە شیعری «کۆڵانی مێخەک»:

شـــیعری «کۆڵانی مێخـەک»ی ئەحمەد عــارف جیلوەیەکی درەوشاوەیە لە تێکەڵبوونی ڕووی ڕاستەقینەی ژیان، هەسـتی کۆمەڵایەتی و خوازەی سـیمبۆلیک کە تێیدا سەرمای بەفرین و کەشێکی زستانی، هاوکات لەگەڵ هیوا و خەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری، تێکەڵ دەبن. شـــاعیر لە سـەرەتای شـیعرەکەدا، وێنەیەکی گشـتگیر لە سـەرما پێشـــکەش دەکات و باس لە چوار لای جیهان و حەوت هەرێمی پێنج کیشـــوەر دەکـات کە لەژێر بەفردان. ئەم بەرفراوانییە سـیمبۆلیکە هەر لە سـەرەتاوە نیشـان دەدات ئەو نیازی هەیە لە سـنووورە تەسـکەکانی جوگرافیا تێپەڕ بکات و کێشـەی سـەرکوتکردن و ئازاری مرۆڤ بە جیهان پیشـــان بدات. کـاتێـک ئـەحمـەد عـارف چـەنـدین جـار دەســـتەواژەی «بوون بەژێر بەفرەوە» بەکار دەهێنێت، وەک ئەوەیە بیەوێت کەشـێکی قورس و سـارد وێنا بکات، کە هەموو جێیەکی گرتووەتەوە. ئەم دووبـارەکردنەوەیە نەک تەنیا دەلالەت لەســـەر توندوتیژیی ســـەرما دەکات، بەڵکو بە جۆرێک پشـتڕاسـتکردنەوەی کەشـێکی خنکێنەر و خەفەقانی سیاسیشە؛ چونکە سەرمای توند و سەهۆڵبەندان لە ئەدەبیاتدا زۆر جار هێمایەکن بۆ ڕاوەســـتان، داخرانی ژیانی ئازادانە و داخرانی ڕێگاکانی هەناســـەدان. لەگەڵ

ئەوەشـدا، کە وردتر دەبینەوە، دەبینین ئەم سـەرمایە تەنیا توێژی ســـەرەوەی ڕاســـتی نیشـــان دەدات و لە نێوان توێژەکانی شیعرەکەدا، نیشانەی گەرم و پڕ لە ژیان سـەر هەڵدەدەن.

کاتێک ئەحمەد عارف ئاماژە بە ناوی وەک تۆروس، ئەنتی تۆروس و ڕووباری فورات دەکات، لە ڕاســـتیدا ناوچە جوگرافییە بەرفراوانەکانی کوردســـتان وێنا دەکات. لێرەدا بەرەوڕووی شوێنی ڕاستەقینە دەبینەوە. ئەم ناوانە یادهێنەرەوەی ژیان و ڕێگە ســـەختەکان و بەرگەگرتنی خەڵکی ئەو ناوچانە و خەبات بۆ ژیانن. ئەگەرچی لە یەکەم ڕوانیندا، ئامادەبوونی چیا و ڕووبار و دەشـــت لەوانەیە تەنیا کەشــێکی ناوچەیی بە شــیعرەکە بدات، بەڵام ئەو بە گرێدانی ئەم شوێنانە بە بەفر و سـەرمایەکی بەرفراوانەوە پێمان دەڵێت کە ئازار، جیاوازی و بێبەشبوونیش بە هەمان ئەنـدازە بەرفراوانە. جەختکردنـەوە لەســـەر ئەوەی کە «نیشـــتمـان» بووە بـەژێر بـەفرەوە، لەلایەکەوە هەواڵی گەمـارۆ و فشـــار دەدات و لەلایەکی دیکەوە، دۆخێکی یەکســـان دێنێتە بـەرچـاومـان کە تێیـدا کۆســـپ و سنووردارێتییەکان گشتگیر دەکات. ئەم سەرمایە دەتوانێت ڕاســتەوخۆ پەیوەندی بە کەشــی ســەرکوتی ســیاســی تورکیای ســەردەمی ئەحمەد عارفەوە هەبێت؛ ســەردەمێک

کە کودێتــاکــان، ســـــنووردارێتی بەرفراوان بۆ ئــازادیی دەربڕین و سەرکوتی ڕەوتە ناڕازییەکان سێبەریان بەسەر کۆمەڵگەدا کێشا بوو.

بەڵام ئەوەی شـیعرەکە لە نائومێدی و ڕەشـیی ڕەها دوور دەخــاتەوە، مەیلی کنەکردن لە خەبــات و هیوایە. ئەحمەد عارف لە ناوەڕاســـتی شـــیعرەکەدا، باس لەوانە دەکات کە لەناو ئەم ســـەرما گیانبڕەدا خەریکی جەنگن، دەسـت و پێیان لە سـەرما بەسـتوویەتی، بەڵام دڵیان وەک ئاگر گـەرمـە. ئەو لە پاڵ ئـامـاژەکردن بە ســـەختییەکان، تروسـکایی سـەرسـەختی و بەردەوامییش نیشـان دەدات و وشـەی «هیوا» بە سیفەتگەلی وەک «تووڕە» و «خەمبار» دەڕازێنێتەوە. ئەم تێکەڵکردنـە ئـەوە دەگەیەنێـت کە هیوا، ســەرەڕای تاڵی و قورســی بارودۆخەکان، هێشــتا پاک و سەربەرزە. دەتوانین بڵێین ئەحمەد عارف لێرەدا هیوا وەک هێزێکی ئەخلاقی و مەعنەوی وێنــا دەکـات؛ هێزێـک کە ئەگەرچی تێکەڵە بە خەم، بەڵام لەو جێیەوە کە باوەڕی بە مــافی ڕزگــاربوون و دادپەروەری هەیە، ڕێگــای خۆی دەگرێت و بە ئارامی و غیرەتـەوە دەمێنێتـەوە. ئەم هیوایە لە چیاکاندا لانەی کردووە و لە بەفردا شــــاراوەیە، هەر وەک ئەوەی تۆو یا ناوکێکی گەرم لە زســـتاندا دەتوانێت مژدەی بەهار بدات.

لە بەشێکی دیکەی شیعرەکەدا، شاعیر لەناکاو ئێمە دەباتە سەر دیمەنگەلێکی دوورتر لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتەکەی. ئەو باس لە بەرهەمە هونەرییەکان، پەیکەرەکان و ساتەکانی مێژووی سەرکوتکردن لە گۆشە و کەناری جیهان دەکات. هێنانی ناوی ڤینۆسی بێقۆڵ (Venus de Milo) و ئاماژە بە کۆڵانی ترانسنۆنێن ( Rue Transnonain)، وەک یادهێنەرەوەی ئەو کوشتارەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە پاریس ڕووی داوە، هەروەها ناوی گارسیا لۆرکا و ئاماژە بە گۆڕەکەی لە ئیسپانیا، هێمایەکی ڕوونی پەیوەندیی شیعری ئەحمەد عارفن لەگەڵ هەموو نووسەران، شاعیران و ئازادبیرانێک کە قوربانیی سەرکوتکردن بوون. لە پاڵ ئەوەدا، هێنانی «بیلبیلەکانی پییێر کوری»ش نیشان دەدات تەنانەت بواری زانست و توێژینەوەش لەم سەرمایە بێپەنا نەماوەتەوە و کوری و هاوسەرەکەی، کە لە زانایانی بەرجەستەی جیهان بوون، لێرەدا وەک هێمای ڕاستیخوازی و خزمەتە مرۆییەکان، لەژێر بەفر و سەرمادا کەوتوون. هەموو ئەم ئاماژانە شایەتن لەسەر ئەوەی کە شاعیر نیازی هەیە ئازار و ئێش بە جیهانی بکات. بۆ ئەو، لەو سەردەمەدا مەسەلەی سەرکوتکردن تەنیا لەلایەن ئەنقەرەوە نییە بەرامبەر کوردستان، بەڵکو ئەمە زنجیرێکی جیهانییە کە دەوری

هونەر، زانست و ئازادی گرتووە و لە هەر کوێیەک دەنگی ڕاستی بڵند بووبێتەوە، لەوێدا کەوتووەتە مەترسییەوە.

ئەحمەد عارف لە درێژەدا پەردە لەسەر دژیەکیی نێوان ژیانی ناوەندی شار و ناوچە هەژارنشینەکانی هەڵدەداتەوە. سەبارەت بە کەنارەنشینەکان کە بە تورکی «گەجەکۆندو»ی پێ دەگوترێ، یان گەڕەکە تەنەکەنشینەکانی دەوروبەری ئەنقەرە، دەنگ هەڵدەبڕێ و بە ئاوڕدانەوەیەک پێمان دەڵێت کەشی ئەوان تاریک و ناڕوونە و لەژێر بەفردان، بەڵام لە گەڕەکە دەوڵەمەندترەکان وەک یەنیشەهیر، گەرمی و ڕووناکی هەیە. ئەو پاشان باس لە منداڵانێک دەکات کە سییەکانیان بچووکە و دەستیان گەورە، بەڵام توانای بەکارهێنانی دەستەکانیان نییە و لەو تەمەنە سەرەتاییەدا دەبێت ڕووبەڕووی کێشەی پڕدەردەسەریی بژێوی و نەبوونی ببنەوە. ئەم دژیەکییە لە نێوان ژیانی کەنارەنشینان و ناوەندی شار، وێنەیەکی ڕوون لە نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی تورکیادا بەدەستەوە دەدات. لە ڕاستیدا نموونە یەک نیشان دەدات کە زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی دیکەش ئەزموونیان کردووە. ئەحمەد عارف بە باشی لەم ناهاوسەنگییە سوود وەردەگرێت تا باوەڕی بە پشتیوانیی مرۆیی و پێویستی هاودەنگیی دیاری بکات.

لە بەشــی کۆتاییی شـیعرەکەدا، هەموو شـتێک لە کۆڵانی میخەکـدا چڕ دەبێتەوە. شــــاعیر بـاس لە بـاخچەیەکی شــــووشـــەیی دەکات کە تێیدا گوڵدانێکی چینی دانراوە و چڵێکی سوور، وەک ئەوەی ئاوازێکی ئاگرین لەناو شینێتی ئاسـماندا بڵێتەوە. ئەم وێنەیە هەم ڕۆمانتیکە و هەم پڕە لە هێما. شـــاعیر ئامۆژگاری دەکات کە نابێت فریوی ڕواڵەت بخۆین و وا بیر بکەینەوە ئەم گوڵە تەنیا لە ناوەندی شاردا پشــــکـوتـووە؛ بەڵـکـو ڕەگـی لە خـاڵە هەژارتـر و ئـازارچەشـــتووترەکـانی ئەنقەرەدا، واتە لـە ئـاڵتنـداغ و ئینجەسـو، داکوتاوە. دەربڕینی ئەم بابەتە نیشـــان دەدات هیوا، ســـەرهەڵدان و جوانیی هونەری لەنـاو هەژاری و کەنارەنشـینەکاندا لەدایک دەبێت و پاشـان ڕێگای خۆی بۆ ناوەند دەدۆزێتەوە. بە واتایەکی دیکە، شاعیر بەم خوازەیە دەڵێت ســـەرچاوەی ســـەرهەڵدان و شـــۆڕش لەو ناوچە بێبەش و ئازارچەشتووانەیە و ئەگەر شکۆیەک لە ناوەندا دەبینرێت، بەرهەمی هێزی کەنارەنشـــینەکانە. ئەم خاڵە سـەرەکییە، باوەڕی قووڵی ئەحمەد عارف بە هێزی خەڵکی لەبیرکراو، کرێکاران، گوندییەکان و دانیشـــتووانی گەڕەکە تەنەکەنشـــینەکان ئاشـــکرا دەکات. ئەو پێی وایە ئەوان هەڵگری گیانی ڕەسـەنی ژیانن؛ گیانێک کە زوو یان درەنگ خۆی لە ناوەرۆکی کۆمەڵگەدا نیشـــان دەدات و کۆمەڵگە دەهەژێنێت.

ئەم شـــــيعرە دەكرێـت وەک ئـاوێنەی تەواوی جیهـانبینیی ئەحمەد عـارف دابنرێـت. ئەو هەمیشـــە لە بەرهەمەکانیدا باسی ئازار و ئێشی کۆمەڵایەتی کردووە و ئەوەی لەگەڵ چەمکگەلێکی وەک ئەڤین، هیوا و هەسـتی پەیوەسـتبوونـدا تێکەڵ کردووە. سـاردی و بەفر لە شـیعرەکەیـدا ڕۆڵێکی دووانەییـان هەیە: لەلایەکەوە نیشـاندەری سـەرکوت و سـەختی ڕێگەکانن و لەلایەکی دیکەوە زەمینەیەکن بۆ دەرکەوتنی گەرمـاییەک کە لە قووڵاییی ژیاندایە. ڕوانینی ئەو بۆ بەفر هەرگیز ڕەشبینانە نییە؛ چونکە پێی وایە هەر زسـتـانێک، تەنـانەت ئەگەر سـەخت بێت، سـەرەنجام بە هاتنی بەهار دەشـکێت. ناوهێنانی شـاعیرانی وەک گارسـیا لۆرکا، لە شـوێنانێکی دووری وەک ئیسـپانیا و ئاماژەکردن بە ڕووداوەکانی وەک سـەرکوتکردن لە کۆلانی ترانسـنۆنێنی فەڕەنسـا، بەمەبەسـت شـیعرەکە بۆ ئاسـۆیەکی جیهانی دەبات و سنوورەکانی تورکیا تێدەپەڕێنێت، هەموو ئەو کەسـانە کۆ دەکـاتەوە کە لە خەبـات بۆ دادپەروەری بوونـە قوربـانی. هەروەک چۆن لۆرکا قوربانیی سـەردەمی خۆی بوو، ئاوا ئەحمەد عارفیش لە تورکیا بەرەوڕووی کەشـێکی سـەخت و خنێکنەر بووەتەوە و بەم بۆنەیەوە ئەو لەگەڵ لۆرکا و هونەرمەندان و زانایانی سـەرکوتکراو لە سـەرانسـەری جیهاندا، هەست بە ئازار دەکات.

بەڵام لە پاڵ ئەم لایەنەدا، خوێنەر لە ناوەڕاستی شیعرەکەدا بەرەوڕووی دەرکەوتنێکی ناوچەیی و تایبەت لە ئەنقەرە دەبێتەوە. شاعیر، شارەکە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە دەبینێت و تابلۆیەکی تاڵ لە منداڵانی کەنارەنشین وێنا دەکات، کە لە هەژاری و نایەکسانیدا نوقمن و سەرما دایگرتوونەوە. ئەحمەد عارف بە ئاماژەکردن بە کۆڵانی مێخەک، دڵۆپێک لە ئاسوودەیی دەخاتە ناو شیعرەکەوە و باخچەی شووشەیی و گوڵێکی سوور نیشان دەدات کە بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەوە، ڕەگی لە شوێنە هەژارنشینەکاندایە. ئەم پەیوەندییە خوازەییە لە نێوان کەنار و ناوەنددا، لە قووڵترین بیرکردنەوەکانە کە لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت و بە باشی باوەڕی ئەحمەد عارف بە پەیوەندیی ناوەکی لەگەڵ هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو بە شێوەیەکی ناسک دەری دەبڕێت کە جوانیناسی و هیوا، هەڵقوڵاوی دڵی ئازاردیتەی کەنارەنشینەکانە، تەنانەت ئەگەر لە ڕواڵەتدا، دیمەنێکی گوڵین لە ناوەندی شاریشدا هەبێت.

بە هەموو ئەم وەسفانەوە، شیعری «کۆڵانی مێخەک» تەنیا دەرخەری سەرکوتکردن یان هەژاری نییە؛ بەڵکو باس لە ڕۆحێکی خەباتکار و گیانێکی هیوادار دەکات. شاعیر پێمان دەڵێت لەژێر بەفریشدا دەتوانین

بژین، تەنانەت ئەگەر دەســـت و پێشـــمان بەســـتبێتی و تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگە لە تاریکیشـــدا بێت. ئەو جێپێی ڕوناکی و جووڵەی لە نێوان وشـــەکانیدا جێگیر کردووە و لە ســـفرەی خەڵکەوە تا ئاســـۆی دوورەدەســـتی هونەر و زانســـــت دەخاتـە ژێر بینینی خۆیـەوە. لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێ بگوترێ ئـەم شـــیعرە هێمـایەکە لە پەیوەنـدی و هاوســـۆزی. ئەم پەیوەندییە لە نێوان کەســـانێکدایە کە لە ســـەرمای جوگرافی، ســـیاســـی، ئابووری و کولتووریدا گیرۆدەن و هێشـــتا دەســـتیان لە هەوڵدان بۆ ئازادی و یەکســـانی هەڵنەگرتووە. شـــاعیر لە وەســـفکردنی ڕاســـتییە تاڵەکان، وێنەیەک دروست دەکات کە لەگەڵ ئەوەی تێکەڵە بە نائومێدی، بەڵام لە ناوەڕۆکی خۆیدا، چرۆی دڵنیایی بۆ گۆڕانکاری هـەیە. ئەو بە ڕوونی ڕایدەگەیەنێت کە جوانی نەک بە تەنیا لە کۆشکەکان و شەقامە جوانەکاندا، بەڵکو لە ڕەگە قووڵەکانی خەڵکێکدا شـــاردراوەتەوە کە ســـەرەڕای برینەکان و فشـــارەکان، هێشـــتا بیر لە داهاتوو دەکەنەوە. وەها ڕوانینێکیش شـیعری عارف لە ســنوورەکانی کات و شـــوێن دەباتە دەرەوە و لەگەڵ دڵە ئازارچەشـــتووە بەڵام هیوادارەکاندا لە ســـەرانســـەری جیهاندا پەیوەندی دەدات. هونەری ئەو لێرەدایە کە دەتوانێت هاوکات هەم هەژاری و ســـەرکوتکردن بە هەموو تاڵییەکەیەوە نیشـان بدات و هەم باس لە هیوا و هەوڵی مرۆیی بکات کە دووگیانە بە گۆڕان.

هەر بەهۆی ئەمەوەیە کە «کۆڵانی مێخەک» نەک تەنیا بە وەســـفێکی بەهێز لە دۆخی تورکیــای نیوەی دووەمی ســـەدەی بیســـتەم دادەنرێت، بەڵکو ئاوێنەیەکی تەواوە بۆ زۆرێـک لەو کۆمەڵگـە و مرۆڤـانەی لـەخەبـاتـدان لەگەڵ نایەکسانیدا و هەرگیز دەست لە خەونی ئازادی هەڵناگرن.

**تەنیا نین**

گەیشتووینەتە ئاسۆیەک کە چیتر

تەنیا نین، ئازیزەکەم.

هەرچەندە شەو درێژە و

تاریک،

بەڵام دوورە لە هەموو ترسێک.

ئەڤینە بەمجۆرە ژیان،

تەنیا

تا هەناسەیەک ماوە بۆ مەرگ،

تەنیا

تەنانەت لە بەندی زیندانا،

هەرگیز تەنیا نەمانەوە...

بەریبەیانان دەڕۆمە ماسیگرتن من،

لە ئاوە ڕەوان و مەنگەکاندا.

لە هەموو کارگەکان، کاتی پشوودان، منم

لە شەوێکی بەهارییانەی جیهاندا.

لەنێو چوار دیوارێکدا نیم من؛

لە برنج، پەمۆ و toوتن دا هەم،

لە قەراجەداغ، چوقوروڤا و جیبالی[9].

کوێرەمارە ژەهراوییەکان

بە عەرەق و تاکەیانەوە،

ڕۆژ و شەو

خۆیان بۆ گیانی مرۆڤەکان مەڵاس داوە،

[9] (Karacadağ) دەکەوێتە کوردستانەوە لە نێوان پارێزگاکانی دیاربەکر و ئورفە، (Çukurova)یش دەشتێکی گەورەیە لە باشووری ڕۆژئاوای تورکیا دەکەوێتە پارێزگاکانی ئادانا، مێرسین، عوسمانیە و خاتای، (Cibali) گەڕەکێکی کۆن و مێژووییە لە شاری ئیستانبوڵ دەکەوێتە لە ناوچەی فاتح، کەناری قۆچی زێڕین. لەم شیعرەدا، ئەحمەد عارف بە تێکەڵکردنی سێ بەرهەمی "برنج، لۆکە و توتن" و بە ڕیز لە سێ ناوچەی "قەراجەداغ، چوقوروڤا و جیبالی"، باس لە بەرفراوانی ئامادەبوون و تێکەڵبوونی باوەڕی خۆی لەگەڵ کێشەکان و ژیانی خەڵکی سەرانسەری تورکیا دەکات؛ لە گوندە شاخاوییەکانی کوردستانەوە بۆ دەشتە بەرینەکانی باشوور و کارخانەکان و گەڕەکە شارییەکان لە ئیستانبوڵ.

لە مەرەزەکانی قەراجەداغدا.
وەکوو ڕۆندکی کیژۆڵەیەک
ـ ئەو کیژە گچکۆکەی خێڵ،
بە پێیەکانیەوە پاوانەیەک،
بە شانی چەپیەوە نووشتەیەکی چاوەزار،
ئاوێزانە و سارد لە بەرزاییی چیادا ـ
تنۆک تنۆک، زوڵاڵ و ڕوون ئەبێتەوە برنجەکەی.
جا بە کامیۆن و کاروانی ئێسترەکان
ئەچێتە سەر خوانی ئاغاکان...

چوقوروڤام،
قۆناغەی ئێمە، کفنی ئێمە؛
خوێنێکی ڕەش، لێ ڕوخسارێکی سپی.
بەرگەی گڕەکەی ناگرێت سەنگی سەبور، ئەتەقێ،
کەچی دڵی کرێکارەکەی نا.
گەر بیەوێ، ئەیبەخشێ لە هەور سپیتر و
لە کەف نەرمتر، پەمۆ.

گەرموگوڕ، شەڕانییە لاوەکانی؛
لە زیندانە ناودارەکانی ئەنادۆڵما،
چوقوروڤایین زۆربەی زیندانییەکانی،
وەک پیشاندانی برین بە دۆست،
وەک تێراوکردنی چڵەداربییەک،
هێندە لەناخەوە
هێندەش قووڵ،
سترانچڕین و جوێندان،
هەر لە مێرخاسانی چوقوروڤا دێت...

دەزانی تووتن چییە؟
"پرچی کچێ"یان پێ وتووە زەیبەکەکان[10]؛

---

[10] زەیبەکەکان نەتەوەیەکی کۆنی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ بوون، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ناوچەی ئایدن و حەوزی ڕووباری مێیاندا دەژیان. بەهۆی جلوبەرگی جیاوازیانەوە کە مێزەری درێژ و پانتۆڵی تا ئەژنۆ و پشتێن و فیشەولەغ بوو، بە دز و کاروانبڕ و جەنگاوەرانی سوپای عوسمانی ناسراو بوون. لە ڕووی کولتورییەوە

لە هەموو دەمارێک ئاو ناخواتەوە،

بە ئاسانی هەموو خاک و خۆڵێ پەسەند ناکا،

سەرما ئەیبا،

نازی ئەکا،

زیز ئەبێ.

لە نێوانی دوو پەنجەدا ورد کراوە؛

بەشێکە لە دڵی من

کە بە کاغەزی ناسک و سپی ئەپێچرێتەوە،

لە تەنگانەدا ئەسووتێت و خۆی ئەبەخشێ

بە لێوی بێدەنگی دۆست...

لە شەقامەکانەوە،

لە کەناراوەکانەوە،

لە شینێتیی ئاسمانەوە،

لە نانەوە،

---

زەیبەکەکان بە سەرچاوەیەکی باشی هونەر، ئەدەب، سەما و مۆسیقای فۆلکلۆری تورکیا دادەنرێت.

لە زێد و دڵبەستەیی گیان جیابوونەوە
واتە پێکەوتنی قەمچیی هەموو تاسەکان و
ژاری بێچارەیی چەشتن،
لە یەکەمین نەفەسیدا وەک خدر بە هاناوە دێت
جگەرەیەک کە لە جیبالی بپێچرێتەوە...

کرێکارانی توتن  هەژارن،
کرێکارانی توتن  ماندون،
بەڵام ئازا،
ئەدرەوشێنەوە لە شەرەفا.
ناوبانگی ئەوپەڕی دەریاکانیشی بڕیوە،
هیوایەکی نیشتمانەکەم...

## ڕامانێک لە شیعری « تەنیا نین»

ئەم شـــیعرەی ئەحمەد عارف جۆرێک ڕاگەیاندنی هاوپشـــتیی بەکۆمەڵ و ڕزگاریی تاکەکەســـییە کە تێیدا، چەمکی «تەنیا نەبوون» بە شێوازێک فراوانتر لە هەست و سـۆزێکی ئەڤیندارانەی سـادە پەرە دەسـتێنێت. شـاعیر لە سـەرەتادا باس لە گەیشـتن بە ئاسـۆیەکی نوێ دەکات و لەوەی کە چیتر تەنیا نین، ئەویش لە شـــەوێکی دوور و درێژ و تـاریکـدا. هەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ جیهانێکدا کە دەکرێت تاریکی تێیدا حوکمڕان بێت بەڵام ترسـێک لە دڵی شـاعیردا نییە و وەک هەمیشـە لایەنێکی هیوابەخش دەهێنێتە نـاو شـــیعرەکەیـەوە. بە بۆچوونی ئەحمەد عـارف، ژیـان لەگەڵ ئەم ئەڤینەدا خۆی جۆرێـک شـــۆڕش و ســـەرکێشـــییە؛ چونکە تەنـانەت کـاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ، یان لەناو ژوورە تەنگ و تاریکەکانی زینداندا، کەس هەرگیز هەســـت بە بۆشـــاییی ڕەها ناکات. ئەم هەســـتی «هەرگیز بە تەنیا نەمانەوە»یە نەک تـەنیا لە هـاوڕێیەتی عاشـــق و یاران و هـاوڕێیانی نزیکەوە ســـەرچاوە دەگرێت، بەڵکو پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ ڕەگ و ڕیشـەی خەڵکی و نیشتمانیشدا هەیە.

ئەو، پاشـــان ئێمە لە ناو زیندان و تاریکییەوە دەبات بۆ جیهانێکی فراوان و دەڵێت کە بەیانیان بۆ ماســـیگرتن

دەچێت و لە ئاوە ڕەوان و مەنگەکاندا بەدوای خولیای خۆیدا دەگەڕێت. ئەم وێنەیە لە سەرەتادا ڕەنگە وەک خوازەیەک دەربکەوێت؛ بەڵام بە درێژاییی شیعرەکە تێ دەگەین کە خۆی لە چوار دیواری داخراودا نابینێتەوە و لە بری ئەوە، ژیانی ڕاستەقینەی خۆی لە شوێنگەلێکدا دەبینێتەوە کە «برنج، لۆکە و تووتن» بەرهەم دەهێنن؛ بەرهەمگەلێک کە بیرخەرەوەی زەحمەتی جوتیاران و کرێکارانێکن کە سەرتاپای ئەنادۆڵ، بە تایبەت ناوچەکانی کوردستان و باشووری ئەنادۆڵ پێک دەهێنن. شاعیر لە ڕێگەی جوگرافیاوە دەیەوێ بڵێ لە دڵی ئەم پانتاییە کشتوکاڵییانەدا هەناسە دەدات و بەم شێوەیە ژیانی خۆی بە ڕەگوڕیشەی خەڵکەکەیەوە گرێ دەدات. ئەم پەیوەندییە، نهێنیی دوورییە لە تەنیایی: ئەو لە ڕێگەی هاوخەمی لەگەڵ کرێکاران و جوتیارانی بێبەش و ئازارچەشتوودا، مانای «تەنیانەبوون» دەئافرێنێت.

لە درێژەدا، بەردەنگ لەگەڵ کەشێکی واقیعبینانە لە بارودۆخی سەختی گۆخڵەکانی قەراجەداغ بەرەوڕوە دەبێتەوە کە لە سەروەختی مەرەزەدا، ماوەیەکی زۆر لەگەڵ مەترسییەکانی ماری ژەهراوی و نەخۆشی مەلاریادا دەستەویەخەن. ئەحمەد عارف بە تۆنێکی دڵسۆزانە و هەڵبەت بەئازارەوە، ڕوونی دەکاتەوە چۆن بەرهەمی برنج

لە تنۆکەی فرمێسکی منداڵێکی بچووکەوە بەدەست دێت؛ منداڵێک کە لە سەرمای چیادا فەرامۆش کراوە و بە زێڕ و زێوەری کەمەوە ژیان دەکات. لێرەدا شاعیر دەیەوێت نیشان بدات کە ژیانی لوکس و سامانی «سەرۆکەکان و خاوەنکاران» لە ڕێگەی زەحمەتی بێکۆتایی و فرمێسکی کەسانێکەوە بەدەست دێت کە نەناسراو و فەرامۆشکراون. هەربۆیە لە دێڕەکانی دواتردا، دەڵێ کە ئەم برنجە لە کاروانی لۆری و هێستردا دەچێتە سەر سفرەی دەسەڵاتدار و ئاغاکان. کەواتە چەمکی «تەنیانەبوون» لایەنێکی دووانەیی وەردەگرێت: لەلایەکەوە هاوخەمی و هاوبەشی ئازار لە نێوان چینی ژێردەستدا، لەلایەکی تریشەوە جیاوازی و ناکۆکییەکی قووڵ لەگەڵ چینە دەوڵەمەندەکان بەدی دەکرێت. بەڵام شاعیر بە یادکردنەوەی ئەم کێڵگانەی مەرەزە و دەستە ئازارچەشتووەکان، جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەو باوەڕەی دەکاتەوە کە هەرکەسێک بتوانێت لەگەڵیاندا هاوخەم بێت و هەست بە ئازارەکانیان بکات، لە کۆتی تەنیاییدا نامێنێتەوە.

چوقوروڤا لە شیعری ئەحمەد عارفدا ناوەندێکی ژیان و مەرگە. وەختێ دەڵێ «قۆناغەی ئێمە، کفنی ئێمە»، جارێک ئەوێ بە لانکی مناڵانی تازەلەدایکبوو و جارێکیش

بە کفنی مردووان دەچوێنێت؛ شـــوێنێک کە گەرماکەی بە جۆرێکە تەنانەت ســەنگی ســەبوریش دەتەقێنێت، واتە ئەو بەردە ئارامگرەی نێو ئەفســـانەکان کە دەتوانن بەرگەی هــەموو حیکـایــەتێـک بگرن، بەڵام دڵی جوتیـار تـاقەت دەهێنێت. لۆکەیەک کە ئەم سـەرزەمینە دەیبەخشێت، بەندە بە چاکەی هەور یان نەرمی دەســـتەکانەوە، یان دەتوانێت زبری و توندی نیشــان بدات. ئەم کەشــە دووانەییە بەڵام لە کۆتاییدا ڕوخســـارێکی مرۆڤانە بە خۆیەوە دەگرێت کە بە وتەی شـــاعیر خەڵکی شـــەڕ و غیرەتن؛ بە جۆرێک لە زینـدانە نـاســـراوەکـانی ئەنـادۆڵـدا، زۆرترین ژمـارەی زیندانییەکان کەســە ئازا و بەجەرگەکانی چوقوروڤان. هەر ئەم خەڵکەی خۆشحاڵ لە هەرا و پێکدادان، لە هەمان کاتدا، باش لە نەریتی هاوڕێیەتی تێدەگەن. ئەحمەد عارف ڕیتمی گلەیی و ستایش پێکەوە تێکەڵ دەکات: گەنجانی چوقوروڤا ڕەنگە توڕەوتۆســـن بن، بەڵام ناڵە و برینەکانیان لەگەڵ دۆستاندا دەگۆڕنەوە و لە قووڵاییی گیانەوە گۆرانی دەڵێن یان تەنانەت جوێن دەدەن؛ تایبەتمەندییەک کە تایبەتە بە «مێرخاســـانی چوقوروڤا» و مۆری پەســـەندی لەســـەر جۆش و خرۆش و دڵپاکییان لێ دەدات.

شــاعیر ئینجا دەگاتە تووتن و جەخت دەکاتەوە کە زەیبەکەکان تووتن یان بە پرچی کچان چواندووە؛ چونکە

تووتن زۆر هەستیارە، لە هەر زەوییەکدا ڕەگ داناکوتێت و بە گۆڕانکارییەکی کەمیش ئازار دەچێژێت. بەڵام هەر ئەم بەرهەمە هەستیارە، وەک ئەوەیە باری سۆزداری شاعیر لەسەر شانی هەڵبگرێت؛ چونکە کاتێک تووتن ورد دەکرێت و لەناو کاغەزێکی تەنکدا دەپێچرێتەوە، پارچەیەک لە دڵی ئەحمەد عارفیش لەگەڵیدا دەسووتێت. لە ڕاستیدا جگەرەیەک کە لە دەستی یارێکدایە و کەمێک دڵخۆشی دەکات، هەمان ئەنجامی زەحمەتێکی شاراوە و دژوارە کە لە خاکەوە هەستاوە و لە هەناسە پڕترسەکانی مرۆڤدا ڕووناک دەبێتەوە. ئەم یارییە سیمبۆلیکەی تووتن، پەیامێکی قووڵی هەیە: هەر جارێک جگەرەیەک دادەگیرسێت، پارچەیەک لە دڵی کرێکارێک یان جوتیارێکیش لەگەڵیدا دەسووتێت؛ کەواتە هەرگیز نابێت پەیوەندیی نێوان بەرهەم و بەرهەمهێنەر لەبیر بچێت.

دواجاریش ئاماژەی شاعیر بە جیبالی و یەکەم نەفەسی جگەرەیەک کە لە تاسەی جیاییەوە هەڵدەمژرێت، وێنەیەکە تووتن وەک ڕزگارکەر پیشان دەدات. چونکە کاتێک مرۆڤ لە شەقامەکان، کەنارەکان، ئاسمان و تەنانەت نان و ئاسایشی خۆی دوور دەکەوێتەوە، یەکەم مژی جگەرە دەتوانێت وەک پەرجوی «خدری زینە» فریای بکەوێت. ئەم وەسفە نیشان دەدات چۆن تووتن هەم

لەگەڵ لایەنێکی تاڵ و گیانپڕوکێندا هاوڕێیە و هەم جۆرێک ئارامی کاتیی دەبەخشـــێت. لەلایەکی ترەوە، یادکردنەوەی کرێکارانی تووتن لە کۆتاییی شـــیعرەکەدا، جارێکی دیکە ئازار و هیوا پێکەوە گرێ دەدات. شــــاعیر دەڵێت ئەوان هەژارن، ماندوون بەڵام شـــەرەفمەند و خەباتکارن؛ ناو و ناوبانگیان تا ئەوبەری دەریاکانیش چووە و مایەی هیوای وڵاتن. لێرەدا، ناونیشـــانی شـــیعرەکە «تەنیا نین» پەرە دەســـتێنێت و لەســـەر یەکگرتوویی و تەبایی هەموو ئەو کەســـانە دێتە زمان کە لە ژێر باری هەژاریدان، بەڵام بە ڕێزەوە دەژین.

بەم شـــێوەیە، شـــیعرەکە ســـەراپا حیکـایەتی پەیوەندییەکانە. پەیوەندیی نێوان مرۆڤێک کە لە کۆتوبەند یان لە ئاســتانەی مەرگیشــدا هەســت دەکات تەنیا نییە؛ لە نێوان بەیانییەکانی ماســـیگرتن و کرێکارانێک کە کاتی کارکردنیان تەواو دەبێت؛ لە نێوان گۆخڵەکانی مەرەزە و ســـتەمێک کە لە ئاغاکان دەیبینن؛ لە نێوان لۆکە و دڵی گەنجانی چوقوروڤا کە لە ژێر گەرمادا ناتوێنەوە؛ لە نێوان تووتن و لێدانی دڵێک کە لە هەر هەناسـەیەکدا دەسـووتێت. هەر یەک لەم وێنـانە، چینێـک بۆ چەمکی هـاوپشـــتی و «تەنیـانەبوون» زیـاد دەکـات. ئەحمەد عـارف، لە جیـاتی خەریکبوونی تـەنیـا بە گلەیی لە بـارودۆخەکـان یـان

پێشـــکەشـــکردنی وێنەیەکی ڕەش و تاڵ لە کۆتوزنجیر و ئـازار، پێکهـاتەیەک دەئـافرێنێت کە هیوا و هـاوخەمی لە سـەرتاسـەریدا بڵاو بووەتەوە. ئەو کەلەبەرەکانی ڕزگاری تەنـانەت لە ســـــادەترین توخمەکـانی ژیـانی خەڵک - لە خۆراکی مـەمرەومـەژی تـا جگەرەیـەکی پێچراوە لە نـاو تەنکترین کاغەزەکاندا - دەدۆزێتەوە و ســـوورە لەســـەر ئەوەی نیشـان بدات کە هەر لە دڵی ئەم «خاکوخۆڵە»وەیە هەستی پەیوەستبوون و ژیان باڵا دەکات.

## سڵاو

ڕۆژ هەڵدێ،
خاکی باراندیتە ئەبەخشێ بەرهەمەکەی،
ئەی دۆڵی ئینجەسوو، سڵاو.
بە گوێسەبانەکانەوە، پاسارییەکان وەجریوەجریو،
لە هەورەکاندا هەڵۆ،
سەربەرزترە.
یەکێ وا چاوەڕێی مەرەخەسی دەکات
قۆپچەیەکی تری کراسەکەی ئەترازێنێ.
ئەی دۆڵی ئینجەسوو، سڵاو!

ئاڵاگەلێکی چرۆکردوو هەن
کە خەون بە ئاشتییەوە ئەبینن،
کرێکاریش، لە بیرەکاندا، شینایی ئاو.
من بیر لە هەموو ئەمانە ئەکەمەوە.

بیست و چوار کاتژمێر،
ئینجا بیر ئەکەمەوە لە تۆ،
تاریک، پڕحەز...
تۆ، ئەی میوەی ئازیزی جیهانەکان.
لە پێگەی ئیعلانی عەشقەوە[11]، میسراعێک،
سەوز ئەبێت و لە منا ئەکەوێتە جۆش،
چاوەکانت دێنەوە یادم...

کەچی ناگەم بە کامی دڵ.
کەچی لە سپی و ڕەشی چارەنووسا
ئەزانم هەر ئەمەیە بەشی من...
پێکەنینیان لەبیر کردووە گلێنەکانم.
لێوەکانیشم ماچ.

---

[11] ئیعلانی عەشق لە سەردەمی عوسمانیدا بریتی بوو لەوەی عاشقە شـــەرمنەکان لە ڕێگەی ڕیکلامکردن لە ڕۆژنامەکاندا یان لە ڕێگەی دەهۆڵکوتەکانەوە ئەڤینی خۆیان دەردەبڕی، ئەم کارەش پێویستی بە ئازایەتییەکی زۆر یا خۆمەستکردنێکی تەواو هەبوو.

له تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند

ئەی دۆڵی ئینجەسوو، سڵاو!

### ڕامانێک لە شیعری «سڵاو»:

شیعری «سڵاو»، پردێکە لە نێوان سروشتی دەرەکی و دنیای ناوەکیی گێڕەرەوەدا، کە بە تێکەڵاوییەک لە پەرۆشی، ژان و خەیاڵ بەرهەم هاتووە. ناونیشانی شیعرەکە، هەر لە سەرەتاوە شەپۆلێک لە خۆشەویستی و هیوا لە ناخی دەقەکەدا دەچێنێت و دیمەنی ئاشنابوون لەگەڵ دنیایەکی نوێدا فەراهەم دەکات. شاعیر بەم وشەیە کە جۆرێک لە بەخێرهاتنە، هەم سڵاو لە سروشت و توخمەکانی دەوروبەری دەکات و هەم تۆنێکی زیاتر دۆستانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەردەنگدا پیشان دەدات. لە دێڕەکانی سەرەتادا، ئەحمەد عارف سروشتێکی بەئاگا و زیندوو وێنا دەکات. ئەم وەبیرهێنانەوەیە لەلایەکەوە جووڵەی بەهارانە دەچەسپێنێت و لەلایەکی ترەوە نیشانەیەکە بۆ لەدایکبوون و ژیانی نوێ، وەک ئەوەی شاعیر هیوادار بێت لە ژێر ئەم ئاسمانە هەورییە و زەوییەکەماندا کە بە بەخشندەیی، بەپیتیی خۆی دەردەخات، مژدەیەک لە ڕزگاری یان گەیشتن بەڕێوە بێت.

ئەو دواتر ناوی ئینجەسوو دەهێنێت و سڵاوی لێ دەکات؛ ناوێک کە ئاماژەیە بۆ جموجۆشی شاری ئەنقەرە و هێمای شوێنێکی زیندوو و ئاشنا بۆ خودی شاعیر. دووبارەکردنەوەی دۆڵی ئینجەسوو، دەرخەری پەرۆشی و خۆشەویستییەکە کە بەرامبەر بەم شوێنەی وا هەستی پێ دەکات؛ وەک ئەوەی لە تەنگانەی ژیانی خۆیدا، ئەم ڕوبارە یان دۆڵە شوێنێکی ئارامبەخش و پڕبیرەوەری بووبێ بۆی. لە درێژەدا، ئەو باس لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژانەی سروشت دەکات: پاسارییەکان کە لە ژێر گوێسەبانەکاندا سەرمەستن و هەڵۆیەک کە لە نێوان هەورەکاندا بە شکۆوە دەفڕێت. هەموو شتێک بەهێز و ئامادەیە بۆ گەڕان و جووڵە، تەنانەت سەربازێک، کرێکارێک یان کەسێکیش کە لە چاوەڕوانیی بەڵگەی ئازادیی خۆی یان کۆتاییی خزمەتی سەربازییدایە. ترازانی قۆپچەیەکی سنگی، هێمای کرانەوە و هەڵمژینی ئۆخەیەکی چاوەڕوانکراوە؛ وەک بڵێیت هەر کەسێک لەم کەشوهەوایەدا چاوەڕێی هاتنی ئازادی یان ڕووداوێکی خۆش بێت.

لە دواتردا، شاعیر دەمانباتە ناو پانتاییییەکانی ئەودیوی سروشت و تاکەکەس؛ باس لە چرۆی ئاڵاکان دەکات، کە لە بیری ئاشتیدان و ئینجا لە کرێکارانێک کە لە

بیر و چاڵەکان و قووڵاییەکانی زەویدا، هەمیشـــە بیر لە ئاوێکی بێســنوور دەکەنەوە. لێرەدا ئەحمەد عارف دەچێتە ســەر خولیـا بەکۆمەڵەکـان و چینی کرێکـار کە لە شــیعرەکانیدا، هەمیشـــە پێگەیەکی بەرچاویان هەیە. ئەو دەڵێت بیســت و چوار کاتژمێر بیر لە هەموویان دەکاتەوە. ئەم دانپێدانانە، ڕەهەندێکی کۆمەڵباوەڕی بە کەســـایەتیی شــاعیر دەبەخشــێت و نیشــان دەدات بەتەنیا خەیاڵی لای ئـارەزووی تـاکەکەســـییـەکـانی نییە؛ بەڵکو ئـازار، پێویســتییەکان و هیواکانی هەمووان لە خۆیدا هەڵدەگرێت. بەڵام دەســـتبەجێ و لە هەمـان دێڕدا، «تۆ»ی ئەڤینی تاکەکەسیشی لەگەڵدا گرێ دەدات: "ئینجا بیر دەکەمەوە لە تۆ، تاریک، پڕحەز...." ئەم لە تەنیشتیەکتردانانەی کۆمەڵ و تاک، ئازاری گشتی و حەزی ئەڤیندارانە، شێوازێکی تایبەت بە ئەحمەد عارفە. ئەو، دڵدار بە "میوەی ئازیزی جیهانەکان" ناو دەبات، کە درکەیە لەوەی لە چاوی شــــاعیردا، ئەم دڵدارە لە ئاستی ئاسایی بەرزترە و نوێنەرایەتیی هەمووان دەکات. ئەم وەســفە نیشــان دەدات "تۆ" لە شــیعرەکەیدا دەکرێت جاروبار ژنێکی ڕاســـتەقینە، یان هێمای ئازادی، یاخود هەندێ جار نیشـــتمانی دایک یان تێکەڵاوێک لە هەموو ئەم مانایانە بێت. لە هەمانکاتدا، پەیوەندیدانی ئەم "تۆ"یە بە وەســـفەکـانی تـاریـک و پڕحـەزەوە، جۆرێـک ناڕوونی و کەلەجان بە دەقەکە دەبەخشــێت. ڕەنگە ئەم

تاریکییە، ئاماژەیەک بێت بۆ لایەنە ئاڵۆز و نەناسراوەکانی خەیاڵی ئەو، کە شاعیر زیاتر سەرسام دەکات. یان لەوانەیە ئاماژە بکات بە دژوارییەکان و هاندەری بەردەوامی ئەو بێ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، یان دڵدارە کە هەرچی دەستپێڕانەگەیشتووتر دەبێت، خۆشەویستی و تینوێتیی زیاتری دەوێت. لە درێژەدا دان بەوەدا دەنێت کە دەستبەجێ یادی چاوەکانی "ئەو" لە بیرەوەری شاعیردا سەوز دەبێت؛ بە جۆرێک کە دێڕێکی ئەڤیندارانە لە ناوەوەیدا چرۆ دەکات و دەجووڵێت. ئەم دێڕە دەکرێت خوازەیەک بێت لە شیعرێک کە ئەحمەد عارف بەنیازە بۆی بهۆنێتەوە، یان لە کەفوکوڵێک کە بە بیستنی ناوی یان یادی ئەو، لە لە خەیاڵیدا دێتە جۆش. تێکەڵەی پێگەی "ئیعلانی عەشق" وەک چەمکێکی دێرینی عوسمانییانە بۆ ئەڤینێکی شاراوە، نەک تەنیا لە کولتووری مۆسیقای کلاسیکی تورکیاوە دێت، بەڵکو دۆخێکی مۆسیقاییش بەم دێڕە دەدات؛ وەک ئەوەی شاعیر لە دەستگایەکی ئاوازی وڵاتەکەیدا، خەریک بێ دانپێدانانێکی خۆشەویستی بخاتە بەردەممان.

بەڵام لە دێڕەکانی دواتردا بە دانپێدانانێکی تاڵ خەمبارمان دەکات: "کەچی ناگەم بە کامی دڵ/کەچی لە سپی و ڕەشی چارەنووسدا/دەزانم هەر ئەمەیە بەشی

من..."، ئەم دژیەکییە لە نێوان حەزێکی زۆر و ئەنجامێکی دڵخواستەی بەدینەهاتوو، جۆرێک تۆنی تاسەباری بە شیعرەکە دەبەخشێت. شاعیر بەئاگایە لە لەمپەرەکان و دەڵێت بە باشی تێگەیشتووە کە بە هۆکارگەلێک، کە ڕەنگە بارودۆخە سیاسی، کۆمەڵایەتی یان تەنانەت بەربەستە تاکەکەسییەکان بن، ئەنجامی هەوڵەکەی شتێک جگە لە ناکامی نابێت. هەربۆیە بەوپەڕی حەسرەتەوە دەڵێ "پێکەنینیان لەبیر کردووە گلێنەکانم/لێوەکانیشم ماچ"، وەک بڵێی ماوەیەکی زۆرە لە لاواندنەوەیەکی سادە و قووڵی خۆشەویستی بێبەش ماوە. ئەمەش لەڕاستیدا چارەنووسی زۆرێک لە ڕوناکبیران، خەباتکاران و خەڵکانی ژێرگوشاری دەیەکانی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمی تورکیا بوو؛ ئەوانەی کە گیرۆدەی زیندان، دوورخستنەوە، سەرکوتکردن و هەژاری بوون و دەرفەتی خۆشییە ئاساییەکانیان لە دەست دابوو. هاودەنگیی ئەم خەمە لەگەڵ ئاوات و ئامانجە ئەڤینداریەکاندا، ناوەرۆکی ئەم دێڕەی ئەحمەد عارفە؛ چونکە ئەو لەلایەکەوە ستایشی جۆش و خرۆش دەکات و لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ڕاستییە سەختەکانی کۆمەڵگەدا ڕووبەڕوو بووەتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەحمەد عارف لە قووڵاییی شیعرەکەیدا هەرگیز بەتەواوی ڕادەستی خەم نابێت.

ئەگەرچی حەسرەت سێبەری لەسەر دانابێت، بەڵام هێشتا بە شوێن چرۆکردنی دیڕێکی ئەڤیندارانەوەیە لە ناوەوەی خۆیدا. لێرەدایە کە پەیوەندیی نێوان سروشت و مرۆڤ پێکەوە گرێ دەدات. ئەو بە وتنی "ڕۆژ هەڵدێ" و "ئینجەسوو سلاو"، وەک بڵێی دەتوانێت بە سلاوێکی گەرم ژیان دەست پێ بکاتەوە.

شیعرێکی وەها، نیشاندەری قوتابخانەیەکە کە لە ئەدەبی تورکیادا، هەم شیعری ناڕەزایی و هەم شیعرێکی ئەڤیندارانە لە ژێر یەک سەیواندا کۆ دەکاتەوە. ئەحمەد عارف نموونەیەکی زیندووە لەم تێکەڵکردنە کە لە بەرهەمی کورت بەڵام چڕدا، هەم ڕۆحی کۆمەڵایەتیی خۆی لە یادکردنەوەی کرێکاران و گەنجانێک کە چاویان بڕیوەتە ئالای ئاشتی، بەرجەستە دەکات و هەم سووتانی ناوەکیی خۆی لە نەبوونی ئاسودەیی و دابڕان لە پێکەنین و ماچدان پێدا دەبینێتەوە. ئەم مۆدێلە نووسینە وای کردووە شیعری ئەو بە سادەیی لەگەڵ ئازار و سەرکوتی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەدا هاوبەش بێت و لە هەمان کاتدا چرپەیەکی ئەڤیندارانە بەگوێی خوێنەردا بچرپێنێت.

## ئەها کە تەقەش دڕ بە تاریکیی شەو نادا

خەرمانێک مێرخاس، شارایەک،

بەسەر چیا سەختەکانی نیشتمانەوە دامەزراون.

ڕێگران چۆکیان داداوە،

خائینان خواستەی بەزەیی،

لە مافی هەتیوان پێچراوەتەوە،

حیساب یەکلایی بۆتەوە.

کاتیەتی ئەمە...

کاتێکە،

لە قووڵاییی دەریادا گڕوبڵێسە،

لەوپەڕی دەشتە خوێناوڵەکانەوە، گوڵان...

فڕیوە، بەسووکیی پەڕی باڵندەیەک،

لە جەستەی پۆڵایینی سەنگەرەکانا

مرێنراوە، ئازیزەکەم، مرێنراوە،

لێ بە کامی دڵەوە...

لەگەڵ ئەمەشا،

بەشی ئێمە لەمانە خراپتر بوو.

مەرگ، بارێکی هێندە سەنگینیش نییە بۆ مرۆڤ،

بێدەنگی و چاوەڕوانییە کە سامناکن.

گەنجین، وەک لوولەی تفەنگ و،

دڵێکی پەنگرسا لە سینەدا،

تاسەباری ئاشتی و جەژن،

خەوێکی قووڵ، بێخەم، ئاسوودە،

پێکەنینێک کە سی و دوودانەمان دەرکەوێ،

تێر لە ئەڤین، لە خواردن.

چەند جار شەوانە گریان ئەوکی گرتووم.

هەر بە ڕاستی، لە نێوانی ئێمەدایە کە تاسە جوانت

و ئێمەین کە ئەزانین چییە خەم.

دڵم کە وا بێدەنگ بووە، بێمەترسییە ئایا؟

ئەو خەنجەرە ماڵتاییە[12]، بێکێلان، بێدار،
هەروەکو بەیتێکی جاحێڵە،
باڵافیلینتا[13]...
بۆچی، بۆچی ئەم شکاوییەی نێوچەوانت؟
ئەم تەمە کوژەرەی نیگاکانت؟
چەند جار شەوانە گریان ئەوکم ئەگرێ...
چۆن ئاوا هۆشی بردووم،
ڕەگی داکوتاوە لە ناخمدا، چرۆی کردووە ئەڤینی تۆ،
دۆست و دوژمن هەر یەکە بە زمانی خۆی شتێک
ئەڵێن،
لۆمەکردن، تاجی سەری ئازایانە.
ئەمە نە شوورەییە و نە قەدەغە؛
ڕاستییەکی وەها سادە و خامۆش،

---

[12] خەنجەری ماڵتایی ئاماژەیە بۆ جۆرە خەنجەرێکی بەناوبانگ و بێکێلان کە هێمایە بۆ بێداری و هەبوونی مەترسییەک.

[13] فیلینتا جۆرێ تفەنگی سەردەمی عوسمانییە. لێرەدا واتە باڵای وەک تفەنگی فیلینتا بەرز و جوانە.

ئەمە بێ لەوانەیە، هۆی ژیان ...

بەڵێ، خەریکە ئەگریم، کاتیەتی.
ئەها کە تەقەش دڕ بە تاریکیی شەو نادا،
ناتوانم بڵێم چەندە چۆڵ و چەند تاریکە...
جگەرەکەشم تاڵ وەک ژەهر...
دیسانەوە دۆزەخێک هەیە لە سەرینەکەمدا،
وەرە ئیتر...

## ڕامانێک لە شیعری «ئەها کە تەقەش دڕ بە تاریکیی شەو نادا»

ئەم بەرهەمە وەک یەکێک لە شیعرە بەناوبانگەکانی ئەحمەد عارف، لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکیشەوە، زۆرێک لە تایبەتمەندییە جیاوازەکانی شیعرەکانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە. شیعرەکە چڕییەکی زۆری وێنەیی تێدایە و بە یارمەتی سیمبۆل و خوازە چەندلایەنەکانی، هەستە قووڵە کۆمەڵایەتی و کەسییەکانی شاعیر دەردەخات. ئەحمەد عارف لەم بەرهەمەدا، ماناکان لە گێڕانەوەیەکی هێڵی ئەولاتر دەبات و بە هێنانەوەی درکە و ئاماژە مێژوویی و داستانییەکان، خوێنەر بۆ دنیایەکی فرەڕەهەند ڕادەکێشێت؛ دنیایەک کە تێیدا، «شەو» تەنیا بەشێک لە بیست و چوار کاتژمێر نییە، بەڵکو دۆخێکی تاریک و قورسە، کە تەنانەت گوللە هیچ کات ناتوانێ دڕ بە تاریکییەکەی بدات.

وەک پێشتریش چەند جارێک ئاماژەی پێ دراوە، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە لە شیعر و سەردەمی ئەحمەد عارف بڕوانین، دەبینین ئەو لە ڕۆژگارێکی ئاڵۆزی مێژووی هاوچەرخی تورکیادا ژیاوە. دەیە و ساڵانێک کە ئەم شاعیرە ئەزموونی کرد، پڕ بوون لە بارگرژیی سیاسی، کودێتاکان، قەدەغەکردنی چالاکییە

ئازادیخوازییەکان و گوشـــار لەســـەر نووســـەران و ڕووناکبیران. تێگەیشـتن لەم پاشـخانە مێژووییە دەتوانێت یارمەتیمان بدات لە تێگەیشتنی ڕۆحی سەرەکیی شیعرێکی وەک «کە تەقەش دڕ بە تاریکی شـەو نادا». شـاعیرانێکی وەک ئەحمەد عارف، بەگشـــتی لە چینە ژێردەســـتەکانی کۆمەڵگەوە هـاتن، یـان بەهەرحـاڵ ئەزموونی هەژاری و ستەمی چینایەتیان بەقووڵی هەست پێ کردبوو. هەر بۆیە، بەرهەمەکانیان شـــێوەیەک لە ناڕەزایەتی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیـاندا دەهێنـا، کە لەگەڵ ســـۆزێکی مرۆڤـانە و ڕیتمێکی هەنـدێـک جـار غەزەلئـامێزدا تێکەڵاو دەبوو. هەر ئەم تێکەڵاوییەی ناڕەزایەتی و ئەڤین، کەشێکی تایبەت بە شیعرەکانیان دەبەخشێت: دەنگی خەڵکێک کە لە تاریکیی سەردەمدا گیرۆدەن، بەڵام هێشتا هیوا و ئەڤینێکی پڕجۆشیان لە سنگدا هەیە.

"ئەهـا کـە تـەقـەش دڕ بـە تـاریکیی شـــەو نـادات" بە دێڕێک دەست پێ ناکات ڕاستەوخۆ لە شەو بدوێت، بەڵام نـاونیشـــانی شـــیعرەکە هـەر لـە ســـەرەتـاوە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ تـاریکیـدا بـانگمـان دەکـات. لە دێڕەکانی سەرەتادا، وێنەگەلێکی کورت و پچڕپچڕ دەبینین. ئەم دێڕانە بێ ئەوەی بە شـێوازێکی چیرۆکی بێنە ناوەوە، بەردەنگ لەگەڵ چەند وشـەی کلیلیدا بەرەوڕوو دەکەنەوە:

"مێرخاسی"، "چیا سەختەکانی نیشتمان" و کەشێک کە بیرهێنەرەوەی ئامادەییە بۆ بەرەنگاربوونەوەیەک یان خۆڕاگرییەکی بەکۆمەڵ. وشەگەلێکی وەک "خەرمان" و "شارا" جگە لە مانای وشەیی کەڵەکەبوونی بەرهەم یان کۆبوونەوەی شتێک لە شوێنێکدا، لە نەریتی ئەدەبی و زمانیی تورکیشدا ڕەنگە بیرهێنەرەوەی کۆبوونەوەی پیاوانی دلێر، یان کۆمەڵێک بێت کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخێکی ستەمکارانە ئامادە کراون. کەواتە شیعرەکە لە هەر سەرەتاوە، جۆرێک باری ئامادەیی و ئاڕاستەکران بۆ هێزێکی گەلییانە دەخاتە بەرچاو، کە دەتوانێت بەرامبەر بە ستەم و ناهەقییە ڕابوەستێت.

دێڕەکانی دواتر، وێنەکە تەواوتر دەکەن. شاعیر وەک مژدەبەخشێک هەواڵی بەچۆکداهاتنی ڕێگران و بکوژان، یان بە دەربڕینێکی تر، ڕوخانی زۆردارەکانی کۆمەڵگەمان پێ دەگەیەنێت. وشەکانی "ڕێگران و خائینان" دووبارەکردنەوەیەکە بۆ ئاماژە بەوانەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزی ستەمکارانەیانەوە، مافەکانی خەڵک پێشێل دەکەن. بەڵام ئێستا چۆکیان داداوە و داوای بەخشین دەکەن و بەدوایدا هەواڵی لێپێچینەوە لە "مافی هەتیوان" هاتووە. ئەم بەشەی شیعر، ئەگەرچی کورتە، بەڵام وێنەیەکی ئایدیالی یان خەیاڵی لە دادپەروەری نیشان

دەدات، وەک بڵێی کاتێک هاتووە کە ستەمکاران بە سزای کردەوەکانیان دەگەن و دادپەروەری دەچەسپێت. ئەوەی لەم وەسفەدا گرنگە، پەیوەندییەکە کە شاعیر لە نێوان "مافی هەتیو" و "لێپێچینەوە"دا دروستی دەکات. لە کۆمەڵگەیەکدا کە تەنگەژە چینایەتییەکان و بێبەشییە کۆمەڵایەتییەکان زاڵن، هەتیو و ژێردەستەکان نموونەیەکی بەرچاون لە ئازار و بێپەنایی. ئەم شیعرە ئاواتەخوازە ڕۆژێک بێت کە لێپرسینەوە لە ستەمکار بکرێت لەسەر کردەوەکانی ڕابردوی و مافێک کە لە ژێردەستان زەوت کراوە، بگەڕێتەوە. شاعیر ئەم ساتە بە "کاتیەتی ئەمە" ناو دەبات بە گەرموگوڕییەوە باسی دەکات: ساتێک کە مرۆڤ خەیاڵی وایە لە دۆڵەکانی ستەم هاتووەتە دەرەوە و دەتوانێ بە ئاسودەییەوە هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵبمژێت.

ڕێک ئالێرەدا و کاتێک بەردەنگ ڕەنگە وا بیر بکاتەوە کە شیعرەکە لە ڕێگای نمایشێکی داستانییەوە بەرەو هەڵکشانی کۆتایی هەنگاو دەنێت، شاعیر بە وەرچەرخانێکی توند دەڵێت کە "بەشی ئێمە لەمانە خراپتر بوو"، پاشان لە دێڕەکانی دواتریدا تاسەی ژیانێکی باشتر لەوەی کە هەیە خۆیان دەردەخەن و زۆر زوو سادەیی هیواخواستن دەڕەوێتەوە. ئەم دانپێدانانە، لەلایەکەوە ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک جار مەرگ لە ڕێگەی

بیروباوەڕ و ئایدیال یان دادپەروەریدا، چ لە مەیدانی جەنگ یان بەرەنگاریی ڕاســـــتەوخۆدا، هەرچەند بەئازاریش بێ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بەرگەگرتنی بارودۆخێک کە تاک ناچارە ئارام و بێدەنگانە تێیدا بەســەر ببات، ســووکترە. لە مێژووی خەباتگێڕانەی نەتەوەکاندا، هەمیشە دەگوترێت کە مەرگێکی قارەمانانە بۆ ڕزگاری لە ســـــتەم، زۆر کەمتر لە ئازارچەشــتن لە ژێردەســـتەییەکی درێژخایەندا، دەتوانێت ئازاردەر بێت. ئەحمەد عارف لێرەدا لە لایەنێکی ناســـــک و مرۆڤانەوە دێتە ناوەوە و دەڵێت ئێمە گەنجین، دڵمان گەرم و پڕجۆشـــــە، وەک لوولەی تفەنگ ئامادەین بۆ تەقاندن، بەڵام لە جیاتی ئەوەی لە بەرەدا یان لە ڕێگەی ئازادیدا ســــنگمــان ڕاســـــت کەینەوە، دیلی "بێـدەنگی" و "چاوەڕوانی"یەکین کە هیچ شـــتێک ڕووناک ناکاتەوە. ئەم دۆخە دەکرێــت بــە ڕەنگــدانەوەی ڕۆژگــارە تــاریکــە ســــیاســـــییەکان لە تورکیا بزانرێت کە هەندێک جار لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا دەیەکانی دواتر چەندین جار دووبارە بووەتەوە.

دەربڕینی "ئەها کە تەقەش دڕ بە تاریکیی شـــــەو نادات"، لە ڕاســـتیدا پوختەیەکە لەم بارودۆخە ترســـێنەرە. شـــەو لە ئەدەبیاتدا یەکێکە لە هێماکانی تاریکی، نهێنیبوون و هەندێک جار ناســـــەقامگیری. بەڵام ئەحمەد عارف بە

وریاییيەوە، شـــەو لە قـالْبێکی تەواو بەرهەســـتـدا، بە چەشـنێکی تاریکیی ئەسـتور وەسـف دەکات کە وەک بلێی گوللەش نـاتوانێت دڕی پێ بدات. لەم دەربڕینـەدا، توانـای بەهێزی چەک لە بەرامبەر سـەختی و ئەسـتوری شـەودا، خۆی دەدۆڕێنێ. بە دەربڕینێکی تر، تەنـانەت تـەقـانـدنی گوللەش لە کەشـــێکی ئاوا تاریک و خنکاویدا کەڵکی نییە. ئەم دۆخە لەلایەکەوە دەکرێت ئاماژە بێت بە ژینگەیەکی پۆلیســـی و ســـەربازی، کە تەنانەت کاری چەکداری یان بەرخۆدانی توندیش ناتوانێ درزی تێ بخات، یان لانی کەم بە ئاســـانی توانای ســـەرکەوتنی نابێت. لەلایەکی ترەوە، دەکرێت قووڵاییی نائومێدی یان تەنیایی نیشـان بدات. واتە هەندێک جار وا لە تاریکی و بێئاســـۆییدا نوقم دەبین کە هیچ هەوڵێک لە جۆری هـاوار یان نـاڕەزایەتی ئاشـــکرا ناتوانێت گۆڕانکاری لە بارودۆخدا دروست بکات. هەر ئەم دژایەتییە لە نێوان هێزی گوللە و نوتەکی شـەودا یەکێک لە خاڵە سـەرنجڕاکێشـەکانی شیعرەکەیە کە لە دڵی ئەدەبیاتی شـــۆڕشـــگێڕانەوە ســـەری هەڵداوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پـەیوەنـدییـەکی تۆکمـەشـــی بە باری تـاکەکەســـییـانـەی شاعیریشەوە هەیە.

لە بەشـــێکی شـــیعرەکەدا، شـــاعیر ڕاســـتەوخۆ دەسـتڕاگەیشـتن بە پێویسـتییە سـادە و سـروشـتییەکانی

مرۆڤ وەک ئاواتێک دەبینێت: خەوێکی قووڵ و ئاسوودە، پێکەنینێک کە سێ و دوودانەمان دەرکەوێ، ئەڤینداری بێدڵەڕاوکێ، تێرکردنی سکمان. ئەم لیستە، ئازاری مێژوویی خەڵکی ژێردەست و بێبەش و برسی دەگێڕێتەوە: ئەوانەی کە هەمیشە بەشوێن بژێوییەوە بوون و لە ناسەقامگیریی سیاسی و ترس لە سانسۆر و ڕووبەڕووبوونەوەدا ژیاون. ئەم ویستانە نیشان دەدات کە ئەو نەوە و چینەی ئەحمەد عارف نوێنەرایەتییان دەکات، تەنیا پێویستییان بە ئازادییە ڕووتەکان نییە؛ بەڵکو تەنانەت لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیانیش بێبەش دەکرێن. شیعرەکە وەبیرمان دەهێنێتەوە جاری وایە خەوتنێکی قووڵ و بێدڵەڕاوکێ و بێگرفت، ڕەنگە بۆ کەسێک کە هەمیشە لە خەمی هێرش و پەلامار یان خەمی دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەدا ژیاوە، هێندە خەیاڵە، دەستپێڕاگەیشتنی مەحاڵ دەردەکەوێت. هەر ئەم ڕاستییە تاڵە، ناوەندی هێزی پڕسۆرزی شیعرەکە پێک دەهێنێت و نیشانی دەدات پەرۆشی بۆ ژیانی ئاسایی، تا چەند ئەندازە بەهێز و لە هەمان کاتدا دەستنەکەوتووە.

لایەنی ئەڤیندارانەی شیعرەکە، لە ناوەندی ئەم هەرا و تاریکییەدا دەردەکەوێت. عارف لە وەسفێکی زۆر ناسکدا ئاماژە دەکات کە چۆن لە شەوەکانی خەمدا، بیری ئەڤین

یان دڵدارەکەی دەکەویتەوە و ئەم ئەڤینە لەلایەکەوە هێزی دڵی ئەوە و، لەلایەکی ترەوە بەر داوەری و سەرکۆنەکردنی دەوروبەرییەکـان دەکەویـت. ئەو دەڵێـت هـاوڕێیـان و دوژمنـان هەریەکە لە دیدی خۆیانەوە لەم ئەڤینە دەڕوانن و دەشـێت جۆرێک لە کینەبەری بێت، واتە سـەرکۆنە یان سووکایەتیشی پێ بکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، شاعیر ئەمە بە تاوان یان قەدەغە نازانێت، بەڵکو ئەوە وەک ڕاسـتییەکی سـادە و خامۆش، وەسـفی دەکات. تەنانەت دەڵێت ڕەنگە هەر ئەم ئەڤینە گەورەترین هۆکاری زیندوومانەوەی بێت لە کەشـێکی ئاوا تاریک و نوتەکدا. ئەم بەشـەی شـیعرەکە بیرهێنـەرەوەی هـاوبەشـی چارەنووسـی ئـەڤیندار و خەبـاتکـارە لە زۆرێـک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکـانـدا: شـوێنێک کە ئەڤین و گەرماکەی دەتوانێت گیانی ماندوو لە هەرەسـهێنان ڕزگار بکات و ڕێگری لەوە بکات، تاک لە نائومێدیی ڕەهادا نوقم ببێت. لە هەمان کاتدا، لە ڕوانگەی نەریتییەوە، ئەڤین لە ئەدەبدا، هەمیشـە پێگەیەکی بەرزی هەبووە و ئەحمەد عارفیش بە گرێدانی توخمی ئەڤیندارانە بە توخمی نارەزایەتی و کۆمەڵایەتییەوە، دەگاتە شێوازێکی نوێ، کە هەم لە سـتەمی سـەردەم دەدوێت و هەم لە جۆشی ناوەکیی دڵ.

یەکێک لە خاڵە بەرچاوەکانی تری شیعرەکە، دژایەتییە لە نێوان مەرگێک کە شەرافەتمەندانە یان داستانییە و ژیانێکی ڕۆژانە بەڵام بێبەش لە ئازادی. شاعیر جەخت دەکاتەوە گەنجانی دەوروبەری هەندێک جار ئامادەن بۆ خەبات تەنانەت گیان بدەن، بەڵام تێپەڕینی ڕۆژ و شەوانێک کە تێیاندا هیچ شەڕێک ڕوو نادات، بەڵکو ناچارکردن بە بێدەنگی هەیە، دارمانێکی قووڵتر بەدی دەهێنێت. هەر بۆیە چەمکی بێدەنگی لە شیعرەکەدا بەرجەستە دەبێت. ئەم بێدەنگییە تەنیا جۆرێک زمانداخستنی خۆویست نییە، بەڵکو لە دەرەوە دەسەپێت: کەشێک کە مرۆڤ ناچارە دەمی داخات و چاوەڕێ بکات. هەر ئەم بارودۆخە کوژەرەیە وای لێ دەکات بەردەوام باس لە تەماشای تاریکی و شەو بکات و ئەوەی کە تەنانەت گوللەش ئەم شەوە نابڕێت. دیارە لە هەموو لایەکەوە ڕێگە لە جووڵە گیراوە؛ نە هیوایەک بە سەرکەوتنی خەباتی ڕاستەوخۆ هەیە و نە ڕێگایەک بۆ ژیانێکی ئاشتییانە. بە دەربڕینێکی تر، گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی، چێژە سەرەتاییەکانی مرۆڤی ڕفاندووە و مەیدانی بۆ ڕەشی و گیرۆدەیی چۆڵ کردووە.

سەرئەنجام، شاعیر لەوپەڕی بێهیواییەوە لەبارەی هەبوونی دۆزەخێک لە سەرینەکەیدا دەدوێت، بەمەش

دڵنیایی ئازار ڕادەگەیەنێت. سەرین، هێمایەکە بۆ شوێنی خەوتن و حەسانەوە، کاتێک بە دۆزەخ دەچوێنرێت، دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێت کە ئەم شەوەی چەند ترسناکە و چۆن لە ئاگری دەروون و پەرێشانیدا دەسووتێت. لە شیعری ئەحمەد عارفدا، چەندین جار ئاماژە بە شەو و شەوبێداریی درێژخایەن کراوە؛ ئەو شەوانەی کە لەگەڵ جگەرە و بیرۆکە تاڵەکاندا تێکەڵاو بوون. تەنانەت جگەرەش کە دەتوانێت هێمنکەرەوە و هاودەمی شەوە تاریکەکان بێت، بەڵام ئێستا خۆی بووە بە ژەهری مار، چونکە چیتر توانای بەخشینی ئارامی نییە. ئەم دۆخە، دارمانێکی قووڵ نیشان دەدات و ئازارێک کە لە ناوەوە دەسووتێنێت. دەستەواژەی "وەرە ئیتر..."یش لە کۆتاییدا دەتوانێت ئاماژەیەکی چەندلایەنەی هەبێت. ڕەنگە بانگی دڵدار بکات، یان سپێدەی ڕزگاری، یا هەر هێزێکی ڕزگارکەر کە بتوانێت دڕ بەم شەوە بدات. ئێمە دەزانین کە شیعری ئەحمەد عارف بەگشتی لە خاڵێکدا لە نێوان نارەزایەتی و چاوەڕوانیدایە. ئەو لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا لە ئازار و سەرکوتی کۆمەڵایەتی دەدوێت، بەڵام هەمیشە ڕووناکییەک لە هیوا بۆ گەیشتن بە ئازادییش دەهێڵێتەوە. ئەگەرچی ئەم ڕووناکییە هەندێک جار بچوکە، بەڵام هەست ناکەین کە شاعیر ڕادەستی تاریکیی ڕەها بووبێت. ئەم پێداگرییە لەسەر مانەوەی ڕووناکی هیوا لە دڵی شەودا، گەوهەری

شیعری ئەحمەد عارف پێک دەهێنێت و ئەو دەکاتە دەنگێکی ئیلهامبەخش بۆ زۆرێک لەو کەسانەی لە کۆمەڵگەی تورکیا یان کۆمەڵگە هاوشێوەکاندا، ئەزموونی تێکشکێنەری سەرکوت و خنکانیان هەبووە.

لە ڕووی شێواز و زمانەوە، ئەم شیعرە هەمان شێوازی دەربڕینی سادە و لە هەمان کاتدا خوازەی ئەحمەد عارفە. ئەو بەپێچەوانەی زۆرێک لە شاعیرانی هاوچەرخی خۆیەوە کە لە ئاڵۆزییە زمانییەکان و وێنە نادیارەکاندا نوقم دەبوون، زۆربەی جار گوتارێکی نزیک لە زمانی کۆڵان و بازاڕ، بەڵام هاوئاهەنگ و سیمبۆلیک هەڵدەبژێرێت. دووبارەکردنەوەی وشەکان یان دەستەواژەکان، ڕیتمی شیعرەکە بەرەو پێش دەبات و هەستی چڕی یان تەقینەوەی ئازار دەچەسپێنێت. هەروەها، ئاماژە جوگرافیاییەکان یان کەسانێک کە لە یادەوەریی گشتیدا هەن، لە شیعرەکانی تری عارفدا زیاتر بەرچاون؛ هەرچەند لەم شیعرەیدا زیاتر جەخت لەسەر چۆنایەتییە هەستەکی و دەروونییەکانی لە شەوانی پڕستەمدا دەکاتەوە.

لێکۆڵینەوەی چینە قووڵەکانی شیعرەکە ئەوە نیشان دەدات کە ئەم بەرهەمە، تەنیا وێنەیەکی بچووک لە خەباتێکی سیاسی نییە؛ بەڵکو لە ئاستێکی فراوانتردا،

خوازەیەکە لە دۆخێکی جیهانی و مێژوویی. شەوێکی هێندە تاریک کە گوللەش لێی تێناپەڕێت، نیشـــاندەری هەر کاتێکە کە کۆمەڵگەیەک یان تاکێک لە تەنگەژەیەکی بێچارەســـەردا گیرۆدە دەبێت؛ کاتێک کە بێدەنگیی زۆرەملێ گەلێک جار لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشـکرا لەگەڵ دوژمندا بەئازارترە و ئەڤین کە ئاســـــاییيانە دەتوانێت ڕزگارکەر بێت، لێرەدا ئەویش لە خەرمانەیەک لە ســـــەرکۆنە و ســـــەختیدا گیر دەخوات. لە ئەنجـامـدا، شـــــیعرەکە پرســـــیارێکی قووڵ دەوروژێنێت: ئایا ڕێگایەک بۆ تێپەڕین لەم شـــــەوە هەیە؟ یان تـەنیا دەبێت دۆشـــــداماوانە چاوەڕێ بین و گلەیی بکەین؟ خودی ئەحمەد عارف لە کۆتایی شـــــیعرەکەدا بە وتنی "وەرە ئیتر..." چمکی وەڵامێک هـەڵدەداتـەوە کە لانی کەم هێشتا دەتوانرێ داوای ڕزگاری بکەین و بمانەوێت.

خاڵێکی تر کە لە باســـکردنی ئەم شـــیعرەدا دەکرێت ئاماژەی پێ بدرێت، کاریگەریوەرگرتنی ئەحمەد عارفە لە کولتوور و فۆلکلۆری ئەنادۆڵ، بەتایبەت کوردســـــتان یان ناوچە تێکەڵەکانی کورد و تورک. ئەگەرچی ئەم شیعرە بە ڕوونی ئاماژە بە جوگرافیایەکی دیاریکراو ناکات، بەڵام کەشـــوهەوای چیایی و بارودۆخی تەنگانەکان، ژیان لەنێو سنووردارێتی و سـەرکوتکردن، وشـەگەلێکی وەک ڕێگران و یاخییـەکان، هەموویان لە بەســــتێنێکی خۆماڵیدا مانا

دەگرن و گیـانی بەرگریی نـاوچەییـان لە خۆیـانـدا هەڵگرتووە.

## ئێوارە لە زیندان زوو بەسەرا دێ

ئێوارە لە زیندان زوو بەسەرا دێ
ئەژدیهاش بیت سوودی نییە.
نە لێزانیت لە شەڕا،
نە دڵە پەنگرئاساکەی گەنجێتیت.
سوودی نییە، لەبەردەم ئەو تاسەیەی وا،
هێدی هێدی دەخزێتە ناختەوە و ئەترفێنێ.

ئێوارە لە زیندان زوو بەسەرا دێ
دادێ، بەسەر حەوت شیشی ئاسنین،
بەسەر حەوت دەرگادا،
لەپڕ ئەسر بەری چاوانی باخچە ئەگرێ،
لەوبەر، لە بن دیوارێکا
سێ لقە گوڵی شەوبۆ
سێ بنە وەنەوشەی کێویلە...

هەردوو گیرۆدەی هەمان ئەڤینی سامناک
لە ئاسمان، هەور و لەسەر چڵ، قەیسی.
بەندیی دەست پێ ئەکا.
دڵتەنگی لە تاریکی...
سترانی «بووکی کورد»[14] ئەچڕێ لە داڵانەکەدا
یەکێ، منیش بەلای قەرەویڵەکاندا پیاسە ئەکەم و
خەیاڵی نەبوو ئەچنم
پێکەنیناوی، ناشارەزایانە و مناڵانە...

دەڵێم خۆزگە بپێکرێم و ون ببم،
ڕووت و قووت، لە شەڕێکا،
ئەمەوێ پیاوانە بێ
دۆستایەتی، هەروا دوژمنایەتیش.

---

[14] بوکی کورد (Kürdün Gelini) بەستەیەکی فۆلکلۆریی کوردییە کە بە زمانی تورکی گوتراوە و پڕە لە خەم و غوربەت، چەندین هونەرمەند گوتویانە، لەسەردەمی ئاسیمیلاسیۆنی چاند و تۆرەی کوردی لە تورکیا، ناوی گۆرانییەکەیان گۆڕی بۆ "بوکی تورکمەن".

هیچیان ڕوو نادات بەڵام
سەرەنێزەکان لە لوولەی تفەنگان سوار ئەبن.
شەوگەشتی ژاندارمەکان دەست پێ ئەکا...

بە توورەیییەوە شقارتە لێ ئەخەم،
بە یەکەم مژ، جگەرەکەم نیوە ئەبێت،
مژێک لێ ئەدەم، قووڵ،
مژێکی تر، تا سنووری خۆکوشتن،
ئەزانم ئەڵێی «تۆش؟»
بەڵام ئێوارە لە زیندان زوو بەسەرا دێ.
لە دەرەوەش، بەهارێکی گەنج چەپۆکانیەتی
من تۆم،
تا سنووری شێتبوون خۆشەوێ...

## ڕامانێک لە شیعر «ئێوارە لە زیندان زوو بەسەرا دێ»:

شیعری «ئێوارە لە زیندان زوو بەسەرا دێ»ی ئەحمەد عارف، وێنەیەکی قووڵە لە ژیانی زیندان. هاوکات کورتەیەکە لە حەسرەتەکانی مرۆڤێکی ناڕازی کە سەرەڕای کۆکردنەوەی ئازار و دڵتەنگی، هێشتا بە شۆڕ و ئارەزوویەکی سووتێنەرەوە لە ژیان و خۆشەویستی دەڕوانێت. ئەحمەد عارف لە زۆربەی شیعرەکانیدا، کەشی زیندان و سنووردارییەکان بە شێوەیەک وەسف دەکات کە وەک ئاوێنەیەکی تەواوە بۆ سەردەمێکی خنکێنەر؛ بەڵام لەم بەرهەمەدا، زمانی شاعیر تەنیا بە وەسفی ڕەهای بارودۆخی زیندان ناوەستێت، بەڵکو لە نێوان ئەو دیوار و شیشانەوە، ئاراستەی نیگای بەرەو هیوا و خۆشەویستی دەگۆڕێت. ئەم شیعرە، ڕەنگدانەوەی چێژی ئەدەبیی ئەحمەد عارفە کە هەم نارەزایەتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی تێدایە و هەم ئارەزوی ئازادی و گەشەسەندنی مرۆڤایەتی لە بەندبەندی دێڕەکانیدا دەخاتە ڕوو.

لە یەکەم بەیتەوە کە دەخوێنینەوە خوێنەر یەکسەر لەگەڵ کەشێکی تاریک و داخراودا بەرەوڕوو دەبێتەوە. لە ڕاستیدا، هاتنی ئێوارە خۆی نیشانەیە بۆ کۆتاییهاتنی ڕۆژێک؛ بەڵام لەم شیعرەدا، شاعیر دەڵێت لە کۆتوبەنددا،

ئێواران زووتر لە وادەی خۆی سێبەر دەخاتە سەر زیندان. هەر ئەم هەستی زووهاتنەی شەو، نیشان دەدات کە کات لە زینداندا درێژتر و قورسترە. بۆ ئەوانەی لەودیوی شیشەکانەوە گیرۆدەن، یەکبەیەکی چرکە و ساتەکان کوژەرترن لەوەی لە دەرەوەی زینداندا تێدەپەڕێت.

ئەو وەختێک دەڵێ ئەگەر "ئەژدیهاش بیت سوودی نییە"، بەدوایدا پێمان دەڵێ هەرچەندە لە خەباتدا شارەزاش بیت، دیسانەوە هێزی جەستەیی یان تەنانەت ورە و پیاوەتییەکی زۆرتریش، ناتوانێت ڕێگر بێت لە بەرامبەر ئازاری دڵتەزێنی زینداندا. ئەم دۆخە داخراو و نائومێدکەرە، بە واتایەکی تر، تەنانەت بەهێزترین مرۆڤەکانیش لە ڕووی گیانەکییەوە دەخاتە بەر دۆڕان؛ چونکە لە دەرەوەی شیشەکانی زیندانەوە، ژیان لە ڕەوتدایە و نەبینینی ئەوەش، پشتی مرۆڤ دەشکێنێت.

تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم شیعرە، تێکەڵبوونی "ئازاری زیندان" لەگەڵ "تاسە و ئارەزووی ئەڤیندارانە"یە. عارف دەستبەجێ جەخت دەکاتەوە کە لە وەها دۆخێکدا، ئەوەی کە بە ڕاستی مرۆڤ لەپێ دەخات، ئەو تاسەیە وا هێدی هێدی دەخزێتە ناختەوە و دەترفێنێ؛ حەسرەتێک کە هێواش هێواش لەسەر گیانی زیندانی دەنیشێت و وای لێ دەکات خۆی بخواتەوە. ئەم بەندە نیشان دەدات ئازاری

سەرەکی نەک تەنیا تاریکیی کەشەکە و سەختییە جەستەیییەکان، بەڵکو دڵتەنگیی قووڵە کە بە گۆشەگیری و جیابوونەوە لە خۆشەویستان و ژیانی ئازاد پاڵپشتی دەکات. لە ڕاستیدا، ئەو دەڵێت چەک و هێزی جەستەیی لە بەرامبەر تاسەیەکدا کە مێشک و گیان دادەڕزێنێت، کاریگەر نییە.

تا شیعرەکە درێژتر دەبێتەوە شاعیر ئێوارەی زیندانمان لێ سەختتر و هەستپێکراوتر دەکات. حەوت شیشی ئاسنی و حەوت دەرگاکەی، وێنەیەکی سیمبولیکە لە زنجیرەی ئەو قوفڵ و دەرگایانەی مرۆڤی بەندی دەبێت لە پشتیانەوە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئازادی. وەک ئەوەی بە هاتنی ئێوارە، ئەم دەرگا زۆرانە زیاتر هەستیان پێ دەکرێت و ئاسۆی زیندانی تەسکتر دەبێتەوە. هەڵبژاردنی «ژمارە حەوت»یش دەتوانێت بۆ باوەڕە کولتووری و نەریتییەکان بگەڕێتەوە، کە زۆرجار لە هێماناسیدا بەکار هێنراوە؛ لێرەشدا حەوت قوفڵ یان دەرگا، نیشانەیەکە لە زنجیرە و ئەڵقەکانی بێکۆتایی کە ئازادبوون سەخت و دژوارتر دەکەن.

تەنیا دڵنەواییی شاعیر ئەو کاتبەسەربردنە کەمەی حەوشەی زیندانە کە ئازادییەکی زۆر کەمی تێدایە و لەوێوە وەک دەریچەیەک وێنەیەکی بچووکی ژیان دەبینێت.

لەم وێنەیەدا، ئێمە شایەتی سێ گوڵە شەوبۆ و سێ بنە وەنەوشەی کێویلەین کە لە بندیوارێکدا ڕواون. ئەمانەش گوڵگەلێکن لە سەختیدا دەڕوێن و زۆربەی جار لە بارودۆخێکی ناهەمواریشدا گەشە دەکەن و شەوانیش جوانیی خۆیان دەپارێزن. شاعیر بە کاریگەری لە سروشتێکی نەپچڕاو، کە تەنانەت لە سەختترین بارودۆخیشدا بەردەوامە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەڵێت ژیان لە ناو زیندانیشدا هێشتا تیشکۆیەکی جوانی هەیە. دوای ئەمە، کەشێکی سەیر دروست دەبێت کە ئاماژە بە ئاوێتەبوونی کۆمەڵگەی دەرەوەی زیندان لەگەڵ سروشت دەکات. «لە ئاسمان، هەور و لەسەر چڵ، قەیسی»، ئەوانیش لە هەمان هەستی چاوەڕوانی و ئارەزووی بەدینەهاتوودان. شاعیر نەک تەنیا زیندانییەکان بەڵکو سروشتیش بە عاشق و چاوەڕوان دەبینێت. ئەم وێنەسازییە، نیشانەیەکە لە مەیلی ئەحمەد عارف بۆ گرێدانی ئازاری مرۆڤایەتی بە دیاردە سروشتییەکانەوە. لە دیدی ئەوەوە، دووربوون لە ئازادی تەنیا خەمی مرۆڤ نییە؛ وەک ئەوەی ئاسمان و درەختیش خوازیاری ڕزگاربوونن و ئەم هاوبەشیی هەستە، شیعر بەرەو مەیدانێکی سیمبۆلیکی دەبات.

لە درێژەدا، باسی دووبارەبوونەوەی یەکڕیتمیی ڕۆژانە لە زینداندا دەکات: «دڵتەنگی لە تاریکی...» و دەستپێکردنێک کە خودی کۆتاییینەهاتنی کات لە بەندیخانەدا زیاتر دەکات. ئالیرەدایە نۆستالیژیا کاری خۆی دەکات و کوردێکی بەندکراو لە زیندانەکاندا گۆرانییەکی تورکی دەچڕی کە ناوەرۆک و ئاوازەکەشی کوردییە. لە پاڵ ئەمەدا، خودی شاعیر لە گۆشەیەکی تردا لە حاڵی تێپەڕاندنی کاتدایە. بە شێوەیەکی سیمبۆلیک، ئەم بەشە نیشان دەدات کە هاودەردی یان هاودەنگی کولتووری لە زینداندا بەردەوامە؛ هەر کەسێک بەو کولتوورەی کە هەیەتی، حەسرەت و هیوای خۆی لە دەنگێکدا بەرجەستە دەکات. ئێمە لێرەدا لەگەڵ کەشێکی فرەزمان/فرەمەیداندا بەرەوڕوو دەبینەوە: مرۆڤگەلێک لە نەتەوەی جیاواز بە ئازارە هاوبەشەکانەوە لە گۆشەی بەندیخانەدا بە ئازارەکانی خۆیاندا ڕۆدەچنەوە. ئەحمەد عارف لە دێڕەکانی دواتردا ڕاشکاوانە دەڵێت لەم تەنیایی و گیرۆدەیییەدا، خەریکی خەیاڵکردنە بە شتگەلێکەوە وەک ئەوەی هەرگیز بەدی نەیەن، ڕەنگە یەکێک لەمانە ئازادی یان گەیشتن بە «ئەو» بێت، یان ڕەنگە ئەم خەونبینینە لە زینداندا سیمبۆلێک بێت لە هەڵاتنێکی زەینی، بەڵام خۆشی دەزانێت ئەم بیرۆکانە لە دەرەوە زۆر بەکاری نایەن و ناشییانە و مناڵانە دەردەکەون.

لە بەشی دواتردا، شاعیر خۆزگەیەک دەخوازێت کە بە ئەندازەی سادەیییەکەی، ئایدیالیشە. دەڵێت خۆزگە ئەگەر بڕیارە لە ناو بچێت، با ئەو لەناوچوونە لە ڕێگەی خەباتێکی پیاوانە و ئاشکرادا بێت؛ نەک لە خنکاندن و نزمییەکدا کە لە زینداندا ئەزموونی دەکات. ئەو زۆر سادە دان بەوەدا دەنێت تەنانەت حەز دەکات دۆستایەتی و دوژمنایەتیش لە مەیدانی ڕوونی شەڕدا ئەزموون بکات، نەک لە پشت پەردە تاریکەکانی زیندانەوە. بەڵام ئازادیی تۆ لە کوێی، وا بیری دەکەوێتەوە کە لە بەندیخانەدایە و واقیعییەت ئەوەیە پاسەوانەکان دەکەونە ئامادەیییەوە. لەم وێنانەدا، تاریکاییی شەو کاتێک دەگات کە ژاندارمەکان سەرنێزەکانیان لە چەکەکانیان دەبەستن و گەشتی شەوانە دەست پێدەکات. ئیتر هەموو جۆرە دەریچەیەکی داستانئامێز و سەرکێشانەش دادەخرێت و زیندان دەبێت بە ئازارێکی بێدەنگ و گیان بەرەو پروان دەبات.

بەدوای ئەمانەدا دیسانەوە جگەرە دەبێتەوە فریادڕەس. جگەرە لە شیعری ئەحمەد عارف و زۆربەی شاعیرانی ناڕازیی تردا سیمبۆلێکی فرەلایەنە: هەم دەتوانێت سوکنایییەکی کاتی بێت و هەم شێوەیەک لە خۆوێرانکاری یان یاخیگەری لە بەرامبەر ژیانی سەختدا. لێرەدا، ئەو بە توندی شقارتەکەی گڕ دەدا و هەر لە یەکەم

مژدا بەشـێکی زۆری جگەرەکە تەواو دەکات؛ وەک ئەوەی تینوویتی یان توورەییەکی هەبێت کە بە گرێکی بچووکیش بێ بلێسـه بسـێنێت. بەڵام بە چەند نەفەسـێکی قووڵ و مەیلێک بۆ خۆکوشـتن، بەرزەمنی شـاعیر دێتە زمان و ئاگاداری دەکاتەوە کە یانی تۆش ڕادەست بوویت؟ زیندان تۆشی بەچۆکدا هێنا؟

دوایین دێڕەکانی شـیعرەکە دەکرێت بـە هەمـان دژبەریی نێوان «ژیانی مەحکوم بە زیندان» و «ئازادییەک لە دەرەوە» دابنرێـت. ئەحمەد عـارف بە وتنی «دەزانم دەڵێی تۆش؟» حاڵەتێک لە شـەرم یان داوای لێبوردنی ناوەکی نیشـان دەدات؛ وەک ئەوەی دەڵێت بەڵێ، منیش نوقم بووم لەم هەمووە جگەرەیەدا، بەڵام چارەیەکم نییە؛ چونکە ئێوارە زوو زینـدان دادەپۆشـێ. ئەم دەربڕینە دووبارەبووەوە، ڕیتمێکی سووڕانەوەیی دروست دەکات و لە هەر جارێک دووبارەبوونەوەشـدا، خوێنەر هەسـت دەکات ئێوارە کە دەبێت، دووبارە هەموو شـتێک تاریکتر دەبێت، هیواکـان کـاڵتر دەبنەوە و زینـدانی دیسـان لە سـەرمای تەنیاییدا نوقم دەبێت. لە کۆتادێڕەکاندا لوتکەی دژیەکیی نێوان «دەرەوە» و «ناوەوە» دەگاتە ئاسـتێکی جیاواز. شاعیر دەڵێت لە دەرەوە بەهارێکی زیندوو و گەنج

لە ڕەوتدایە و ئەویش لەناو دیوارەکاندا، عاشقانە کەسێکی خۆش دەوێت هەتا ئاستی شێتی.

ئەم چەند دێڕەی کۆتایی لەگەڵ جەختکردنەوەی دووبارەی شاعیر لەسەر ئەڤین، تاسە و چاوەڕوانی، گورزێکی بەسوێی توندیش لە شیعرەکە دەوەشێنێت؛ چونکە خوێنەر تازە تێ دەگات ئەوەی ئەو بەم ڕادەیە دەسووتێنێت، نەک تەنیا مەحرومییەت لە ئازادیی جەستەیی، بەڵکو جودایی و دووری یارێکە کە لە بەهاری دەرەوەدا هەناسە دەدات. کاتێک لە دەرەوە، سروشت خەریکە دەپشکوێت، ئەڤینەکەی لە زینداندا خەریکە دەژاکێت. هەر ئەم دژیەکییەشە، گەوهەری تاڵ و شیرینی ئەم شیعرە پێک دەهێنێت: تاڵ لەوەی لە زنجیری تەنیایی و بێبەرییدا نوقم بووە، شیرین لەوەی کە هێشتا ئەڤینەکەی نەکوشتووە.

سەیرکردنێکی گشتیی ئەم شیعرە نیشان دەدات ئەحمەد عارف، جگە لە بەکارهێنانی شێوازی سادە و نزیکییەکی ئاشنا بە زمانی خەڵک، توانیویەتی بە سوودوەرگرتن لە توخمە ڕۆژانەکان (شقارتە و جگەرە، گۆرانیی نێو خەڵک، گوڵەکانی حەوشەی زیندان) چیرۆکێکی چەند چین دروست بکات: چیرۆکێک لە سەرکوتی سیاسی، حەسرەتی کەسی و سۆزی عاشقانە.

بە هەمان هۆکار، ئەم شـــیعرە تەنیا وەســـفی بارودۆخی زینـدان نییە، بەڵکو ڕەنگـدانەوەی تـاســـە و ســـۆزی مرۆڤایەتییە لە فەزایەکدا کە توانای گەشـــەی ســروشــتیی نییە.

لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە، ئەزموونەکانی ئەحمەد عارف لە زیندان، لێپرســـینەوە و ســـەرگەردانی، خاڵی دەســتپێکی زۆرێک لە شـیعرەکانیەتی. ئەو یەکێکە لە دەنگە بەرچاوەکانی شـــیعری ناڕازی و گەلباوەڕی تورکیا و هەمیشـە هەوڵی داوە ئەزموونی تاکەکەسی خۆی لەگەڵ گێڕانەوەی گشـــتیدا تێکەڵ بکات. لەم شـــیعرەشـــدا ئێمە دەبینین جگە لە ڕەهەندی ئەڤیندارانە، ڕەهەندێکی گشتی لە ئازاری زیندانییەکانی ســـەردەم هەیە: کەســـێک گۆرانیی «بوکی کورد» دەڵێتەوە، ژانـدارمەکـان ســـەرەنێزەکـان لەســـەر چەکـەکـانیـان دادەنێن، چـەنـدین گوڵی جیـاوازی بەرســـێبەر و تاریکی، کە بە هاوپشـــتیی بێدەنگی خۆیان، خەمی حەوشـــەکە دەڕەوێننەوە. ئەم پێکهاتە فرەدەنگ و سـیمبۆلیکە، گیانێکی گشـتگیری بە شـیعرەکە بەخشـیوە و ئەوە نیشـــان دەدات کە دۆخی زیندان، حاڵەتێکی دەگمەن نییـە، بەڵکو بەشـــێکە لە هەمـان دۆخی گشـــتگیری دەستلەقوڕگنان لە کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی تورکیادا

**بێدەنگ**

بێدەنگ بە، نەکا کەسێک بیبیستێ؛
نەیبیستن، دەمرم، ها.
بەخەبەر هاتم لە نیوەشەوا،
ئینجا بارانێکی سەوز...
ئەبارێت سەوز.

لەوێ، لەو دوورترینە، ئەو بێناو و بێکەسە،
لەو ئەستێرە ونبووە ئەبیستی؟
ستراديڤاريوسێک[15] لە تەنياییی خۆیا ئەناڵێنێت،

---

[15] ستراديڤاريۆس ناوی ئامێرێکی میوزیکی تایبەتە، بە تایبەتی بۆ کەمانچە و ئامێرە ژێدارەکانی خێزانی کەمانچە بەکاردێت. ئەم ناوە لە ناوی دروستکەرەکەیەوە هاتووە کە "ئەنتۆنیۆ ستراديڤاری" بوو (١٦٤٤-١٧٣٧). ستراديڤاريۆس بە یەکێک لە باشترین و بەنرخترین ئامێرە میوزیکییەکانی جیهان دادەنرێت.

ژێکەوان، زەمق، خەڕەکەکەی سەوز.
سەرەتا من بووم دەڵێت و پاشانیش هەر من...
نەمر، جوان و چەتوون.
نەوایەک کە سەراپای جیهان تەی ئەکا،
لە چۆڵاییيە ناسراو و نەناسراوەکانا.
گیانم، مووەکانمی داگرتۆتەوە ئێستا
بە نەسیمی خۆی دڵ ئەڕفێنی...
سەوز لە خۆیم ئەگرێ.

خەونە هەموو ئەوەی کێشاومانە،
خەونە خەمم، خەونە زیندان.
چۆن سالانی خایاند،
لە تاکە میسراعێکا بەسەرهاتم.
نازانن چۆن بەدوای یەکترا گەڕاین،
نازانن چۆن یەکمان خۆش ویست؛
دوو تاسەی ونبوو،
دوو پارچە گیان.

دڵی بەردەچەخماخ تەقی،

لە فێنکایی پەلکەزێڕینەکانا

ئاوێک، کە چەندین سەدەیە نوقمە...

سەوز ئەچکێتەوە.

لە درز و قڵیشەکانیەوە گوڵی سەوز ڕوواوە،

هەموو لوولە تفەنگەکان بێدەنگن...

چیا بێدەنگ،

دەریا بێدەنگ.

دنیا لە خەوێکی شیرینا،

خەونەکان قووڵ،

مارێک ئاو بۆ زەڕنەقوتەیەک ئەهێنێت،

ژنێکی نەزۆک کچێکی چاوکەوەی بووە،

مەمکەکانی بەبپیت و فێنک...

سەوز ئەدۆشێت.

نیوەشەو بەئاگا هاتم،

نێرۆن، ڕوویەکی ناشیرین لە کتێبی منالانا و
سێزاریش، ناوێکی بەجێماو لەسەر وێرانەکان.
بەڵام هەروەک بەردی خەنجەر
کارتاژی مەزن!
ئەها ئەوەی ئاوی گۆگردیان ڕشت بەسەریا...
سەیرکە چۆن هێشتا بڵێسە ئەسێنێ، ئەی ئازا،
پاش هەزاران ساڵیش
سەوز ئەنوێنێ!

بەسەر لوتکەی چیاوە
باڵ ئەگرێتەوە هەڵۆکەم،
سێبەرە ڕووتەکەی شەپۆل ئەدا.
نە باڵندەیەک ئەکوژێت، نە کەروێشکێک ڕاو ئەکا،
بەڵام برسی، هار
دڕەماسی بوون لەتوکوتی ئەکردن.

بڕوانە تیبەر[16]، بەڕێز و بێدەنگ.

بڕوانە زنجیرەی نیلۆفەران؛

ئەمانە کۆت و زنجیری دەست و پێن،

هەمان یەکەمین هیوا و خۆشەویستی جیهان و

سپارتاکۆس، یەکەمین گەریلا.

وەختێ سەوز لە بێدەنگیدا نغرۆ ئەبێ.

بێدەنگ بە، نەکا ببیستێ کەسێ؛

با نەیبیستن، دەمرم، ها.

بەخەبەر هاتم نیوەشەو،

تۆم دۆزییەوە ئینجا،

تۆ، پارچە زێڕینەکەی پەراسوم،

تۆ، کە ددانەکانت بۆنی سێویان گرتووە.

کام دایک جارێکی تر دەمانخاتەوە؟

[16] مەبەست لە ڕووباری Tiber یان هەمان Tevereی ئیتالیایە.

گیانی من...

خەریکە بەیتێک ئەهۆنمەوە، با ئاگادار بیت.

ئەمە بچووکترین مەیخانەی بازاڕەکانە و،

قژت بەسەر ڕوومدا، برایانە، منالأنە.

لەژێر پێستمانا مەرگێکی نامەرد لانەی کردووە و...

ئەمجارەیان کاری ئەحمەد بە کامی دڵە.

یەکەم جارە کە دەستی خەنجەری پێ نییە و ...

سەوز نوقمی فرمێسکە.

## ڕامانێک لە شیعری «بێدەنگ»:

«بێدەنگ»، وەک زۆربەی شـــیعرەکانی تری ئەحمەد عـارف، تێکەڵەیەکە لە خەیـاڵی بەرین، ســـۆزی قووڵ و ئاماژە مێژوویی و ســـیمبۆلیکەکان. لەم بەرهەمەدا، ئەو بە وشـــەی «ســـەوز»، کەشـــێک دەخولقێنێت وەک ئەوەی چەندین جار لە هەر بەندێکی شـــیعرەکەدا بەردەوامییەک ببەخشێ و لەگەڵ چینێک واتادا، لە سەوزاییی هیواوە هەتا ڕزگاری و ژیان، لەگەڵماندا بەردەوامە. ئەو هاوکات، بۆ دیمەنگەلێک لە زیندان و ئازاری تاکەکەســـی، تەنانەت دەســـتەودامانی ئاماژە مێژووییەکانی وەک ســـپارتاکۆس، نێرۆن و ســـێزار دەبێت و لە هەموو ئەمانە بەســـتەرێک دروست دەکات بۆ دەربڕینی ئازار، ئارەزوو، و سەرئەنجام بەیەکگەیشتنێک لە چوارچێوەی «بێدەنگی» و «نەگوتندا»، شێوەی خۆی دەگرێت.

لە ســـەرەتاوە شـــاعیر بە فەرمانێک بانگ لە خوێنەر دەکات کە بێدەنگ بێت و ڕێگە نەدات کەس ببیســـتێت. ئەم جۆرە بانگەوازە بۆ بێدەنگی، لە هەمان سەرەتاوە کەشێکی نهێنی دروســـت دەکات؛ وەک ئەوەی بڕیارە ئاشـــکرا ببێت، ناتوانێت یان نابێت گشـــتی بێتەوە. ئەم ناوەرۆکە لە بەرهەمەکانی ئەحمەد عارفدا پێشـــینەی هەیە: نهێنییەکی تایبەت یان گشـــتی کە لە ســـەرکوتکردن یان تۆقاندنەوە

سـەرچاوە دەگرێت و لە هەمان کاتدا ژیانبەخشـە. پاشـان دەڵێت لە نیوەشـەودا بەخەبەر هاتووە و بارانێکی سـەوز دەبـارێـت. دەسـتەواژەی «بـارانێکی سـەوز» و دووبارەکردنەوەی «دەبارێت سـەوز»، جەختێکە لەسـەر لایەنە سـیمبۆلیکەکان کە ڕەنگی سـەوز دەتوانێت هەیبێت؛ لە نیشـانەی ژیان و هیواوە هەتا ڕزگاری لە بەرامبەر تاریکیدا.

لە درێژەدا شـاعیر، ئێمە بەرەو وێنەگەلێکی گەردوونی دەبات و باس لە ئەسـتێرەیەکی بێناو دەکات لە دوورەوە دەدرەوشـێتەوە، تەنیا و بێکەس. وەک ئەوەی بیەوێت فەزای جیهانێک وێنا بکات کە دەنگێکی لێ دێت؛ دەنگێک وەکوو ڤیۆلۆنێکی سـترادیڤاریوس کە لە خۆیدا دەناڵێنێت و ژێکەوانەکەی، زەمقی بەسـتنەکەی و پرد و خەڕەکەکەی سـەوزە. سـترادیڤاریوسـە بەناوبانگەکان لە گرانبەهاترین و نایابترین ئامێرە ژێدارەکانی جیهانن و لێرەدا سـیمبۆلی دەنگێکی پاک، کۆن و بەناوبانگە. ئێسـتا ئەوەی کە هەموو شـتێک سـەوزە، نیشـاندەری گرێدرانی ئەم دەنگە کۆن و نەمرەیە لەگەڵ هیوا و زیندوویێتیدا.

شـاعیر دەڵێت ئەو ئامێرە لە ئەزەلەوە هەتا ئەبەد دبێژە «سـەرەتا من بووم و پاشـانیش هەر من»، ئەمەش نیشـانەیە بۆ جۆرێک بێسـنووری و بێکاتی. بەم جۆرە

ئەحمەد عــارف دەنگێــک کە لە ســـەرووی ســـنوورە ئاساییيەکانەوەیە لە قامەتی سیمبولێکدا دەناسێنێ؛ دەنگێک بۆ ڕەگوڕیشـــەکانی بوون دەگەڕێتەوە. دەڵێت ئەم نەوا و ئاوازە لە ســـەرانســـەری گەردووندا دەســـووڕێتەوە و تەنیـــاییيە نـــاســـراو و نەنـــاســـراوەکـــان دەبڕێـــت و بیرلێکردنەوەی ئاســـوودەیی دەبەخشـــێ و موژاژکە بە مرۆڤدا دێنێ و بە هیوا سـەوزم دەکاتەوە. کەواتە مۆسـیقا لای شـــاعیر، چوارچێوەیەک دەبێت بۆ گەیاندنی گیانی هاوبەشی هەموو بوونەوەرەکان.

شـــاعیر بەدوای ئەمەدا، لەناکاو ڕێبازێکی زەمینیتر دەگرێتە بەر و دەڵێت هەموو ئازاری ئێمە خەونە؛ خەونێک کە هەم مایەی ئازاری ئێمەیە و هەم زیندانێکی تاریکیشـــە. بە واتـــایەکـــی تـــر، بـــۆ مـــرۆڤـــێـــک کە لە خـــنـــکـــانـــدنە جۆراوجۆرەکاندا دیلە، ڕەنگە واقیعیش بە ئەندازەی خەون ســـەیر بێت. ئەو بە تاســـەوە ئاماژە بەوە دەکات ســـاڵان تێپەڕیون و بەســـەرهاتی ژیان تاکە دێڕێک زیاتر درێژەی نەکێشـاوە. لە شـیعری ئەحمەد عارفدا، گوزارشـتی «دێڕ» یان «میســـراع» هەندێک جار خوازەی ژیانی تاک یان پەیوەندیی ئەڤیندارانـەیە؛ واتە خەونێک یان ئەزموونێکی تێپەڕبوو. ئـەو چیرۆکێکمـان بۆ دەگێڕێتـەوە و ئـامـاژە بە دوو عاشقی لەبیرکراو دەکات کە چۆن دەستیان بە گەڕان

بۆ یەکتری کرد و عەشـــقێکیان هەبوو کە کەســـانی تر لێی بێئاگا مان. «دوو تاســــەی ونبوو، دوو پارچە گیان» بۆ نیشـــاندانی قوولّی هاودەردی و هاوچارەنوســـییە. ئەحمەد عـارف بەم شــــێوازی دەربڕینە، هەم ئـامـاژە بە ئـەڤینی تاکەکەس و هەم بە هاودڵی کۆمەڵایەتی دەکات. دەتوانێت لە چینێکدا ئەڤین بە ئەڤیندار بێت، لە چینێکی تردا ئەڤین بۆ خەڵک، نیشتمان یان ئامانجێک کە بە شێوەیەکی سیمبۆلیک لە زیندان یان لەژێر گوشاری دەسەڵاتدا نادیار ماوەتەوە.

پاشـــان دڵی خۆی بە بەردەچەخماخ دەچوێنێ و ئەو بزیســـکەیەمان دێنێتە بەرچاو کە دەبێتە هۆی هەڵایســـانی ئاگرێک؛ ئاگری هیوا. ئەم بەردە لە توندیی گوشـــارەکانەوە شــــکاوە و لە دڵی پەلکەزێڕینەکانەوە، کە لـە چیاکان و ڕۆژهـەڵاتـەوە دەرکـەوتووە، ئـاوێکی ســــەوز دەچکێتـەوە؛ ئاوێک کە چەندین ســــەدەیە نادیارە. ئەم درێژەپێدانەی چکانەوەی ســـەوز، خســـتنەڕووی وێنەیەکە لە ڕزگاری و بەردەوامیی ژیان. لە هەمان کاتدا، درزبردنی بەرد نیشانەی شکستی دەسەڵات یان ئازادبوونی هێزێکی ناوەکییە.

ئینجـا ئەحمەد عـارف جیهـانێکی ئـایـدیـاڵ یـان دەستپێڕانەگەیشتوو بەرجەستە دەکات: تفەنگەکان بێدەنگ و لوولەکانیان بەگوڵ ســــەوزپۆش بوون. لە خوازەیەکی ڕووندا، چەک دەتوانێت ئاماژە بە ئامرازی ســــەرکوتی

سـەربازی و سـیاسـی بکات، بەڵام شـاعیر ئێسـتا دەڵێت ئەوان بێدەنگن و تەنانەت چیا و دەریاش بێدەنگ بوون، جیهـان لە خەوتنێکی ئـارامـدایـە و خەوێکی قووڵی لێ کـەوتووە؛ بە دوور لە جەنـگ و نـاکۆکی، تەنـانەت ڕۆڵی سـروشـتییانەی ئاژەڵەکانیش گۆڕاوە: «مارێک ئاو بۆ زەڕنەقوتەیەک دەهێنێت». ئەم وێنەسـازییە، خەونێکە لە جیهـانێکی پێچەوانە و میهرەبـانـانـە وەک ئەوەی بڵێ ئیتر دوژمنایەتی بنەڕەتی لەنێو چووە. چەند دێڕ دواتر ئاماژە بە وێنەی ژنێک دەکات کە نەزۆکە، بەڵام ئێسـتا کچێکی چاوشـینی بووە. ئینجا لە جیاتی شـیری سـپی، لە مەمکەکانیەوە شـیرێکی سـەوز دێت. لێرەشـدا توخمی «سـەوز» نیشـانەی هەمان پیت و فەڕە. لە وەها دۆخێکدا چیتر مەحاڵەکان مەحاڵ نین، تەنانەت ژنانێک کە منداڵیان نـابێ، ئیتر دایکـایەتی دەکەن. ئەم وێنـە خەیـاڵییە، گرێ دەخواتەوە بە هەمان ئەو ناوەرۆکی هیوایەی لە شیعرەکانی عـارفـدا دووبـارە دەبێتەوە: هەسـتی ڕزگـاری لە سنووردارییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ناتوانایییەکان.

لـەپڕێکدا شـاعیر دەمـانبـاتە ڕۆمی کۆن. دەڵێت نیوەشـەو بەخەبەرە و نیرۆن، ئیمپراتۆری بەدناوی ڕۆمی، لە کتێبەکانی منداڵاندایە بە ڕوخسـارێکی ناشـیرینەوە. سێزاریش ناوێکە لەسـەر وێرانە و کاولەکان. ئینجا شـاری

کارتاژ و سـوتاندنەکەی دێنێتەوە بیر، ئەو شـارەی لە جەنگدا لەگەڵ ڕۆم سـوتێنرا. ئاماژە بەوە دەکات ئەو شارستانێتییە مەزنەیان بە گۆگرد (یان مادەی وەک ئەسید و قسـڵ) سـوتاند بۆ ئەوەی پیت و فەڕی لێ ببڕێت. بەڵام شاعیر دەڵێت تەنانەت دوای هەزاران ساڵ، سەوزی گڕی ئاگرە گۆگردینەکەی و سـەوزی ژیانی بە شـێوەیەکی سـیمبۆلیک تێکەڵ کردووە. لێرەدا ئەو ئارەزووی ژیانی دووبارەی نەتەوە سـەرکوتکراوەکان یان شـارسـتانێتییە لەناوبراوەکان دەخاتە ڕوو؛ کە وەک ئەوەی «سـەوز» هەتاهەتایە ئەوان زیندوو و یاخی ڕادەگرێت.

ئینجا نایەڵێ خەیاڵەکەی لە زەوی بدات و دەسـت لە ئاماژە و سـیمبۆلەکانی بەرزەفڕی هەڵناگرێت، بۆیە لە لوتکەدا یەکسـەر ناوی سپارتاکۆس وەک نیشانەی یەکەم گەریلای ئازادکەری کۆیلەکان لە مێژوودا، دێنێتە ناوەوە. شـاعیر باس لە زنجیرەکانی دەکات کە ئێسـتا بێدەنگن، بەڵام سـەوز. سـپارتاکۆس لە ئەفسانەکانی ئازادیخوازیدا، نوێنەری خەبات لە دژی کۆیلەتی و سـەرکوتە. ئەوەی ئەحمەد عارف دەیڵێت ئەوەیە کە هەمان زنجیرەکان ئێستا بەشێکن لە سروشتی سەوز یان سیمبولێکن لە هیوا بۆ ڕاپەڕینەکانی دواتر. دەربڕینی «وەختێ سەوز لە بێدەنگیدا نغرۆ دەبێ» ئەوەمان پێ دەڵێ ئەم سەوزییە، ئەگەرچی لە

بێدەنگیدایە، بەڵام نیشـــــان دەدات هێزی ژیان و بەرگری لەناو نەچووە.

شـــاعیر پاشـــان خوێنەر بۆ کەشـــی ســـەرەتاکانی شیعرەکەی بانگهێشت دەکاتەوە. دیسانەوە جەخت لەسەر بێدەنگی دەکاتەوە و دەڵێت ئەگەر ئەم نهێنییە ئاشکرا ببێت، لـەنـاوی دەبـەن. لە دوای ئەوە، دان بەوەدا دەنێت کە لە نیوەشـــــەودا خەبەری بووەتەوە و «تۆ/ژن»ی دۆزیتەوە. ئەم دێڕانە، ئەڤیندارانەترین بەشـی شـیعرەکەیە. گێڕەوە لە نیوەشـــــەودا، وەک ئەوەی لە بوونی خۆیدا گینگڵ بدات، بوونی «تۆ/ژن»، کە مایەی ژیانیەتی، لە ناوەوەی خۆیدا هەســت پێ دەکات. پارچە زێڕینەکەی پەراســووی و بۆنی سێوی حەرامکراو، بیرهێنەرەوەی ئەفسانەکانی سەرەتایی ئـەفرانـدنی ئـادەم و حەوا، یـان میوەی بەهەشـــــتییە. ئەم وێنـانە، عـەشـــــق بە گەوهەری ژیـانـەوە دەبـەســـــتنـەوە؛ لەدایکبوونەوەیەکە شـاعیر هەست دەکات لە دڵی خنکاندنە سیاسـی و مێژووییەکاندا، تەنیا بە ئامادەبوونی مەعشـوق دەکرێ بێتەوە دی. شـاعیر دواتر دەگاتە پرسـیارێکی زۆر قووڵ: «کام دایک جارێکی تر دەمانخاتەوە؟» ئەم پرسیارە دەتوانێت ئاماژە بە چارەنووسـێکی گشـتی و مێژوویی بێت کە ئایا پاش ئەم هەموو ئازار و وێرانییە، دایکێک هەیە کە جـارێکی تر ئێمـە بێنێتـەوە دنیـاوە؟ یـان دەتوانێت واتـای

ئەوەشـــی هەبێت کە ئایا دەرفەتێکی تر بۆ ژیانی هاوبەش یان یەکگرتن هەیە؟ ئەم ساتەی دوودڵی، قووڵیی نائومێدی و هەروەها چاوەڕوانی شـــاعیر وەها ڕەنگ دەداتەوە: لە جیهانێکدا کە هەر جارێک خەنجەرێک لە ســـنگی ئازادی ڕۆچووە، ئایا هیوا بۆ لەدایکبوونەوە ماوەتەوە؟

لە دێڕەکانی کۆتاییدا، شـــاعیر بانگی «ئەو/ئێمە» دەکات تا بزانن من وا خەریکم دێڕێکی تر هەڵدەبەســـتم. ئەم دێڕە بیرهێنەرەوەی توانای شـــاعیرە بۆ خوڵقاندنی شـــیعر لە تەنگانەدا. ئەو شـــیعر بە چەکێک و ئامرازێک دەزانێت بۆ پیشاندانی ئەڤین و نارەزایی. ئەو لەگەڵ ئەوەی کەشـــێکی گەرم و ســـادە دەهێنێتە بەرچاومان، وەک مەیخـانەیەکی بچووک لە بـازاڕدا کە تێیـدا نزیکـایەتی و هـاوڕێیەتییەکی منداڵانە فەرمانڕەوایە. بەڵام لەناکاو ترس لە ڕەهەندە تراژیکییەکەی دیمەنەکەمان پیشـــان دەدات و پێمان دەڵێت لەگەڵ ئەوەشـدا کە دەزانم «لەژێر پێسـتماندا مەرگێکی نامەرد لانەی کردووە» و ڕەنگە لە هەرسـاتێکدا نـەمێنم، لە هەمـان ســـاتدا، بەڵام کاری ئەحمەد (خودی شـــاعیر) بۆ یەکەم جار وا خەریکە باش بەڕێوە دەچێت و ئەمەش یەکەم جاریەتی کە لە باری بەرگری و شەڕدا نییە. ئـەو، جۆرێـک لـە هیوا دەچرپێنێـت؛ هیوا بەوەی ڕەنگە

سەرئەنجام ڕۆژێک بێت کە پەیوەندیی دۆستایەتی لە خیانەت و برین بەتاڵ بێتەوە.

شاعیر، ئەم دێڕانەی بە پشتبەستن بە دەربڕینی کۆتایی «سەوز نوقمی فرمێسکە» کۆ دەکاتەوە و دەڵێ: سەوز دەگری. بە جۆرێک دەکرێت بڵێین سەوز لەم شیعرەدا سیمبۆلی ژیان و هەروەها گریانێکە کە لە سەرتاسەری مێژوو و چارەنووسی مرۆڤایەتیدا بەردەوامە. ڕەنگە بە دەربڕینێکی سادەتر، هاوڕێیەتی سروشت و مێژوو بیەوێت وێنا بکات کە لە هەمان هیوادا، خەمێک لە ستەمدیدەییی ڕابردوو و ئێستای لە دڵدایە.

بەگشتی شیعری «بێدەنگ» لە بێدەنگییەکی نهێنییەوە دەست پێ دەکات و لە درێژەی شیعرەکەدا، بێدەنگییەکی تر لە شوێنانی ترەوە دەبینین: بێدەنگیی زنجیرەکانی سپارتاکۆس، بێدەنگیی چەکەکان، بێدەنگیی چیا و دەریا، و سەرئەنجام بێدەنگیی ئەڤیندار لە بەرامبەر خۆشەویستەکەیدا. بەڵام ئەم بێدەنگییانە شێوەی جۆراوجۆریان هەیە وەک، بێدەنگیی مێژوویی، بە واتای سەرکوت و وێرانکردنی شارستانێتییەکان و بزووتنەوەکانی بەرگری (کارتاژ، ڕۆم، سپارتاکۆس) کە سەرەڕای خامۆشکردنی ڕوکەش، تۆوی ژیان و هیوایان لەدەست نەداوە. پاشان بێدەنگیی عاشقانە، کە لە هەمان

سـەرەتاوە بانگەوازە بۆ بێدەنگییەک کە ئەگەر «ئەوانی تر» ببیستن، کارەساتخوڵقێنە؛ کەواتە مەعشوق دەبێت پەنهان بمێنێتەوە و عەشق بە چرپە دەربڕدرێت. ئینجا بێدەنگی دڵنەوایی‌دەر، ئەو وەختەیە جیهان لە خەونی شاعیردا ڕەنگی ئاشتی بەخۆیەوە دەگرێت و تەنانەت جەنگەکان و دوژمنایەتییە غەریزییەکان (مار و باڵندە) وەک یارمەتیدەری یەکتر دێن. دواجاریش بێدەنگی خەیاڵ و واقیعییەت، واتە جێگایەک کە شەو و نیوەشەو دەردەکەون و شیعر شێوەیەک لە خەون و بێداری تێکەڵ دەکات؛ وەک ئەوەی سنوورەکان لابراین و شاعیر لە جیهانێکی خەیاڵیدا ژیان ئەزموون دەکات.

ئەنجامەکەی ئەوەیە ئەحمەد عارف بە کێشانی بازنەیەک لە کات (کۆن هەتا ئەمڕۆ)، شوێن (لە ئەستێرەیەکی دوورەوە هەتا زنجیرەکانی ڕۆمی کۆن و لەدایکبوونی مار و باڵندە)، دواتر هەست (لە ئەڤینەوە هەتا نارەزایی، لە سەرکوتکردنەوە هەتا هیوا) لەسەر ئەم خاڵە پێداگری دەکات کە لە بێدەنگیشدا دەکرێت شایەتی «هاوار» بین؛ هاوارێک کە لە ڕەنگی سەوزدا بەرجەستە دەبێت. «سەوز» لە شوێنە جیاوازەکانی شیعرەکەدا هەندێک جار دەبارێت، هەندێک جار دەکوڵێت، هەندێک جار دەخرۆشێت، هەندێک جار ئارام دەگرێت و سەرئەنجام

فرمێسک دەڕێژێت. ئەم جۆراوجۆرییە نیشان دەدات سەوز هەم لە دەوری ســـیمبۆلی ئازادی و ژیان دەچەرخێ، هەم جۆرێکە لە خەم و خەفەت، و ئینجا ئاســـۆیەکیشـــە بۆ داهاتوو.

## مانگ تاریکە

شینە،

چاوەکانت ڕەنگێکی شینیان تیایە

شینی ئاگرین،

لە بای سەرکەشا.

ئەگەر کوێرم،

ئەگەر جگە لە تۆ هیچم نییە،

ئەگەر وێرانم...

گیان هی منە، خەونیش هی من،

بەوانی تر چی؟

وەرە،

مانگ تاریکە...

برسیتر لە سەگ،

ڕووتتر لە مار،

پەشێو و گیرۆدە،

ئەگەر هاتوومە ئاستانەت،

تێرنەبوونم ناکۆتایە ئایا؟

وەک بڵێی

خۆشویستنەکانم،

وەک ئەم خۆشویستنانەم ئایا؟

دانیشتوون نووسەرەکان

حوکمەکەم دەنووسنەوە،

دە وەرە چی ئەبێ،

مانگ تاریکە...

چوارلام بۆسەی خیانەتە،

بە ڕوویەکی میهرەبان،

بە پێکەنینێکی دۆستانەوە،

ئاگر لە سیگارەکەم ئەبەن.

ناوچەوانم ماچ ئەکەن،

بێدەنگ، ناپاک، مارسیفەت.

چوارلام بۆسەی خیانەتە،

هەر ئەگەڕێم و ئەگەڕێم، نابینمەوە ڕێگەیەک.

لە تاریکترین شەودا، لە سەرمی داوە هەوای مەرگ،

وامەکە، وەرە،

مانگ تاریکە...

## ڕامانێک لە شیعری «مانگ تاریکە»:

ئەم شـــیعرەش یەکێکی ترە لە بەرهەمە ناوازەکانی ئەحمەد عارف، کە شۆڕشی ئەڤیندارانە لەگەڵ هەستی تاڵی ســـەرکوتکردنی کۆمەڵایەتیدا تێکەڵ دەکات و شـــێوازێکی تایبەت لە دەربڕین پێک دێنێت. ســـەرتاپای شـــیعرەکە لە کەشـــێکی پڕ لە گرژیدا تێدەپەڕێت؛ لەلایەکەوە خواســـتی بێسـنووری عاشـق دەبینین و لەلایەکی دیکەوە، هەسـت بە شـــەپۆلێک لە ســـەرکوت و نائارامی دەکەین کە شـــاعیر بەرەو پەنابردن بۆ مەعشـــوقەکەی بەکێش دەکات. هەر وەک لە ناونیشـانی شـیعرەکەوە دەردەکەوێت، بەشـێک لە ڕاستی ژینگەیی و گیانەکی پیشان دەدات. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کـاتێـک ڕوونـاکی نـەمـاوە و هەموو شـــتێک کەوتووەتە ژێر ســـێبەری وەهم و ترســـەوە. لەناو ئەم تاریکییەدا، ئەحمەد عارف بانگەوازێکی ناوەکی هەیە و لە مەعشـــوقەکەی داوا دەکـات کە بێـت و لە تـاریکی و گۆشەگیرییەکەی دەربازی بکات.

شـیعرەکە بە ئاشـکراکردنی وێنەی چاوەیلێکی شـین دەســـت پێ دەکات؛ لە یەکەم ڕوانیندا، ئاماژە بە ڕەنگی شین دەکرێت کە لەوانەیە بیرهێنەرەوەی مەنگی بێت، بەڵام ئەحمەد عارف بە زیادکردنی «شـــینی ئاگرین»، ڕەنگی شـین لە دۆخی هەمیشـەیی دەردەهێنێت. ئەم شـینە توندە

وەبیرهێنەرەوەی ئاگر یان گڕێک لە گیانی مەعشـــوقدایە. بەم شـــێوەیە، بەردەنگ تێدەگات کە نیگای ئەو نەک تەنیا ئارامبەخش، بەڵکو شـۆڕشـگێڕ، بەجۆش و پڕ لە گڕوتینە. ڕەوتی وشـــەکـان لە شـــیعرەکەدا گرنگن. «لـە بـای سەرکەشدا» ڕاستەوخۆ دوای ئەم وەسفەی چاوەکان دێت بۆ ئەوەی وێنەیەکی باهۆزین و هـەڵچوو لە مەعشـــوق دروست بکات؛ وەک بڵێی عەشق و مەعشوق وەک بایەکی یاخی لە ژیانی شـــاعیردا هەڵی کردووە و ئەوی لە دۆخی ئاسایی دەرکردووە.

لە درێژەدا، شـــاعیر بـاس لـە کوێری، نەداری و وێرانیی خۆی دەکـات. ئـەو لێرەدا ئـامـاژە بە مـانـای ڕاســـتەقینەی کوێربوون و بێتوانـایی نـاکـات، بەڵکو ئەوە پیشـــان دەدات کە شـــاعیر بەو بۆچوونە گەیشـــتووە کە ئەگەر چاو لەسـەر هەر شتێک جگە لە ئەڤینەکەی دابخات، ئەگەر لە دنیا و خەڵکانی دیکە دابڕاو بێت، کێشـــە یان کەموکوڕییەک لە کـاری ئەودا نییە؛ چونکە هەموو بوونی لەم ئەڤینەدا مانای هەیە. لە دواتردا، هەســـتی ناســـنامەی تاکەکەســـی ئەو پڕڕەنگتر دەبێت. کاتێک دەڵێت «گیان هی منە، خەونیش هی من، بەوانی تر چی؟» لە ڕاستیدا ئاماژە بە ســـەربەخۆییی تاکەکەســـی لە ئەڤینداریدا دەکات و دەیەوێت لە داوەریی کۆمەڵگـە ڕزگـاری بێت. ڕووکردنە

مەعشوق بۆ ئەو نەک تەنیا لە ناچاری، بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ ژیان لە لوتکەدا.

لە شیعرەکەدا، چەند جارێک دەستەواژەی «وەرە» و «مانگ تاریکە» دووبارە دەبێتەوە. هەتا دێڕی کۆتایی، لەم بانگکردنە بەردەوامە. ئەم بانگەوازە دەکرێت وەک دەربڕینی دڵخوازییەکی قووڵ بزانرێت: شاعیر خۆشەویستەکەی بانگ دەکات تا لە هەبوونی ئەم شەوە تاریکەدا، ئەم مانگە بێدەنگە ڕووناک بکاتەوە. بۆچی مانگ تاریک بووە؟ دەکرێت وەک هێمایەکی سەردەمی سەرکوتکردن بزانرێت کە وەک پێشتر چەند جارێک باس کراوە لە شیعرەکانی ئەحمەد عارفدا هەمیشە وێنا دەکرێت؛ سەردەمێک کە شاعیر دەست بە داوێنی هێزی ئەڤین دەبێت بۆ ئەوەی لەم تاریکییە تێپەڕێت. هەر وەک کاتێک لە شیعرەکانی دیکەی ئەودا، کەشی پڕ بەفر و زنجیرەکان نیشانەیەکن لە سەرکوتکردن و بەربەستی ڕێگای ئازادی، لێرەشدا مانگی تاریک ئاماژەیە بۆ کەشێکی داخراو و تاریک. لەبەر ئەمە، ئەڤینی دڵدار دەتوانێت جێگرەوەیەک بێت بۆ ڕووناکییەک کە لە ئاسمان تۆرێنراوە.

لە کۆپلەی دووەمدا، شاعیر دەنگی توندتر دەکات. وەک مرۆڤێک کە لە هەموو شوێنێک دەرکراوە و بەدبەختیی زۆری بینیوە، دێتە بەر دەرگای

خۆشەویستەکەی. لێکچواندنی خۆی بە برسیتر لە سەگێک یان ڕووتتر لە مارێک، ئەوپەڕی مەزڵومی و گیرۆدەییی خۆی پیشـــــان دەدات. وەک بڵێی ئەو لە دەرەوەی ئەم پەیوەنــدییە عــاشـــقــانەیە، هیچ پەنــاگە و ئــامێزێکی نەدۆزیوەتەوە و ئێستا بێتاقەت و بریندار لە پشت دەرگای مەعشـــوقەوە وەســـتاوە. لەگەڵ ئەمەشـــدا، دەربڕینی «تێرنەبوونم ناکۆتایە ئایا؟» ئاماژە بۆ تێرنەبوونی خۆی لە ئەڤینی ئەو دەکات بەجۆرێک کە هەســت دەکەین ئاواتی ئەو لە جیهانێکی تـاریکدا کۆتـایی نییە. شـــاعیر جەخت دەکاتەوە کە ئەڤینداربوونی ئەو ناچارییەکی ناوەکییە نەک هەڵبژاردنێکی ئازاد. خۆشـویســتن بۆ ئەو تەنیا ڕێگایە بۆ ژیانە، نەک هەڵبژاردەیەکی ئاسایی. ئینجا یادی ئەو ڕۆژانە دەکـاتـەوە کـە فـەرمـانی مەرگیـان بۆ دەرکردووە و دەڵێ دانیشـــتوون نووســــەرەکـان بۆ ئـەوەی فـەرمـانی لەناوبردنەکەی بنووسـنەوە. ئەم وێنەیە دەتوانێت سـاتێکی دژ بـە شــــاعیر بێت یان ئێمە بۆ دیوانە کۆنـەکان یان دادگاکان بباتـەوە کە فەرمانی ســـێدارە یان حوکمیان دەنووســـی. شـــاعیر بە ژێرپرســـیاربردنی دڵنیاییی ئەم حوکمە، خۆشـەویسـتەکەی بانگ دەکات «دەوەرە چ دەبێ، مانگ تاریکە...» زیاتر لە هەســـتی بەهێزی عاشـــقانە، ڕەهەندێکی نارەزایی و سـیاسـی هەیە: هاوارێکی ناوەکییە کە ڕەنگدانەوەی بێدەسـەڵاتییە لەبەرامبەر سـیسـتەمێکی

زۆرداردا. ئەو لەنێوان هەموو تـاریکی و نـاهەقییەکـدا وا دەیبینێت، خۆشـەویسـتەکەی وەک گرێکی گرنگ بۆ مانەوە دەبینێت.

لـە دێڕەکانی پاشـــتردا شـــاعیر دەپەڕێتـەوە بۆ هێنانەئارای باسێکی تر: خیانەت. قسە لە کەشی بێمتمانەیی و خیانەتی ڕۆژگارەکەی دەکات. دەسـتەواژەی «بۆسـەی خیانەت» نیشـانەی کەمینگەی کەسـانێکە خۆیان وەک دۆسـت نیشـان دەدەن، بەڵام لە بۆسـەی لەناوبردنی شـاعیردا دانیشـتوون. دەوروبەری شـاعیر پڕە لەو کەسـانەی زەردەخەنەی دۆسـتانە دەکەن بەڵام وەک مار ژەهراوین. دەڵێ «ناوچەوانم ماچ دەکەن، بێدەنگ، ناپاک، مارسـیفەت» کە ئەوەمان پیشـان دەدات لە لایەن ئەو کەسانەی بە ڕواڵەت دۆستن، شاعیر گیرۆدە دەکرێ و لە هەموو لایەکەوە دەوری گیراوە. ئەم زیندانە کۆمەڵایەتی و دەروونـیـیە، بە دووبـارەکـردنەوەی دەسـتەواژەی «دەسوڕێمەوە و دەسوڕێمەوە، ڕێگەیەک نابینمەوە» بیری دەکەوێتەوە کە بچێتـە هـەرکوێیـەک، ڕێگـەی دەربازبوونی نییە. لێرەدایە خەم و هەسـتی لەناوچوون لە ئەودا زیاد دەبێت و ئارەزووی مـەرگ دەکات. هـەربۆیە بۆ ڕێگـەیەک دەگەڕێت بەرەو ڕووناکی یان هیچ نەبێت ئارامبوونەوەیەکی کاتی، چارەیەک کە جگە لە هاتنی مەعشـوق هیچی تر نییە.

وەک بڵێی ئەم ئامادەبوونە دەتوانێت کەشـــی ژەهراوی دەوروبەر هیچ نەبێت بۆ ماوەیەکی کورت، کۆنترۆڵ بکات. شـــاعیر بە یادکردنەوەی ئەم دەســـتەواژەیە لە دوای هەر بەندێک، ڕیتمێکی تەرجیعبەندی بە شـیعرەکە داوە کە خەم و تاسەشی پێکەوە بەهێز دەکات.

بە گشـتی، پێکهاتەی شیعرەکە سێ بەندی سـەرەکی هەیە و هەر بەندێک بە فەزاســـازی جیاواز هەوڵ دەدات دۆخێکی هەناســـەبڕ پیشـــان بدات. ســـەرەتا دەربڕینی هەبوونی تاکەکەســـی لە ئەڤین و پێویســـتی بە ئەڤیندار، پاشـــان باس لە هەژاری و پێویســـتیی گیان و مەترســـی دەرکردنی فەرمانی مەرگ، و لە کۆتاییشدا گیرۆدەبوون لە گەمارۆی خیانەتکاران و هەستی بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە مەرگ. بەڵام لە هەر بەندێکدا، هەموو شـــتێک بە خاڵێک کۆتایی دێت: داواکردنی هاتنی خۆشـــەویســـتەکەی لە شـــەوێکدا کە مانگ تاریکە. بەم شـێوەیە، «مانگ تاریکە» شـیعرێکی عاشـقانەیە و لەلایەکی تریشـەوە بەیاننامەیەکی ڕەخنەیی ـ کۆمەڵایەتییە کە پیشان دەدات لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە بۆســـە و فێڵدا، مرۆڤ چۆن دەســـتی لە هەموو دەروازەیەکی هیوا دەبڕێت.

## وای، قوربان

ئەودیوی چیاکانت، چیاکانت،
نازدارە.
لەسەر لێواری هەڵدێر باریکەڕێیەک
تێدەپەڕێت پێچاوپێچ،
نەخۆشێکت هەیە، بێهیوا،
لەوانەیە ئایشێ، لەوانەیە ئەلیف،
ئەندامێکی وەک گوڵەگەنمی پەنای سێبەر،
لەژێر مەمکیدا، مەمکیدا،
ئازارێک،
چەقۆیەکی خیانەتکار...

مەرگە ئەمە،
مەرگی هەژاران
ناڵێت هاتووم، دێم.
چێشتەنگاوە، سەرلەئێوارە،

یا بەرەبەیانە و وەختی خەواڵوبوون؛
وەختێک ئەزانی، کارلەکار ترازاوە.
نەخۆشێکت هەبوو، بێهیوا،
تاسەی لە خەونەکانا،
تاسەی لە ئاوە ساردەکانا.
باوەجو، دوو گوڵی ترسن ئێستا چاوەکانی،
دوو گوڵی شین و گەورەی ترس،
دەپشکوێن، لە قووڵاییی بیرەکانا...

ئەودیوی چیاکانت، چیاکانت ترسناکە.
کەس هەیە ئەقڵی پێی شکابێ کە،
بە قازانجی کێ شەو تۆمار دەکات ڕۆژ،
بەزەییی خۆی بەسەر کێدا دەبارێنێت هەور؟
کوڕی باشی مەکینە
چۆن ئەبێتە دێوێک؟
خاک کە ڕزقی گورگ و مێروولە ئەدات
چۆن فریو ئەخوات؟

ڕوو بە گای شەلە نادات و،
گاسنی ڕەش لە باوەش ناگرێت؟

کرێکاری کانەخەڵوزە سەپەتچی ئۆغڵوم[17]،
بێڵی بەدەستە نەک تفەنگ، نەزیفی ئورفەیی[18]

---

[17] سـەپەتچی ئۆغڵو عوسـمان ئەفە، کە لە گوندی ئاڤشـاری سـەروی ناوچەی ئاراچی کاســـتەمۆنو هاتووە، وەک قارەمـانێک کە مـافی خەڵکی پاراسـتووە و بەرامبەر زاڵمان بە شـێوەیەکی پتەو وەسـتاوە، لە بیرەوەریـدا مــاوەتەوە. ســـەپەتچی ئۆغڵو بە ئــازایەتییە ئەفســـانەیییەکەوە، نەک تەنیا ســـەرچاوەی ئیلهام بووە بۆ مێژووی گەلانی تورکیا، بەڵکو بۆ ســـەماکانی گەلانی تورکیاش ســـەرمەشـــق بووە.

[18] نەزیفی ئورفەیی (1898ـــ1925) بە وەرگرتن لە دەوڵەمەندان و بەخشـــین بە هەژاران، وەک قارەمانێکی گەلیی ناوبانگی دەرکرد. لە ســـــاڵی ١٩١٩دا کـاتێـک ئورفە داگیرکرابوو، نەزیف بە بوێری و ژیرییەوە لە ڕێگەی کەناڵی ئاوەڕۆوە هێرشـی کردە سـەر هێزەکانی فەڕەنسـا و بە ســەختی شــکاندنی. دوای جەنگیش لەگەڵ هەژاراندا مـایەوە و بێ ئەوەی زیـان بە کەس بگەیەنێت، بە ســـازەکەی و قســـەکـانی بۆ دامەزرانـدنی دادپەروەری هەوڵی دەدا. هەرچەنـدە دەوڵەمەندان بە "ڕێگر" ناویان دەبرد، بەڵام خەڵک خۆشیان دەویست و کەس بوێری دەستگیرکردنی نەبوو. سەرەنجام هاوڕێیەکی نزیکی بەنـاوی دەڤەجی محەمەد، لە بەرامبەر زێڕی خوێنـاوی ئـاغـاکـانـدا

ماڵ، هەڕاجە ـ مەزادە،
گیانیش هی مامەڵە، بازاڕە.
گەنمی سوور، سپی و ئەسمەر،
نەرم و ڕەق،
داهێنراوی دەستانی ئەون،
بەڵام سکبەتاڵ، وێڵ بەدوی ناندا،
پرزەلێبڕاو و ئاوارە ئەگەڕێ...

ئەودیوی چیاکانت، چیاکانت،
چۆن بیڵێم...
بێدرەخت، بێباڵندە، بێسێبەر،
ڕووتوقووت،
وای، قوربان...

---

خیانەتی لێ کرد و ناجوامێرانە نەزیفی کوشت. نەزیف لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا، لەنێو فرمێسک و ماتەمی خەڵکی ئورفەدا بە خاک سپێردرا و ناوی وەک ئەفسانەیەک، نەوە بە نەوە گێڕدرایەوە.

«کێیە لەپێناوی ئەم نیشـــتمانە بەهەشـــتینەدا نەبێ گیانفیدا.»[19]

ئازایەتی ئەوەیە ئەگەر، خۆت دۆزەخیش بیت،

قوربانیبوون قەبووڵ بکەی،

تا بتکەنە بەهەشت،

بۆ خەڵکی هەژار و بەشەرەف.

ئەمەیە ئەو حیکایەتە،

ئەو شۆڕە ڕەشەی عاشقی.

خۆشویستنی تۆ

فەلسەفەیەکە بێکەموکورتی،

باوەڕە، ئارامگرتنێکی سامناک.

سەرەڕای پەت و گوللە،

ئەڕوا بێپەروا، جوان.

---

[19] دێڕێکە لە ســـروودی نەتەوەیی تورکیا کە لەلایەن محەمەد عاکف ئەرسـۆی هۆنراوەتەوە. ئەم شـیعرە لە سـاڵی 1921 وەک سروودی نەتەوەیی تورکیا هەڵبژێراوە.

زنجیرە چیاکان دائەڕوخێنێ،
ڕێڕەوی ڕووبارەکان ئەگۆڕێ،
مافی هەتیو ئەسێنێتەوە،
فەرمان ئەکا، بەگوێرەی کتێبەکەی...

گەر ڕۆژێک بێ، دەوران بچەرخێ و هیوا فریا
کەوێ، لەودیوی چیاکانتەوە، چیاکانت،
نەک هەر هەژارییەکی وەها، تاسەکان،
تەنانەت یەک دەنکە گەنمیش دڵگران نامێنێت،
تەنانەت چڵە زەیتوونێکیش تەنیا...
ئەگەر ئەتوانێ لێگەڕێ باران نەبارێت،
ئەگەر ئەتوانێ با چیا نەخرۆشێت.
ئەم دڵە، بۆ چ ڕۆژێک لێ ئەدات...
لە دەمارەکانی هەڵدێت، تاریکی و
هەڵدێت، ناگەڕێتەوە جارێکی تر.
لەوەی لە دڵیدا ئارامی گرتووە،
بە شادییەوە پێشکەشی ئەکات

لەبەر ڕووناكیی مێشكماندا، قووڵاییی ژێرزەوی.

هەموو وەرزێك گەنجتر و پڕبەرتر،
پێشكەش ئەكا، چاوگەیەكی درەوشاوە،
جوانترین خەرمانی ئەڤینی تەمەن،
زەوی لە هونەری دەستەكانی ئێمە.
سفرە پڕ، دایك دەم بەپێكەنین، منداڵان دەم
بەپێكەنین، یەك و دە، یەك و سەد[20]، دووگیانبوونی
ئێوارە هێزی كاری لەگەڵ بەرەبەیان لەدایكبوو.
درۆ ناكەم، قسەم قسەی پیاوانە،
لەو كتێبەدا وا نووسراوە،
ئەو خۆشەویستییە، ئاوایە چونكە...

[20] ئاماژەیە بۆ بڕینی گەنم و دانەوێڵە.

## ڕامانێک لە شیعری «وای قوربان»:

شـــیعری «وای قوربان»، بەرفراوانییەکی تەواو لە دیمەنە کۆمەڵایەتییـەکـان و ژیـانی گونـد وێـنا دەکـات، کە تێیدا ئازار و هیوا لێک ئاڵاون. ئەم بەرهەمە، تێکەڵەیەکە لە ڕوانگەی ڕەخنەیی شـــاعیر بۆ بـارودۆخی هەژاری و بێدادی، حەزی بۆ گۆڕان و دروستکردنی جیهانێکی باشتر، هەروەها پابەندبوونێکی قووڵ بە نیشـــتمانەکەیەوە کە لە ڕێگـای زمـانی هێمـایی و وێنەیی بەهێزەوە دەردەکەوێت. ئەحمەد عـارف لەم شـــیعرەدا، هەم لە خەمی مەرگ و نەخۆشی دەدوێت، هەم لە ڕەگە مێژوویی ـ کولتوورییەکان کە خەڵک بەرەو خەبات هان دەدەن. لە هەمان کاتدا، ئەو بە ئاماژەکردن بۆ پێویســتیی بەردەوامی و «قوربانیدان» بۆ گۆڕینی دۆزەخ بۆ بەهەشـــــت لە ڕوانگەی خەڵکی بێبەشـــــەوە، بـازنەی گەورەی ئـەڤینداربوون و بـاوەڕ دەخەملێنێت. شـــیکردنەوەی ئەم شـــیعرە، پێویســـتی بە ســـەرنجدانە لەلایەنە جیاوازەکان کە شـــاعیر بە زمانێکی سادە، بەڵام فرەلایەن خوڵقاندوویەتی.

شـــاعیر کاری خۆی بە وێنەی «ئەودیوی چیاکانت» دەســت پێ دەکات. دووبارەبوونەوەی وشــەی «چیاکانت» لێرەدا، جەختێکە لەسـەر دوورودرێژی و سـەختی شـوێنێک کە لە بیری شـاعیردا گرنگییەکی فراوانی هەیە. ئەم شـوێنە

کە بە «نازدار» وەسف دەکرێت لە یەکەم ڕوانیندا، دەتوانێت بە مانای دڵڕفێن بێت؛ بەڵام لە درێژەدا دەردەکەوێت کە ئەم ناز و جوانییە، لەگەڵ خەمێکی قووڵدا لە پەیوەندیدایە. پاشان وێنەی ڕێگایەکی تەسک و پێچاوپێچ دەکێشێت کە لە لێواری هەڵدێرێکەوە تێدەپەڕێت. ئەم لێکچواندنە، بە جۆرێک ڕەنگدانەوەی سەختییەکانی ژیانە لە ناوچە گوندی و بێبەشەکاندا؛ شوێنێک کە ژیان لە لێواری هەژاری و نەخۆشی و بێدەرفەتیدا ژیان تێدەپەڕێنێت. لەم شوێنەدا نەخۆشێک هەیە لەوانەیە ژنێک بە ناوی ئایشێ یا ئەلیف بێت؛ ژنێک بە «گوڵەگەنمی پەناسێبەر» چوێنراوە، بەڵام لە سینگیدا ئازارێکی شاراوە هەیە. ئەمەش تەنیا وێناکردنی ئازاری جەستەیی نییە، بەڵکو هێمای خەنجەری خیانەتێکە کە لەسەر دڵی خەڵکی چەقیوە. لەوانەیە ئەم ئازارە، خوازەیەک بێت لە هەژاری یان نەخۆشییە بێچارەسەرەکانی ناوچە دوورەدەستەکان، کە لە نەبوونی توانای پزیشکیدا، زۆر جار مرۆڤەکان دەکوژێت. شاعیر ئەم ژنە لە پەنای سێبەردا پیشان دەدات؛ هەروەک چیاکانی کە پڕن لە سێبەر.

لە دێڕەکانی دواتردا، باسی مەرگ بە شێوەی «هەژارانە» دەکات؛ مەرگێک کە بێ ئاگاداری دێت و کەس دەرفەتی بەرگری و چارەسەری نییە. ئەحمەد عارف لە

بەرهەمەكانیدا دووبارە ئاماژە بۆ ئەم شێوەیە لە ناوەختیی مەرگ لە نێوان چەوسـاوەكاندا دەكات: «ناڵێت هاتووم، دێم»، یانی مەرگ بۆ بێچارەكان هەمیشـە لەناكاو دەگات. ئەمەش بەشێكە لە ڕەخنە كۆمەڵایەتییەكانی شاعیر، چونكە خەڵكی هەژار لە شـوێنە كەناركەوتە و دوورەدەسـتەكان، تەنانەت دەرفەتی نەخۆشی و مردنێكی ئابڕوومەندانەشیان نییە و لەوە داماوترن كەسێك یارمەتییان بدات. وێناكردنی «گوڵی ترس» بۆ چاوەكانی ئەو ژنە، كە دوو گوڵی شـینی ترسن و لە بیرە قووڵەكاندا گەشە دەكەن، لوتكەی تەنیایی و ترسـی ئەو پیشـان دەدات. ئەم وێنەیە نیشـان دەدات ترس، بنەڕەتیترین هەسـتە كە لە ڕوانینی مرۆڤی بێبەشـدا نیشـتەجێیە؛ وەک بڵێی ئەو ناژی، بەڵكو لە ترسـێكەوە بۆ ترسـێكی دیكە دەپەڕێتەوە. ئەم وێنەیە، هەم لە ڕووی هەسـت و سـۆزەوە كاریگەرە و هەم دەبێت ئێمە ببات بۆ ناخی فەزایەک كە لە دێڕەكانی دواتردا، پەرەی پێ دەدرێت: فەزایەک، كە لە ئازاری تاكەكەسییەوە سەرچاوەی گرتووە و نیشاندەری بارودۆخی كۆمەڵگەیە.

شـاعیر كەشـی پشـت چیاكان بە «ترسـناک» ناو دەبات. ئایا كەس بیرێكی لێ كردووەتەوە؟ ئایا كەسـێک دەپرسـێت ڕۆژ لەبەرخاتری كێ دەبێتە شـەو؟ لەم پرسیارانەدا، ئەحمەد عارف بەدوای فەلسەفەی خولی ڕۆژ

و شـەودا ناگەڕێت، بەڵکو لە دادپەروەرییەک دەپرسێت کە ڕێکخستنی سروشت و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی بۆ هەندێک مرۆڤ کۆتوبەند کردووە. ئەو پرسـیارە دەکات کە هەور بارانی بەزەیی خۆی بەسـەر کێدا دەبارێنێت و ئەم مەکینە پیشـەسـازییە مۆدێرنانە، چۆن لە جیاتی خۆشـگوزەرانی، هەندێک جار دەبنە دێو و جانەوەر. لێرەدا ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتی لە ناخی شـیعرەکەدا دروسـت دەبێت: بۆچی زەوی ـــــ کە ڕزقی گورگ و مێرووله بە شـێوەیەکی سروشتی دەدات ـــ ئێستا بەرەو فریودان و مەکر پەلکێش کراوە. ئەو لە ڕاستیدا وێنەیەک پیشان دەدات لە زەوی کە دەبێت نانی هەموان دابین بکات، بەڵام کەوتووەتە داوی خـاوەن و کۆمپـانیـا و هێزگـەلێکـەوە و ئەو ئـەرکـە سروشتییەیان لە کرێکار و جوتیار زەوت کردووە. نیشان دەدات تەنانەت گای شـەل و گاسـنی ڕەشـیش ئیتر لەم زەوییە ئەفسـوناوییە دەرکراون. بابەتی گشـتی لێرەدا ئەوەیە کە پێشـکەوتنە ڕواڵەتییەکـانی تـەکنـەلۆژیـا، بچووکترین یارمەتییان پێشکەشی چەوساوەکان نەکردووە و تەنـانەت دۆخەکەیـان ئـاڵۆزتر کردووە. ئەمەش هەمـان ئەو دیمەنەیە کە یاشـار کەمال لە ڕۆمانی "دەنگی تەقە لە ملەی چیادا" بە شێوەیەکی زۆر جوان دروستی دەکاتەوە.

شـــاعیر پاشـــان بە ناوبردنی پاڵەوان و قارەمانە میللییەكانی ئەنادۆڵ و گۆڕینی ڕۆڵەكانیان، واقیعییەت و مێژوو بەرامبەر دەكاتەوە. ســـەپەتچی ئۆغلۆ و نەزیفی ئورفەیی وەک دوو قارەمانی خەڵک، لە ســـەردەمەكەی عارفدا بوونەتە كرێكاری كانەخەڵوز جوتیاری بێڵبەدەست، نەک تفەنگ یان ئامرازی بەرگری. ئەحمەد عارف ئینجا پێمان دەڵێ كە ماڵ و ســـامانی ئەم خەڵكە وەک مەزاد هەڕاج دەكرێ و دەفرۆشـــرێت و بژێوی و ژیانیان، لە مامەڵەدایە. ئەو دوای وەسفكردنی ڕەنگە جۆراوجۆرەكانی گەنم (سوور، سپی، ئەسمەر)، ئینجا لە دەستەكان دەدوێت كە بەرهەمهێنەری ئەم سەرچاوە گرنگەی بژێوی خەڵكانی هەژارن. واتە جوتیار و كرێكار، بەدیهێنەری ڕاســـتەقینەی بەرەكەت و خۆراكی خەڵكن، بەڵام خۆیـان برســـی و بێڕەمەق دەمێننەوە. ئەمەش ڕەخنەیەكی قووڵی چینایەتییە كە لە شـــیعرەكانی عارفدا دەركەوتنی زۆری هەیە. لە درێژەی هەمان باســـدا، ئاماژە بە زۆرێک لە خەڵكەكەی دەكات، ئەوانەی پێویستیان بە نانی شەوە و ناچار دەچنە شـــارێكی دیكە بەڵكو كارێک یان نانێكیان دەســـت كەوێ. ئەمەش دیسانەوە جەختێكە لەســـەر ئاوارەیی جوتیاران و كرێكـارانێـک كە لە نەبوونی ژێرخـانی ئـابووریی دادپەروەرانەدا، ناچار بە كۆچ و بێگاری دەبن.

شاعیر پاش دەربڕینی ئەم هەموو خەمە، ئینجا وەک ئەوەی بێدەرەتان و دەسەڵات بکەوێت، دێتە سەر باسی بارودۆخێکی ترسناک لەو دیوی چیاکانی نیشتمانەوە، کە بەتاڵە لە دار، باڵندە، سێبەر و هەر نیشانەیەکی ژیان و ئینجا بە ئاهێکەوە دەڵێت «وای قوربان» کە هەستێکی بەزەیی و داخە لە ناخیەوە هەڵدەستێت. لەناکاو، بە هێنانەوەی دێڕی بەناوبانگی «کێیە لەپێناوی ئەم نیشتمانە بەهەشتینەدا نەبێ گیانفیدا»، وەک یەکێک لە ناسراوترین دێڕەکانی سروودی نەتەوەیی تورکیا، ململانێیەک لە نێوان ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکیی نەتەوەخوازانە و واقیعییەتی تاڵی ئێستادا بەرپا دەکات. لێرەدا شاعیر دەڵێت ئەگەرچی نیشتمان لە جیاتی بەهەشت لەوانەیە دۆزەخ بێت، بەهۆی هەژاری و زوڵمەوە، بەڵام جوامێری ئەوەیە کە مل بە فیداکاری بدەین تا ئەم دۆزەخە بۆ خەڵکێکی هەژار و پاکداوێن بکەین بە بەهەشت. بە دەربڕینێکی تر، خۆشەویستیی نیشتمان لە چوارچێوەیەکی ڕەخنەییدا دەخاتە ڕوو: عاشقبوونی نیشتمان یانی قبوڵکردنی هەموو ئازار و نەهامەتییەکان و بەئاگاییەوە هەنگاونان بۆ گۆڕان. لە هەمان کاتدا، ڕەخنە دەگرێت لەوەی ئەمە نابێ تەنیا دروشمێک بێت؛ بەڵکو ئەرکێکی کردەیی و سەختە. ئەم خەمخۆرییە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە لە درێژەی شیعرەکەدا بەهێزتر دەبێت و ئەنجامگیرییەک دەکات کە مرۆڤی

باوەڕدار و ئازا، لە بەرانبەر کۆت و زنجیر و هەژاریدا ڕادەوەستن تا خاکی خۆیان دووبارە بونیاد بنێنەوە.

ئەحمەد عارف لە کۆپلەی دواتردا هەنگاوێک ئەملاتر دێت و دەڵێ «خۆشەویستنی تۆ فەلسەفەیەکە بێکەموکورتی»، کە دەتوانێت ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە نیشتمان بێت و یان لە خوێندنەوەیەکی دیکەدا، بە مانای خۆشەویستیی بۆ «ئەو» یان هەر ئامانجێکی گەورە لێک بدرێتەوە. ئەو خۆشویستنی نیشتمان یان ئامانجەکەی وەک فەلسەفەیەکی بێکەموکوڕی و باوەڕێکی گەورە دەناسێت کە دەتوانێت لە بەرانبەر پەتی سێدارە و گوللەدا ڕابوەستێت و بێباک و جوان هەنگاو بنێت. ئەم عەشقە دەتوانێت زنجیرەچیاکان بڕوخێنێ و مافی هەتیوان بسێنێتەوە. بەم پێیە، هێزێکی سەرزەوی پێوە دەلکێنێت کە هەرچی بەربەست و زوڵمە دەشکێنێت. دواتر بە دەربڕینی «فەرمان دەکا، بەگوێرەی کتێبەکەی» کۆتایی بەم بەندە شیعرییە دەهێنێت. کتێب لێرەدا دەتوانێ یاسا، نەریت یان کتێبی پیرۆز بێ کە حوکمێکی دادپەروەرانەی لێ بکەوێتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕەگی ئەخلاقی/ئایینی/یاسایی کە پاسادانی ئەوە دەکات بۆچی دەبێت دژی ستەم بجەنگین.

شـــاعیر پاشـــان بە دەنگێکی ئومێدەوارانەوە دەڵێت ڕۆژێک بێت چەرخی ڕۆژگار بگۆڕێت و هیوا بەر بگرێ. هیوایەک، لە شـیعری عارفدا زۆر جار هەمان داهاتوویەکە کە تێیـدا دادپەروەری بـەدی بێـت. بـە بەیـادهێنـانەوەی «لـەودیوی چیـاکـانـت» جـارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ لای هەمـان شـــوێنی دوور و دەڵێـت لـەوێ ئیتر نە هەژاری دەمێنێت و نە تاســە، تەنانەت یەک دەنکە گەنمیش ناڕازی نامێنێتەوە. ئەم ڕوانگە ئایدیاڵییە ئەوە پیشان دەدات ئەو بە خۆشــگوزەرانی و دادی گشــتی باوەڕی هەیە: نەک تەنیا مرۆڤەکان بە خۆشـــی دەگەن، تەنانەت ســـروشـــتیش لە تووڕەیی و ئازار ڕزگاری دەبێت. ئەگەر دەوێرێ با باران نەبارێت یان چیا بەئاگا نەیەتەوە. بە بۆچوونی ئەو، دڵێک کە ئێســـتا پڕە لـە هیوا، لە کاتی خرۆشـــاندا دەتوانێت بەربەستە سروشتییەکانیش لادات. وێنەی هەڵاتنی تاریکی لە دەمـارەکـانی ئەم دڵە، بـەڕوونی دەبینرێ؛ یـانی کـاتێک مرۆڤ هۆشیار و پێداگر بێت، تاریکی پاشـەکشـە دەکات و جارێکی تر ناگەڕێتەوە. شـاعیر دەڵێت لە ڕووناکی مێشـکی ئێمەدایە کە قووڵاییی زەوی بێدار دەبێتەوە و لە دڵی ئەودا گەنجێتی و بەرهەم پێ دەگات.

لە کۆپلەی پێش کۆتـاییدا، ئەحمـەد عـارف وێنەیەکی بەهاریتر و پڕدەســـتکەوتتر پیشـــان دەدات. ئەم جیهانە،

دەسـکەوتەکەی خۆی هەمیشـە گەشـتر پێشـکەش دەکات، وەک بڵێی مرۆڤەکان و سروشت لە کارلێکێکی تەواوکەردا بە ئەنجام دەگەن. باس لە «دەســـتەکانی ئێمە» دەکات کە ســـەرزەوی ئاوەدان دەکەنەوە. لەم جیهانە ئایدیالییەدا، ســـفرەیەکی پڕ، دایکێکی ڕووخۆش و منـداڵێکی دەمبەپێکەنین دەبینین؛ تەنانەت کشتوکاڵ فراژو دەبێ: یەک بە دە یا یەک بە ســـەد دەیبڕێت. ئەم دیمەنە ئایدیاڵییە لە ئەدەبیـاتی هـاوچەرخی تورکیـادا وەک مەودای خەبـاتی جوتیاری یان کرێکاری وێنا دەکرێت.

شـــاعیر لـە کۆتـاییدا بـەڵێنی پیـاوانـە دەدات، ئەم دەربڕینەش ڕیشـــەی لە کولتوورێکدا هەیە کە پیاوەتی و ڕاســـتگۆیی بە بنەڕەتی دەبینێـت. چ بـەڵێنێ؟ ئەوەی کە قسەکانی ڕاستەقینەن و لە کتێبدا (چ پیرۆز، چ کتێبی ژیان) بەم شـــێوەیە نووســـراوە و ئەڤینیش فەرمان دەدات وەها بین. لە ڕاســـتیدا، بەم دەربڕینەی کۆتـایی بۆمـان ڕوون دەکاتەوە کە ئەم پابەندبوون و ئامانجە بۆ دروســـتکردنی ژیانێکی باشـــتر، خەیاڵێکی بێبنەما نییە؛ بەڵکو ڕیشـــەی لە ڕاستگۆییی مێژوویی و کولتووری شاعیردا هەیە.

شـــیعری «وای قوربـان» پێکهـاتەیەکی پڕجۆش و گێڕانەوەیی هەیە. لە ئازاری تاکەکەســـیی (نەخۆشـــی و مەرگ)ەوە دەســـت پێ دەکات، ئامـاژە بە کێشـــەکانی

ڕێکخســـــتنی زەوی و ئـابووری دەکـات، لە کرێکـاران و جوتیارانی داماو دەدوێت، پاشان هەنگاو بەرەوپێش دەنێت و لە چەمکی فیداکاری بۆ نیشــتمان دەدوێت، بە عەشــق و باوەڕ و داد دەگات و لە کۆتاییدا بەڵێنی بەیانێکی ڕووناک و جیهــانێکی بەرهەمــدارتر دەدات. ئەم بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە، بەشــێکی گرنگی شــێوازی شــیعری ئەحمەد عارفە. تێکەڵبوونی ئازار و تاسە لەگەڵ هیوا و پابەندبوون؛ ئەو هەرگیز لە ناڵە و تاریکیدا ناوەســـــتێت و ڕێگایەک بۆ داهاتوویەکی باشتر دەکاتەوە.

## ئەوەی ناتوانم لەبیری بکەم

ئەپشکوتی،
لە تەنیاییمدا
شین و سەوز،
ئەپشکوتی.
خوێنکەروێشکی، خەنەیی ـ بریقەدار.
من ئازار و نامەردییەکانم ئەبەزاند...

ڕۆیشتن،
ڕۆیشتن لە چاوەکانتا یانی دوورخستنەوە.
ڕاکشان،
ڕاکشان لە چاوەکانتا یانی زیندان.
چاوەکانت کوان؟

«هەبوون یان نەبوون»[21] نییە و،

«بیر ئەکەمەوە، کەواتە هەم»[22]یش هەر نییە...

کاری ئەسڵی، تێگەیشتنە لە مەحاڵ،

لە ڕەنویەکی ڕامنەکراو و،

شەپۆلێکی ناکۆتا.

خواردنەوە،

لە چاوەکانتا خواردنەوەی تریفە.

گەیشتن،

لە چاوەکانتا گەیشتن بە تەلیسمی گیان.

چاوەکانت کوان؟

---

[21]دەربڕینی "To be or not to be" ڕستەیەکی بەناوبانگی شانۆنامەی هاملێت بەرهەمی ویلیام شـــکســـپیرە. ئەم ڕســـتەیە، ســـەرەتای تاکبێژییەکی بەناوبانگی هاملێت، شـــازادەی دانیمارکییە لە پەردەی سێیەم، دیمەنی یەکەمی شانۆنامەکەدا.

[22] کۆجیتۆ "Cogito, ergo sum" ڕســـتەیەکی لاتینە لەلایەن ڕێنێ دێکارتی فەیلەسوفی فەڕەنسایی سەدەی حەڤدەیەمەوە گوتراوە.

لە ڕازی گیانمدا، تۆ گیان بووی

ئەڤینمان بوو ئەڕژایە شەوەوە،

نەک خوێن؛

جەللادیش توندتر ڕایئەکێشا،

پەتەکەی...

بیستن،

لە چاوەکانتا، دەنگی ئەو سێ درەختە بیستن.

بێدەنگبوون،

لە چاوەکانتا بێدەنگبوون،

گوێزانئاسا...

چاوەکانت کوان؟

## ڕامانێک لە شیعری «ئەوەی ناتوانم لەبیری بکەم»:

ئەم شـــــیعرە تێکەڵکردنی کـەشـــــی ئـەڤیندارانـە بە تێڕامانی قووڵی فەلســــەفی و کۆمەڵایەتی. ئەحمەد عارف لەم بەرهەمەدا، بە دەربڕینێکی شاعیرانە بەڵام ڕاستەوخۆ، جیهانێک دەخولقێنێت کە تێیدا «چاوەکانی دڵدار» نەک تەنیا کوانوییەکن لە جوانی، بەڵکو ڕێگایەکی دەربازبوونن لە تەنگانەی زیندان و دوورخرانەوە؛ چاوەکانی ئەو سپەرن لە بەرانبەر ژان، تاســــە، کردەی نامرۆڤانەدا و پەناگە و ڕزگارین. ئەم شــــیعرە کورت بەڵام فرەلایەنە، لەخۆگری چەمکی جۆراوجۆرە؛ لە خولیای عـاشـــقـانەوە بگرە تـا ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ ســــتەم و بێـدەنگکردن، و تەنانەت ڕەگێک لە فەلســــەفەی بوون و ناچاریی جووڵەی کات.

شــــاعیر لە ســــەرەتـای شــــیعردا بە کرداری «ئەکرایتەوە» کە لە ڕاســتیدا مەبەســتی «ئەپشـکوتی»یە، دەچێتە ســـۆراغی ســـاتێک کە دڵدار لە تەنیاییدا وەک خونچەیەک بووە؛ پشـــکوتنێک کە ئاوێتەیە بە ڕەنگەکانی شین و سەوز. شین و سەوز لە شیعری ئەحمەد عارفدا زۆرجار نیشـــانەی هیوا، ژیان و ئارامین و هاوکات هەســـتێک لە بەرفراوانی و تازەیی دەگوازنەوە. ئەو بەم وێنەیە نیشانی دەدات کاتی ئامادەبوونی دڵدار، دیوارەکانی

گۆشـــەگیری دەڕوخێن و ڕەنگێـک لە ژیـان دەکـەوێتـە هەڵقوڵین.

لـە پـەنـای ئـەم دوو ڕەنگـەدا، شـــاعیر ڕەنگێکی تایبەتیتریش دەهێنێت: ڕەنگێک وەک خوێنی کەروێشـــک، خەنەیـی و زوڵاڵ؛ ئەم دەســــتەواژەیە لە کـولـتـووری میللییـانـەی تورکیـادا جـارجـارە بە چـاییـەکی تێر و باشـدەمکردوو دەگوترێ، بەڵام لە شـیعری ئەحمەد عارفدا، مانای ڕووناکی و زوڵاڵییەکی شـۆڕەنگێز پەیدا دەکات. ئەو ڕەنگ و بۆنێکی وەها بە شـین و سـەوزی چاوی دڵدارەوە دەبەســـتێتەوە. لە ئەنجـامـدا، بەردەنـگ لەگەڵ جۆرێـک گەرمای عاشـقانە بەرەوڕوو دەبێتەوە کە دەتوانێت تاڵی و کردەی نـامرۆڤـانـەی دنیـا بســـڕێتەوە. لێرەدایە ڕۆڵی چـــاوەکـــانـــی دڵـــدار وەک هـــێـــزێـــکـــی بەتـــوانـــا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئازارەکاندا پڕڕەنگ دەبێت. هەر ئەم بـابەتەش لە ســـەرانســـەری شـــیعرەکـەدا جەختی لێ دەکـرێـتەوە؛ ئەوەی کە چـــاوەکـــانـــی ئەو بەرزتـرن لە دڵبەســـتەییەکی کەســـی، ڕێگایەکن بۆ خۆڕاگری و هیوا لە بەرامبەر تاریکی و ڕەشاییەکانی ڕۆژگاردا.

ئیتر لێرەوە لە ڕێگەی هێنانەوەی چاوگی کۆمـەڵێک وشـــەوە، شـــاعیر دەکەوێتە یارییەکی زمانیی جوان کە دەمانبەســـتێتەوە بە ناوەرۆکی شـــیعرەکەیەوە. بە چاوگی

«ڕۆیشتن» یادی دوورخرانەوە و زیندان دەکات. شاعیر دەڵێت ئەگەر بڕیار بێ لە چاوەکانی تۆ بڕۆم، کەواتە وەک ئەوەیە هاوشێوەی زیندانییەک دوور بخرێمەوە، لە کاتێکدا زیندانیبوون لە چاوەکانی ئەودا بە ئازادی دەبینێت. ڕاکشان یا خەوتن؛ لە ئەدەبیاتی زارەکیی تورکیدا، واتە زیندانیبوون، کە ئەگەر لە چاوەکانی دڵداردا بێت کێشە نییە و بەرگەی دەگرێت. بەڵام پێش ئەوەی ئێمە پرسیاری «کام چاوانە؟» بکەین، شاعیر لەناکاو لە خوێنەر یان ڕاستەوخۆ لە دڵدار دەپرسێت: «چاوەکانت کوان؟» ئەم پرسیارە دووبارەبووەوە، کەشێک لە تاسە دەخوڵقێنێت و ئەوە نیشان دەدات کە شاعیر دەستی بە دڵدارەکەی ناگات.

یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین بەشەکانی ئەم شیعرە، لەوێدایە ئەحمەد عارف ڕاستەوخۆ «سۆلیلۆکی هاملێت» و «کۆجیتۆی دێکارت» وەک تیلنیشان بەکار دەهێنێت. لێرەدا شاعیر بەدوای باسێکی کلاسیکیی فەلسەفی لەبارەی بوون و نەبوون یان بەدوای هۆشیارییەکی پەتییەوە نییە. لەڕاستیدا دەیەوێت بڵێت مەسەلەی ژیان لە سەردەمی ئێمەدا، تەنیا پرسیاری فەلسەفیی پەتی نییە، بەڵکو تێگەیشتنە لە شەپۆلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، لە گۆڕانکارییەکان و قبوڵکردنی ئەوەی کە کات و مێژوو ڕامنەکراون. بەم شێوەیە، لە نێوان سەرنجی عاشقانە و

کەشـی قووڵی فەلسـەفیدا پردێک لێ دەدرێت. هەسـتێک کە لە چاوی دڵدارەوە سـەرچاوە دەگرێت، باڵ و پەڕ دەردەکا و دەبێتە دەریایەک لە بیر و تێڕامان لەبارەی ئەبەدیەت و جیهانەوە. شاعیر پێی وایە ئەڤین و ژیان ناکرێت لە گوتەی دێکارتی یان شکسپییێریدا سنووردار بکرێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ڕەوتی توند و ناچارییانەی ژیاندا جووڵە بکات و نەکەوێتە دەرەوەی واقیعییەتی کۆمەڵایەتییەوە.

ئینجا یـەکســـەر بـەدوای ئـەمـەدا، لـە چـاوگی «خواردنەوە»وە باســـی خواردنەوەی تریفە لە چاوەکانی ئەودا دەکات. لە «گەیشـــتن»یشـــدا دیســـانەوە بەدوای گەیشـــتنە بە ڕاز و ڕەمزی گیان و ئەڤین. ئەم دێڕانە بە زمانێکی خوازەیی و ناســـک، چاوەکانی دڵدار بە جامێک دەچوێنن کە دەتوانرێ تریفەی پێ بنۆشـــرێت. بەڵام وەک لە «تەلیســـمی گیان»دا دەردەکەوێت، ئەم ڕووناکیی مانگە چیتر تەنیا وێنەیەکی ڕۆمانتیک نییە، بەڵکو ڕازی ژیان و جادوویەکە کە کەفوکوڵ بە گیان دەبەخشـێت. جارێکی تر لە کۆتاییی ئەم دێڕانەدا، شـــاعیر کەموکووڕی و تاســـەی نـەبوونی چـاوەکـانی ئـەو وەبیر دەهێنێتەوە. ئەم دووبارەبوونەوەیەش هەمیشـــە خوێنەر بۆ ئەو واقیعیەتە دەگەڕێنێتەوە کە عاشـــق لە جوداییدا بەســـەر دەبات، یان ڕەنگە لە بینینی دڵدار بێبەش کرابێ.

شـــاعیر لە دێڕەکانی دواتردا ئەڤین وەک گەوهەری ژیان پیشـــان دەدات، وەک قەڵغانێک لە بەرامبەر پەتی سێدارەی جەللاددا. ئەو بە ڕاشکاوی دەڵێت کە لە قووڵاییی نیهانی گیانیدا، دڵدارێک ژیاوە کە خوێن نا، بەڵکو عەشـقی بـۆ شـــەو ڕژانـدووە. ئەم وێـنەیە نـیشـــــان دەدات ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ و تـاریکـایی (جەللاد و پەتی ســـێدارە) چۆن لە ڕووناکیی عەشـــقدا ڕەنگی خۆی دەدۆڕێنێت. لەڕاســـتیدا، کـاتێک جەللاد پەتەکە توندتر دەکێشێت، لە جیاتی ئەوەی خوێن بڕژێت، ئەڤین دەکەوێتە ڕەوت و دەڕژێتە شەوەوە. ئەم ساتە نیشاندەری ئەوپەڕی هێزی ناوەکیی مرۆڤێکە لە ســایەی پشــتگیری و شــکۆی ئـەڤیندا، دەتوانێ بـەســـــەر ئامرازی ترســـــناکی مردندا سەرکەوێت.

ئەم نـاوەرۆکە دەکرێت دووبـارەبوونەوەی هەمـان بیرۆکەی ڕزگاریبەخشـی ئەڤین لە شـیعرەکانی پێشـووی ئەحمەد عــارف بێــت. هێزێــک کە تەنــانەت لە کۆت و ئازاریشدا هیوا و ژیان دەپارێزێت. سـەرەڕای ئەمە، بوونی وەها وزەیەکی پیرۆز پەیوەستە بە ئامادەبوون یان لانیکەم یادی چاوەکانی دڵدار.

لە کۆتاییی شـــیعرەکەیدا، ئەحمەد عارف لە ڕێگەی «بیستن» و «بێدەنگبوون»ەوە دۆخێکی نوێ دەخولقێنێت.

ئەم چاوگانە بانگی هەســـتەکانی مرۆڤ دەکەن. «ســـێ درەخــت» لێرەدا دەکرێ ئــامــاژە بێ بۆ ڕووداوگــەلی جۆراوجۆر. بۆ نموونە، ئەو شوێنە بێ وا دەگوترێت ئادەم لەوێ نێژراوە و درەختەکانی ئورز، زەیتون و کاژ لەوێ ڕوواون. درەختی زەیتون هێمـای نەمرییـە، ئورز هێمـای هێز و درەختی کاژیش هێمای هەوڵی مرۆڤە بۆ مانەوە و یەکێتی لە ســـــەرەتای لەدایکبوونەوە تا ســـــاتی مردن. لەوانەیە شـــــاعیر بە لەبەرچاوگرتنی ئەم تایبەتمەندییانە، «ســێ درەخت»ی هەڵبژاردبێت. تێگەیشـتنێکی تر لەبارەی ئەم ســێ درەختەوە، ڕەنگە چیرۆکی ئەو «ســێ کچ»ە بێ کە بۆ چنینی گوڵ و گیا دەچنە زۆزانان و کاتێک لە دەست ڕێگران هەڵدێن، دەســتی نزا بەرز دەکەنەوە: «خودایە یان بمـانکـە بە بـاڵندە یا بە درەخت». ســـــەرەنجام دەبن بە درەخت. ڕەنگە شـــاعیریش بیری بوونبەدرەخت و هەڵاتن لەو دۆخەی لە مێشـــکدا بووبێت. لە کۆتاییشـــــدا، چاوگی «بێدەنگبوون» ســیفەتی تیغ و گوێزانئاســـای وەرگرتووە، ئـەمـەش واتـە حـاڵەتێکی یەکلاکەرەوە و بڕنـدەی هەیە و وەک نیشـــــانەی هاتنی مەرگ دەردەکەوێت. جار جار لە شـــیعری ئەحمەد عارفدا، تیغ ســـیمبۆلی بەرگری و بڕینی ناشـیرینییە. بۆیە بێدەنگییەک کە لە دڵی دڵداردا ڕوو بدات، تیژیی تـایبەتی خۆی هەیە؛ گوایە دەتوانێت بەربەرەکـانی هەر بێدەنگکردن و ناشـــیرینییەکی دەرەکی بکات. لەگەڵ

ئەمەشــدا، شــیعرەکە جارێکی تر بە تاســەی چاوەیلێکەوە کۆتایی دێت کە نین.

تــایبەتمەنــدیی دیــاری ئــەم شـــــیعرە ئەوەیە بەرفراوانییەک لە هەســـــتەکان و تێگەشـــتنە جیاوازەکان دەگرێتەوە. لەلایەکەوە، عاشـــقانەیە و بەردەنگ بە هەموو بوونیەوە هەســـــت دەکات شـــــاعیر لە گەڕانە بەشـــوێن چاوەکانی خۆشـەویستێکدا کە ڕێگای ڕزگاری بۆ فەراهەم دەکەن. لەلایەکی ترەوە، نیشــــانەکــانی نــاڕەزایەتی، لەیادکردنی دوورخرانەوە و زیندان بگرە هەتا جەللاد و پەتی ســێدارەش، لە ناوەرۆکی شــیعرەکەدا لە جووڵەدان. چونکە لە شــیعرەکەدا، ئارەزوویەکی بەردەوام بۆ نواندنی کردە دەبینرێت: «ڕۆیشـــتن، گەیشـــتن، خەوتن، بیســـتن، بێدەنگبوون». پرســـیاری تەواوکەری هەموو ئەم کردارانە «چاوەکانت لە کوێیە؟»یە. واتە ئەو شـــوێنەی شـــاعیر دەیەوێت بۆی بڕوات، دەیەوێت پێی بگات یان دەیەوێت تێیدا ئارام بگرێت: هەمان چاوەکانی دڵدارەکەی.

## ڕەش

لێی داوی،
پارچەپارچەی کردووی،
تۆ، بە شیری ڕەش[23]، بە ئەڤینی ڕەش[24]...
لە مەمکە ڕەشەکانیدا، ددانەکانت یاخی،
ڕەشە، ئەو شەوە درێژەی تێیدا ڕاکشاوی،
فەلەک، ئاخ هەڵئەکێشێت، ملت باریک وەک تاڵەموو...
لە نێوان جیهانەکان، مناڵان، باڵندەکان،
شوێنێکت ژان ئەکا
بێناو و ونبوو

---

[23] ئاماژەیە بۆ شیعرە بەناوبەنگەکەی شاعیری ئەڵمانی پۆڵ سیلان (Paul Celan)، "فوگی مەرگ" (Die Todesfuge)):
شیری ڕەشی بەیانان لە ئێواراندا ئەنۆشین،
نیوەڕۆ و ئێواران ئەینۆشین، شەوانە ئەینۆشین
ئەینۆشین و ئەینۆشین.

[24] مەبەست لە ئەڤینی ڕەش (قەرەسەڤدا) لە تورکیدا هەمان ئەڤینێکی دەستپێڕانەگەیشتووە، ئەڤینێک کە تاکلایەنەیە و هەندێ جار مەحاڵە.

ژان ئەکا، هێدی هێدی، دڵگران و،
ئینجا چرۆیەکیش بە تامی خوێن،
ئەچکێتەوە، دڵۆپ دڵۆپ لە میسراعەکانتا..

دە بڵێ، ئەی ڕەشی شێرم،
دە بڵێ، ئەی ڕەشی دلاوەرم،
نووسینی کام قەڵەمە
ئەو نووسراوە دژوارەی
سەر ناوچەوانت؟

نیشانەی زگماکە،
یا مۆری باروتی تێکەڵ بە شیر،
یان پارچەیەک لە شەو وا
لە پەراسووەکانت چەقیوە؟
پەرچەمی کچێک، چۆن لەشی خستویتە کەڵکەڵە،
دەستەکانیشت، شێت و دڕندە،
دەستەکانت، تینوو و گڕگرتە.

دەستەکانت، ئاااخ بڵێسەیەک لەبەر بادا...

دە بڵێ، ئەی ڕەشی شێرم،
دە بڵێ، ئەی ڕەشی دلاوەرم،
جێدانی کام دولبەرە،
جێگەزینی شینبۆوەی،
بەجێ ماوە لەسەر عەشقت؟

لێی داوی،
سێبەری تێکچڕژاوی ئاسنەکان،
ناوچەوانت براوە و فێنک.
لەو ڕۆژەوەی ناوت نووسرا، چەند ئەستێرە کشان؟
چەند بەهێ زەرد بوون و چەند کچ دڵیان دۆڕاند؟
نەهاتن، بەڵام هیچ کامیان...

دە بڵێ، ئەی ڕەشی شێرم،
دە بڵێ، ئەی ڕەشی دلاوەرم،

شنەی کام ژارە
هەڵی کردووە و
لە خولیات ئاڵاوە؟

دۆستی ڕاستەقینەت بوو،
مامۆستایەک کە گیانت لە گرەویا دانا،
یان دوژمنێک کە هەرگیز نەخەوت؟
دە بڵی «ئۆۆۆف»، دەبوو هەموو ئەمانەش بن؟

دە بڵێ، ئەی ڕەشی شێرم،
دە بڵێ، ئەی ڕەشی دلاوەرم،
خەنجەری کام قەحبە،
لەو خەنجەرە شاراوانە،
وا لە برینتا؟

## ڕامانێک لە شیعری «ڕەش»:

شـــیعری «ڕەش»یش یەکێکـە لەو بەرهـەمـانـەی ئەحمەد عارف کە لایەنی جیاوازی هەســتەکی و زمانی لە خۆیدا هەڵگرتووە و بە باشی ئەوە نیشان دەدات چۆن ئەم شــاعیرە لە تێکەڵکردنی بیرۆکە ئەڤیندارانەکان، ســیمبۆلە ســروشــتییەکان، ژانە کۆمەڵایەتییەکان و وێنە نوێیەکاندا، زمانێکی سەربەخۆ و تایبەتمەند دەخولقێنێت. «ڕەشترین» توخمەکانی ئەم شــیعرە، جارجار باســی جیهانی تاریکی نـاوەوە دەکەن و جـارجـاریش ئـامـاژە بە ڕەشـــاییيە ســەپێنراوەکانی ســەر فەزای ســیاســی و کۆمەڵایەتی تورکیـای ئـەو ڕۆژگـارەدا دەکەن. ئەحمەد عـارف وەک شــیعرەکانی دیکەی، لە «ڕەش»یشـــدا لە چەند خاڵێکی سەرەکییەوە جووڵە دەکات: یەکەم، چەمکی «ڕەشایی» لە ئـەڤین و ژانـدا؛ دووەم، زمـانی دایکیی و دەربڕینی نافەرمییانەی تورکی کە زۆر نزیکە لە گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵکەوە؛ سـێیەمیش، تێکەڵاوی ژانی کەسـی و گشـتی کە هەمیشـــە بەشــێکی جیانەکراوەی جیهانی شــیعرەکانی ئەحمەد عارفە.

لە هەر ســەرەتاوە، شــاعیر چەندین جار وشــەی «ڕەش» بەکار دەهێنێت. ئەم دووبارەبوونەوەیە ئاماژەدانە بە ڕەهەندە نوێ و جیاوازەکانی «ڕەشایی». لە کولتووری

توركی و بێگومان زۆری تریشـــــدا، «ڕەش» دەتوانێت بە ئاماژە بێت بۆ تێگەیشتنێکی وەک خەم، ماتەم، سەرکوت و ســـــنووردارکردن ؛ بەڵام هەر ئەم وشـــــەیە دەتوانێت لە ڕەوتی فۆلکلۆر یان کارکردنی ڕۆژانەدا، نیشـــــانەیەک لە دەسـەڵات، پێگەیشـتن، شـۆڕ یان تەنانەت عەشـقێکی قووڵ بێت، هەروەک لە دەربڕینی «قەرەســـــەڤدا»دا بە واتـای عەشـــقی پڕشـــۆڕ و بڵێســـەدار بەکار دەهێنرێت. ئەحمەد عارف بە زاڵبوون بەسەر ئەم چەند لایەنییەدا، دەرگای فرە و دژ بە یەک دەکاتەوە.

لە دێڕەکانی ســـــەرەتادا، لەگەڵ دیمەنێک بەرەوڕوو دەبینەوە کە وەک بڵێی هێزێکی جووڵێنـەر خراوەتـە نێو «ئەو/تۆ»وە و «پارچەپارچە»ی کردووە. دەربڕینی «لێی داوی، پارچەپارچەی کردوی» لە ســـــەرەتادا، وێنەیەک لە زەبر و توندوتیژی دەخاتە ڕوو، بەڵام دەســـــتبەجێ لەگەڵ پێکهـاتەی «شـــــیری ڕەش» و «ئـەڤینی ڕەش» پێکەوە دەبەســـــترێتەوە. شـــیر، هێمای خۆراکپێدان، دایکایەتی و ژیانبەخشینە، لە کاتێکدا ڕەشایی دەتوانێت لایەنێکی نەرێنی یان تۆقێنەری بۆ زیاد بکات. ئەم دژیەکییەی شـــیر، کە لە بنەڕەتدا سپییە، لەگەڵ ڕەش و لە پاڵ یەکتردا، ناکۆکییەکی توند دروست دەکات. وەک بڵێی شاعیر هەوڵ دەدات بڵێت ســـــەرچاوەکانی ژیان لەم بارودۆخەدا، تاریک کراون و

پاکێتیی سەرەتایی کە بە گۆشکردنی شیری دایک دەست پێ دەکات، چیتر ڕەنگی نەماوە. لە هەمان کاتدا، ئەم شیرە ڕەشە تیلنیشانە بۆ شیعرە بەناوبانگەکەی پۆڵ سیلان (Paul Celan) واتە «فوگی مەرگ» (Die Todesfuge) وەک یەکێک لە بەناوبانگترین شیعرە نارەزایەتییەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی لەبارەی نەهامەتییەکان و ئاماژە سیمبۆلیکییەکانی هۆلۆکۆستەوە نووسراوە. دەربڕینی «شیری ڕەشی سپێدە» ( Schwarze Milch der Frühe) بەشێوەیەکی سەرەکی لەم شیعرەدا دووبارە دەبێتەوە و ناوەرۆکی تاریکی، ئازار و مەرگ بەرجەستە دەکات. ئەحمەد عارفیش لە دێڕی دواتردا دەڵێ «لە مەمکە ڕەشەکانیدا، ددانەکانت یاخی»؛ بەم وێنەیە، عەشق و تووڕەیی تێکەڵ دەکات، هەستێک دەخولقێنێت کە کەفوکوڵی ئاخێوەر یا دڵدار لە بوارێکی ئەڤیندارانەوە بە یاخیبوونێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبەستێتەوە. ددانە یاخیبووەکان نیشاندەری ئامادەیی یان دەستەویەخەبوونن و ڕەشبوونی مەمکەکانیش دەتوانێت ئاماژە بە لێکچوون یان هاوئاهەنگی لەگەڵ ژینگەیەکدا بکات کە لە بەندەکانی دواتری شیعردا، برینە قووڵەکان و تاریکیی درێژخایەن تێیدا دەردەکەون.

شاعیر ڕوو بە «ئەو/خۆی» دەڵێت شەوێک کە تێیدا ڕاکشاوی ڕەشە. ئەم شەوە دەتوانرێت بە شێوەیەکی خوازەیی بدرێتە پاڵ چەمکی «مەرگ» یان «زیندان»یش؛ چونکە شەوێکی درێژ و کۆتانەهاتوو کە تۆی لە خۆی گرتووە، دەتوانێت هەمان بێدەنگکردن بێت، یان بێئەنجامی ژیان لە دوورخرانەوە و زینداندا، یان تەنانەت جیابوونەوە لە خۆشەویست کە جارجار وەک شەوێکی هەتاهەتایی لەسەر گیانی مرۆڤ دەنیشێت. ئەحمەد عارف لە شیعرەکانی تریشیدا چەندین جار ئاماژەی بە «شەو»، وەک بارودۆخێکی داخرانی تەواو کردووە؛ "کە تەقەش دڕ بە تاریکی شەو نادات" نموونە یەکی ڕوونی ئەم باسەیە.

دێڕەکانی پاش ئەمە کەشێکی پڕ لە ئازار دروست دەکەن. وەک بڵێی لە جیهانێکدا کە پڕە لە منداڵ و باڵندە، وەک هێمای بێتاوانی و ئازادی، خودی شاعیر یان بەردەنگی شیعر تووشی ژانێک بووە، نە ناوێکی هەیە و نە نیشانێکی ئاشکرا. تەنیا هەست دەکرێت کە ئازارێکی شاراوەی «بێناو» لە شوێنێکی ناوەوەیدا لێ دەدات. ئەم سۆز یان سووتانە لەگەڵ کەشێکی ناڕەزایی و ستەملێکراندا پێکەوەن؛ هەر دەڵێی دڵەڕاوکێ یان برینێکی کۆن لە ناوەوە دەکولێت. ئینجا «چرۆیەکیش بە تامی خوێن»، خوازەیەکە لە شیعرێک کە زادەی ژانێکی

خوێناوییە و شیعر، وەک کردەیەک لە پاڵاوتن یان لەدایکبوون، خۆی دڵۆپ دڵۆپ بە دێڕەکاندا ڕەوت دەکات. لە کولتووری ئەحمەد عارفدا، شیعر هەمیشە لەگەڵ ژان، عەشق و خوێن تێکەڵاوە و ڕێگەی ڕزگاری یان لانی کەم دانپێدانان بۆ ڕاستی خۆش دەکات.

جوانییەکی ئەم شیعرە لە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەی «دەبڵێ ئەی ڕەشی شێرم ...»دایە. ئەم شێوە بانگکردنە و تێکەڵکردنی بە وشەکانی «شێر» و «دلاوەر» توخمێکی حەماسی هەیە، بەڵام «ڕەش» لێرەدا بیرهێنەرەوەی تاریکییەکە کە پاڵەوانییەکی پێوە زیاد کراوە. ئەحمەد عارف دەپرسێت کە ئەم چارەنووسە دژوارە لە کوێوە هاتووە؟ ئەم چارەنووسە لەوانەیە چارەنووسی مێژوویی نەتەوەیەک یان کەسێکی دیاریکراو بێت کە ئەوەندە لەگەڵ ژان و وێرانیدا تێکەڵ بووە وەک بڵێی ڕەشایی بەسەریدا سێبەری داداوە. بەردەنگی پرسیاری دووبارەی شیعرەکە، دەتوانێت خەباتکارێک بێت کە بە هۆی بیروباوەڕی ساڵانێک لە زینداندا بووە، یان کرێکارێک کە لە منداڵییەوە لە هەژاریدا ژیاوە یان تەنانەت مرۆڤێک کە کۆتی ئەوینێکی پڕئازار بەندی کردووە.

بەدوای ئەمەدا، جارێکی تر ناکۆکییەکی بەهێز لە نێوان بێتاوانی و توندوتیژیدا دروست دەکات. «نیشانەی

زگماک» دەتوانێت خاڵێک بێت کە لەگەڵ لەدایکبووندا هەبووبێت، بەڵام «باروتی تێکەڵ بە شیر» درکەیە لە ڕەگەزێک کە هەم ناسکییەکی هەیە و هەم توانای تەقینەوە. شاعیر دەیەوێت بڵێت لە ناو سینەی ئەم مرۆڤەدا، پارچەیەک لە شەو جێگیر بووە کە یان بە هۆی برینێکی کۆن یان نیشانەیەکی زگماکی لە ئەودا شێوەی خۆی گرتووە و هۆکاری جیابوونەوەی ئەوە لە بێتاوانییەکی ڕەها. لە هەمان کاتدا، «پەرچەمی کچێک» دێتە ناو وێنەکەوە و ئەم ئاماژە پڕسۆز و میهرەبانانە، کەشی هەستبزوێن و عاشقانە پڕڕەنگتر دەکات. ئەحمەد عارف چەندین جار باسی «دەستەکانت» دەکات و چیرۆکێک لە تووڕەیی، تینوێتی و ئاگرێک کە لە دەستەکانی دڵداردا هەیە، دروست دەکات.

پاشان بە تکاکردن لە ڕەشی شێر و دلاوەر جارێکی تر دەگەڕێتەوە و پرسیارێکی تر دەخاتە ڕوو: جێگەی گازی عاشقانەی کام گوڵڕووە وا لەسەر جەستەی ئەوینت ماوەتەوە؟ بۆچی جێگەی ئەم ددانانە شینە؟ وێنەیەکی سوریالی هەیە. ڕەنگە ڕەنگدانەوەی بەیتێکی عاشقانە بێت بە ڕەنگێکی تایبەتەوە یان بیەوێت لە جێگەی برین و گازی دڵدار قسە بکات، کە شوێنەوارێکی سیمبۆلیکی لەسەر ڕۆح و لەشی عاشق بەجێ هێشتووە. ئەحمەد عارف لە کاتی

پیشاندانی ژان و برینداا، هەمیشە ئەوینێکی توند و گڕگرتە لەبیر ناکات؛ ئەوینێک کە لەوانەیە برینێکی لەسەر گیان بەجێ هێشتبێت، بەڵام هێشتا مایەکەفوکوڵی ژیانە.

لە کۆپلەی سێیەمدا، شاعیر لەبارەی سێبەری ئاسنەکانەوە قسە دەکات. سێبەری تێکچڕژاوی شیشەکان یان ئاسنەکان، کە ڕەنگە شیشی زیندان بێ، یاخود خاچێکی هەمیشەیی و لەچارەنووسراو لەسەر نێوچاوانی دڵدار/تۆ، بەڵام ئەم نێوچاوانە «براوە و فێنک»ە. وەک بڵێی لە دڵی ئەم سنووردارکردن و حەسارە ئاسنینانەدا، جۆرێک خوێنساردی و باوەڕبەخۆبوونی شاراوە هەیە. ئەو لە درێژەدا باسی ساڵانێک دەکات کە تێپەڕیون؛ مرۆڤ هەست دەکات کات تێپەڕیوە، وەرزەکان گۆڕاون، گەنجان عاشق بوون، ئەستێرەکان کشاون و ساڵان لە ڕەوتی خۆیان نەوەستاون، بەڵام بۆ ئەم کەسە یان ئەم کۆمەڵە لە کۆتدا، هێشتا هەواڵێک لە کرانەوە یان ڕزگاری نییە. دنیا لە دەرەوە لە حاڵی تێپەڕینە؛ میوەکان پێگەیشتوون و زەرد بوون، بەڵام هیچ کەس بۆ یارمەتی نەهاتووە.

لە درێژەدا، لە هەڵکردنی شنەیەکی ژەهراوی دەپرسێتەوە، کە لە خەون و خولیای «ئەو»ەوە ئاڵاوە. ئەمەش دەتوانێت خوازەیەک لە هیوا شاراوەکان بێت کە لە کاتێکدا دەبێت ببنە هۆی شادی، بەڵام خۆیان هۆکاری ژان

و ژەهراویبوونی زیاترن. لە شـیعری ئەحمەد عارفدا، زۆر جار نەسیم و شنە لەگەڵ چەمکەکانی ئازادیدا پەیوەستن؛ بەڵام لێرەدا ڕەنگێکی ژەهرینیان هەیە. وەک بڵێی ئازادیی بەرچاو، خۆی بووەتە مۆتەکەیەک کە مەودای نێوان واقیع و ئارەزوو ئاشـــکراتر دەکات. یان ڕەنگە ئاماژە بە بەڵێنە درۆیینەکانی ســـیاســـییەکان بێت کە وەک هەڵمژینێکی شـــیرین دەردەکەوێـت، بەڵام لە کردەوەدا ژەهرێکی گیانکێشی لەگەڵدایە.

پرســـیارکردن لـە «دۆســـتی ڕاســـتـەقینـە» و «مامۆســـتایەک» و «دوژمنێک»، بە تایبەت لە بەســـتێنی کەشـــی ناڕەزایەتی و ســـیاســـیی ئەحمەد عارفدا، لەوانەیە ئاماژە بە ئاڵۆزییەکانی خەباتی سیاسـی بکات: دۆسـتانێک کە لە هەڵوێستی خەنجەرلێداندا دەردەکەون، مامۆستایەک کە گومـانمـان دەکرد جێگـای متمـانەیە، یـان دوژمنێک کە هیچ کات ئارام ناگرێت و هەمیشـە لە بۆسـەدایە. گومان و ناڕوونی لە شـــیعرەکەدا ئەوە نیشـــان دەدات شـــاعیر لە چەندین جۆر خەنجەری شاراوە لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا دەپرســـێتەوە؛ خەنجەرێک کە دەتوانێت دۆســـتێک بێت و لەنـاکـاو خیـانەت دەکـات، یـان دوژمنێک کە هەمیشـــە لەبۆسەدایە.

لەکۆتاییشدا جارێکی تر پرسیار لە چەقینی خەنجەری ناپاکی لە برینەکانی «ئەو/خۆی»دا دەکات و شیعرەکە لە بارودۆخێکی هەڵواسراودا دەهێڵێتەوە. بە ڕواڵەت، ئەحمەد عارف وەڵامێکی ڕوونی بۆ ئەم ڕەشایی و برینە کۆنە نییە. لە ڕاستیدا، ئەو دەڵێت: چارەنووست بەم شێوەیە ڕەشە؛ دەبێت بڵێی کێ تۆی وا بریندار کردووە. کێ خەنجەرێکی لە دڵ یان گیانتدا شاردووەتەوە؟ ئایا لە بنەڕەتدا وتن یان زانینی وەڵامی ئەم پرسیارە، چارەسەری ژانێک دەکات؟ لێرەشدا بەردەنگی شیعر، وەک زۆرێک لە شیعرەکانی عارف، لەوانەیە خەباتکار، دوورخراوە، عاشقی بریندار یان تەنانەت هەموو ئەو خەڵکانە بن کە لە ژێر نیری هەژاری، سەرکوت و عەشقە ناکامەکاندا دەژین.

لە ڕوانگەی شێوازناسییەوە، شیعری «ڕەش» وەک زۆرێکی تر لە شیعرەکانی ئەحمەد عارف، لە نێوان ڕیتمی پەخشانئاسا و کێشێکی ئازاددا دەجووڵێت. دووبارەکردنەوەی خولاوە، ڕەنگوبۆی پێکهاتەیەکی وەک سرود یان گۆرانییە کۆنەکانی تورکیا بە شیعرەکە دەدات. دەنگێک کە لە دڵی کولتووری میللییەوە هەڵدەستێت، جۆرێک لە ئاواز و گەڕانەوەی ناوچەیی دەگێڕێتەوە. ئەم ڕەوتە، هەستی نزیکبوونی شیعر لە بەردەنگ زیاد دەکات

و خوێنەر لەگەڵ کەشـــی فۆلکلۆریکدا وێک دەهێنێتەوە؛ کەشـــێک کە تێیدا پرســـیار و وەڵام، جۆرێک گفتوگۆی مۆســـیقایی دەخوڵقێنێت. ئەم دووبارەبوونەوانە، ڕەهەندی عاتیفی شـــیعریش پڕڕەنگتر دەکەن: شـــاعیر بەردەوام بە تۆنێکی پرســـیارکەرانە و هێزبەخشـــەوە دەڵێت «بڵێ ئەی ڕەشـــی شـــێرم» هەتا بە هەر جارێک بانگکردن، قووڵاییی پەیوەندی و شۆڕی قسەکەی زیاتر بخاتە ڕوو.

ئەم شـــیعرە لە ڕووی تەکنیکی و گیانەکیشـــەوە، نموونە یەکی ترە لە توانای ئەحمەد عارف لە گۆڕینی ژانە تاکی و گشـــتییەکاندا بۆ وشـــەگەلێکی پێکەوە بەســـتراو و تەنراو، کە جـارجـارە وەجۆشـــهێن و جـارجـارەش خەمبارکەرن. ئەو بە شارەزاییەوە لە نێوان دنیای هەستی دڵدار و جیهانی ســـیاســـی و کۆمەڵایەتیی دەوروبەریدا پەیوەندی دروســـت دەکات. لە ســـاتێکدا لە برین و جێگەی ددان قسە دەکات، لە ساتی دواتر لە ئاسنە تێکچڕژاوەکان، نیشـانەیەک لە زیندان، جەنگ یان کۆتەکانی ستەم نیشـان دەدات. هەر ئەم تێکەڵاوییە لە کۆتاییدا وێنەیەک لە ژیان لە نیشتمانێکی «ڕەش»دا دروست دەکات؛ نیشتمانێک کە یان دەبێت بە عەشقی یاخی ڕزگاری بکەیت یان ژانی تێکەڵ بە یاخیبوون قبوڵ بکەیت کە ئەم چارەنوسە تاریکەش لەسەر دڵەکان هەڵکەنراوە.

## ئەم زیندانە، ئەم تێکشکانە، ئەم گیانبازارە

بینییان
حەوت جیهان،
جن و پەرییەکانی ئەودیوی کێوی قاف،
تەنانەت لە قاتوقڕی، لە بەڵاشدا
تێگەیشتن چ مناڵانێک دەخەنەوە دایکان
ئەمان ئەمان، هەی...

جیهانگەلێ هەن ڕەنگاوڕەنگ،
لە دڵۆپێک ئاوا، لە سەرەموویەکا،
میوەگەلێک هەن، میوەگەلێک
بێدرەخت، بێپەل،
کە شەیدای تۆن، دۆستی تۆن.
ئەملا، تەوری پیسی قابیل

و ئاشەکانی خوێن
قەحبەی چارەنووس.
ئەولا، شەیپورچییەکانی مەرگی خائین،
کە لەگەڵ کەوتنی هەر دلێرێکدا،
ئامادەن بۆ بەخشینی شەرەف.
تیمساح، ڕۆڵەکەی خۆی ئەخوات،
تا کاتێک ئاو شێلو نەبووە.
جادوگەر، هەویری درۆ کێوبەکێو ئەشێلێ
ئەمان ئەمان، هەی...

ئەم زیندانە، ئەم تێکشکانە، ئەم گیانبازارە
بەسەرهات نییە.
ژیانە، «ژیان»ی سادە
کە ئەبێتە خۆراکی قەوزە و کرم.
ئاوها ئەپشکوێ موراد.
گەرچی بێئاو، بێخۆریش بمێنێ، لەتوکوتی کەن،
درەوشانەوەی هەر لە گوڵەبەرهەورەکان جوانتر،

ئەفسونیتر و خۆشبۆترە.

ئەم زیندانە، ئەم تێکشکانە، ئەم گیانبازارە
بەسەرهاتێک نییە،
سەبری زێڕینی خاکی لەباوەشگیراوی منە.
ئەو خەمە ڕەق و پیاوانەیە کە لە وەختی خۆیدا
جگەرەیەک نییە.
دڵدارەکەشم لە خەویدا هاوار ئەکات
ئەمان ئەمان، هەی...

لە شنەبادا، تامێک هەیە وەک لێواری گوێزان،
یەکێکی تری، وەک مەمکی کچ، ئەفسوناوی،
وەک بارانێک کە تنۆکێکی تێکەڵە بە نەفرین،
تنۆکێکی تری، ئەڤین.
خەونەکانت خیانەتکارن،
خەیاڵەکانت برایانە.
دەبیستی ئایا، تێدەگەی، دڵت بەژان دێ؟

شەو تا هەڵکردنی با لە کاکێشانا،
شیعرەکانم برایانە هاوار ئەکەن
ئەمان ئەمان، هەی...

سەراب کۆتاییەکی هەیە،
ئاسۆ، ئەو زنجیرە چیایانەش.
باڵندە و ڕەوەندە، ئاکامێ،
بەڵام تۆ، کۆتاییت نییە تۆ.
گامێش و ئەسپیندارەکان بازاڕیان ئەبێ،
تۆ هەرگیز، ناکرێ.
بێ تۆ هەنار ناتەقێت، ساوا گڕوگاڵ ناکا.
نە سنگی پشکوتووی کچەکەم،
نە هیچی تر،
منی ئاوها شاعیر و دەردەدار نەکرد،
بێجگە لە تۆ.
بە حورمەتی ڕوخساری تۆیە
کە ژیان ئەخزێنێتە نێو گەنم و گوێزەکانەوە،

## شیری سپی خاکی ڕەش...

بتزانیبا بریا، سایەی خەم و تاسەی بۆ کێ
تێئەگەیشتی ئەوسا، ئایا ئەحەپەسای و ئەگریای؟
بتزانیبا بریا، براکانم چەند ئازیزی گیانن و،
بتزانیبا چۆن ئەم دیوارە،
هەموو شەوێک،
لێم ئەدات.
هەموو ئێوارەیەکیش،
خەمی ئەڤینی ڕەشی من قورستر ئەبێت...
ئەمان، ئەمان، هەی...

## ڕامانێک لە شیعری «ئەم زیندانە، ئەم تێکشکانە، ئەم گیانبازاڕە»

ئەم شـــیعرە لەو دەقانەیە کە هاوکات چەندین چینی واتایی لەخۆ دەگرێت: لەلایەکەوە بیروبۆچوونی فەلســەفی و کۆمەڵایەتیی شــاعیر ســەبارەت بە ئازار و ســتەمەکانی ســــەردەم تێیدا شـــەپۆل دەدات، لەلایەکی دیکەوە دەنگی عاشقێک و مرۆڤێکی ئازارچەشتوو دەبیستین کە دەیەوێت لە ڕێگـای تێکەڵاوییـەک لە زمـانی ئەفســــانە، واقیع و خوازەوە، بەشـــی خۆی لە «ژیان» و «شـــەرەف» داوا بکات. ناونیشانی شیعرەکە، سێ وشەی سەرەکی دەخاتە بەرچاومان: «زیندان»، «تێکشـــکان» و «بازاڕی گیان»، واتە بارودۆخێک کە ژیان و بوونی مرۆڤ دەخاتە گرەوی هەلومەرجێکی ڕەق و نادیارەوە. لە ڕێگای ئەم ناوەرۆکەوە، ئەحمەد عارف جارێکی دیکە خۆشـــەویســـتیی خۆی بۆ خەڵک و نیشـتمان پیشـان دەدات و تووڕەیی و شـۆڕشـی خۆشـــی لە بەرامبەر نایەکســـانی و ناڕاســـتییەکانی سەردەمەکەیدا دەردەبڕێت.

ئەگەر سـەرنج بدەینە دێڕەکانی سـەرەتای شیعرەکە، دەبینین بە یـادکردنەوەیەک لە حەوت جیهـان و جن و پەرییەکانی ئەودیوی کێوی قاف، کەشـــێکی تا ڕادەیەک ئەفســــانەیی دەخوڵقێنێـت. کێوی قــاف لە ئەدەبیــاتی

ڕۆژهەڵاتیدا هەردەم سـەرزەمینێکی دوور و ئەفسـانەیی بووە کە لە پشـتییەوە جنۆکە و پەرییان ژیاون. ئەحمەد عارف بە ئاماژەکردن بەوە، دوورترین خاڵەکانی خەیاڵ و ڕاسـتی تێکەڵ دەکـات تـا گوێگر ئـامـادە بکـات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جیهـانێـک کە تێیـدا، ئـازار و ڕەنج، بەشـێکە لە ڕەگەکانی بوون. لە درێژەدا، ڕسـتەیەک بەکار دەهێنێت دەنگدانەوەی هیوایەکی بەهێزی تێدایە: تەنـانەت ئەگەر قـاتوقڕی و بـەڵای مـەرگ و دڕنـدەییش هەبێـت، چاوەکانی دنیا، یان ئەم بوونەوەرە بانسـروشـتییانە، بینیویـانە کە «چ منـاڵانێـک دەخـەنـەوە دایکـان». ئەم دەربڕینە، هەمان بڕوا بنەڕەتییەکەی شـاعیرە بە داهێنان و لەدایکبوون: ئـارەزووی ژیـان، هیوا و هێزی ڕزگـاربوون، کە لە ناو تاریکترین ڕۆژگاریشـدا دەردەکەوێت. دایک، لە شـیعرەکـانی عـارفـدا، هێمـایەکە لە بەردەوامی ژیـان و ڕەگـداکـوتـانـی مـرۆڤ، تەنـانەت لە سـەرزەمـینە سەرکوتراوەکان بە زوڵم و نەزانی.

لە هەمـان کۆپلە و تـەواوی کۆپلەکـانی دواتردا، «ئـەمـان، ئـەمـان، هـەی...» دووبـارە دەبێتەوە، کە دۆخێکی سـرووددئاسـا و مۆسـیقایی دەبەخشـێتە شـیعرەکە. ئەم دەسـتەواژەیە عارف لە بەرهەمەکانی دیکەشـیدا بەکاری هێنـاوە بۆ ئەوەی جۆرێـک لە "خۆبەئەوانزانین" لەگەڵ

دابونەریتی زارەکی و حەماسی خەڵکی ئەنادۆڵدا دروست بکات. ئەم دەربڕینە دەتوانێت دەربڕینی سەرسوڕمان بێت، یا نالّەی حەسرەت، یان بانگێک بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکانی دیکە بێت. هاوکات، کێش و ئاهەنگی وشەکان لە گۆرانییە خۆجێییەکان نزیک دەکاتەوە و هەستێکی بەکۆمەڵ یان گیانەکی بە خوێنەر دەبەخشێت.

کۆپلەی دووەمی شیعرەکە، ئاماژەکردن بە هەبوونی جیهانگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ دەکات و پەرەسەندنی جیهانبینیی شاعیر ئاشکرا دەکات. ئینجا باس لە دڵۆپەئاوێک یان سەری تالّەموویێک دەکات کە دەکرێت جیهانێکی دیکەی لەخۆیدا هەڵگرتبێت. ئەم وێنەیە، ئاماژەیەکی ناسکە بۆ تێگەیشتنی عارف لە سەرسوڕهێنەریی بوون، چونکە لە بچووکترین شتەکانیشدا دەکرێت جیهانێک بدۆزیتەوە. پاشان دەڵێت میوەگەلێک هەن نە درەختێکیان هەیە و نە لقوپۆپێک، بەڵام دڵدار و دۆستی تۆن. ئەم دەربڕینە خوازەییە، دەڵێی ئاماژە بە هاندەر و دەستکەوتەکان دەکات کە لەگەڵ نەبوونی سەرچاوەی دیار یان پشتیوانیی ڕوون، لە خزمەتی تاک و کۆمەڵدان. لەوانەیە بتوانین ئەم «میوانە» وەک هێمای بیرۆکەکان، شیعرەکان، یان تەنانەت بیروبڕواکان دابنێین کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە

مێشک و کرداری مرۆڤدا چرۆ دەکەن، بێ ئەوەی حەتمەن ڕەگێکی ئاشکرایان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان سیستەمی سیاسیدا هەبێت. لە بەرامبەر ئەم وێنە ناسکەدا، شاعیر لەلایەکی دیکەوە، وەک سەرچاوەکانی وێرانی و تاوان، ئاماژە بە «تەوری پیسی قابیل» و «ئاشەکانی خوێن» دەکات. ئەمەش دژیەکییەکە لە نێوان جوانیی بێگەرد و خراپەی کۆندا. ئەحمەد عارفدا لێرەدا دەرکەوتەیەک لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەمیشەیی چاکە و خراپە لە زەیندا زیندوو دەکاتەوە. ئەو، بە هێنانی ناوی قابیل، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە یەکەم نموونە ی براکوژی لە ئەفسانەکانی ئایینە ئیبراهیمییەکاندا دەکات و بەم شێوەیە خراپەی مرۆیی وەک بابەتێکی کۆن و ڕەگدار دەنوێنێت. لەم فەزایەدا، مەرگ و وێرانی بە شێوەیەک چالاکن هەر دەڵێی بە یارمەتی "شەیپورچییەکانی مەرگ" زیندوون؛ ئەوانەی کاتێک مرۆڤە ئازاکان زیانیان بەر دەکەوێ، ئامادەن «شەرەف»یان بخەنە مەزادەوە. ئەم بەشەی شیعرەکە، پووچیی توندوتیژی پیشان دەدات و بەردەوامی ئەم بازنەیە بە تیمساحێکەوە دەبەستێتەوە کە وەختێ دەزانێ ئاوژینگەکەی کەم دەبێتەوە، بەچکەکەی خۆی دەخوات بۆ ئەوەی مانەوەی خۆی دەستەبەر بکات. دەڵێی بەشێک لە سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەکی دڕندەیی کار دەکات و بەرژەوەندیی تاکەکەسی لە سەرووی هەموو بەهاکانەوە

دادەنێت. لەم دۆخەدا «تا کاتێک ئاو شـــێلو نەبووە»، ئەو هەڕەشــە ســروشــتی/کۆمەڵایەتییانە لە بۆســەدان نیشــان دەدات. ئەم دێڕانە کورتەیەکن لە بــاوەڕی شـــــاعیر بە تۆڵەســەندنەوە و مەرگە ڕەگدارەکان کە مێژووی مرۆڤیان پێک هێناوە و دەڵێی هەموو جارێک بۆ ڕاوی تازە ئامادەن. «جـادوگـەر»یش هێمـای هێزە نـەرێنییـەکـان و دوژمنـانی هەقیقەت یان کەسـانێکە دەسـت بۆ درۆ و فێڵکردن دەبەن. بۆیـە «هـەویری درۆ کێوبـەکێو دەشـــێلێ» ئـامـاژەیـە بۆ کردەی دروســتکردن و بڵاوکردنەوەی درۆگەلێکی گەورە، بەجۆرێک کە درۆســـــازەکان و فێڵبـازەکان وەهـا کـاری خۆیـان ئـەنجـام دەدەن هــەر دەڵێی دەتوانن تـەنـانـەت کێوەکانیش بخەڵەتێنن.

لــە کۆپلەی دواتردا، بــە نــاوهێنــاوەی «زینـدان»، «تێکشـــکان» و «گیانبازاڕ»؛ و بە دڵنیاییەوە دەڵێت ئەمە بەســەرهات و حیکایەت نییە. ئەحمەد عارف دەیەوێت ئێمە تێبگەین کە بارودۆخی سەرکوت و شەڕ یان ئەو مردنانەی باســـی دەکات، چیرۆکێکی ڕۆمانتیکی یان ئەفســـانەیی ســەرگەرمکەر نییە، بەڵکو بەشـێکی تاڵ و ڕاسـتەقینەیە لە ژیانی مرۆڤی ئەمڕۆ (یان دوێنێی ئەو). واتە ژیـان ئەگەر تەنیا بە مانەوە ســـنووردار بێت و تەنیا لە ئاســـتێکی ســـەرەتاییدا بەدوای چارەســـەرکردنی پێداویســـتییە

جەستەییەکان یان هەوڵدان بۆ نەمردن بێت، جیاوازی نییە لە ژیانی گیانلەبەرە نزمەکانی وەک قەوزە و کرم. ئەم ڕەخنەیە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لەبری ئەوەی ئایدیاڵی و هۆشیارانە بژی، هەندێک جار لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە سەرکوتدا، تەنیا بە بەردەوامی ژیانی ڕووەکی ڕازی دەبێت. بەڵام شاعیر پێی وایە مراز و ئارەزووەکان وەها چرۆ دەکەن و دەپشکوێن و تەنانەت ئەگەر بێئاو و بێخۆریش بمێننەوە، یان ڕووناکیشی لێ ببەن، دیسانەوە دەتوانێت جیلوەیەکی بەهێزتر و درەوشاوەتر لە گوڵەبەرهەورییەکان یان ڕاستییە باوەکان بێت. ئەم بەندە، ڕوونکەرەوەی هەمان دیدگا بەرگرییەکەی شاعیرە: باوەڕ بە ئەوەی کە تەنانەت لە سەختترین هەلومەرجدا، هیوا، جوانی و ئارەزوو ناکوژرێنەوە. مەبەستی ئەوەیە هێزی ناوەکی مرۆڤ ــــ هەمان ئارەزوو و ویستی کۆتایی ـ دەتوانێت لە ناو سەختترین زیندان و سەرکوتەکانیشدا گیان ببەخشێت.

ئینجا لە بەندی دواتردا شاعیر پەیوەندیی خۆی لەگەڵ زەوی و نیشتمانەکەیدا ئاشکرا دەکات و ئەو مەینەتییە لە زێڕیش بەنرختر دەزانێت؛ دەڵێی ئەو ئازارەی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەرگەی دەگرن، یان گوشاری زیندان و کوشتار، هەمووی بەشێکن لە سەبری زەویی دایکی.

ئەم دەربڕینەش ئاماژەیە بۆ چەمکی (سەنگی سەبور)، وەک بەردێک کە بەرگەی باری هەموو خەم و گوشارێک دەگرێت، بەڵام هەندێک جار تاقەتی تەواو دەبێت و لە خەمان دەتەقێت. شاعیر لە درێژەدا، خەمێکی تاڵ، بەڵام پیاوانە وێنا دەکات بەجۆرێک ساتەکانی ژیان داگیر دەکات؛ خەمێک کە تەنانەت جگەرەش ناتوانێت دایبمرکێنێتەوە. تا دەگاتە ئەوەی باسی هاواری دڵدارەکەی بکات لە خەودا، کە پیشان دەدات هاواری بێدەنگی عەشق لە خەویشدا دەبیسترێت؛ ئەم عەشقە دەتوانێت عەشق بۆ دڵدار، یان عەشق بۆ ڕزگاری، یان تەنانەت عەشق بۆ ئایدیاڵێکی گەورە بێت. ئەم بەشەی شیعرەکە، کەشی خەو و خەیاڵ لەگەڵ واقیعی زیندان و وێرانی دەبەستێتەوە بەیەکەوە و بیرمان دەخاتەوە کە گرژی ئازار و شۆڕوشەوق تەنانەت لە قووڵترین چینەکانی ناهۆشیاری مرۆڤیشدا بەردەوامە.

لە بەندەکانی دواتردا، عارف لەناکاو وێنەیەکی جیاواز دێنێت. تابلۆیەک بە شنەبا دەکێشێت بۆ باسکردنی دووفاقییەکانی ژیان: شنەبا، دەتوانێت شیرین بێت و بڕەریش وەک لێواری گوێزانی کافرمان، یان ئەفسوناوی وەک مەمکی کچ، یاخود بارانێک کە بەشێکی تووڕەیی و نەفرینە و ئەوی تری هێمنی و ئەوین. ئەم دووفاقییە لە شیعرەکەدا پیشان دەدات هەر دیاردەیەکی سروشتی یان

مرۆیی دەتوانێت لە یەک کاتدا مەرهەم و برینیش بێت. لێرەدا دیاردەگەلێکی وەک عەشق، تووڕەیی، باران، شنەبا، لە هەموو شێوەکانیاندا ڕاستەقینەن و چارەیەک نییە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەیان. لە درێژەی هەمان کۆپلەدا، دەڵێت خەوەکانی تۆ سەرباری ئەوەی ناپاکن، بەڵام خەیاڵەکانت برایانەن. یان لە شوێنێکی دیکەدا ڕوو لە بەرامبەر، کە ڕەنگە خۆی، گەل، یان دڵدارەکەی بێت، دەدوێت کە ئایا دەبیستی و تێدەگەی لەم ئازارە؟ تا کاتێک لە کاکێشانی ڕێگەی شیریدا با هەڵناکات و شەو ناگاتە لوتکەی خۆی، دێڕەکانی من، تۆ وەک برا بانگ دەکەن. ئەو پەیوەندییە برایەتییەی کە ئەحمەد عارف بەردەوام لە شیعرەکانیدا دەیهێنێت، دەربڕی جۆرێک لە هاوپەیوەندی مرۆیی و هاوخەمییە لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی چارەنووسێکی هاوبەشیان لە سەرکوت و ئازار هەیە.

پاشان شاعیر دەربڕینێک دەهێنێت کە مەودای ناوەرۆکەکانی شیعر لەوەی ئێستا بەرفراوانتر دەکات. بەو واتایەی سەراب و ئاسۆی چیا ڕەنگە کۆتاییان هەبێت؛ باڵندەکان و چوارپێی ڕەوەندەیش دواجار ئاکامێکیان هەیە و لە شوێنێک ڕادەوەستن، ئاژەڵ و کەرەستەکان دەکرێ بفرۆشرێن، بەڵام «تۆ» نەکۆتاییت هەیە و نەدەفرۆشرێیت. ئەم «تۆ»یە وەک وتمان لە شیعری ئەحمەد عارفدا،

تێکەڵاوێکە لە نیشـــتمان، ئازادی، خەڵک، دڵدار و نموونەی باڵاتر. دەڵێی ئەم دڵدارە/نیشـتمانە ئەوەندە فراوان و قووڵە کە هیچ بازاڕ یان کۆتاییەکی لێ چاوەڕوان ناکرێت. لە درێژەی هەمان ڕوانگەدا، دەڵێت بێ تۆیە کە سـروشـت لە کردەی ئـاسـاییی خۆی دەکـەوێـت و بـەبێ تۆ من نەدەگەیشـــتمە پایەی شـــاعیری و ئەم شـــێتییە، چونکە مەسـەلەیەکی گەورەتر لە جوانییە سادە و سروشتییەکان هـەیـە، ئەویش بریتییـە لـە مـەسـەلـە کۆمـەڵایـەتی و سـیاسـییەکانی مرۆڤ. ئەم بەشـەی شـیعرەکە، لوتکەی ستایشی ئەحمەد عارفە لەو هێزە مەزنەی ژیان دەپارێزێت: هێزێک کە دەکرێت هەم عەشـــق بێت و هەم خەڵکیش. لە ڕاستیدا، ئەو هەموو بوون لە خزمەتی بوون یان بەرەکەتی ئەم «تۆ»یەدا دەزانێت.

دێڕەکانی کۆتاییی شـــیعرەکە، جارێکی دیکە ئێمە دەگوازێتەوە بۆ فەزایەکی پڕ لە حەسـرەت و خەم. شـاعیر دەڵێ ئەگەر بتزانیایە چ کەسـانێک لە خەم و خەفەتی تۆدا ماونەتەوە، دەتوانی یان تێبگەی یاخود لە سـەرسـوڕمانتدا فرمێسـک بڕێژی. ئەحمەد عارف باس لە گیانپاکیی هەموو خۆشەویستان و دڵسۆزەکانی دەکات. بەڵام لە هەمان کاتدا باس لە ئازارێک دەکات لە کاتی دەکەوتنی ئێوارە و شەودا هەتا دێت قورسـتر بەسـەریدا دادەڕژێت و ئازاری عەشـق

زیاتر دەکات. لێرەدا ڕوون دەبێتەوە شـیعرەکە هاوکات لە چینێکی سـیاسـی ـــ کۆمەڵایەتی و لە چینێکی تایبەتی-عاشـقانەدا دەجووڵێت. «ئەڤینی ڕەش» لە ئەدەبی تورکیدا زۆربەی کات ئاماژەیە بۆ عەشـــقێک کە توندی و تاڵی زۆری تێدایە. ئەو لەلایەکەوە حەسـرەتی نیشـتمانی هەیە، لەلایەکی دیکەوە بیر لەو هاوڕێ و هاوخەباتانە دەکاتەوە کە لە بەنـددان یـان بوونەتە قوربـانی. تـایبەتمنـدیی ئەم شــیعرەش وەک ســەرلەبەری شــیعری ئەحمەد عارف لەوەدایە، تەنـانەت بە بـاســکردنی هەموو تـاریکی و ئازارەکان، دیسـانەوە دەنگێک لە عەشـق و بەرزنرخاندنی ژیان تێیدا بەردەوامە.

ناونیشـــانی «ئەم زیندانە، ئەم تێکشـــکانە، ئەم گیانبازارە» لە ڕاسـتیدا کورتکراوەیەکە لە بارودۆخێک کە ئەحمەد عارف لە زۆربەی شیعرەکانی دیکەشیدا دەپەرژێتە سەری: شوێنێک کە زەحمەتکێشان، کرێکاران، خەباتکارانی ســـیاســـی، ڕوناکبیران و تەنانەت منداڵە بێتاوانەکانیش، هەمـوویـان قـوربـانـیی دۆزەخـێـک دەبـن کە چـینە ســـەردەســـتەکان، حکومەتە ســـەرکوتکارەکان و ڕەوتە خوێنڕێژەکان وەڕێیان خستووە. ژیان دەبێتە بازاڕی گیان، چونکە هەمیشـــە دەبێت لە بنەوانی ژیانی خۆت باج بدەیت تا کەمێک مانەوە یان ئازادی بەدەســـت بێنیت. کەشـــی

تێکشکان وەها پیشان دەدات ئەم مەیدانە هەردەم بە مەرگ و خوێن و تێکهەڵچوون کۆتایی دێت و هەواڵێک لە ئاشتیی بەردەوام نییە. زیاتر لەوە، «زیندان» نەک تەنیا واتای ژووری تەنگ و داخراو دەدات، بەڵکو خوازەیەکە لە حاڵ و هەوا و گیرۆدەییی مرۆڤ لە بارودۆخێکدا کە مافی وتن و پێکەنینی نییە.

تێڕوانینێکی گشتی بۆ شیعرەکە ئەوە ئاشکرا دەکات ئەحمەد عارف لە دوو هێڵی تەریب سوود وەردەگرێت: یەکەمیان، نیشاندانی دیوێک لە شوێنەکانی جیهاندا مرۆڤەکان دەخوات و مێژوویەک لە زوڵم تۆمار دەکات؛ دووەمیشیان، باوەڕی بەوەی کە لە ناخی هەمان بارودۆخدا، هیوا، ئەڤین، دایکایەتی، لەدایکبوون و ئازایەتی هەیە و دەتوانێت تاریکی بڕەوێنێتەوە. ئەو چەندین جار بە وتنی «ئەمان ئەمان» ئەو ئاهەنگە فۆلکلۆری و حەماسییە بیر دەخاتەوە، تا گوێگر لەبیری نەچێت کە شیعر تەنیا دەربڕینی ماندووبوون و کارەسات نییە؛ بەڵکو ئاوازێکە لە کولتووری نەتەوەیی و هێزی کۆمەڵاتییەوە هاتووە. ئەم هێزە کۆمەڵاتییە لە کۆتاییی شیعرەکەدا هەرچەندە لەگەڵ حەسرەت و خەمدا هاودەمە، بەڵام هێشتا دڵ و سەرمان لە ڕووناکیی بێبەر ناکات. تەنانەت خەفەتی ئەو، ڕەگی لە دڵبەستەیی قووڵیدایە بۆ ژیان و خەڵک؛ لێرەدایە کە

پارادۆکســی شــیعری ئەحمەد عارف پێک دێت: خەفەت لە بینینی ســــتەم، بەڵام خەفەتێک کە هـانـدەری خەبـاتـە و عەشقیش دەتوانێت بەهێز بکات.

**ئەی هاوار!**

ئاگرەکان،
تەڵەی ناپاکان،
هاوارەکانی تۆقین و،
لافاوی کێم و برین، دڕندە برسییەکان،
لە ناوەندی چەقۆی ژەهراوی ئاودا بەگیر هاتووی.
بەتەنیا هەر گیانێک، هەر سەرێک ماویت، وای وای!
بێچەک، بێپەنا، ڕووت،
بە هەمان یەک گیان و یەک سەرەوە،
بەرەبەیان، شەوانی ناکۆتا،
لە هاوێنەی نیشانەگری جەلادەکانەوە.
ئای کە چەندە تۆم خۆش ویستووە من...

لەمبەری ئوسکودارەوە، لۆ[25]، ئەمە نیشتمانی کێیە؟

[25] لۆ، وشـەیەکە کرمانجەکان زۆر بەکاری دەهێنن و لە قسـەکردنی تورکیدا ئامرازێکە بۆ ناسینەوەیان وەک کورد یان ئەنادۆڵی.

هەی گیانم...

لە چیچەکداغی قاتییە، قڕانە،

گوڵێک ناپشکوێت، چوالەیەک ناوەرێت.

لێ ئەدات لاجانگم،

لێ ئەدات بە گابەردی سەخت وەکو بەردەچەخماخ،

جوێنەکەی: ئەی بێپەنا، ئەی مونزور.

ڕوباری شامورات[26] خوێنی لێ هەڵئەقوڵێ و

منیش شاعیرم.

کرێکاری شەرەفم واتە

کرێکاری دڵ.

بێباک، بێمامەڵە، بێگەرد،

---

[26] ئەو شـــوێنانەی ناویان هاتووە، لەو وەختەدا لەوپەڕی بەدبەختی، هەژاری و ململانێ و بەرگریدا دەژیان. بۆ نموونە مونزور ئاماژەیە بۆ ڕووبار و کێوی مونزور لە ناوچەی دەرسیم کە هێمای جوانی و زیندوویێتی و بەرگرییە؛ شـامورانسـو، یان ئاماژەیە بۆ ڕووبارێک کە لە هەمان ناوچەی دەرســـیمدایە یاخود ئاماژەیە بۆ ڕووباری موراد کە لە ئاراراتەوە هەڵدەقوڵێ و پێکهێنەری سەرەکیی فوراتە.

نە نیگایەکی هێشوئاسا

تا بکێشم نیگارت،

نە شنەیەکی بێکێلان

تا بیرڕێژمە دێڕەشیعرێکمەوە.

ئای کە چەندە تۆم خۆش ویستووە من...

ئەریَ تۆ، هەر لەم ساتەدا،

سالآنیش تێپەڕن گەر، هەر لەم ساتەدا،

وەک لقێکی بڕاوە بە مشار، لێت جیابوومەتەوە،

هۆی ژیانم، مامۆستام، دلّدارەکەم،

برینت، لەوە قوولّترە

کە فتیلەی هەتوان وەرگریَ، ئەزانم.

بەلآم حیساب لەگەلّ چیاکانە و،

هیوا لە چیاکانایە.

بیر بکەوە، پێیەکمان لە چاخی بۆشایی،

ئەوی تریان کەچی، لە کەوشی چەرمەخاو و

پوزەوانەدا.

بیر بکەوە، ئەگەرەکان، فیزیکی ئەتۆم و،

ئەو ئەڤینە بێئەمانەی وا ئێمەی کرد بە ئێمە،

دوو زەمانەی فڕێداوەتە لایەک

بۆ منالانی سبەی و گوڵەکانیان،

دەستی خۆی ڕۆ کردووە[27]،

ئاگای لە مەیدانخوێنییە.

ئەی گیانەکەم،

تۆ تەواوی کە ئەوی تری...

[27] لە دەقە تورکییەکەدا، لە جیاتی ئەم دەربرینە، شاعیر " Koymuş postasını" بەکار هێناوە. ئەمەش لە بنەڕەتدا لە دنیای قومارەوە، بەتایبەت یارییەکانی وەک پۆکەرەوە، سەرچاوەی گرتووە. لەم بوارەدا، بە مانای "بڕی گرەوەکەی خۆی لەسەر مێزەکە داناوە" یان "مەترسییەکی گەورەی کردووە و دەستی خۆی ئاشکرا کردووە" بەکاردێت. ئەم دەستەواژەیە بەتێپەڕبوونی کات لە جیهانی قومارەوە چووەتە نێو زمانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە و مانایەکی بەرفراوانتری پەیدا کردووە. ئێستا زیاتر بە شێوەیەکی خوازەیی بۆ دەربڕینی "بڕیاردانی یەکلاکەرەوە"، "هەڵوێستی روون" یان "قسەی کۆتایی کردووە" بەکار دێت.

ئەی هاوار!

بۆ خاتری محەمەد، تو هەقی عیسا،

بیکە لەڕێی ئەو قەرەوێڵەی لەسەری ڕاکشاوی،

بڵێ کە گورزی فەرهاد چیا ئەکاتە ئارد!

نیوەی بەتاڵیشم، وەک بڵێسەی خەنجەر و،

لە پەناخانەشمدا یاخیبوونێک تێکەڵ بە خوێن و

ئارەقە، گەر بەڵێ بڵێم، ئەپچڕێنێ هەوساری،

لەناکاو جڵەوی خۆی ئەپسێنێت

ئارەزوویەک لە ڕەچەڵەکی گوڵی حەوتبەر[28]

ئای کە چەندە تۆم خۆش ویستووە من...

[28] گوڵێ یا میوەیەک کە ســـــاڵانە حەوت جار بەر دەدا و بە تورکی yediveren پێ دەگوترێ. هەندێ جار، بۆ گوڵی هەمیشـــــەبەهاریش بەکار دێت.

## ڕامانێک لە شیعری «ئەی هاوار»

ئەم شیعرە یەکێکە لە بەرهەمە ناسراوەکانی ئەحمەد عارف، کە وەک زۆربەی هۆنراوەکانی، لە نێوان عەشـق و نارەزاییی کۆمەڵایەتیدا لە جووڵەدایە. ئەم شـیعرەش، بە تۆنێکی حەماسی و خوازەیی، کەشێکی پڕ لە سەرکوت و خنکان، خەبات و ئیرادەی ڕزگاری پیشـان دەدات و لە هەمان کاتدا، شـۆڕێکی قووڵی عاشـقانەی لە خۆیدا شاردووەتەوە. ناونیشانی شیعرەکە لە قووڵاییی گیانەوە دێت و دەڵێی نیازی هەیە بێدەنگیی چیا و شـار و ویژدانی هەمووان بشکێنێت. شیعرەکە بە وێنەگەلێکی توند و دژوار دەست پێ دەکات و شاعیر زنجیرەیەک لە بەڵا و ڕووداوە سـامناکەکان ڕیز دەکات: ئاگرەکان و تەڵەی ناپاکان، لەوانەیە وێنەیەک لە خیانەتێکی قیزەون یان ئازارێکی بێزەوەر بێت. هەربۆیە هاوارەکانی تۆقین و ترس و لافاوی پڕکێم و برینی بەدوا دێت. وێنەی سـامناکی لەم جۆرە، کەشـێک دەخولقێنێت کە کۆمەڵگە یان تاک گەمارۆ دەدەن و هەر سـاتێک ڕەنگە هەڵی لووشـن. هەروەها وشـەی "دڕندە برسـییەکان" وێنەیەکی زیندووە لە هەمان ئەو بارودۆخەی تێیدا مرۆڤەکان یان هێزە چاوچنۆک و سـتەمکارەکان، ئامادەن یەکتری بدڕن. لەم نێوەندەدا، شـاعیر ڕوو لە بەرامبەر، یان خۆی دەکات و دەڵێت کە لە

نێوان ژەهر و دەمی چەقۆ تیژەکاندا گیرۆدە بووە. ئەو بە دووبارەکردنەوەی دەســـــتەواژەی «بەتەنیا، هەر گیانێک، هەر ســــەرێک ماویت، وای وای!» پێمان دەڵێ کە گیان و ســـەری مرۆڤ بە تاڵە موویەکەوە بەندە؛ مرۆڤیش بێچەک و بێپەنا لە ناخی ئەم مەترسییەدایە.

ئەم فەزا تاریک و ترســـناکە، هەمان بەســـتەری ســـەرەکیی زۆربەی شـــیعرە ناڕازییەکانی ئەحمەد عارفە. ئەو زۆربەی جار باس لە کۆمەڵگەیەکی ســـەرکوتکراو دەکـات کە خەڵـکەکەی تەنـانەت لە پـێـداویســـتـیـیە ســـەرەتاییەکانیش بێبەشـن، ڕۆژگاریان لەگەڵ مەترسـی مەرگ و برسییەتی و هەڕەشـەی سـەربازیدا ئاوێتە بووە. لەگەڵ ئەوەشـدا، شـاعیر هەر لەوێدا وەک هەموو جارێک بەرەو باخەکانی ئەوین شـــۆڕ دەبێتەوە و دەڵێ «ئای کە چەندە تۆم خۆشـویسـتووە من...» ئەم دێڕە، بە شـێوەی جۆرێک تەرجیعبەند لە شـــیعرەکەدا دووبارە دەبێتەوە و وەک دەنگی ناوەکی شـاعیرە کە لە ناو قەیرانی ڕەشـیدا، عەشـــق دەخوێنێـت و بە بیر دەهێنێتەوە. لە زۆربەی شـــیعرەکانی ئەحمەد عارفدا، «ئەڤین» هاوڕەوتە لەگەڵ «ناڕەزایی» و «ئازار»دا و ئەم دووبارەکردنەوە کورتە، هەواڵی پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان بارودۆخی ســـەختی کۆمەڵایەتی و شۆڕی تایبەتی عاشقانە دەدات.

لە درێژەی شیعرەکەدا، ناوی شوێنگەلێک دەبیستین. ئەم شوێنانە، بە تایبەت ئەوانەی لە کوردستاندان، لەگەڵ هەژاری و سەختییەکانی ژینگەی ئەوێدا گرێ دراون. ئەم شوێنانە، بیرخەرەوەی جوگرافیایەکی ڕەق و لە هەمان کاتدا شانازیئامێزی کوردی و تێکەڵەیەک بە تورکمەن و تورکیشە لە کوردستان، یاخود هەمان ئەوەی خۆیان ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵی پێ دەڵێن. ئەم جوگرافیایە لە شیعری ئەحمەد عارفدا زۆربەی جار هێمای ڕەنج و تاقیکردنەوەی سەختیی خەڵکانێکە کە لەگەڵ خاک و بەرد و بارانی کەم و زستانی سارددا دەستوپەنجە نەرم دەکەن. تەنانەت ئەوەی کە دەڵێ لەمبەری ئوسکودارەوە نیشتمانی کێیە؟ دەتوانێت مەبەست بێ لە مەودای قووڵی نێوان ناوەند، واتە ئیستانبوڵ یان ناوچە دەوڵەمەندەکانی ڕۆژئاوای تورکیا و کوردستان کە لە تێڕوانینی ناوەندەوە، دواکەوتوو یان بەئەنقەست فەرامۆش کراون.

بەشێک لە شیعرەکە، جەخت لەوە دەکاتەوە لەوێ نە گوڵێک دەپشکوێت و نە بەری درەختێکی وەک چوالە دەوەرێت؛ واتە لە ڕاستیدا هیچ بەرهەمێک نابێت. دیمەنێکی وشک و ئازاربەخش کە تێیدا نەک تەنیا شۆڕی ژیان کەمڕەنگە، بەڵکو دەڵێی کەوتووەتە بەر کینەی نەفرەتێکی کۆن. لە هەمان کاتدا، ئەحمەد عارف بە پشتبەستن بە

زمانێکی ڕاشکاو و هەندێک جار جوێندەرانە دژی بارودۆخ و ڕۆژگارەکەی هاوار دەکات. ئەم تووڕەییە جگە لەوەی لە توێی شـــیعرەکەدا دەردەکەوێت، لە تۆنی تانەئامێزی ئەویشدا بەرامبەر بە چیا و دەشتیش دەبینرێت. بۆ نموونە کاتێک دەڵێت «ئەی بێپەنا، ئەی مونزور»، لە ڕاســـتیدا ڕووبەڕووبوونەوەی شـیعر لەگەڵ سـروشـتدا پیشـان دەدات؛ هەربۆیە دەڵێت کە ئەو شـــاعیرە و دەبینێت وا ڕوباری شـاموراد لەبری ئاو، خوێنی لێ هەڵدەقوڵێت. ئەم وێنە تاقەتبڕە نیشـــاندەری قووڵی ئازاری ئەو ناوچەیەیە. لەگەڵ بوونی ئەم هەلومەرجەدا، کـەچی جەخـت لـەوە دەکاتەوە کە ئەو شـاعیرە، هەر خۆشـی پێناسـەیەک بۆ شاعیربوونی دەکات. بەو واتایەی کرێکاری شەرەف و دڵە و سیفەتەکانی بێباکی، شەرەف و ڕاستگۆیی و خاوێنی لە دەربڕینی ئازار و ڕاسـتیدا دەداتە پاڵ خۆی. ڕایدەگەیەنێت کە شـیعرەکەی مامەڵە و سـازانی تێدا نییە و لە ڕوانگەی ئەوەوە، هۆنینەوەی شـیعر نە پەیمانێکی سـیاسـی لەگەڵ دەسـەڵاتدا هەیە و نە مل بۆ مامەڵە دەدات. وەختێکیش دەڵێ «بێگەرد» لەوانەیە ئاماژە بەوە بکات کە بوونی ئەو هێشـتا پاکە و بە پیسـییەکانی وەک سـانسـۆر یان بەرژەوەندیخوازی پیس نەبووە. بەڵام ئەو لە شـیعرەکەیدا ئەم فشـارە وەک «بەهایەک» بۆ دەربڕینی ڕاسـتی دەزانێ و بە گوتەی خۆی «کرێکاری دڵە. لەو بارە ژەهراوییەدا

بەدوای سەرنج و نیگایەکی «ئەو/ئەڤین»ەوەیە تا سەراپای لە ڕەنگ هەڵکێشێ و نیگارێکی بکێشێ، یان وەک شنە و نەسیمێکی دۆست کە سوکنایی بە گیان ببەخشێ، هەڵبکاتە سەر دێڕەشیعرێکی. لێرەدایە کە جارێکی تر لە بەردەوامیدا، «ئای کە چەندە تۆم خۆش ویستووە من...» دووبارە دەردەکەوێتەوە تا جارێکی دیکە جەخت بکاتەوە کە ئەوین لە قووڵاییی ئەم سەختی و ناڕەزاییانەوە سەرهەڵدەدات. ئەحمەد عارف زۆربەی جار حەز دەکات بڵێت ئەگەرچی ئەو ڕەنج و ئازاری نەتەوەکەی خۆی و تەنگانە سیاسییەکانیان بە پێست و ئێسک هەست پێ دەکات، بەڵام هێشتا ئەڤیندارە و دەستی لە ئەڤین هەڵنەگرتووە.

دێڕەکانی دواتر بە کاتێک لە ڕابردوودا، یان لانیکەم بە یادەوەرییەک لە جیابوونەوەیەکی ئازاربەخش دەست پێ دەکەن. شاعیر دەڵێت تەنانەت ئەگەر ساڵانیش تێپەڕ بن، ئەو جیابوونەوە و بەڵایە دەڵێی هەر ئێستا ڕووی داوە. ئەم ئاستەی «هەنووکەییبوون»ی ئازار، لە شیعری ئەحمەد عارفدا زۆرجار دووبارە دەبێتەوە؛ ئەو کات قەتماغە لا دەدات و هەموو برینێکی کۆن بە تازە پیشان دەدات. «وەک لقێکی بڕاوە بە مشار» پشتڕاستکەرەوەی ئەوەیە کە دابڕانێک بێگومان ڕووی داوە؛ لەوانەیە

دوورخســـــتنەوە لە زێد یان دڵدار، لەوانەیە زیندان یان جیابوونەوەی زۆرەملێ لە خەڵکەکەی. لەم نێوەندەدا، دڵدار یـان ئەوەی دەکــەوێتە بەرامبەری، بــە کەســـێک کە «مـامۆســـتـا» و «دڵدار» و «هۆی ژیـان»ی شـــاعیر ناودەبرێ. ئەم سـێ وەسـفە سـەرنجڕاکێش و فرەڕەهەندە نیشــان دەدات دڵدار دەتوانێت خوداوەندی شــیعر، خەڵک، نیشـتمان یان مامۆسـتایەکی مەعنەوی بێت کە نووسـین و ژیانی فێر کردووە.

پاشـــــان باس لە برینێکی قووڵ دەکات کە فتیلەی هـەتوانی برین وەرناگرێت و ئەگەری چاکبوونەوەی نییە. لەگەڵ ئەوەشـدا، جەخت لە حیسـابێک دەکاتەوە کە شـاعیر کردوویەتی، ئەویش حیسابە لەگەڵ چیاکاندا و هیواش لای چیـاکــانە. لە کولتووری خەڵکی و مرۆڤی ڕەنجکێشـــــی بـاکووری کوردســـــتـان و ئەنـادۆڵدا، «چیاکـان» هـەردەم هێمای بەرگری و مانەوە بوون. چیا، شــوێنێکە یاخیبووان یان نەیاران تێیدا خۆیان دەشارنەوە؛ شوێنێکە بۆ بەرگریی درێژخایەن لە بەرامبەر نالەبارییەکاندا؛ هـەروەها هێمایەکە لە سـروشـتی پاک و پشـتبەسـتوو بە خۆی. کەواتە کاتێک ئەحمەد عارف دەڵێت «هیوا لە چیاکاندایە»، مەبەســـتی پشتبەستنە بە هێزێکی هەرچەندە سـەخت و ڕەق، بەڵام لە کۆتاییدا پەناگەیەکە لە بەرامبەر نائومێدیدا.

دێڕەکانی دواتر کە باس لە جیاوازیی شوێنی پێیەکان دەکەن، دژیەکیی نێوان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی دواکەوتووی زۆربەی خەڵکی تورکیا بە شێوەیەکی ژیرانە نیشان دەدات. ئەو دەڵێت پێیەکمان لە «چاخی بۆشایی»دایە؛ جیهانێک کە گەیشتووەتە بڕین و تێپەڕین بەناو بۆشایی یان فەزادا، یان فیزیای ناوکی و بژاردە پێشکەوتووەکان، بەڵام پێیەکەی دیکەمان هێشتا لە پێڵاوە چەرمینە کۆنەکان و گۆرەوییە لە مووچنراوەکاندایە و نوقمی هەژارییە. ئەم دژیەکییە کاتێک زیاتر ئازاربەخش دەبێت کە شاعیر بیرمان دەهێنێتەوە ئێمە بەرهەمی هیچ نین جگە لە ئەڤینێکی توند و بەردەوام. بۆیە دەڵێت: ئەگەر لەم دووڕێیانەی دواکەوتوویی و پێشکەوتندا دەتوانرێت هێشتا زیندوو بمێنینەوە، تەنیا بەهۆی بەرەکەتی ئەڤینێکە وا لە گیانماندایە و ئێمە بە داهاتووەوە دەبەستێتەوە. لە درێژەی ئەم کۆپلەیەدا، شاعیر دەڵێت دەتوانرێت دوو کات، لەوانەیە ڕابردوو و ئێستا، تێبپەڕێنرێ و بگەیتە سبەینێ، ئەویش بۆ منداڵانێک کە گوڵەکانی داهاتوون. ئەم ڕوانگە هیوادارانە، سەرەڕای هەموو ئەو تاریکییانەی لە شیعرەکەدان، یادهێنەرەوەی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەحمەد عارفە. ئەو تەنانەت لە تاریکترین ساتەکانیشدا، بیر لە سبەینێیەکی باشتر دەکاتەوە. دەڵێت ئەم داهاتووە بۆ

منداڵەکانی ئێمەیە؛ ئێمە دەبێت ڕیســـــک بکەین، بڕیاری کۆتاییی خۆمان بدەین و دەستەکانمان ڕۆ بکەین و دەست بە یــاریــیەکــی گەورە بــکەیــن. لە بەرامــبەر هەمــوو مەترســییەکاندا، ئێمە ئامادەین کە ڕیسـک بکەین تا نەوەی سبەینێ میراتی کۆمەڵگەیەکی ئازادتر بێت.

لە پاشـــــتردا شـــــاعیر هانا بۆ پیرۆزییەکان دەبات. هانابردن بۆ پەیامبەرانی ئیسـلام و مەسـیحییەت (محەمەد و عیسا)، ڕوانگەیەکە لە کولتووری خەڵکی دینداردا، هێز و بەهایەکی بەرزی هەیە. ئەحمەد عارف لە عەشـــق بۆ ئەم بابەتە پیرۆزانە کەڵک وەردەگرێت تا ڕەهەندە مرۆییەکان و سەرووی سنووری سیاسییەکان بەرجەستە بکات. ئینجا ســــوێند بە قەرەوێڵەی زیندانەکەی دەخوات، نیشـــانەی پیرۆزبوونی ئەو بابەتەیە کە لەســـــەری زیندانی کراوە. دواتر لە وەرچەرخانێکی ئەفسـانەییدا دێتە لای «فەرهاد»، بۆ لای ئەفســـــانە گـەورەکـەی نەریتی ئەڤینـدارانەی ڕۆژهەڵات، کە بە تیشــــەکەی، چیاکانی دەبڕی تا ڕێگایەک بەرەو دڵـدارەکەی بکـاتەوە. ئەو لێرەدا دەڵێـت تیشــــەی فەرهـاد دەتوانێت چیاکـان بکاتـە تۆز و هـەڵیـانگرێت. لە ڕاســـتیدا، نموونە یەکە لەو هێزی عەشـــق و ئیرادەیەی گەورەترین بەربەستەکان لەناو دەبات.

بەڵام بەدوایدا دیســـانەوە لە ناو کەفوکوڵ و هیوادا، شـــاعیر ئاماژە بە لایەنێکی تراژیکیش دەکات. ئەو لە ناخی خۆیدا تووڕەیییەکی شاراوەی هەیە هەندێک جار دەتوانێت وەک خەنجەرێکی نووکتیژ گڕ بگرێت و هەرچی بەربەستی بەردەم ئازادی و ئەڤینە بیدڕێنێ. بەڵام لەوانەیە هێشـــتا ســـاتەکەی نەگەیشـــتبێت یان زەمینەکەی نەڕەخســـابێ. دواتریش «ئارەزوویەک لە ڕەچەڵەکی گوڵی حەوتبەر» لەوانەیە ئاماژە بە عەشـــقێکی پڕبەرهەم و چەندین جار پشکوتوو بێت، دیسـانیش نیشـانەیەکە لە پەیوەندیی نێوان شەڕانگێزی و جوانیخوازی لە شیعری ئەحمەد عارفدا. ئەو مرۆڤ وەک بوونەوەرێک دەبینێت کە لەیەک کاتدا توانای ڕاپەڕین دژی زوڵمی هەیە و شـــەیدایی گوڵ و جوانیش لە گیانی خۆیدا پەروەردە دەکات.

لە کۆتـاییـدا، دەتوانرێـت بگوترێـت «ئـەی هـاوار» بەرجەستەبوونی ئازار و بەرگرییە لە ناخی ناوچەیەکدا کە لە تێڕوانینی شـــاعیرەوە، بە شـــێوەیەکی ســـیســـتماتیک فەرامۆش کراوە یـان ژێردەســـتـە کراوە. هـاوکـات، ئەم شـــیعرە پێمـان دەڵێـت مرۆڤ، تەنـانەت لە خراپترین هەلومەرجیشـــدا، هێزێکی ناوەکیی هەیە کە «تووڕەیی»، «عەشق» و «هیوا بە سبەینێ» تێکەڵ دەکات و لە فەوتان دەیپارێزێت. ئەحمەد عارف بە تێکەڵکردنی هێما میللییەکان،

ناوی شـــوێنە ئاشـــناکان، ئاماژە ئایینییەکان و ئەفســـانە عاشـــقانەکان، شـــیعرێکی فرەڕەهەندی ڕێکخســـتووە کە کۆمەڵگەی تـــاڵی ڕۆژگـــاری خۆی و هەر ڕۆژگـــارێکی هاوشـــێوە ڕەنگرێژ دەکات. ناتەبایی نێوان تەکنەلۆژیای مۆدێرن (چاخی بۆشـــایی) و بێبەشـــی نەریتی (کەوشـــی چـەرمـەخـاو و پوزەوانـە)، دەرکەوتنی جیهـانێکە لە نێوان خەونی پێشکەوتن و واقیعی هەژاری و سەرکوتدا خەریکی پـەلکوتـانە. لەگەڵ هەموو ئەم دژیـەکییـانـەدا، هـاواری «خۆشـویسـتن» وەک سـتوونی بڕبڕەی شـیعرەکە، هیوای ژیـان بە بەر پەیکەرێکی پڕئـازاردا دەکـاتەوە و لە مەرگی تەواو ڕزگاری دەکات.

## ئەنادۆڵ

چەندین بێشکەم بەخشیوە بە نوح،
چەندین جۆلانێ، لانک...
حەوای دایکت بە منالێی دوێنێ دائەنرێ،
ئەنادۆڵیم من،
ئەمناسی؟

شەرم ئەکەم،
شەرم لە هەژاری،
لەبەردەم خەڵک و دونیادا ڕووت...
نەمامەکانم لەسەرما ئەلەرزن،
خەرمانم بێڕەونەق.
لە جیهانێکا کە تێیدا،
برایەتی، کار و
یەکسانی و،
جەژنی پشکوتنی گوڵە ئەتۆمییەکان ئەگێڕن،

لە جیهانی شاعیران و دانایان،

بەتەنیا ماومەتەوە من،

بێکەس و دوورکەوتە.

ئەزانی؟

هەزاران ساڵە دۆشراوم،

لەتوپەتیان کردووە بە ئەسپسوارە ترسناکەکانیان

خەوی نازداری بەرەبەیانم

فەرمانڕەوایان، پەلاماردەران، ڕێگران

سەرانەیان لێ سەندووم.

لێ، نە ئەسکەندەرم بە هیچ گرت،

نە شا، نە سوڵتان،

کۆچیان کرد و ڕۆیشتن، بێسێبەر!

سڵاوم کردووە لە دۆستەکەم و

و بەرگەم گرتووە...

ئەبینی؟

ئەگەر بزانی چۆن خۆشم ئەوێن:

کوێرئۆغڵو[29]،

قەرەیڵان[30]،

سەربازی ون...

[29] کوێرئۆغڵو (ڕەوشەن عەلی)، قارەمانێکی داستانئامێزی بەناوبانگ، کەسێکی ئەنادۆڵییە هەرگیز لە بەرامبەر ستەمدا خۆی بەدەستەوە نەداوە و بۆ شکاندنی دوژمنەکان و کۆتاییهێنان بە ئازارەکانی گەلەکەی خەباتی کردووە. ئەو بۆ تۆڵەسەندنەوە لە بەگی بولو کە ستەمی لە باوکی کردووە و چاوەکانی کوێر کردووە، ڕادەپەڕێ. شاعیر، کوێرئۆغڵو بە هێمای بەرخۆدان لە بەرامبەر ستەم و قارەمانێتییەکی ڕاستەقینە دەزانێت.

[30] قەرەیڵان سەرەتا پیاوێکی ترسنۆک بووە، گوندییەکی خەڵکی عەنتاب، بەڵام پاش تێگەیشتن لەو ڕاستییەی کە بەبێ خەبات ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوون لە مردن نییە، بوو بە خەباتکارێکی بێباک و لە شەڕی سەربەخۆیی تورکیا، دژی فەڕەنسییەکان قارەمانانە شەڕی کردووە.

دواتر پیر سوڵتان[31] و بەدرەدین[32].

ئەوسا قەڵەم بێدەسەڵات ئەبێ،

لەبەرامبەر چەندین ئازیزی ترا...

خۆزگە ئەتزانی،

چۆن خۆشیانئەویستم ئەوان.

ئەگەر بزانی ئەوەی لە ئورفە گوللەی ئەتەقاند،

لە منارەوە، لە مەتەرێزەکانەوە،

لە لقی سنەوبەرەکانەوە،

چۆن بە مەرگ پێئەکەنی.

[31] پیر سـوڵتان ئەبداڵ یەکێک لە شـاعیرانی کوردی عەلەوی ـ بەکتاشـی. لە سـەدەی شـانزەی زاینیدا بە شـاعیری بەرگری لە دادپەروەری، ئازادی و نارەزایەتی دژی ستەمی دەسەڵاتی عوسمانی ناسـراوە. بە یەکێک لە دیارترین شـاعیرانی شـیعری عیرفانی و بەرخۆدان لە کولتوری تورکی و عەلەوی دادەنرێت.

[32] شێخ بەدرەدین کەسێکی سۆفیمەشرەب و شۆڕشگێڕی سەردەمی عوسـمانی بووە. بەهۆی ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕاپەڕینی ١٤١٦ دژی دەوڵەتی عوسـمانی ناوبانگی دەرکردووە، چونکە خۆی و موریدەکانی دژی دەسـەڵاتی سـوڵتان محەمەدی یەکەم و دەوڵەتی عوسمانی ڕاپەڕینێکی توندیان بەڕێوە بردووە.

هەر ئەبێ بیزانی،

ئەبیستی؟

خۆت مەڕوخێنە وەها،

وەها خەمبار، وەها غەریب...

لە هەركوێ هەی ببە،

لە زیندانا، لە دەرەوەی، لە پۆلا یا لە نۆبەتا،

بەرەوپێش بڕۆ، بەرەوپێش،

بەڕووی جەللادا،

تف بكە لەڕووی جەللادان،

هەلپەرست، ئاژەوەگێڕ، خیانەتكار...

بەرگە بگرە بە كتێب،

بەرگە بگرە بە كار،

بە نینۆك، بە ددان،

بە هیوا، بە ئەڤین، بە خەون،

بەرگە بگرە، ڕسوام مەكە!

ببینە، چۆن ئەخولْقێمەوە

بە دەستە شەرەفمەند و گەنجەکانی تۆ.

کچ و

کوڕانێکم هەیە لە داهاتووا،

هەریەکەیان لە جیهانا پارچەیەکی بێجێنشین.

خونچەی تاسەی چەندین هەزار ساڵەم،

لە چاوەکانت،

لە چاوەکانتەوە ماچت ئەکەم،

هەموو هیوایەکم هەر تۆی،

لێم تێئەگەی؟

## ڕامانێک لە شیعری «ئەنادۆڵ»

شـــــیعری «ئــەنــادۆڵ» یــا وەک خـۆی دەڵـێ «ئەنادۆڵو»ی ئەحمەد عارف، بێ هیچ گومانێک یەکێکە لە بەرزترین و دیارترین نموونەکانی شـــیعری هاوچەرخی تورکیا، بەتایبەت لەڕووی دەربڕینی ناســـنامەی بەکۆمەڵ، مێژووی ئازارچێشتووان و تروسکەی هیوا بۆ ڕزگارییەوە. ئەم بەرهەمە، پوختەیەکە لە ڕوانگەی داســـتـانخوڵقێنی، نـاڕەزایی و ئەڤینـداریی ئەحمەد عـارف؛ شـــاعیرێک کە هەمیشـــە ئەڤین و ئـازار لە پـاڵ نـاڕەزایی و خەونە نیشـــتمـانییەکـانیـدا وێنـا دەکـات. ئـەو لەم شـــیعرەدا بەســـوودوەرگرتن لە زمانێکی نزیک و لە هەمان کاتدا هاندەر، وێنەیەکی فرەڕەهەند لە ئەنادۆڵ (و لە واتایەکی بەرفراواندا، لە هەموو گەلانی ســـتەملێکراوی ڕۆژهەڵات) دەخوڵقێنێت، کە تێکەڵەیەکە لە لایەنە مێژوویی، ئەفسانەیی، کۆمەڵایەتی و کەسییەکان.

شـــاعیر لە یەکەم بەندی شـــیعردا بە دەربڕینێکی سەرسوڕهێنەر دەست پێ دەکات. باس لە چەندین لانک و بێشکە دەکات کە خۆی بەخشیویەتی بە نوح و نەوەکانی. ئەم وێنەیە بە خـێرایی ســـەرنجی خـوێنەر بـۆ لای پێشـــینەیەکی زۆر کۆنی ئـەنـادۆڵ، یـان لـە ڕاســـتیدا کوردستان، کە شاعیر بەهۆی سانسۆری سەردەمەکەیەوە

ناچار بووە وەک ئەنادۆڵ باسـی بکات، ڕادەکێشـێت. لەبەر ئەوەی بەپێی باوەڕی ئەفسانەیی، کێوی ئارارات یان چیای ئاگری و دەوروبەری وەک شـوێنی دابەزینی کەشتیی نوح ناسـراوە، ئەم «لانکە» نەک تەنیا شـوێنێکی مادی، بەڵکو خوازەیەکە لە لەدایکبوون و پەروەردەکردنی شارستانێتیی مرۆڤایەتی. وەختێ دەڵێ «حەوای دایکت بە منداڵی دوێنێ دائەنرێ»، لەڕاستیدا بە تۆنێکی شاعیرانە پێداگری لەسەر کۆنیی ئەم خاکە دەکات. ئەم تۆنە، بانگەشـەی دێرینییەکی بێوێنە و کۆنبوونێکی زیاتر لە مرۆڤایەتییە بۆ ئەنادۆڵ. ئەحمەد عارف لە پێگەی دەنگی ئەنادۆڵەوە، بەشـێوەیەکی کرداری بە پشتبەستن بە کۆنیی کولتوور و ژیانی مرۆڤ لەم جوگرافیایەدا، خوێنەر دەباتە ناو ئاسۆی ئەفسانەییەوە. لە کۆتاییی ئەم بەشـەدا، بە پرسـیارێکی تێکەڵ بە شـانازی و تۆزێک سەرکۆنە، دەڵێت: «ئەنادۆڵیم من، ئەمناسی؟

ئەم پرسـیارە، لە هەمان کاتدا کە سەرچاوەی کۆنیی خاکەکەی وەبیر دەهێنێتەوە، هۆشـدارییەکیشـە بۆ خوێنەر: ئایا لە قووڵاییی ئازار و خەمەکانی ئەم خاکە ئاگاداریت؟ یان تەنیا ناوەکەیت بیستووە؟

شـاعیر پاشـان ئاماژە بە هەژاری و ڕووتبوونی گەلەکەی دەکات. ئەو بـاس لە «شـەرمەزاری» خۆی بەرامبەر هەژارییەک دەکـات کە خەڵکی ئەنـادۆڵ وەک

جلێکی نەخوازراو، لە بەرامبەر چاوی خەڵکی دیکەدا ڕووت و لاواز نیشان دەدات. ئەم هەژارییە نەک تەنیا لە ڕەهەندی مادی – بۆ نموونە نەبوونی جل و خۆراکی پێویست – بەڵکو لە ڕەهەندی کولتووری و هۆشیارییە گرنگەکانیشدا دەردەکەوێت. گێڕەرەوەی شیعری ئەنادۆڵ وەختێ دەڵێ «نەمامەکانم لەسەرما ئەلەرزن، خەرمانم بێڕەونەق» وێنەیەکە لە سەختیی ژیان و ناکارامەیی لە بەرهەمهێنان، بەهۆی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

عارف ئەم بارودۆخە لە بەرامبەر جیهانێک وێنا دەکات کە پڕە لە پێشکەوتن و بەهای مرۆڤایەتی. وەکوو بڵێی سەرسوڕماو و نامۆ لە گۆشەیەکدا دوور لە جیهان ماوەتەوە. لێرەدا خەمێکی بەکۆمەڵ هەست پێ دەکرێت؛ خەمێک کە لە نادادپەروەری و بێبەشبوونی ئەنادۆڵ و گەلەکەیەوە سەرچاوە دەگرێ، لە کاتێکدا شوێنەکانی دیکەی جیهان خۆشگوزەرانییەکی ڕێژەیی هەیە. پرسیاری تاڵی شاعیر لە کۆتایی ئەم کۆپلەیەدا خوێنەر هان دەدات بۆ ڕامان و ناساندنی وڵاتەکەی بە پێویستییەک دەزانێت تا لەم ڕێگەیەوە ئاوڕ لە ئازارەکانی بدرێتەوە.

ئەحمەد عارف لە بەندی دواتردا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مێژووی هێرشە جۆراوجۆرەکان بۆ سەر ئەنادۆڵ دەکات. ئاماژە بە سوارچاکانی داگیرکەر دەکات کە چەندین

جـار هێرشـــیـان کردووەتە ســـەر خـاکەکەی. نـاوی ئەسکەندەری مەکدۆنی و شا یان سوڵتانەکان لەم بەندەدا ئاماژەیە بۆ داگیرکەرانێ کە لە ســـەردەمانی ڕابردوودا هاتوون، تاڵانیان کردووە و ڕۆیشـــتوون؛ بەڵام ئەنادۆڵ هێشتا ماوەتەوە و بە قسەی شاعیر: "نە ئەسکەندەرم بە هیچ گرت، نە شـــا، نە ســـوڵتان». ئەم دێڕە، نیشـــاندەری جۆرێک شـــانازی و ســـەرســـەختیی ئەنادۆڵییە بەرامبەر داگیـرکەران و زۆرداران. ئەو بە تـۆنـێکی تـێکەڵ بە شـــانازییەوە دەڵێت هەموو ئەم داگیرکەر و زۆردارانە کۆچیان کردووە، بێ ئەوەی تەنانەت ســـێبەرێک بەجێ بمێنێـت. بەڵام خودی ئەنـادۆڵ مـاوەتەوە و لە ڕێگەی وەفاداری بۆ دۆســـتان و پێداگری لە بەرامبەر دوژمنان، مـاوەتەوە. لە کۆتـایی بەنـدەکەدا، پرســـیـاری «دەبینی» دووبارەبوونەوەی هەمان تەکنیکی پێشووە کە هەستێک لە هۆشـدارییە یان بانگهێشـتنە بۆ تەماشـاکردنی ڕاسـتییەکی بێدەنگ.

لە درێژەدا، شـاعیر باس لە خۆشـەویسـتی خۆی بۆ چەند کەسایەتییەکی مێژوویی و سیمبۆلیکی کوردستان و ئەنادۆڵ دەکات. لە ڕاستیدا، ئەو بە نیشاندانی خۆشەویستی دووســـەرەی خۆی و پـاڵەوانە میللییەکـان، جۆرێـک خۆهاوشوناسکردنی قووڵی لەگەڵ ئامانجە مێژووییەکاندا

دەربڕیوە. ئەم کەسایەتییانە هەر یەکێکیان هێمایەکن بۆ ئازادی، یەکسانی و شۆڕش دژی ستەم یان بەرگری لە ماف.

لە بەندی دواتردا، ئەحمەد عارف تۆنێکی تەواو وتاربێژانە و فەرمانی دەگرێتە خۆ. ئەو بە مرۆڤی بەرامبەر، بەتایبەت نەوەی گەنج یان خەڵکانی شوێنە جیاوازەکان لەوانەیە لەژێر گوشاردا بن، دەڵێت لە هەرشوێنێک هەن خۆتان مەڕوخێنن و ورەتان بەرز بێت، هەستن و هێرش بکەنە سەر ئەوەی سەرکوتتان دەکات. ئەو دەڵێت تەنانەت تف لە ڕووی جەللادیش بکەن و ڕووبەڕووی هەلپەرستان و خائینان ببەوە. لە درێژەدا، بانگەوازی کرداری ڕوونتر دەبێتەوە. «بەرگە بگرە بە کتێب، بەرگە بگرە بە کار، بە نینۆک، بە ددان، بە هیوا، بە ئەڤین، بە خەون ...» ئەم دێڕانە جەخت لەسەر ئامرازگەلێک دەکەنەوە کە خەڵک لە بەردەستیاندایە تاکوو بەرگری بکەن. ئەحمەد عارف بە هێنانەوەی ئەم شتانە، نیشان دەدات کە هێزی گۆڕان و ئازادی تەنیا لە چەک یان شۆڕشە خوێناوییەکاندا سنووردار نابێت؛ بەڵکو زانست، کولتوور، خەونبینین، خۆشەویستی و تێکۆشانی ڕاستگۆیانە بەشێکی گرنگی خەبات پێک دێنن. ئەو لە کۆتاییی ئەم بەندەدا، داوا لە خەڵکانی ئەنادۆڵ دەکات کە

بەرگە بگرن و ڕسـوای نەکەن. ئەو لە زمانی ئەنادۆڵەوە قسـە دەکـات، وەک بڵێی ئەنـادۆڵ لە خەڵکەکەی خۆی دەخوازێت بە بەرگەگرتنیان نەهێڵن لە بەرامبەر داهاتوو و مرۆڤایەتیدا شەرمەزار بێت.

لە کۆپلەی کۆتاییدا، شاعیر پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ نەوەکانی داهاتوودا دروسـت دەکات. ئەو بە شـۆڕ و باوەڕەوە دەڵێ هەر ئەم نەوانە، بە دەسـتی پاکی خۆیان، دەتوانن ئەنادۆڵ سـەرلەنوێ دروسـت بکەنەوە. «کچ و کوڕانێکم هەیە لە داهاتوودا» نیشاندەری ئەو باوەڕەیە کە داهـاتوو هی گەنجـانی ئەنـادۆڵە و هەر یەکێکیشـیـان پارچەیەکی بەنرخن لە جیهان. لە ڕوانگەی ئەوەوە، نەوەی نوێ وەڵامی تینوویێتی کۆنی ئەنـادۆڵە بۆ ڕێز و ئـازادی. دەربڕینی چەمکی تاسـەی چەند هەزار سـاڵە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم نەوە نوێیە دەتوانێـت وەڵامگۆی خەون و حەسـرەتێک بێت کە لە ماوەی هەزاران سـاڵدا لە دڵی خاکەکەیدا کەڵەکە بووە.

شـیعری «ئەنادۆڵ» نەک تەنیا بە داسـتانێک، بەڵکو بە مانیفێستێکی کۆمەڵایەتی ـــ سیاسی دادەنرێت. ئەحمەد عارف لە سـەردەمی پڕئاژاوەی مێژووی تورکیادا ژیاوە؛ سـەردەمی کودێتاکان، سـەرکوتکردنی بەرفراوانی دەنگی نەیـاران، قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی ئـازادانەی بیر و

ئەدەبیات. لەم ڕووەوە، شیعری ئەو هەرگیز بە دەربڕینێکی تاکەکەسی سنووردار نابێت. ئەو هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە زمانحاڵی خەڵکی ژێردەست، جوتیاران، کرێکاران و بە گشتی خەڵکانێک بێت کە بەهۆی نەزانی یان هەژاریی ئابوورییەوە لە پەراوێزدا ماونەتەوە.

شێوازی ئەحمەد عارف لەم شیعرەدا لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکەیدا هاوئاهەنگە: زمانێکی سادە، ڕەوان، بەڵام پڕ لە دووبارەبوونەوەی وشەکان و ڕستەی پرسیاری. ئەم دووبارەبوونەوە و پرسیارانە وەک پردێکی ڕیتمیک کار دەکەن کە خوێنەر ناچار دەکەن ساتێک ڕاوەستێت و بپرسێت: ئایا بە ڕاستی ئەم ئازارە دەبینیت؟ ئایا دەزانیت چی دەڵێم؟ جۆراوجۆریی تۆن، لە نێوان ساتی داستانی و سۆزبەخشدا، یان تۆنێکی ڕەخنەگرانە و وتاربێژانەدا لە جووڵەدایە. لە هۆشدارییەکی باوکانەوە هەتا ماچکردنی چاوی منداڵانی داهاتوو هەموویان چەشنێکی بەرفراوان لە باری سۆزداری و عەقڵانی ڕووماڵ دەکەن.

ئەوەی وا شیعرەکە سەرنجڕاکێش دەکات، لێکئاڵانی خەم و شانازییە: لەلایەکەوە ئەنادۆڵ خۆی لە بەرامبەر دیکتاتۆرە دووبارەبووەکاندا نەدۆڕاندووە و تەنانەت شاکان و سوڵتانەکانی لەبیر کردووە؛ لەلایەکی دیکەوە،

هێشـــتا دیلی هەژاری و دوورکەوتنەوەیە و بۆ ئازادبوون هیوای بە نەوەی گەنجی خۆی بەســـتووە. ئەم تێکەڵبوونە، هەســـتی داســـتانخوڵقێنی و دڵتەنگی لە یەک شـــوێندا کۆ کردووەتەوە و خوێنەر بەو تێگەیشـــتنە دەگەیەنێـت کە گۆڕان و ڕزگاری، ئەگەرچی باجی دەوێت، بەڵام شـــیاوی ئەنجامدانە.

لە کۆتـاییـدا دەکرێ بگوترێ ئەحمەد عـارف بە شـێوەیەکی گشـتی لە شـیعرەکانیدا سـوود لە سـێ بنەمای باو وەردەگرێت:

١ .**بەکەسـکردنی خاک و شـوێن:** خاک و شـوێن هەمیشـە ناسنامەی مرۆڤێک وەردەگرن و بە جێناوی ئاخێوەر قسـە دەکەن. ئەم تەکنیکە، هـاودڵیی خوێنەر دەوروژێنێـت و ئازارەکان بەرجەستەتر دەکات.

٢.**دیالۆگ لەگەڵ مێژوو و ئەفســـانەدا:** لە نوح و حەواوە بگرە هەتا ئەسکەندەر و شـاکان، هەموویان لە چەند دێڕی کورتدا ئامادە دەکرێن و زنجیرەیەکی مێژوویی لە بەردەم ئێمەدا دادەنێن.

٣ .**تێکەڵبوونی ئەڤینی تاکەکەســی و بەکۆمەڵ**: کاتێک باس لە پاڵەوانان دەکات، لە ڕاستیدا نیشـان دەدات کە ئەڤین بۆ نیشـتمان و ئازادی هاوتای ئەڤینە بۆ دڵدارێکی ئەفسـانەیی.

بۆیە دەکرێت نـاونیشـــانی جۆراوجۆر بـدرێتە پـاڵ ئەم شیعرە: مانیفێستێک بۆ هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، ستایشێک لە ناســنامەی کۆنی ئەنادۆڵ، بانگەوازێک بۆ خەبات دژی ستەم و هەروەها سرودێک لە عەشق و متمانەیەکی قووڵ بە داهاتووی مرۆڤایەتی. ئەم شیعرە نیشان دەدات ئەحمەد عارف لەودیوی ســنووره ســیاســییەکانی تورکیاوە، قســەیەکی بۆ گوتن بە هەموو خاکە بریندارەکان هەیە: شــوێنێک کە مێژوو، بەســتەرێک لە تالان و کۆلۆنیالیزم بووە، بەڵام خەڵکەکەی بەردەوام لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگای ڕزگاری خۆیاندان.

## لەیلم ـ لەیل[33]

لەیلم ـ لەیل، نیوەی جیهانەکەمان

سوور ـ سەوزی بەهاری،

نیوەکەی تری بەفرپۆش

دیسانەوە خزم ـ برا، گیان دوژمنی گیان،

دیسانەوە دووپشکی حەوتگرێ،

ماری زەرد،

[33] ناونیشـــانی لەیلم لەیل یا لەیلیم لەیلیم "Leylim Leylim" لە زمانی تورکیدا، بەتایبەتی لە ئەدەبیات و مۆسیقای فۆلکلۆردا، تێکەڵاوییەکی قووڵی شـــاعیرانە و هەســـتیارە کە زۆرجار لە شـــیعر، گۆرانی و ئەدەبیاتی گشـتیی تورکیدا دەبینرێت. دەتوانرێ لەیلم لەیل وەها لێک بدرێتەوە کە بانگەوازێکی ئەڤیندارانە و غەمگینانە بۆ دڵدار کە لە "لەیلا هۆ لەیلا"وە هـاتووە. ئەم دەربڕینە لە زۆربەی شـــیعرە تورکییەکاندا ئاماژە بە خۆشەویستیی بەئازار، دووری و جیابوونەوە دەکات. هەروەها لە شـــیعر و گۆرانییە تورکییەکاندا بەگشـــتی بۆ هاواری خۆشـــەویســـتییەکی ناکام، جیابوونەوە و ئازاری دووری دێت. ناسـراوترین بەکارهێنانیشـی لای نازم حیکمەت و گۆرانیبێژانی وەک زولفو لیڤانلی و ئەحمەد کایا هەیە. سـەرچاوەی دەربڕینەکەش پەیوەندیی بە چیرۆکی لەیلا و مەجنونەوە هەیە، بەڵام لای ئەحمەد عارف ئاماژەیە بۆ لەیلا ئەربیل، هێمای خۆشـــەویســـتییە ناکامەکەی شاعیر.

لەسەر سپێتیی ناوچەوانیشمان،
نەنگیی ستەمی ناپاکی.
گیانیش، لە نیوەشەواندا،
سێدارە لەبەرامبەر دەرگا دووتاکییەکاندا،
ئاوێکیش کە لە زیندان
لە تەنیشتەوە ئەڕوات،
ئەجەل هاتۆتە سۆراغم،
لەنێوان پەراسووەکانمەوە
با بێت لێگەڕێ...

وەختێتی ئێستا، گیان بەرگە ناگرێ،
وەختێتی ئێستا، هەرەسەخت، هەرەیاخی،
خونچەی دۆزەخی مەمکەکانت.
وەختێتی ئێستا، چل ڕۆژ ـ چل شەو
باسکەکانت پەتی گەردنم،
ها، هەر لە لاساری ئەو هەموو خراپەیە،
ئەی وای بڵێم چی؟

وەختێک فیشەکەکان خراونەتە لوولەکانەوە و،
دەستانی دڕندە نوقمی خوێن،
وەختێک پەلاماردەران تێک دەدەن خەومان،
هاوار ئەکا ئەڵێم:

وێنەدانەوە قەدەغەیە، لە ئاوێنەکاندا.
ناتوانم دابەزمە باخچە تالانکراوەکەتەوە،
ڕێک، هەمان بۆشاییە ئەمە، کاری بێناموسانە ئەڵێم،
ڕێک، ئەو وەختەی خەنجەرەکەم وەک دۆزەخ جوانە،
دێیتە خەیاڵم،
دەستەکانم بێڕەمەق...

زانیویانە
هەموو پەناگەکان،
خەنجەری چەماوە، تفەنگی ڕەش، بۆسەی خوێنین
و، ئەو قەحبەترینەی ناو بیری مرۆڤ،
ئەو نەنگینترینە، ئەو میوەیەی سیفلیس،

یۆرانیۆمی شێتکراو

زانیویانە،

با بزانن!

کە چۆن لە ئاگری ئەڤینتا سووتاوم

ئۆوووی بووکێ...

ئەوەتا لە دژی دزە خوێنبەرچاوگرتووەکانی دەریا،

دڕندە بەحەرامگۆشکراوەکان،

پێغەمبەرە درۆزنەکان و

کوڵەبنەکانیان،

کۆیلە خەساو و گێلەکانیان،

ئەوەتا جارێکی تر

تا ئەم گیانە لە مندایە،

دەیری و ڕیسواتم،

ئۆووی بوکێ...

ئەم قەدەغەکارییانە،

بەجێماوی فیرعەونەکانن.

تۆ نیت،

نە لە سپی، نە لە ڕەشا،

لە گیانتا، لە نیهانتا، تەڵەیان بۆ ناویتەوە.

ڕۆژێک دادێ، کە هیوا لە توانای ترسناکت بسێنن،

لە باوەشی پیسی خواستی دنیادۆڕانتا،

ڕۆژێک دادێ، ڕەنگە چاوەڕێی کەوتنت بکەن.

مەکەوە!

دەنا ئەمرم...

لە چاوەکانت، لە چاوەکانت بێبەش ئەبم.

لەیلم ـ لەیل

کاتێک پێ ئەگەن بەهێ و هەنار،

تۆم بۆ دەبیتە یار.

ئەو وەختە بۆ سەری پڕ سەودامان،

تەنگ دەبن جیهانەکان...

## ڕامانێک لە شیعری «لەیلم ـ لەیل»:

ئەم شیعرە، یەکێکە لە نموونە هەرە بەرچاو و ئاڵۆزەکانی جیهانبینیی ئەحمەد عارف، کە ڕەهەندە جیاوازەکان، لە ئازارە کۆمەڵایەتییەکان و سەرکوتی سیاسییەوە تا ململانێی قووڵ و پڕ لە نهێنیی خۆشەویستی تێکەڵ بەیەک دەکات. ئەحمەد عارف لەم بەرهەمەدا، وەک شیعرەکانی تریشی، زمانێکی سادە بەڵام ئاگرینی بەکار هێناوە و لە نێوان وشەکاندا، وێنە و خوازەکانی جێگیر کردووە، بۆیە بە ئاسانی ناتوانرێت لە یەک ئاستی واتادا سنووردار بکرێن. ناوی ئەم شیعرە، لە نەریتی ئەدەبی و فۆلکلۆری تورکیدا، بیرخەرەوەی ئاواز و مەقامە عاشقانەکانە و لە هەمان کاتدا دەتوانێت ئاماژە بۆ «شەوانەبوون» و شۆڕی خۆشەویستی لە تاریکیدا بێت. ئەحمەد عارف، بە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە، خوێنەر لە سەرەتاوە بۆ فەزایەکی پڕ لە شۆڕ و شڵەژان بانگهێشت دەکات کە لە درێژەی شیعرەکەدا، بە تەواوی ئاشکرایە.

لەڕاستیدا بەهۆی پێکهاتەی ئازادی شیعرەکەوە، شیکردنەوەی کۆپلە و دێڕەکان لەوانەیە بە شێوەیەکی تێکەڵاو ئەنجام بدرێت. لەبەرئەوەی ئەم شیعرە وەک زۆرینەی شیعرەکانی تری ئەحمەد عارف بە زمانێکی سادە و کێشدار نووسراوە، جیاکردنەوەی هەر کۆپلە و

دێڕێک و واتاپێبەخشینی تاکەکەسی بۆی کەمێک قورسە؛ بەڵام دەتوانین بە چڕبوونەوە لەسەر ئەو وێنانەی شاعیر پێشکەشی دەکات و بە پشتبەستن بە چەند وشەی سەرەکی دووبارەبووەوە، بگەینە قووڵاییی شیعرەکە.

هەر لە سەرەتاوە شاعیر، جیهان بۆ دوو نیوەی دژبەیەک دابەش دەکات. نیوەیەک بە ڕەنگی سوور و سەوزی بەهار کە دەتوانێت هێمایەک بێت بۆ جووڵە، بەپیتی و گەشەکردن، لەگەڵ نیوەیەکی تر کە بەفر دایپۆشیوە؛ ساردی و تاریکی و سەختی. ئەم وێناکردنە، ڕەنگە ئاماژەیەک بێت بۆ دژایەتییە بنەڕەتییەکان لە جیهانی هاوچەرخی شاعیردا: لەلایەکەوە ئاوات و سۆزی ژیان، لەلایەکی ترەوە سەرکوت و بیرکردنەوە لە مردن. ئەحمەد عارف لە زۆرێک لە بەرهەمەکانیدا باس لەم دوالیزمە دەکات و هاوکات هیوا و ترس دەخاتە دڵەوە. پاشان دەڵێت ئەم نیوە دژبەیەکانە و ئەو خەڵکانەی تێیدا دەژین، هەندێکجار ئەوەندە دوژمنی یەکتری دەبن وەک بڵێی لە یەک خاکەوە نەهاتوون. ئەو باس لە گیانلەبەرە ژەهراوی و مەترسیدارەکان دەکات، کە نیشانەی خیانەت و ژەهرێکی شاراوەن لە کۆمەڵگادا. ئاماژە بۆ زوڵمێکی نزم لە پاکترین ساتەکاندا دەربڕی هەبوونی ناپاکانە کە لە لوتکەی متمانەدا، زەبری خۆیان دەوەشێنن. ئەو فەزایەک لە زیندان

و پەتی سێدارە و ئاوخواردنەوەی سنووردار وێنا دەکات و پێمان دەڵێت لەم کەشی خنکان و سەرکوتکردنەدا تەنانەت ئاویش بە باشی ناگاتە دەستی زیندانییەکان. مردن بۆ لای دێت، بەڵام ئەو تەسلیم نابێت و ئەم گوێنەدانە حەماسییە بۆ مردن، یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەمیشەییەکانی شیعرەکانی ئەحمەد عارف.

لە بەندی دواتردا، شاعیر باس لە خۆشەویستیی جەستەیی لە ناو سەرکوتدا دەکات، ئینجا باس لە چێژی جەستەیی دەکات کە جاروبار لەم کەشە بە ترس و بەجەنگداپۆشراوەدا، جیاوازتر دەردەکەوێت. ئەو باس لە پەتێکی گەردن و تینوێتییەک دەکات لە ساتێکدا کە دەستەکان سوورن بە خوێن و فیشەکەکان لە لوولەی تفەنگەکانەوە ئامادەن بۆ تەقاندن. ئەم یەکگرتنە لە ناو هەڕەشەکاندایە و دژایەتییەکی بەردەوام لە نێوان ژیانی خۆشەویستی و فەزای توندوتیژی و سەرکوتدا دروست دەکات.

دواتر، شاعیر ئاماژە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕێگرییەکانی گەیشتن بە ئەڤینەکەی دەکات. وەک بڵێی دەنگی لە ئاوێنەکاندا ڕەنگ ناداتەوە و ڕێگای چوونە ناو باخچەیەک، کە هێمایە بۆ خۆشەویستی و ئازادی، داخراوە. ئەو باس لە چەقۆیەک دەکات کە دەتوانێت بەندەکانی

ستەم ببڕێت، بەڵام ڕاست لە ساتەوەختی ئەم بڕیارەدا، یادی دڵدار دێتە ویژەی و دەستی دەلەرزێنێت. ئەمەش پیشاندەری ململانێی نێوان تووڕەیی و تۆڵەسەندنەوە و خواستی خۆشەویستییە.

ئەحمەد عارف ئاماژە بە ئامرازە کوشندەکانی داهێنراوی بیری مرۆڤ دەکات و دێتە سەر باسی دۆزینەوە مەترسیدارەکان، کە لە جیاتی ئاوەدانی، وێرانکارییان بەرهەم هێناوە. یۆرانیۆم و چەکە ئەتۆمییەکان بە میوەیەکی ژەهراوی لە ژیری گەندەڵی مرۆڤ دادەنێت کە شارستانێتی بەرەو شێتییەکی خوێناوی بردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو جەخت دەکاتەوە لەوەی ئاگری خۆشەویستی ناکوژێتەوە. شیعرەکە بانگەوازێکە بۆ هۆشیارکردنەوەی جیهانیان و بەهێزەکان لەوەی کە خەڵک، لەم توندوتیژییە ئاگادارن و لە هەمان کاتیشدا هێشتا دەتوانن بە خۆشەویستی بەرگری بکەن.

ئەو لە بەرامبەر دەسەڵاتە درۆینەکان و بانگەشەکارانی درۆزندا، حاڵەتێکی شێتانەی ئازایەتیی مرۆڤانە هەڵدەبژێرێت و دەڵێت تا ئەو کاتەی گیان لە لەشیدایە، یاخی دەبێت. ئەم شێتییە، لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەی ڕادەستبوون و قبوڵکردنی زۆردارییە. ئەو

جاریکی تر بیرمان دەخاتەوە کە سەرەڕای تاریکیی جیهان، دڵدار هێشتا سەرچاوەی هیوا و پەناگەیە.

پاشان شاعیر باس لە قەدەغەکردن و میراتی فیرعەون دەکات و سنووردارییە جۆراوجۆرەکان بە درێژەی سەرەڕۆیی دادەنێت کە لە سەردەمە کۆنەکانەوە ماوەتەوە. ئەڤین و دڵدار یان خەڵکە ئەڤیندارەکە، لەوانەیە لە سپی و ڕەش بێبەش بکرێن و بەرەو کەوتن بچن. بۆیە بە هاوارەوە دەڵێت: نەکەی بکەویت، چونکە بە کەوتنی تۆ، منیش دەکەوم. لێرەدایە ئیتر خۆشەویستی و هیوا و خەبات پێکەوە دەبەسترێنەوە. ئەگەر مەعشوق هەنگاوێک بۆ دواوە بنێت، شاعیریش لەناو دەچێت و ئەم پەیوەندییە لە نێوان ئەو دووانەدا نەک تەنیا بارێکی کەسی، بەڵکوو هەڵگری بارێکی مێژوویی و بەکۆمەڵە.

لە دێڕەکانی کۆتاییی شیعرەکەدا، ئەو جارێکی تر جەخت لەسەر خۆشەویستی و ڕەهەندە تاڵ و شیرینەکانی دەکاتەوە. لەوکاتەدا کە دنیا لەسەر مرۆڤەکان تەنگ بووەتەوە و لەوانەیە زستانێکی سەخت لە ڕێگادا بێت، هەر ئەم نزیکی و پەیوەندییە خۆشەویستییە دەتوانێت ڕێگای ڕزگاری بێت. لێرەدایە کە سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکان، شاعیر هێشتا چرپەیەکی خۆشەویستی لە ناو تاریکییەکەدا دەبیستێت. سەرەڕای مەترسی و دەربەدەری، ئەگەر

«یـار» لە تەنیشـــتی بێـت، گۆرانییەکەی نـاکوژێتەوە و جۆرێک لە خۆشـــیی دەرونی دروســـت دەبێت کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تـاریکیی دەرەکیـدا ســـەربەرز دەردەچێت.

بەڵام تێمە ســـەرەکییەکانی شـــیعرەکە، بریتین لە دوالیزمی هیوا و ئازار: بەهار بەرامبەر بەفر، خۆشەویستی بەرامبەر مردن، ئازادی بەرامبەر ســـەرکوت. شـــیعرەکە فەزایەکی سیاسیی سەرکوتکراو پیشان دەدات و لە شوێن بە شـوێنیدا ڕووبەڕووی هێماکانی زیندان و پەتی سـێدارە و خوێن دەبینەوە. ئەم فەزایە، وەک پێشـــتریش چەندین جاری تر باســـمان کردووە، بیرخەرەوەی قۆنـاغەکانی مێژووی تورکیـایە کە تێیـدا ئـازادی ســـنووردار بووە و خودی شـــاعیریش کەوتووەتە زیندانەوە. لە هەمان کاتدا، خۆشەویستی لە ناو هەمان سەرکوتدا دێتە دی و بەرگری بەکۆمەڵ لەگەڵ جۆشـــی خۆشـــەویســـتیدا تێکەڵ دەکات. مرۆڤی ئەمڕۆ کە ئامرازە کوشـــندە پێشـــکەوتووەکانی لە دەســـتدایە، لە جیاتی پێشـــکەوتنی ئەخلاقی، چووەتە ناو بـازنەکـانی تونـدوتیژی و لەجیاتی ئەوەی دەیتوانی تۆوی ئـارامی بێـت، کەچی هەنـدێـک جـار بووەتە ئـامرازی وێرانکـاری. شـــاعیر ترس لە کەوتنی مەعشـــوق بە

شێوەیەکی زۆر کەسی و تایبەت دەردەبڕێت؛ ئەگەر ئەو بکەوێت، هەموو هیوایەک لەناو دەچێت.

لە ڕووی شێوازیشەوە ناوی شیعرەکە و ئاوازی دووبارەبوونەوەی وشەکان، بە نەریتی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی تورکیاوە دەبەستریتەوە؛ مۆسیقای ناوەکی شیعرەکەش بەرهەمی هەڵبژاردنی هۆشیارانەی وشەکان و ڕیتمێکی بەهێزە. ئەحمەد عارف بە بەکارهێنانی وشەی ڕۆژانە و گوتنی پارچە پارچە، هەستی سەرکوت و ناڕوونی بەرز دەکاتەوە، هەربۆیە بەندەکانی شیعرەکە هیچ کات کۆتاییەکی ڕوونیان نییە. ئەم پێکهاتەیە، نیشاندەری کەشێکی تژی لە دژایەتییە، کە شاعیر تێیدا دەژی و ڕێگە نادات خوێنەر هەست بکات هەموو شتێک بە ئاسانی کۆتایی دێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم شیعرە درێژەی ڕەوتی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی ـــ سیاسیی ئەحمەد عارفە، بەڵام تێیدا بەرجەستەبوونێکی بەرچاو لە ململانێی جەستەیی و ئارەزووی بەهێز دەبینرێت. ئەو لە هەندێک لە شیعرەکانیدا باسی خۆشەویستی کردبوو، بەڵام لێرەدا ڕاشکاوانەتر باس لە سینە و باسکی پەتئاسا و باوەش دەکات. لەو کاتەدا کە فەزای کۆمەڵگا لە هەموو لایەکەوە داخراو دیارە، چوونە ناو لایەنی جەستەییی خۆشەویستی حاڵەتێکی

یاخیبوونی هەیە و پیشـــان دەدات کە شـــاعیر لە بواری ئەخلاق و سیاسەتدا سەرپێچی دەکات. ئەو بە بەکارهێنانی چەمکی دەســـەڵاتی ئاینی درۆزن و کۆیلەی خەســـێنراو، لەگەڵ ڕەخنە لە دەســـەڵاتە ســـیاســـییەکان، ئاماژە بۆ خراپبەکـارهێنـانی ئـاینیش دەکـات و هەموو جۆرێکی زۆرداری بە درێژەی حوکمڕانی فیرعەونی دەزانێـت. لەم ڕوانگەیەوە، خەباتی ئەمڕۆ درێژەی خەباتێکی چەند هەزار ساڵەیە.

لە ناوەرۆکدا شـــاعیر چەند جارێک باس لە مردن دەکات، جاری وا هەیە لەگەڵیدا ململانێ دەکات و جاری واش هەیە لە تەنیشـــت خۆشـــەویســـتییەوە دایدەنێت. لە کۆتاییدا خۆشەویستی بە خاڵی کۆتایی خۆڕاگری دەبینێت: لە تاریکترین بارودۆخدا، نایەوێت دەســـتی لێ هەڵبگرێت. لەوانەیە هەر لەبەر ئەمەیە تەنـانەت کـاتێـک دەیەوێـت خەنجەر لە دژی ستەم بەکار بهێنێت، یادی خۆشـەویسـتی لەرزینێک لە دەسـتیدا دروسـت دەکات و بیری دەخاتەوە کە کام بەهـا لەپێشـــترە. ئەو بڕوای هەیە تـا ئەو کـاتەی هونەری خۆشـەویستی ماوە، دەتوانرێت ژیان لە نائومێدی ڕزگار بکرێت.

لە کۆتاییدا، کەشـێکی تاریک و پڕ جۆش لە جیهانی ئەحمەدا عارفدا دەبینرێت. نیوەیەک ســـوور و ســـەوزی

بەهـار و نیوەیەک لە ســـــاردی بەفر، لە ژێر ســـێبەری لەسێدارەدان و زۆرداری و سانسۆر و هەروەها گرفتاریی نادادپەروەری دابەشــکردنی ســادەترین پێداویســتییەکاندا. بەڵام ئەو بە ســــــووربــوونەوە دەڵــێــت کە هــاواری خۆشـــەویســـتی و یەکگرتن دەکات و ئاگاداری دەدات بە دڵدار نەبادا خۆی بەدەســـتەوە بدات. ئەمە تەنیا کلێشـــەی ڕزگاربوونە لە تەنگەبەرییەکان. ئەو ئاماژە بە پێکهاتەی فۆلکلۆر و گۆرانییە خۆشـــەویســـتییەکان دەکات و لە خراپترین تاریکییەکاندا، هێشتا چرپەیەکی خۆشەویستی بە گونجاو دەزانێت. تا ئەو کاتەی «بەهار» و «یار» و دەنگی ئەم چرپەیە هەبێت، ڕێگایەک بۆ بەردەوامبوون دەمێنێتەوە. بەم شـــێوەیە، شـــیعرەکە پەیـامێکی دووانەیی هەیە: لەلایەکەوە ڕاســـتییە ترســـناکەکان دەخاتە ڕوو، لەلایەکی تریشەوە باری هیوا دەخاتە سەر شانەکانی خۆشەویستی و ئەڤین.

## لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند

تۆ، خۆزگە دەمتوانی باسی تۆ بکەم.
بۆ منداڵانی پاک، بۆ قارەمانەکان،
تۆ، چۆن باسی تۆ بکەم،
بۆ بێناموسان، بۆ لەئازاربێخەبەران،
بۆ درۆی قەحبانە.

یەک لە دوای یەک تێپەڕین زستانە سەختەکان،
گورگ نووست، باڵندە نووست، زیندان خەو
بردیەوە، لە دەرەوە، جیهانێکی خرۆشاو و ڕەوان...
تەنیا هەر من نەخەوتم،
چ بەهارانێک لەیلێم،
لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند.
لێگەڕێ با لە پرچت گوڵی سووری خوێناوی بدەم،
یەکێ لەولا
یەکێ لەملا...

خۆزگە دەمتوانی هاوارت بکەم،

لە بیرە بێبەنەکانا،

لە ئەستێرەیەکی کشاوا،

تا تەنانەت دەگاتە دارکەشقارتەیەکیش،

لە تەنیاترین شەپۆلی زەریا

لەو دارکەشقارتەی کەوتووەتە گێژاویەوە.

ئەفسونی یەکەمین خۆشەویستییەکان لەدەست

چوونە، ماچەکانی ون بووە،

نیمە جێیەک، لەو ئێوارانەی لەناکاو دادێن،

تا لە پێکێکا، جگەرەیەکا نوقمی خەیاڵ بم،

خۆزگە ئەمتوانی باست بکەم...

نەبوونت، ناوێکی تری دۆزەخە

سەرمامە، چاوەکانت دامەخە...

## ڕامانێک لە شیعری

## «لە تاسەتا کۆت و زنجیرم پزاند»:

ئەم شـــیعرە بە درەوشـــاوەترین و بەناوبانگترین هۆنراوەکـانی ئەحمەد عـارف دادەنرێـت، کە ســـەرەڕای هەبوونی زمانێکی ســـادە، ئەوەندە لە قووڵاییی ســـۆز، سیاسـەت و فەلسـەفەی ژیاندا ڕەگی داکوتاوە چەندین جار لە کۆڕی ئەدەبی، سیاسی و تەنانەت مۆسیقای گەلپەسندی تورکیاشـدا خوێنراوەتەوە. ناوبانگی بەرفراوانی زیاتریشـی بەهۆی تێکەڵبوونی دوو توخمی بنەڕەتییەوەیە: ئـازاری تاکەکەســـی و ژانی بەکۆمەڵ. لە ڕاســـتیدا، شـــیعرەکە لەلایەکەوە چیرۆکی خۆشـەویستێکی بەندکراو دەگێڕێتەوە، کە حەسـرەتێکی گەورەی لەسـەر شـانە و لەلایەکی ترەوە، هێمـای ئـازاری خەڵکـانێکە لە تەنگەژەی ســـەرکوت و سـانسـۆردا ڕۆژگار بەسـەر دەبات و بۆ ئاسـۆیەکی ڕوون لە پشت زنجیرەکانی خۆیەوە دەگەڕێت.

لە ناونیشـانی شـیعرەکەدا، دوو وشـەی سـەرەکیی هەن: «تاســە» و «کۆت و زنجیر». وەک بڵێی شـاعیر لە ناوەندی خۆشـەویستی و دیلێتیدا وەستاوە. خۆشـەویستی و تاســـە بۆ ئەو هێندە بەهێزن تەنانەت کۆتوزنجیرەکانی زینـدانیش دەڕزێنن، بەڵام لە هەمـان کـاتـدا، بوونی زنجیر هەواڵی کەشـــێکی داخراو و ســـەرکوتکراومان پێ دەدات.

ئەم ململانێیە لە نێوان هێزی خۆشـــەویســـتی و هەقیقەتی کۆتوبەندا، یەکێک لە بابەتە سـەرەکییەکانی ئەحمەد عارفە لە زۆربەی شـــیعرەکانیدا. ئەو بڕوای وایە هێزی بـالای خۆشـەویسـتی دەتوانێت تەنانەت لە سـەختترین بارودۆخی سـەرکوتکردنیشــدا، تروسـکاییەک لە هیوا بە زیندوویێتی بهێڵێتەوە. لەم شـیعرەدا، «تاسـە» وەک شـمشـێرێکی دوو سەر کار دەکات: لەلایەکەوە ڕۆح بریندار دەکات، لەلایەکی ترەوە هۆکاری مانەوەیەتی.

ئەحمەد عـارف لە ســـەرەتـای شـــیعرەکەیـدا بە دووبارەکردنەوەی وشـــەی «تۆ» پیشـــانی دەدات کە لە تەنگەژەی دەربڕینی ئەم «تۆ»یە پیرۆزەدایە. ئەو لە هەوڵی ڕونکردنەوەدایە تا بیسـەلمێنێ ئەم «تۆ»یە چەندە خاوەنی گرنگییە، بۆ ئەوەی پاکان و پاڵەوانانیش لێی ئاگادار بن و لە هەمـانکـاتـدا بێنـامـوس و خـراپەکـارانیش یـان لەئازاربێخەبەران و درۆزنەکانیش هەســـت بە هەبوونی بکەن. دەیەوێ بڵێ پێوەری ناسـینەوەی باشـی لە خراپی، یان ڕاســـتی لە درۆ، هەر ئەم دڵدارە یان ئایدیاڵەیە کە باسی دەکات. بەڵام ئەم «تۆ»یە هەرگیز بە ڕوونی پێناسە ناکرێت. خوێندنەوەیەک نیشـــانی دەدات لەوانەیە باس لە ئەڤینی ژنێک بکات؛ خوێندنەوەیەکی تر لەســـەر ئەوەیە کە ئەو نیشتمان یان خەڵکی لە پێگەی خۆشەویستدا داناوە. لە

زۆرێک لە شیعرەکانی ئەحمەد عارفیشدا ئەم ناڕوونییە بە ئەنقەســــت پارێزراوە تا شــــیعرەکە توانای لێکدانەوەی فرەڕەهەند پەیدا بکات.

بەندەکانی دواتری شــــیعرەکە باســــی زســــتانە ســــەختەکان دەکات کە تێیدا وەک بڵێی هەموو شــــتێک نووســــتووە: لە زیندانەوە بگرە تا گورگ و باڵندە. لە هەمانکاتدا، شــــاعیر خۆی بە تەنیا کەســــێک دەبینێت لەم ســــەرما درێژخایەنەدا بەخەبەر ماوەتەوە. لە ئاســــتی دەرەکیدا، دیمەنێک لە سروشتی زستانی وێنا دەکات کە نیشــانەیەکە لە چەقبەســتن و بێجووڵەیی؛ بەڵام لە پشــتی ئەم دەرەوەییەوە، دەتوانرێت دەنگی کۆمەڵگــایەک ببیســترێت لەژێر گوشــاری ســەرکوتدا ئەوەندە ناچار بە بێدەنگی کراوە کە «گورگ و باڵندە و زیندان» هەموویان لە خەوێکی قووڵدا نوقم بوون. ڕاســــت لەم بارودۆخەدایە شاعیر دێت و باس لە «تاسە»ی خۆی دەکات، تاسەیەک کە ئەوی گەیاندووەتە ئەو ئاستە لە چاوەڕوانی ئیتر کۆت و زنجیرەکانی ڕزاندووە. چونکە ژووری تەنگ و دیوارە ســاردەکان ناتوانن ببنە ڕێگر لە بەردەم پەرۆشــی ئەودا؛ ئەوێک هێندە لەم تاسەیەدا سووتاوە و تواوەتەوە کە کۆتە ئاسنینەکانی داڕزاندووە.

لە بەشەکانی دواتری شیعرەکەدا، شاعیر کەشێکی خۆشەویستی لەگەڵ وێنەی توندوتیژانەدا تێکەڵ دەکات. باس لە گوڵە خوێناوییەکان لەسەر قژی یار دەکات. ئەم تێکەڵکردنی «گوڵ» و «خوێن»ە بیرخەرەوەی جۆرێک پەیوەندییە لە نێوان جوانی و بریندا. خۆشەویستی بۆ گێڕەرەوە، هەرچەندە وەک بەخشینێکی ناسک دیارە، بەڵام ڕێگایەکی زۆر سەخت و خوێناویی هەیە. ئەو بەم وێنەیە، ئاماژە بە سوری و سوتێنەری حەزی خۆشەویستی دەکات و لە هەمانکاتدا هەستێک لە ئازار و ئێشیش لەم گەیشتنەدا دەردەبڕێت. وەک بڵێی یار دەیەوێت ئازارەکەی چون گوڵێک لەسەر تاڵەکانی پرچی خۆشەویست برازێنێتەوە تا جوانی و ئازار پێکەوە دەرکەون.

بەدوایدا، شاعیر ئارەزوو دەکات خۆزگە بیتوانیایە ناوی دلدار بۆ دوورترین خاڵەکانی جیهان هاوار بکات؛ لە بیرە بێکۆتاکانەوە تا بچووکترین شتە ڕۆژانەییەکانی وەک دارکەشقارتەیەک. ئەم جۆرە زێدەڕۆییە پیشاندەری فراوانی جۆرێکە لە تاسە کە لە گیانیدا ڕەگی داکوتاوە. بە زمانێکی خوازەیی، دەیەوێت بڵێت ئەگەر دەرفەت هەبووایە، هەموو جیهانی دەکرد بە شایەتی ئەم خۆشەویستییە یان ئەم ئایدیاڵە سا بەڵکو لە توندیی ئاگری ناوەوەی کەم بکاتەوە. لەم نێوەندەدایە وشەگەلێکی وەک «بیرە

بێبنەکان» یان «ئەستێرەی کشاو» ڕەهەندگەلێک لە خەیاڵی بەرفراوانی شاعیر ئاشکرا دەکەن.

ئەحمەد عارف پاشان باس لە لەناوچوونی ئەفسونی ئەو یەکەمین خۆشەویستییانە دەکات کە لەدەست چوونە و جۆشی یەکەمین ماچەکانی ڕەویوەتەوە. لەم ساتەدا، شیعرەکە دەچێتە ناو کەشێکی خەمبارترەوە. ئیتر هەواڵێک لەو جۆشە سادە و بێپەروایەی ڕۆژەکانی دەستپێکی دڵداری نییە. سەختی ڕۆژگار و هێرشی ڕووداوەکان، ئەو تەلیسمەی جارێک خۆشەویستی پڕکردبوو لە گڕ، شکاندووە. ئەم هەستە دەکرێت هاوتەریب بێت لەگەڵ حەسرەتی هاوبەشی زۆرێک لە مرۆڤەکان کە بە درێژایی کات، هێرشی کێشەکان و سەرکوتکردن، گەشایی سەرەتاییان لێ دەسێنن. شاعیر بەم شێوە دەربڕینە، خەمێکی گشتی لە قاڵبی خۆشەویستییەکی کەسیدا دادەنێت.

لە بەندی کۆتاییدا، ئەو بە ڕوونی نەبوونی دڵدار، مەعشوق یان ئەڤینەکەی هاوشێوەی دۆزەخ ناو دەبات. توندی ئەم لێکچوواندنە پیشان دەدات کە «ئەو» (ئەڤین، ئازادی، یان نیشتمان) لە باڵاترین پێگەی بەهای زەینیی شاعیردا دانراوە. لە ڕوانگەی ئەحمەد عارفەوە، دووری لەم بنەما ژیانییە یەکسانە لەگەڵ ژیان لە دۆزەخێکی

سووتێنەردا. لە هەمان کاتدا، هەستی ساردی و بەستەڵەکی هەیە و داوا لە ئەڤینەکەی دەکات چاو لێک نەنێت و گێڕەرەوە لەم بارودۆخەدا بەتەنیا جێ نەهێڵێت. ئەم تێکەڵکردنی «دۆزەخ» و «سەرما» لەوانەیە دژیەک بنوێنێت، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە شاعیر باس لە دوو جۆری ئازار دەکات: دۆزەخی دووری و سەرمای تەنیایی. ئەم دوالیزمە جارێکی تر جەخت لەسەر سروشتی ئاڵۆزی خۆشەویستی لە شیعرەکانی ئەحمەد عارفدا دەکاتەوە.

تایبەتمەندییەکی گرنگی شیعرەکە، بەکارهێنانی وشەی سادە و ڕۆژانەیە. ئەحمەد عارف چەندین جار کەڵک لە وشەی «تۆ» وەردەگرێت و ئەم "تۆ"یەش هەر جارەو ڕیتمێکی کاریگەر بە شیعرەکە دەبەخشێت. ئەم دووبارەکردنەوەیە، سەرنجڕاکێشی شیعرەکە لە خوێندنەوەی بەکۆمەڵدا زیاد دەکات و وەکوو دروشم یان چرپەیەکی جەختکراو لە زەینی بەرامبەردا هەڵدەکەنرێت. هەروەها لە وەسفکردنی سروشت و حاڵەتە ناوەکییەکان، لە کلێشە پڕزینەتەکان دوورکەوتووەتەوە و ڕووی کردووەتە دەربڕینێکی سروشتی کە هەموو خوێنەرێک تێی بگات. هەر ئەم سادەیییە لە هەمان کاتدا قووڵە، نهێنی ڕاکێشانی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ شیعرەکانی.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بگوترێت ئەم شیعرە، لە نێو بەرهەمەکانی تری ئەحمەد عارفدا، زۆر زوو خۆشەویستییەکی گەورەی پەیدا کرد. ئەو، کتێبەکەشی هەر بە ناوی ئەم شیعرەوە ناونا. زۆرێک لە گۆرانیبێژان بە شێوەی جیاواز، چ لەسەر میلۆدی و مۆسیقای میللی و چ بە مۆسیقای ڕۆژئاوایی، گۆرانییان لەسەر بنەمای ئەم شیعرە پێشکەش کرد. خۆشەویستیی شیعرەکە لای هونەرمەندان تەنیا بەهۆی جوانی وشەکانییەوە نییە؛ بەڵکوو نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە خەڵک تێیدا، دەنگدانەوەی خەم و ئاواتەکانی خۆیان دەبینن.

## یادداشتەکانی

## قەڵای دیاربەکر و لایلایەی عادیلۆش بەبۆ

١

دەستم ناگات

وەختێ گیان بەرگە ناگرێ، بە بەهێ و هەنارەکانی،

ملم ئەشکێنم و دەڕۆم.

ئەمە حاڵێ نییە گورگ و باڵندە لێی بگەن،

هیچ مەپرسن،

لاڵ...

با فەرمانی ڕەش بێتە سەر ڕێگەکان،

باخی یار تاڵان،

بە خوێن سوورە پەرچەم.

هەرچیم هەبوو، هەمووی مشتێک گیان،

کە کردوومە فیدای و بەڵاگەردان،

ئەی بریا من بمردمایە، لۆۆ...

دەستم بەتاڵ،
پێم لە بۆسەدا.
هەر بەتەنیا من دەزانم
چ ئافاتێکم خۆش ویست.
ئەوەی کە تەنیا دەمی هەیە و زمان نا،
قەلای دیاربەکر...

٢

دەپشکوێن،
حەوتبەرە دلیقییە خوێنینەکان،
لەولاشەوە بەفر ئەبارێت،
قەرەجەداغ غەرقی ساواق،
زۆزان کڕێوە...
سەیرکە، سمێڵم شەختەی بەستووە،
سەرمامە و
زەمهەریریش درێژ و ناکۆتا دەبێتەوە.
بەڵام تۆ، وەک بەهار وێنا دەکەم،

تۆ، وەک دیاربەکر.
چ شتێک، کام شت شیرینترە لە
تامی بیرکردنەوە لە تۆ...

٣

ئاوی حامرەڤات[34] بەستویەتی،
چوار پەنجە شەختە لەسەر دیجلە،
ئێمە لە بیرەوە ئاو ئەکێشین بۆ قاپ و قاچاخ،
چایی لە بەفر دەم ئەکەین.
دایکم ئـازاری سـیـاتیکـەکـەی وەک نهێنییـەک ئەشارێتەوە،
ئەڵێت: «بایە»، «بەهار بێ ئەپەڕێ».
خوشکم، قورس، دووگیانە،
خۆت ئەزانی، کچێکی جوانە...
جاری یەکەمیەتی، لەلایەکەوە شەرمی هەیە

[34] ڕووبارێکە لە ئامەد، لایەن سوڵتان سلێمانی قانونییەوە هێنراوەتە ناو کەلەها هوندرین لە سوری ئامەد.

لەلایەکیشەوە ترس.

ئەز دەمرم، دبێژە!

گیانێکی تر زیاد دەکەین لەم زستانەدا،

بەبۆکەم، لە کوێ بتشارمەوە؟

بەخێر بێیت،

سەفات هێنا،

ئەی خوشکەزای ئەحمەد عارف...

٤

لەدایک بوویت،

سێ ڕۆژ برسیمان هێشتیتەوە،

سێ ڕۆژ مەمکمان نەدایتێ،

ئەدیلۆش بەبۆکەم،

نەکا نەخۆش کەوی،

ئاوایە نەریتی ئێمە،

پەلاماری مەمە دە ئێستا،

پەلامار دە و گەورە بە...

ئەمانە،

دوپشک و ماری ژاراوین،

ئەمانە،

چاویان بڕیوەتە

نان و خۆراکمان،

بیانناسە ئەمانە،

بیانناسە و گەورە بە...

ئەمە، ناموسە

لە ناسنامەی ئێمەدا هەڵکۆڵراوە،

ئەمەش ئارامگرتن،

کە لە ژەهرەکان پاڵاوتوومانە.

دەستیان پێوە بگرە،

دەستیان پێوە بگرە و گەورە بە...

## ڕامانێک لە شیعری

### «یاداشتەکانی قەڵای دیاربەکر و لایلایەی عادیلۆش بەبۆ»:

شیعرەکە لە دوو بەش پێک هاتووە کە ڕواڵەتی دوو کەشـــی تەواو جیـاواز وێنـا دەکەن: یەکێکیـان ئەو ســەرنجانەیە شــاعیر لە تەنیشــت دیوارەکانی ســووری دیاربەکرەوە دەیگێڕێتەوە و ئەوی دیکەشـــیان لایلایەیەکە بۆ ســـاوایەک بە ناوی عادیلە کە وەک ناوی بچووککراوە بە عادیلۆش ناوی دەبات. ســەرەڕای ئەمە، ئەحمەد عارف ئەم دووانە وا تێک دەئاڵێنێت کە هەســـتی دابڕان یان بازدانی لەناکاو دروســت نابێت؛ وەک ئەوەی قورســاییی مێژوو، ئازاری خەڵک، هیوا بۆ داهاتوو و خۆشــەویســتی خێزانی هەموویان لە ڕەوتێکی یەکپارچەدا بن.

لە بەشــی یەکەمدا، شــاعیر ڕووبەڕووی کەشـێک لە خەم و سەرما دەبێتەوە. دیوارەکانی سووری دیاربەکر لە شــیعرەکەدا وەک شــایەتی بێدەنگ وان کە ئازار و وێرانکارییەکانی ســەدەکانیان لە یادەوەریی بەردینی خۆیاندا هەڵگرتووە. ئەو ئاماژە بەوە دەکات کە تەنیا خۆی و ئەم دیوارە کۆنانە لە چیرۆکە سـامناکەکان تێپەڕیوەکان ئاگادارن. ئەم جەختکردنەوەیە لەســەر دیوارەکان نیشــان دەدات چۆن ئەحمەد عارف شوێن و مێژوو بە هەستەکانی

ناوەوەی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە؛ دیوارەکان نەک تەنیا دیاردەیەکی بیناسازی، بەڵکو ئاوێنەی مێژوون.

شاعیر باس لە میوەگەلێکی وەک بەهێ و هەنار دەکات، بەڵام لە بەستێنی سەختیدا کە خەڵک تێیدا گیرۆدەن، هەر ئەم میوانە بەجۆرێکن بە ئاسانی دەستیان پێ ڕاناگات. پاشان دەچێتە سەر فەرمانێکی زاڵمانە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەسەر خەڵکدا سەپاوە. ئەو دەڵێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕەشییانە، هەندێک جار گیانی کەمی خۆی کردۆتە بەلاگەردانی «ئەو/یار». ئەم ئاماژەیە یادهێنەرەوەی نەریتێکی باوە لە ئەدەبیاتی بەرخۆداندا کە شاعیر ئامادەی خۆبەختکردنە بۆ خەڵک یان نیشتمانەکەی. حەسرەتێکی قووڵ و جۆشی یاخیبوون لەم کۆپلەیەدا دەردەکەوێت: وەک ئەوەی ڕێگایەکی دژوار لە پێشدا بووبێت و ئەو بە دڵەڕاوکێ بەڵام بە سووربوونەوە هەنگاوی هەڵگرتبێت.

بێدەنگی و نهێنیئامێزی دیوارەکانی قەڵای دیاربەکر لە کۆتایی ئەم بەشەدا هێمایەکن لە مێژوویەکی بەکۆمەڵ کە قسەی نەکردووە و نایکات، بەڵام قووڵایی ڕووداوەکانی لە دڵی خۆیدا تۆمار کردووە. شاعیر هەرگیز حوکم نادات بەوەی ئایا ئەم بێدەنگییە باشە یان خراپ، بەڵکو تەنیا ئەوە بەبیر دەهێنێتەوە بەشێک لە ڕاستیی ناوچەکە و

بارودۆخەکەی، لە سنگی بیناگەلێکدا شاراوەیە کە لێویان بە قسە ناکرێتەوە.

لە کۆپلەی دووەمدا، بەفر و سەرما لە لوتکەدایە. شاعیر باس لە گوڵگەلێک دەکات لە دڵی ئەم زستانەدا گەشە دەکەن؛ وەک ئەوەی ژیان و ڕەنگی سوور لە دڵی سپیاییە ناکۆتەکەی بەفردا ڕێگە بکەنەوە. هەر ئەم دژیەکییەیە، نوێنەری خەباتێکی هەمیشەییە لە نێوان ئازار و هیوادا. ئەو دەڵێت بە یادی دڵدارەکەی یان ئایدیالێک گەرم دەبێتەوە و ئەوە بە هاوسەنگیی زێدی خۆی دادەنێت. لە ئەنجامدا، چەمکی «تۆ/ئەو» دەبێتە هێزێکی گشتگیر کە نەک تەنیا لایەنی کەسی، بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیشی هەیە. وەک چەندین جاری تریش سەرنجمان لێ داوە، تێکەڵبوونی خۆشەویستی و زێد یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ئەحمەد عارف و پێمان دەڵێ خۆشەویستی لای ئەو، تەنیا دڵدارییەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو دەتوانێت لەگەڵ خاک، کولتوور و چارەنووسی گشتیدا گرێ بدرێت.

ئینجا لە درێژەدا کەشی سەختییەکانی ژیان پڕڕەنگتر دەبێت. باس لە ئاوە بەستووەکان و دژوارییی دەستگەیشتن بە سەرچاوە سەرەتاییەکانی ژیان دەکات. خەڵک ناچارن بۆ گوزەرانی ژیان، پەنا بۆ شێوازە سەرەتاییەکان بەرن.

لەم بارودۆخەدا، شـــاعیر ئاماژە دەکات کە دایکێک بە نـۆبەرەیەکەوە دووگـیـانە؛ ئەم نـۆبەرەیە بـڕیـارە لە سەرمایەکی سەختدا لەدایک بێت. ئەو بە تۆنێکی تێکەڵ بە نیگەرانی و هیوا دەپرسـێت لە کوێ دەتوانێت ئەم ساوایە بپارێزێت تاکوو لە بەڵای سەرما و سۆڵە بەدوور بێ. هەر ئەم پرسـیارە نیشـان دەدات ژیان سـەرەڕای سـەختییە زۆرەکان، هێشـتا بەردەوامە و بریسـکەیەک لە هیوا لەگەڵ خۆیـدا هەڵـدەگرێـت. ئەم بیرهێنـانەوەیە بۆ خوێنەر کە «گیانێکی تر زیاد ئەکەین لەم زستانەدا»، هەم دەرکەوتنی هیوایە و هەم نیشانەی بڕیاری خەڵکە بۆ بەردەوامی ژیان لە هەلومەرجی تاڵدا.

پاشـان شـاعیر دەچێتە سـەر لایلایەیەکی تایبەت. بەشـێوەیەکی تایبەت ئاسـایی لایلایەکان ئارام و پڕ لە نەرمین، بەڵام لێرەدا باس لە سـەرسـەختی و بەرەنگاری دەکرێت. منداڵی سـاوا لە خێزانێکدا چاوی کردووەتەوە لەگەڵ هەژاری، سـەرکوت و سـەختییەکانی سـروشـتدا گیرۆدەیە. لەم لایلایەدا، لە جیاتی ئەوەی منداڵێک هـان بدرێت بۆ خەوتن و بێئاگابوون لە دنیا، داوای لێ دەکەن چاو بکاتەوە و دوژمنانی نان و ناموسـی خۆی بناسـێت. ئەم دوژمنە هەر دەسـەڵاتێکە کە دەیەوێت ڕزقی خەڵک ببات یان شەرەفیان خەوشدار بکات. بۆیە، منداڵ دەبێت لە

سەرەتاوە وریا بێت و بزانێت کە بەهاگەلێک وەک غیرەت و تۆتکە، گەرەنتی مانەوەی خێزان و نیشتمانن. ئەم لایلایە لایەنێکی ئاشکرای کولتووری بەرەنگارییە لە کوردستاندا: خەڵک لە هەمان سەرەتای لەدایکبوونەوە منداڵەکانیان وەها فێر دەکەن ژیان تەنیا شادییەکی بەردەوام نییە، بەڵکو گۆڕەپانی خەباتە لەگەڵ ستەم و زیادەڕەویدا. ئەم تێڕوانینە، بە کردەوە مانیفێستێکی بچووکی کۆمەڵایەتییە کە لە قاڵبی ئاوازێکی منداڵانەدا پێشکەش دەکرێت.

ئەگەر ئەم سەرنجانە بخەینە پاڵ یەک، تێدەگەین کە شیعرەکە نەک تەنیا نیشاندانی بارودۆخێکی تاریک، بەڵکو نەخشەیەکە بۆ بەردەوامبوون. شاعیر لە یەک کاتدا ڕابردو هەڵدەکۆڵێت و پەردە لەسەر ئازارە مێژووییەکانیش لادەبات، ئینجا سەرنج دەداتە داهاتوی نزیک و منداڵێک کە دەبێت لەم سروشتە سەختەدا پێ بگرێت. قەڵا و دیوارەکانی دیاربەکر لە شیعرەکەدا، هێمان لە پەیمانە کۆنەکان و یادەوەرییە سەختەکان، بەڵام لەدایکبوونە نوێیەکان و لایلایە هۆشیارکەرەوەکان نیشان دەدەن کە ئازارەکان دەتوانن بە هێزی خۆشەویستی و وریایی بگۆڕێن بۆ شتێکی بنیاتنەر. بە دەربڕینێکی دیکە، شاعیر دەیەوێت بە بینەر بڵێت لە دڵی کۆنترین برینەکانیشدا ئەگەری لەدایکبوون هەیە.

لە لایەنی شـــاعیرانەوە، تـایبەتمەنـدی گرنگی ئەم بەرهەمە تێکەڵکردنی سادەیی و دڵسۆزییە لەگەڵ وێنەیەکی قووڵ لە ژیان. وشـــەکان ســـادەن، بەڵام لە پشـــت هەر وێنەیەکەوە، چینێک لە هێمـا یـان ئەزموون شـــاراوەیە: میوەگەلێک کە دەستیان پێ ڕاناگات، ئاوە بەستووەکان کە ڕەوتی ژیانیان ســـســـت کردووە و ســـاوایەک کە دەبێت دوژمنانی نان لە هەمان ســـەرەتاوە بناســـێت. ئەم ڕێبازە دووانەییە، شـــیعرەکە دەکاتە گێڕانەوەیەک لە ســـەختی و هـیوا؛ گـێـڕانەوەیەک نە چـیـرۆکـێـکـی خەمـهـێـنەرە و نە ستایشێکی ڕووتە لە مەزڵوومیەت، بەڵکو ڕاستییەکی ئاڵۆز دەردەبڕێت: خەڵکێک بە خۆشـــەویســـتییەکی پاکەوە، بەڵام گیرۆدەی تووڕەیی سروشت و ستەمی مرۆڤ. لە هەمان کاتدا، هەرگیز تۆوی هیوا لەدەست ناچێت.

لە کۆتاییدا، ئەم شیعرە دەتوانرێت وەک نموونە یەک لە بارودۆخی پشـــتگوێخســـتن و چەوســـانەوەی کورد لە نیشـــتمانەکەی خۆیدا دابنرێت کە ســـاڵانێکی زۆر لەگەڵ هەژاری، سەرمای توند و گوشارە سیاسییەکاندا ژیاون و سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕەگی هیوا و خۆشەویستییان لە دڵی خۆیاندا پاراستووە. شاعیر بە پشتبەستن بە شەرەف و ئارامگرتن، نەوەیەک وێنا دەکات کە دەبێت لە منداڵییەوە فێر بێت مافی خۆی بە با نەدات، دوژمنەکەی بناســـێت و

ئەگەرچی لەوانەیە سێ ڕۆژ برسێتی بکێشێت، بەڵام بۆ هەمیشە بەهێز دەبێت. ئەم ڕاستییە هەمیشە یەکێک لە پەیامە بنەڕەتییەکانی ئەحمەد عارف بووە: ئازار ببینە، بەڵام ڕادەستی مەبە.

## سی و سێ گوللە[35]

١

ئەم چیایە، چیای مەنگەنەیە،

ئەوکاتەی بەیان دادێ لە وان.

ئەم چیایە، منالی نەمرووده،

[35] ڕووداوی "موغلالی" یان "کۆمەڵکوژیی سی و سێ گوللە"، ڕووداوێکە لە تەموزی ١٩٤٣دا لە شارۆچکەی ئۆزالپی پارێزگای وان ڕووی داوە. لەم ڕووداوەدا، سی و سێ هاوولاتیی کوردی خەڵکی ناوچەکە، بە تۆمەتی قاچاخی مەڕومالات و بە فەرمانی ژەنەراڵ مستەفا موغلالی (فەرماندەی سوپای سێیەم) بەبێ دادگاییکردن گوللەباران کران، کە سی و دوو کەسیان کوژران و یەکێکیشیان توانیی ڕا بکات. ئەم ڕووداوە لە سەرەتادا شاردرایەوە، بەلام دوای بەهێزبوونی پارتی دیموکرات (DP) و وروژاندنی بابەتی لێپرسینەوە لە پەرلەمانی تورکیا، دۆسییەکە جارێکی دیکە کرایەوە. لە کۆتاییدا مستەفا موغلالی بە تۆمەتی دەرکردنی فەرمانی ڕەشەکوژکردنی ئەم کەسانە بەبێ دادگاییکردن، دادگایی کرا و سەرەتا بە لەسێدارەدان حوکم درا. بەهۆی بەساڵاچوون و هۆکاری ترەوە، سزاکەی بۆ ٢٠ ساڵ زیندانی کەم کرایەوە. بەلام پێش ئەوەی دادگاییکردنەوەیەکی نوێ دەست پێ بکات، موغلالی لە ساڵی ١٩٥١، لە زینداندا کۆچی دوایی کرد.

ئەو کاتەی سپێدە بەسەر نەمرودا هەڵئەکات.
لە تەنیشتێکیەوە کرێوە دەیگرێتەوە، لە ئاسۆی
قەفقاسە، لەلایەکیشیەوە سەجادەی موڵکی عەجەم.
لە لووتکەکانەوە، هێشوی بەستەڵەک،
لەسەر ئاوەکانی، کۆترەکێویلە
ڕەوە کەڵەکێوی و،
پۆلە کەو...

با نکۆڵی لە مێرخاسی نەکرێ،
لە شەڕی تاکبەتاک هەرگیز نەبەزێنران،
هەزاران ساڵە، ڕۆڵەکانی ئەم خاکەن.
لێ ئەم هەواڵە چۆن بگەیەنین
ئەمە نە پۆلە پەڕەسێلکەیە،
نە بورجی ئەستێرە لە ئاسمان،
بەڵکو سی و سێ دڵی گوللەبارانکراو،
سی و سێ کانیی خوێنە ئەمە،
کە هەڵناقوڵێ،

بووەتە دەریاچە لەم کێوەدا...

٢

لە بنی سەرەولێژکەوە، کەروێشکێک دەرپەڕی،
پشتی خاڵخاڵی،
سکسپی وەک چۆڕی شیر.
غەریب، دووگیان، کەروێشکێکی کێوی،
دڵی لە دەمیا، وا بێچارە،
مرۆڤ بەرەو تۆبە ئەبا.
چۆڵ بوو، هەموولایەک چۆڵ،
بەربەیانێکی بێعەیب، ڕووتوقووت...

یەکێک لە سی و سێکە ڕوانی،
لە سکیا بۆشایی قورسی برسێتی،
قژ و ڕیشی بستێک،
لە یەخەیا، ئەسپێ،
مێرخاسێک دڵی وەک دۆزەخ،

سەیرێکی کرد، لە دەستانی شەتەکدراوی،
لەو کەروێشکە غەریبە،
سەیرێکی دواوەی کرد.
کەوتەوە بیر، فیلینتا نازدارەکەی،
هەمان زیزبووی ژێر سەرینەکەی،
کەوتەوە بیری، جوانووەکەی لە دەشتی حەڕانەوە
هێنابووی، یاڵی ڕازاوە بە مورووی شین،
ناوچاومارۆ،
سێسم سپی،
خۆشبەزی شەنگەسەرکێش،
ماینەکوێتەی نەژادی سەگڵاوی
کە لە مەیدانی خۆزاتدا[36] چۆن تاویان دابوو!

ئێستاش وا بێچارە و دەستبەستە،
لە پشتییەوە لوولەی ساردی تفەنگێک،

[36] خۆزات شارۆچکەیەکە لە دەرسیم.

ئەی بریا نەبووایە،

ئەیتوانی پەنا بۆ بەرزاییەکان ببا.

ئەم چیایانە، چیای برا، قەدریان ئەزانی،

بەخوا ئەم دەستانە، شەرمەزار ناکەن پیاو،

ئەو دەستانەی کە سوتووی جگەرەی داگیرساو و

زمانی دووفاقی کوێرەمار،

کە لەژێر هەتاوا ئەدرەوشێنەوە،

بە یەکەم تەقە ئەپێکێ،

شارەزایانە.

ئەم چاوانە، تاقە جارێکیش فریویان نەخوارد،

قیامەتی ئەو کۆردەرانەی چاوەڕوانی ڕەنو بوون،

خیانەتی بەفرین و نەرم،

هەڵدێرەکان،

ئەو چاوانەی لە پێشترەوە ئەیانزانی.

بێچارە،

ئەبوایە بکوژرایە،

فەرمان یەکلاکرابووەوە.

کەواتە با خشۆکە کوێرەکان چاوەکانی و،

داڵەکەرخۆرەکان بیخۆن دڵی...

٣

پێکراوم،

لە تەنگەیەکی ڕچی نێو چیاکاندا،

دەمەونوێژی بەیانی

کەوتوم،

خوێناوی، درێژ...

پێکراوم،

خەونم، لە شەوان تاریکتر؛

کەسێ نییە تا بە خێرێ بیپەرژێنێ.

گیانم ئەکێشن بێئەجەل،

ناتوانم بیخەمە هیچ کتێبێکەوە

پاشایەک شیفرەی فەرمانی ناردووە،

بێ هیچ پرسینەوە و دادگاییەک، گوللەباران کراوم.

کریڤۆم، حاڵەکەم هەروا بنووسە
ڕەنگە بڵێن حیکایەتە...
ئەو ترش و سوێرییەی ناودەمم
ساچمەی دۆمدمە[37]،
کە دەممی لەت لەت کردووە...

٤

فەرمانی مەرگیان بەجێ هێنا،
دوکەڵێ شینباوی چیا و،
سروەی نیوەبێداری دەمەوبەیانیان
بە خوێن سوور کرد.
هەر لەوێ تفەنگەکانیان هەڵپەسارد پاشان،
هێدی هێدی گەڕان،
هاتن سینگمانیان پشکنی.
هەموو شتێکیان ژێروژوور کرد،

---

[37] دۆمدۆم جۆرێ تفەنگە وەک تاپڕ.

بردیان، پشتوێنە سوورە کرماشانییەکەم،
تەزبێح و قوتووی جگەرەکەم
هەموویان دیاریی وڵاتی عەجەم بوون...

کریڤۆین، براین، بەخوێن پێکەوە بەستراوین،
لەگەڵ گوندەکان و خێڵەکانی ئەوبەر
سەدان ساڵە کچ بە یەک ئەدەین و ئەخوازین،
دراوسێین شانبەشانی یەکتر
تێکەڵن مامر و پەلەوەرەکانمان
لە نەزانییەوە نییە
لە هەژارییە ئەمە،
دڵمان بە پاسپۆرت گەرم نەبووە
ئەمەیە هۆی تاوانبارکردنمان بە کوشتن،
ئیتر ناومان بە یاخی ئەزرێنن
بە قاچاخچی
بە ڕێگر
خیانەتکار...

کریڤۆم، حاڵەکەم هەروا بنووسە

ڕەنگە بڵێن حیکایەتە...

ئەو ترش و سوێرییەی ناودەمم

ساچمەی دۆمدمە،

کە دەممی لەت لەت کردووە...

٥

لێدەن، کوڕەتیو،

لێدەن،

بە ئاسانی نامرم من.

لە ئاگردانی سینەمدا ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێشم،

لە هەناوما قسەم ماوە،

بۆ ئەوەی لە حاڵ ئەزانێت.

لەپێناوی ئورفەدا چاوەکانی بەخشی، باوکم،

لەگەڵ سێ براشیدا،

سێ سەروی نازدار،

سێ پارچە چیای تێرنەبوو لە ژین.
کە لە بورجەکانەوە، لە گردەکانەوە، لە منارەکانەوە،
کریڤۆ، خزم، منالآنی چیا،
کاتێ لە هەمبەر گەمارۆی فەرەنسادا وەستانەوە
سمێڵی تازە بۆز ببوو هێشتا
نەزیفی خاڵۆ بچکۆلەم
جوانڕو،
سووکەڵە،
سوارچاکێکی خاس، گوتبووی:
برایان، لێی دەن،
ڕۆژی شەرەفە و ئینجا
ئەسپەکەی هێنابووە سەر پاشو.

کریڤۆم، حاڵەکەم هەروا بنووسە
ڕەنگە بڵێن حیکایەتە...
ئەو ترش و سوێرییەی ناودەمم
ساچمەی دۆمدمە،

له تاسەتا كۆت و زنجیرم ڕزاند

كە دەممی لەت لەت كردووە...

## ڕامانێک لە شیعری «سی و سێ گوللە»

شیعری «سی و سێ گوللە» بە یەکێک لە ناودارترین و کاریگەرترین هۆنراوەکانی ئەحمەد عارف دادەنرێت. ئەم شیعرە تێکەڵەیەکە لە مێژوو و داستان، گێڕانەوەی ئازار و کوشتن و ناڕەزایی سیاسی - کۆمەڵایەتی کە لە هەمان کاتدا لەگەڵ وێناکردنی نوێی ئەدەبی و تۆنی پڕ هەست و سۆزدا یەکانگیرە. ئەحمەد عارف لەم بەرهەمەدا، سەرەڕای مەحکومکردنی ستەم و بێدادی، وەک یادەوەرییەکی گشتی و پڕئازار، کوشتار و گوللەبارانکردنی سی و سێ هاوولاتیی کورد دەگێڕێتەوە. واتە شیعرەکە لەسەر بنەمای ڕووداوێکی ڕاستەقینە لە مێژووی هاوچەرخی تورکیا هۆنراوەتەوە و بۆ کارەساتی گوللەبارانکردنی سی وسێ کەسی کوردی بێچەک و سادە لە چیا و گوندەکانی کوردستاندا، کە لە تەموزی ساڵی 1943دا ڕووی دا. ئەم کەسانە بێ هیچ دادگاییکردنێک بە فەرمانی یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی سیستەمی ئەتاتورکی بەر گوللە دران. ئەحمەد عارف بە بیستن یان خوێندنەوەی ئەم ڕووداوە تاڵە، شیعرێکی درێژ دەهۆنێتەوە کە ئازاری ئەم خەڵکە لەگەڵ تووڕەیی و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر سەرکوتکردن، دەردەبڕێ. ئەم ڕووداوە بۆ زۆرێک لە ڕۆشنبیران بوو بە هێمای ستەم و نایەکسانی

سیستەمی سیاسی بەرامبەر گەلی کورد و چەوساوەکان، بەڵام زۆر کەمیان بوێریی ئەوەیان هەبوو لەبارەیەوە بنووسن و بڵاو بکەنەوە. دوو لە گرنگترین ئەو کەسایەتییانەی لەسەر ئەم ڕووداوە هاتنە دەنگ، سەرەتا ئەحمەد عارف و پاشان ئیسماعیل بێشکچی بوو، کە لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەبارەی کارەساتەکەوە بڵاو کردەوە.

لەبەر ئەوەی ئەحمەد عارف خۆی کورد یا نیمچە کوردە و لە کوردستاندا لەدایک بووە، بەشی زۆری ژیانی لە کەشی سەرکوت و گوشاری سیاسی لەسەر کورد بەسەر بردووە، لەم شیعرەدا دەنگێک هەڵدەبڕێ کە نەک تەنیا گێڕانەوەیەکی مێژوویی کوشتارێک، بەڵکو دەنگدانەوەی هەموو ئەو خەڵکەیە کە لە ماوەی دەیان ساڵدا بە تۆمەتی جۆراوجۆر نادادپەروەرانە ڕەشەکوژ کراون. ئەم شیعرە تەنیا لاواندنەوەیەک نییە بۆ چەند قوربانییەک، بەڵکو هاوارێکی نارەزایی و پرسیارێکە لە ویژدانی مرۆیی: چۆن دەتوانرێت بێ هیچ دادگایەک مرۆڤەکان بدرێنە بەر گوللە و پاشان، بێ هیچ هەستێکی تاوانباری بە تەنیشتیدا تێپەڕ بیت؟

شیعرەکە لە پێنج بەش یان پەردەدا گێڕدراوەتەوە و هەر بەشێک کەش و گۆشەنیگای تایبەتی خۆی هەیە. ئەم

دابەشکردنە جیاوازە ڕێگە بە شاعیر دەدات لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە ڕووداوەکە ببینێت و بیگێڕێتەوە: جارێک لە چاوی کەسـێکی دیلەوە، جارێک لە بەیانییەکی سـارد و شـاخاویدا، جارێک بە تۆنێکی سـەرسـامی یان تەنانەت داسـتانی. ئەم تێکەڵکردنەش، شـیعرەکە دەکاتە بەرهەمێکی چەنـدچین کە هەم ڕاپۆرتی ڕووداوێکە و هەم دەربڕینی سیمبۆلیکییانەی سەرکوت و ئازاری مێژوویی.

شـیعرەکە بە وەسـفێکی بەهێزی شـاخەکان و سـروشـتێکی سـارد و ڕەق دەسـت پێ دەکات. ئەم جوگرافیایە ئاماژە بە سـنوورەکانی نێوان ئێران و تورکیا دەکات. وەسفی شـاخە بەفراوییەکان، کۆترە هەڵاتووەکان، ڕەوە ئاسـکەکان و کەوەکان، هەموویان بیرهێنەرەوەی جوانیی سـروشـتین لە تەنیشـت توندوتیژی چارەنووسـی خەڵکی ئەو نیشـتمانەوە. هەر لە سـەرەتاوە، شـاعیر، وەک هێمای کارەساتێکی مرۆیی، ئاماژە بەو «سی و سێ دڵ»ە دەکـات کە گوللەبـاران کران. بەجۆرێـک کە خوێنی قوربانییەکان بووەتە «سی و سێ کانیی خوێن».

لە بەشـی دواتردا، شـاعیر کەشـێکی سـەرلەبەیانییانە وەسـف دەکـات و کەروێشـکێک کە لەنـاکـاو لە نـاو بێدەنگییەوە هەڵدەسـتێت، دەبێتە بیانوویەک بۆ چوونە ناو بیر و خەیاڵی یەکێک لە دیلەکانەوە. ئەوێک کە دەسـت و

پێی بەسـتراوە، بە تاسـەوە بیر لە ڕابردووی خۆی، تفەنگە خۆشـەویسـتەکەی، ئەسـپە خۆشـبەزەکەی و مەیدانەکانی شـەڕ دەکاتەوە، کە ڕۆژگارێک بە ئازادیی تێیدا ڕایدەبوارد. ئەم دڵتەنگییە لوتکەی ئازارێک نیشـــان دەدات کە پیاوانی ئازا و ئازاد، ئێســـتا لە بەنددان و لە چاوەڕوانی مەرگێکی حەتمیدان. شـــاعیر بە زمانێکی تاڵ دەڵێت کە ئەگەر ڕێگای هەڵاتن نەبەسـترابا، شـاخەکان پەنایان دەدا، بەڵام فەرمانی مەرگ یەکلایی بووەتەوە و گوللەکان لە چاوەڕوانیدان.

لە بەشێکی دیکەدا، تۆنی شیعرەکە دەگۆڕێت. یەکێک لە قوربانییەکان پاش تەقاندنی گوللەکان قســـە دەکات یان گێڕەرەوە لە جیاتی ئەو دەگری. ئەو لە سـاتی بەرەبەیاندا، لە شـاخێکی چۆڵدا، بە جەسـتەیەکی خوێناوی و دەسـتانی شـــەتەکدراوەوە دەبینین. شـــاعیر هاواری «کریڤۆ» دەکات کە لە کولـتووری کـوردەکـان، بەتـایبەتی یەزیـدی و عەلەوییەکاندا، ڕۆڵی کەسـێکی شـوێنباوک یان هاوڕێیەکی گیانیبەگیانی دەبینێت و داوای لێ دەکات ڕاسـتییەکان بەو شـــێوەیەی کە هەیە بنووســـێت، چونکە لەوانەیە دواتر کەســـانی دیکە وەک ئەفســـانەی بزانن. ئەم نیگەرانییەی شـــاعیر لەبارەی شـــێواندنی مێژوو، بابەتێکی گرنگە لە سەرانسەری شیعرەکەدا.

لە بەشێکی دیکەدا، شاعیر بە ڕاشکاوی ڕایدەگەیەنێت کە فەرمانی مەرگ جێبەجێ کرا. شاخ و نەسیمی بەیانی بە خوێن ڕەنگ کران. پاشـــــان وەســـــفی ئەوە دەکات چۆن بکوژەکان دوای گوللەباران، بەوپەڕی خوێنســـــاردییەوە، تەرمەکان دەپشـــکنن و شـــتە بەنرخەکان تاڵان دەکەن. ئاماژە بە تەزبێح و تووتنی هێنراو لە ئێرانەوە دەکات، کە نیشانەی ئەوەیە ئەم خەڵکە سنوورنشینە و باپیرانیشیان لە هەردوو لای سنوورەکان ژیاون، بەڵام ئێستا بە تاوانی تێپەڕین لەم سنوورە بەدەستکێشراوانە، کوژراون. شاعیر جەخت لەســـــەر ئەم دژیەکییە دەکاتەوە کە چۆن خەڵکی ناوچەکە ئاڵوگۆڕی خێزانی و بازرگانی نەریتی بە شـتێکی سروشتی دەزانن، بەڵام دەوڵەت ئەوە بە «تاوان» دادەنێت و فەرمان بە کوشتنیان دەدات.

لە کۆتاییدا، شـــیعرەکە بە لوتکەی گێڕانەوەی خۆی کۆتایی دێت. قوربانییەکان، لە چوارچێوەیەکی گشـــتیدا، هاوار دەکەن مەرگیان ئاســـان نابێت و بە ئاســـانی لە یادەوەرییەکاندا ناســـڕێنەوە. شـــاعیر باس لە پێشـــینەی خێزانی خۆی دەکات؛ باوکێک کە لە شـــەڕدا چاوەکانی لەدەســت داوە، سێ برا کە لە شـەڕەکانی دژە داگیرکاری ئەوروپاییەکاندا کوژراون، و خۆی کە ئێســـتا ئامادەی گوللەبارانە، بەڵام نایەوێت تەســـلیم بێت. لە کۆتاییدا،

جـارێکی دیکە داوا لە کریڤۆ دەکـات ئەم ڕووداوە بەبێ شـــێواندن بنووســـێتەوە، چونکە ئەم خوێن و برینـانە ڕاستییەکن نابێت لەبیر بچنەوە.

ئەم شیعرە هەڵگری ناوەرۆکێکی زۆر کارەساتبارە: تراژیدیای ســـەرکوت و کوشـــتاری بەکۆمەڵ، شـــکۆی سروشت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئازادیدا، خۆشەویستی و غیرەتی خێزانی، بەرگری لە کەرامەتی مرۆیی لە بەرامبەر سووکایەتی و ڕەتکردنەوەی سنوورەکان. شاعیر جەخت لەســـەر مەزڵوومییەتی ئەم کەســـانە دەکاتەوە و هاوکات دەبێتە دەنگی شـانازی و کەرامەتیان. ئەو نیشـان دەدات ئەم خەڵکە لە شـــەڕە مێژووییەکاندا بەرگرییان لە نیشتمان کردووە، بەڵام ئێستا لەلایەن دەوڵەتی خۆیانەوە وەک تاوانبار و یاخی ســـەرکوت دەکرێن. ئەم دژیەکییە تاڵە، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی شیعرەکەیە.

ئەحمەد عارف لەم بەرهەمەدا، بە زمانێکی ســـادە بەڵام پڕ لە وێناکاری، کەشـــێکی بەرجەســـتە و بەهێز دەخولقێنێـت. ئەو لە جیـاتی دێڕی درێژ، دێڕی کورت و شـکاو بەکاردەهێنێت کە ڕیتمێکی هەناســەبڕ و کاریگەری هەیە. دووبـارەبـوونەوەی هەنـدێـک بەنـد، جـۆرێـک تەرجیعبەندی داستانی و خەمبار دروست دەکات و بینەر بۆ تێگەیشتنی قووڵتر لە کارەساتەکە بانگهێشت دەکات.

## چەند بەشێک لە: «دڵم، چاڵی دینامیتە»[38]

... ئەمن، لەگەڵ خۆیان دەبەن چاوەکانت،
چاوەکانت
بە ئەڤین، بە ئازار...
گەمارۆیان داوم
دەنگمیان، هەناسەمیان
بڕیوە،
بەشی نان و خوێم.
لێدراوم و گیرخواردوو،
لەژێر چاودێری.
لەسەر لقی بەر پەنجەرەکەم گەر گوڵێک بپشکوێت،
گڕ ئەگرێت،
باڵندەیەک گەر بەسەرما بفڕێت،

[38] ئەم شـــیعرە لە کتێبی "ئەحمەد عارف دەگێڕێتەوە: دڵم، چاڵی دینامیتە"، لە نووسینی ڕەفیق دورباش وەرگیراوە.

بە گوللە ئەیپێکن.

ئێستاش کە وایە و ئاوایە،

وەختێ ڕێگە بەم ئاراستەیە

دێت،

کە لە هەر هاتنێکیدا،

لە جاران دڵسۆزانەتر

دێت

بەهەناسەبڕکێوە

ئەبیتە هی من.

لە باوەشی بێئەمانی باسکەکانما،

مەست،

لەنێو هاتوهاوارا،

ئەتوێتەوە، وەک بەفر لەشت...

ماوەیەکە،

لە دەمی ناپاکانا،

وەک تاعونێ،

وەک بوومەلەرزەیەکە ناسنامەمان.

ماوەیەکە

دنیامان بۆتە زیندان،

ئێمە کە

سبەینێی خەڵکین،

هیوا و ڕووسورییان،

تووڕەیی، ناموسیان...

سپێدەکان،

تااا ئەوبەری سپێدەکان،

ئەی گیانی من،

دڵم،

چاڵی دینامیتە...

## ڕامانێک لە شیعری «دڵم چاڵی دینامیتە»

هەروەک زۆربەی بەرهەمەکانی ئەحمەد عارف، ئەم شیعرەش تێکەڵەیەکە لە ئەڤین، خەبات و هیوا، شکست و هەستانەوە، ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە ڕاستیدا ئەو بە شێوەیەک دەهۆنێتەوە کە خۆشەویستی و ناڕەزایی تێک دەئاڵێن: لە دێڕێکدا، تاسە و جۆشی دڵداری شەپۆل دەدات و لە دێڕی تەنیشتیدا، تووڕەیی و ناڕەزایی لە دڵی کەشی سەرکوتکراوەوە هەڵدەستێت. لەم شیعرەدا، شاعیر بە دەستەواژەی کورت و لێدەر، ئێمە دەخاتە ناو ئازار و هەڵچوونی کۆمەڵایەتییەوە و لە هەمان کاتدا دیمەنی تەواو ئەڤیندارانە و جەستەیی دەهێنێتە پێش چاومان. ئەم پێکەوەژیان و هاوتەریبیی خۆشەویستی و خەباتە، گەوهەری بیرکردنەوەی ئەحمەد عارف پێک دەهێنێت و وا دەکات شیعرەکەی هەم دەربڕی دەروونی سەرکوتکراو بێت و هەم دەنگدانەوەی دڵخۆشکەری ئاواتی ڕزگاری.

لە هەمان سەرەتای شیعرەکەوە، ڕووبەڕووی تۆنێک دەبینەوە کە پێمان دەڵێت گێڕەرەوە لە ژێر گوشاردایە. دەربڕینەکانی سەرەتا ئەوە نیشان دەدات دەنگی شاعیر و تەنانەت دەرفەتی هەناسەدانی ئازادیی لێ وەرگیراوە. وەها ئاماژەیەک بە «دەنگ» و «هەناسە» لە شیعری ئەحمەد عارفدا، ئاساییيانە دەگەڕێتەوە بۆ کەشی خنکاندن و

سانسۆر؛ کەشێک کە تێیدا، شاعیر و ڕۆشنبیرانی دیکە لە ئازادی دەربڕین بێبەشن و بڕینی « نان و خوێ» نیشان دەدات کە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵکیش خراپە. بارودۆخێکی وەها لە شیعرەکانی دیکەی عارفیشدا چەندین جار ڕەنگی داوەتەوە: دەستێکی قورس بەسەر کەشی کۆمەڵگەدا کەوتووە، لە ڕووی سیاسییەوە لە ژێر گوشاردان و تەنانەت «نان» یش بە ئاسانی بەردەست نییە.

سەرەڕای ئەمە، وەسفی ژینگەی داخراو و ڕەق لە وێنەکانی دیکەشدا دەبینرێت: لەسەر لقی داری بەر پەنجەرەکەی گەر گوڵێک بپشکوێت، ئەو لقە گڕ دەگرێت و ئەگەر باڵندەیەک بە سەریدا تێپەڕێت، بە گوللە دەیخەنە خوارەوە. ئەم دوو وێنەیە پێکەوە، نیشاندەری دۆخێکی نائارام و سەرکوتکارانەی وەهایە تەنانەت سروشتی سادەش پیس دەکات؛ بە جۆرێک کە پشکوتنی گوڵێک یان تێپەڕینی باڵندەیەکی ئازاد، لەوانەیە ببێتە مەترسییەکی قەرەبوونەکراو. شاعیر بەم خوازانە، تێمان دەگەیەنێت کە ستەم تا کوێ چووەتە ناوەوە و ژیانی ڕۆژانەی گەمارۆ داوە.

پاش ئەم وەسفە ڕاستەقینە و سەنگینانە، شاعیر لەناکاو بینەر دەخاتە ناو دیمەنێکەوە کە تێیدا، دڵدار بە

هەر جارێک هاتن زیاتر و «دڵسۆزانەتر» لە شاعیر نزیک دەبێتەوە. ئەم گۆڕانە لەناکاوەی تۆن، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی ئەحمەد عارف؛ ئەو لە نێوان وێنە دژوارە کۆمەڵایەتییەکان و ساتە پڕجۆشەکانی ئەڤیندا، پردێک دروست دەکات تاکو نیشان بدات خۆشەویستی، تەنانەت لە سەختترین بارودۆخیشدا گڕ دەگرێت.

لە دێڕەکانی دواتردا، وردەوردە شوێنپێی بیرکردنەوەی سیاسی و شوناسی خەباتکاری شاعیر پڕڕەنگتر دەبێتەوە: «ئێمە کە/سبەینێی خەڵکین/ هیوا و ڕووسوورییان/ تووڕەیی/ نامووسیان». ئەم چەند دەربڕینە نیشان دەدات ئەو کەسانەی گیرۆدەی خنکاندنن، لە ڕوانگەی شاعیرەوە هەڵگری ڕۆحی داهاتوو و نوێنەرانی شەرەف و شانازی خەڵکن. هەر وەک لە شیعرەکانی دیکەی عارفدا دەیبینین، ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و ئازاری چەوساوەکان وەک هەوڵدان بۆ بنیاتنانی داهاتوو دەزانێت. لە دیدی ئەوەوە، هەر کەسێک کە بۆ لابردنی ستەم و بنیاتنانی یەکسانی خەبات بکات، کۆکراوەی نامووسی گشتی لە خۆیدا هەڵدەگرێت. ئەم هەستی شانازیی تێکەڵ بە هەستی بەرپرسیارێتییە، یەکێکە لە مۆتیڤە بەردەوامەکانی شیعرەکانی ئەحمەد عارف؛ شوێنێک

کە خۆشـــەویســـتی تاکەکەســـی دەبێتە خوازەیەک لە خۆشەویستی بۆ خەڵک و نیشتمان.

لە کۆتایی شـــیعرەکەدا، ئەو ڕوو لە خوێنەر دەکات: «دڵم چاڵی دینامیتە». چەمکی «چاڵی دینامیت» درکەیەکە لە کۆبوونەوەی هێزی مەزن و تەقینەوەی ناوەکی کە هەر ســـاتێک ئامادەی هەڵچوونە؛ تەقینەوەیەکی وا دەتوانێت هەموو دیوارەکانی خنکاندن بشکێنێت و بەرەبەیانێکی نوێ تۆمار بکات. ئەو چەندین جار ئاماژە بە بەربەیان دەکات، وەک ئەوەی مەودایەکی زۆر لە تـاریکییەوە تـا ڕوونـاکی ببینێت. ئەم جەختکردنەوە لەســـەر بەربەیان لە شـــیعری ئەحمەد عارفدا هەمیشـە وەبیرهێنەرەوەی هیوا، ڕزگاری و ژیـانی پـاش تەنگژەی شـــەوە. بۆیە، «دڵی» کە «چـاڵی دینامیت» بێت، دەتوانێت هێمایەک بێت لە گەشـــەکردنی تووڕەیی بنیـاتنەر و هیوای تەقینەوە، کە ڕۆژێـک لە ســـپێـدەی تـازەدا ڕوو دەدات و زنجیرەکـان لە یەک دەپچڕێنێت.

دیـالێکتیکی خۆشـــەویســـتی و خەبـات لێرەوە دەردەکەوێت و ئەو لە کاتی قبوڵکردنی گوشـاری پۆلیسـی و ســـیاســـیدا، لەســـەر ئەو بڕوایەیە بە هێزێکی ناوەکی دەتوانرێت ڕێگری لە لەناوچوون بگیرێت. خۆشـــەویســـتی دڵبەر، کە ســـەرانســـەر جۆش و ســـاڕێژی کەســـییە، لە

تەنیشـت خۆشـەویسـتییەوە بۆ خەڵک، دەبنە هۆکارێک بۆ ڕەتکردنەوەی خنکاندن. لەوێدایە کە شـاعیر هاوار دەکات: «ئێمە کە سـبەینێی خەڵکین...» و لە درێژەدا دەڵێت «دڵم چاڵی دینامیتە...»؛ واتە ئەو هێزە بەبڕشـتەی لە سـینگیدا شـاراوەیە، بەرهەمی هیوای گشـتی و خۆشـەویسـتی تاکەکەسییە و ئەگەر ڕۆژێک ئەم هێزە دەرفەتی دەرکەوتنی هەبێت، سپێدە دەپشکوێنێت.

## تەنانەت شەرەفیش دەگری

١

لە کانیاوی چاوەکانتا
هەورێک،
وەک بڵێی
هاکا لەناکاو دایکرد.
بیر و خەیاڵم،
ئەوەی بە مێشکما ئەگوزەرێ،
ئەیخوێنیتەوە وەک ئاوێکی زوڵاڵ.
گشت خەڵکی بینییان
کە قوڕگیان هەڵدڕین...

٢

فرمێسکەکانت زیندانی مەکە،
تەنانەت شەرەفیش ئەگری...
لێگەڕێ با ئاسمان بشۆرێتەوە،

لاجیوەردی، سەوز، زێڕین

بەدەم ڕووناکیی خۆراوابوونەوە.

ئەوەتا لە شەفەقداین دیسان،

ڕووتوقووت و،

شین،

ئەوەتا وەک بڵێی نەسیمێک لە چیاوە،

ئەوەتا وەک شنەبا...

٣

هیچ کەس ناتوانێ گەردێ

تەنانەت بخاتە سەر نینۆکێکیش کە بڕیومانە.

تۆ، جوانترین کچی

هەموو کاکێشانەکانی و،

منیش گەوهەرم ئێستاکە،

گەوهەرێکی گڕگرتو

لە ئەڤینێکی ڕەش

کە پرۆمیتەی سوتاند.

٤

نە لە هەنیەمان شەرمێک

نە لەژێر باڵمان

خاچێکی شاراوە

ئێمە ئەم خەڵکەمان خۆش ویست،

ئەم نیشتیمانەش.

ئەمەیە نابەخشرێ

تاوانە ترسناکەکەی ئێمە...

## ڕامانێک لە شیعری «تەنانەت شەرەفیش دەگری»

ئەم شیعرە ڕوانینێکی قووڵ دەخاتە سەر ئەزموونە کەسی و کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەک لە نێوان هەستە ئەڤینداریيەکان و گۆڕانکارییە مێژوویی و نەتەوەییەکاندا دروست دەکات. لەم بەرهەمەدا، ئەحمەد عارف بە سوودوەرگرتن لە وێنە سروشتییەکان و هێما گشتگیرەکان، پێمان دەڵێت تەنانەت ئەوەش بە ڕواڵەت بەڕێز و خاوەنشەرف دیارە، لە بەرامبەر هەلومەرجی سەخت و لەرزۆکی ژیاندا دەتوانێت بگری. لە یەکەم دێڕەکاندا، شاعیر باس لە کانیاوی چاوەکانی ئەو دەکات؛ وا دیارە «ئەو» ئاماژەیە بۆ چاوەکانی دڵدار کە وەکو کانییەکی زوڵاڵ، بەڵام هەورێک لە دڵتەنگی و خەم بەری گرتووە. ئەم وێنەیە نەک تەنیا نیشانەیەکە لە ناسکی و هەستیاری، بەڵکو دەربڕی لەرزۆکی و زووتێپەڕبوونی ساتەکانی خۆشەویستی و مرۆڤایەتییە. بە دەربڕینێکی تر، ئەحمەد عارف لەم ساتەدا دەیەوێ بڵێ تەنانەت لە جوانی و ڕوونیی چاوەکانی دڵداریشدا، هەورەکانی خەم و دڵتەنگی دەتوانن بگرمێنن؛ هەورگەلێک کە لەوانەیە هێمایەک بن لە ڕابردووە پڕئازارەکان یان جیابوونەوە تاڵەکان.

لە درێژەدا، شـــــاعیر بە دەربڕینێکی وەک «هـاکـا لەناکاو دایکرد» ئاماژە بە جیابوونەوە و هەڵوەشـــــانەوە دەکات؛ هەمان جیابوونەوە کە لەوانەیە لە دیدی شاعیرەوە جیابوونەوەیەکی چارەنەویســـت و لەچارەنووســـراو بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەربڕی ئازارێکی گشـــتی و قووڵە. لەم نێوەندەدا، ئەحمەد عارف دەڵێ: «ئەوەی بە مێشـــکمدا ئەگوزەرێ، ئەیخوێنیتەوە وەک ئـاوێکی زوڵاڵ». ئەم دێڕە وێنەیەکە لە ڕەوانیی هەســتەکان، لافاوی بوونی یادەوەری و ئەو بیرۆکانەی بەبێ وەســتان لە مێشـکی ئەودا دەڕۆن؛ وەک ئاوێک کە بە ســـادەیی بەنێو پەنجەکاندا تێدەپەڕێت. بەڵام پاش ئەوە، دەڵێت جیهـانبینی ئێمەیـان ســـــەربڕی، ئەمەش ئاماژەکردنە بە ڕاســـتی و ســـتەم و کپکردن بە شێوەیەکی تاڵ و سـەرکۆنەئامێز؛ جیهانێک کە بە بێبەزەیی و بێدادی، خەڵکی لە کۆتی خەفەکردندا نوقم کردووە. ئەم دژیەکییە لە نێوان ســاتە دڵدارییە ناســکەکان و ئەوەی لە دنیـای دەرەوەدا ڕوو دەدات، بە تـونـدی کـاریگەر و مایەتێگەیشتنە؛ چونکە نیشان دەدات تەنانەت خۆشەویستی و شـــەرەفیش، لە بەرامبەر ســـەختییە مێژوویی و سیاسییەکاندا، لە ژێر باری گوشار و ستەمدا دەلەرزن.

شـاعیر پاشـان بە فەرمانی «فرمێسـکەکانت زیندانی مەکە» بە «ئەو» دەڵێت فرمێســـکەکانت ڕامەگرە، چونکە

شـــــەرەف و غروریش لە بەرامبەر ئازار و ســــەرکوتدا دەگرین. ئەم ڕســــتەیە، وەک پەیـامێکی دڵـدارانە و لە هەمـانکـاتـدا ڕەخنەیی، دەربڕی هـاوخەمی ئەحمەد عـارفە لەگەڵ هەموو ئەو کەسـانەی لە بەرامبەر سـتەمدا، تەنانەت هێما بەرزەکانی مرۆیی وەک شـــەرەف و عیززەتیش لە شــــوێنی خۆیـان دادەڕوخێن. ئەو دەیەوێت بڵێت کە لە بـارودۆخـی ســــەخـتـدا، ئەوەی بە ڕواڵەت بەهـێـز و هەتاهەتاییە دەتوانێت بە چۆکدا بێت؛ بەڵام لێرەوە، ئازادی و جوانی نەک تەنیا لە فرمێســـــکەکاندا بەڵکو لە هیوا بە نوێبوونەوەی ژیان و دەستپێکێکی دووبارەدا شاراوەیە.

لە دێڕەکانی دواتردا، شـاعیر کەشـێک لە نوێبوونەوە و لەدایکبوونێکی نوێ وێنا دەکات؛ ئاســمانێک کە دەیەوێت لە نوێوە بشـۆردرێتەوە و ڕەنگە شـــەونمییەکان و زێڕینی خۆرئـاوا لە خۆی بگرێـت. ئەم وێنەیە، وەک بەڵێنێـک بە دەسـتپێکی دووبارە، دەربڕی ئەوەیە تەنانەت دوای شـەوە درێژە تــاریکەکــان، بەیـانییەکی نوێ بەڕێوەیە. ئەحمەد عارف بە ئاماژەکردن بە ڕووتبوونەوە لە شـەفەقدا، بوونی خۆی و دڵدار لە باوەشــی ســـپێدەیەکدا دەبینێت؛ ئەمەش حــاڵەتێکە لە ڕزگــاری، ڕووتی و ڕاســـــتگۆیی کە هیچ پەردەیەک ناتوانێت بیشـــارێتەوە. هەروەها بە لێکچواندنی باری خۆی بە «نەسـیمی چیا» و «شـنەبا» ئەو ئاماژە بە

تازەیی و ئازادی دەکات؛ هەمان نەسیمی هەڵکردوو لە چیاوە کە هەمیشە هێزێکی نوێ بە سروشت دەبەخشێت.

لە درێژەی شیعرەکەدا، شاعیر بە شێوەیەکی نادیار ئاماژە بە توانایی و خۆڕاگری دڵدار دەکات. ئەو بە زمانێکی سادە و لە هەمانکاتدا شاعیرانە دەڵێت تەنانەت تۆزوخۆڵیش ناتوانێت شوێنپێی لێوانلێو لە ژیانی پڕئەڤین بسڕێتەوە؛ چونکە ئەو لە نێو هەموو ئەستێرە و کاکێشانەکاندا لە هەمووان جوانترە. پاشان خۆی لە دۆخێکی دژبەر و لە هەمانکاتدا پابەند بە خۆشەویستی دەبینێتەوە: «منیش گەوهەرم ئێستاکە، گەوهەرێکی گڕگرتوو، لە ئەڤینێکی ڕەش کە پرۆمیتەی سووتاند» ئەم بەشە سیمبۆلیکە، هەستێک لە خۆبەختکردن و فیداکاری لە بەرامبەر ئاگری خۆشەویستی و جیابوونەوە نیشان دەدات؛ وەک ئەوەی ئەو بەرگەی زەحمەتێک دەگرێت کە وەک ئاگری پرۆمیتە، ڕۆح دەسووتێنێت و لە هەمان کاتدا ئەو وەک شایەتێک لەسەر مەزنی خۆشەویستی و شەرەف دادەنێت.

ئەحمەد عارف لە درێژەدا، سەرنجی لایەنە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان دەداتەوە. ئەو بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە دەڵێ خۆشەویستی بۆ خەڵک و نیشتمان، چ لە ڕواڵەت و چ لە ناوەرۆکدا، نە جێی شەرمە و نە دەبێت

بشاردرێتەوە؛ بەڵکو ئەم خۆشەویستی و سۆزە، لەوانەیە گەورەترین تاوان یان گوناح بێت کە تەنانەت کاتێک لە چاوی دەسەڵات یان سیستەمە سەرکوتکارەکانەوە سووک دەکرێت، نرخ و ڕێزی هەروا دەمێنێتەوە. لێرەدا شاعیر بە جۆرێک خۆی ناچار دەکات تا لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە بۆ خەڵک و نیشتمان، تەنانەت ئەگەر ئەم خۆشەویستییە وەک نەبەخشراو و تاوانی ترسناکیش لێک بدرێتەوە، شایەتێک بێت لەسەر وەفاداری و مانەوەی ئەو.

بۆیە ئەم شیعرە نەک تەنیا چیرۆکێکە لە دڵشکاوی و جیابوونەوە، بەڵکو داستانێکە لە ئازایەتی و بەرخۆدان؛ داستانێک کە تێیدا تەنانەت ئەوەی بە دیار دەکەوێت بەڕێز و هەتاهەتاییە، لە بەرامبەر برینەکانی ڕۆژگار و سیاسەتدا، دەگری، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، هەروا لە هەناوی فرمێسکەکانیدا، تیشکی هیوا ڕەنگ دەداتەوە. شاعیر بە بانگهێشتێکی کورت لە کۆتاییدا پێمان دەڵێت کە نابێت ڕێگە بدەین ستەم و بێهیوایی، ئێمە لە تێگەیشتنی جوانییەکانی ژیان بێبەش بکات؛ چونکە لە دڵی هەر دڵۆپێکی فرمێسکدا، بەڵگەیەک لەسەر مانەوە و بەردەوامیی خۆشەویستی شاراوەیە.

## نیشتمانم، شادەماری من[39]

لەسەر کەڵبەی حەزیا هەڵم کۆڵی،

لەسەر کەڵبە ژەهراوییەکانی،

درزبردو، کەلێندار و

بریندارکەر،

چاوەکانی جووتێک دۆزەخ،

لووتی بۆنکردەی خوێن،

لەسەر سمێڵی وەک پڵنگی...

لەسەر دڵی پۆڵایینی چیا هەڵم کۆڵیوە،

لەسەر گوێزانی شینباوی بروسکە

شۆڕی ئەڤینت هێدی هێدی،

شۆڕی ئەڤینت دێڕبەدێڕ.

لۆۆۆ، من تۆم لە زیندانەکانا خۆش ویست،

من تۆم لە دوورخراوەییا،

[39] ئەم شـــیعرە لە کتێبی "ئەحمەد عارف دەگێڕێتەوە: دڵم، چاڵی دینامیتە"، لە نوسینی ڕەفیق دورباش وەرگیراوە.

نیشتیمانم، شادەماری من...

لە بەرزاییتدا سەهۆڵبەندان و
بەفر،
کەرویشکەکەوەی کێوی،
ئاڵبووەوەی بەر خۆرەتاو
مارەکانی زەمهەریر،
بە توورەییەکی یاقووتییەوە
وەها ئەچەقێن،
هەلۆکانی جوانیی تاهەتایی.......................
......................
......................[40]
گیانم بە قوربانت بێت،
بێدەنگی، هاوارم پێشکەشت...
بێجگە لە ناوت چەکێک نییە

[40] لە دەقە ئەسڵییەکەدا بەم شێوەیە، ڕەنگە سانسۆر کرابێ.

بێجگە لە چارەت تاوانێک نییە
نەیاننووسیوە هێشتا
نە لە هیچ دۆسییەکی نهێنیا
نە لە هیچ کتێبێکی کراوەدا.

بەدواتەوەن دڕندەکانی
پارەی خوێناوی
واتە سەگەکانی دۆلار،
گورگەکانی زێڕ و ستەرلین و
نەمروودەکانی نەوت و
یەزیدەکانی گوللە...

.......................

.......................

لە هەڵاتنا، لە ڕاونان
گیانت لەسەر لەپی دەستت...
ئینجا ئەم منالە کوژراوانە

لەتوکوتکراو،

هێشتا بۆنی شیریان لێ دێت و،

دایکانێکی مردوو

ناسک، جاحێڵ

هەمووان بە چاوی کراوە.

گەلەکەم،

ئەی ڕەنووی هەڵپەسێراو...

## ڕامانێک لە شیعری «نیشتمانم، شادەماری من»

لەم شیعرەشدا، ئەحمەد عارف ئاماژە بە نیشتمان، بە خۆشەویستی و بەو بارودۆخە ئازاردەرەی هەمیشە خەڵکەکەی تێیدا گیرۆدەن، دەکات؛ بەڵام ئەم ئاماژەکردنە نەک بە شێوەیەکی سادە و ڕووکەش، بەڵکو بە شێوەیەکی هونەری و لە هەمان کاتدا چڕ لە هێما و نهێنییەکان پیشان دەدرێت کە زمان دەگەیەنێتە لوتکەی هێز و واتا. لە هەمان سەرەتای شیعرەکەوە، بە دەستەواژەگەلێک، ئەحمەد عارف بە وێنەی زۆر بەهێز و بریندارکەر، نیشان دەدات چۆن یادەوەرییە تاڵەکان و برینەکانی بەرهەمی سەرکوت و بێبەزەیی لە قووڵایی بوونیدا نەخشێنراون. ئەو ئەم برینانە وەک نیشانەگەلێک لە مێژووی تاڵی نیشتمانی خۆی دەزانێت کە لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا، باس لە ئازارەکانی ڕابردوو دەکەن؛ چیرۆکێک نەک تەنیا ئازاری تاکەکەسی، بەڵکو ئازاری نەتەوەیەکیش وێنا دەکات. شاعیر باس لە بەرینی و مەزنی نیشتمانی خۆی دەکات و بەم دێڕانە دەڵێت خۆشەویستی ئەو بۆ نیشتمانەکەی، وەک ئەو هەڵکۆڵینانەن کە بە شێوەیەکی ورد لەلایەکەوە لەسەر جەستە و ددانە بڕندەکانی ئەژدەهای خوێنخۆر و لایەکی ترەوە لەسەر دڵ و گیانی شاخە ڕەقەکان و هەروەها لەسەر لێوارەکانی ئاسمان هەڵکەندراون. ئەم

خۆشەویستییە، وەک شیعرێکە لە هەر دێڕ و هەر بەیتێکیدا وردە وردە، هێواش و نەرم، بەڵام خۆی ماینـدە و هەتاهەتایی دەکاتەوە؛ خۆشەویستییەک کە لە کاتە سەختەکانی زیندان و دوورخستنەوەشدا دەژی و لەگەڵ هەموو برینەکانیدا، هەر ماوەتەوە. دەستەواژەی «لۆۆۆ، من تۆم لە زیندانەکانا خۆشویست، من تۆم لە دوورخراوەییا.» هەر ئەو بەرگەگرتنی بارودۆخە وەبیر دەهێنێتەوە؛ خۆشەویستی ئەو لە کۆتەکانی زیندان و لە دوورخستنەوەیەکدا کە لەوانەیە هەموو بوونی تێکشکاندبێت، هەروا بەردەوامە؛ خۆشەویستی بۆ نیشتمان و بۆ ئەوەی بەلایەوە بەنرخە، تەنانەت لە ناوەڕاستی سەختترین ساتەکانیشدا.

لە بەشی دواتری شیعرەکەدا، بە وێنەگەلێک لە سروشتی سارد و بێبەزەیی و لە هەمان کاتدا پڕ لە هێما و نهێنی بەر خوێنەر دەکەون. سەهۆڵبەندان و بەفری بەرزاییەکان، کەروێشکەکەوەی کێوی، ئەو مارانەی زەمهەریر وا لە کاتی بەرکەوتنی خۆردا سپی دەبنەوە و هەڵۆکان کە شایانی ژیانی هەتاهەتایین و بە تووڕەیییەکی یاقووتئاساوە چنگ و دەنووکی تیژیان دەچەقێنن. ئەم وێنانە بە باشی نیشاندەری دژیەکییە بوونەکییەکانن لە ژیان و نیشتمانی ئەودا؛ سروشتێک کە لە سەهۆڵ و بەفر

پێک هاتووە و تێیدا ژیان هەروا لە حاڵی خەباتە لەگەڵ سەرما و سەختییەکانی زستاندا. لەلایەکەوە، سەهۆڵ و بەفر و ماری نێو سەرما دەربڕی سەرمای کوشندە و بێبەزەیی وەرزێکن؛ لەلایەکی دیکەوە، وێنەیەکی زیندوو لە ئاژەڵگەلێکی وەک کەروێشکە کێوی و هەڵۆ کە بە هێز و شکۆوە لە نێو ئەم سەرمایەدا دەفڕن، نیشاندەری هیوا و توانای مانەوە و نوێبوونەوەی ژیانن. ئەم دژیەکییە لە ڕاستیدا، ڕەنگدانەوەی کەش و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسییە؛ شوێنێک کە تەنانەت لە لوتکەی سەختییەکاندا، هێماگەلێک لە ژیان، بەرخودان و گەشاوەیی هەمیشە لە کاردان.

ئەحمەد عارف لە درێژەی شیعرەکەدا دەچێتە سەر دەربڕینی هەستیی کەسەکی و تایبەتیی خۆی؛ ئەو بە دەربڕینێکی جیاواز کە لە بەرامبەر گوشارەکانی ژیان، یا لە بەرامبەر ستەم و زۆرداری یاخود تەنانەت تەماشا سەرکۆنەکەرەکانی کۆمەڵگەدا، خۆی وەک کەسێکی هەستیار و پێکەوتە بینیوە. ئەو ئاماژە بەوە دەکات لە نێو هەموو ئاڵۆزییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو هێشتا نەیتوانیوە تەواوی ئەوەی کە لە دڵیدایە یان ئەوەی کە لە ئازار و ستەمەکان ئەزموونی کردووە، بنووسێت و ئاشکرا بکات. لەم نێوەندەدا، ئەحمەد عارف بە جۆرێک ناسنامە و

چارەنووسی خۆی وەک کەسێکی بەرکەوتە لە ئەزموونە تاڵەکانی نیشتمان و گەلەکەی وێنا دەکات؛ چارەنووسێک کە لە پەردە شاراوەکانی مێژوودا و لە نێو هەموو گۆشەیەکی کۆمەڵگەشدا دەبینرێ.

لە بەندەکانی دواتردا، بە دەستەواژەی ئاڵۆز و ڕەخنەیی «بەدواتەوەن دڕندەکانی پارەی خوێناوی/واتە سەگەکانی دۆلار/گورگەکانی زێڕ و ستەرلین و/نەمرودەکانی نەوت و/یەزیدەکانی گولله...» شاعیر ڕەخنە لە بێبەزەییبوون و خراپەکارییە زاڵەکانی سەر بەها مرۆڤایەتییەکان دەگرێت. ئەو بە زمانێکی توند، بە جۆرێک باس لە کەسانێک دەکاتە کە بەدوای سامانی خوێناوییەوەن؛ ئەوانەی بەهای مرۆڤ و نیشتمان بۆ پارە و دەسەڵات بە لوتکە دەگەیەنن و لەم ڕێگایەوە ژیانی خەڵک دەخەنە کێشەوە. ئەم ڕەخنەیە، نیشاندەری لایەنێکی بەرخۆدانی ئەدەبی و سیاسیی ئەحمەد عارفە؛ بەرخۆدانێک کە لە هەر وشە و هەر دێڕێکیدا، هۆی وشیاربوونەوە و هۆشداریشە بە کۆمەڵگە. لەم نێوەندەدا، ئەو بە زمانێکی زۆر توند و پڕ لە ڕەخنە، جۆرێک کەشی سیاسیی پەسەندنەکراو وێنا دەکات کە بەهاگەلێکی وەک شەرەف و عیززەتیش بەر سووکایەتی دەکەون.

دوای سـانسـۆرکردنێکی چەند دێڕی، لە بەشـێکی دیکەی شـیعرەکەدا، عارف ئاماژە بە بارودۆخی ڕۆحی و جەسـتەیی ئەو کەسـانە دەکات لە ژێر گوشـار و ئاوڕلێنەدانەوەدا کەوتوون؛ کەسـانێک کە لە هەڵاتن و دوایین ساتەکانی ژیانیانن و بە ڕێکەوت دەربازیان دەبێت. ئەو ئاماژە بەوە دەکات تەنانەت منداڵان و دایکانیش، بە ئازار و خەمێکی زۆرەوە دەژین؛ منداڵێک کە هێشـتا بۆنی شـیری لێ دێت و دایکێک کە چاوەکانی پڕن لە خەم، بەڵام ڕووناک لە هیوا. ئەم وێنانە، بە توندی نیشـاندەری بارێکن لە بێپەنایی و لە هەمان کاتدا بەرخۆدانی گشـتی؛ بارێک کە تێیدا ئازار و ئەشـکەنجە هەرگیز بە یەکجار کۆتایی نایەت و هەمیشـە لە قاڵبی فرمێسـک و برینی بێدەنگدا شـوێنپێی خۆی بەجێ دەهێڵێت. دەربڕینی «گەلەکەم، ئەی ڕەنووی هەڵپەسـێراو...» وێنەی خەڵکانی نیشـتمانێکە لە دۆخێکی هەڵپەسـێردراو و گیرۆدەی تێکۆشـانە سـەختەکاندا؛ خەڵکانێک کە هەروا لە نێو هەوراز و نشـێوەکانی مێژوودا، دەژی و لە هەر جۆرە کەوتنێک بەرەو قووڵایی بێهیوایی دواجار سـەربەرز دەردەچێت. دەتوانرێ بگوترێ شـیعری «نیشتمانم، شادەماری من» نەک تەنیا قەرزدانەوەیەکە بە نیشـتمان و گەلەکەی، بەڵکو هاوارێکە لە دڵێکەوە کە لە ئازار و ئەشـکەنجە تاڵەکان ئاگادارە و هێشـتاش لە بەرامبەر سەرکوتدا، بە هەموو هێزێکیەوە بۆ خۆشەویستی

و وەفاداری ڕاوەســـــتاوە. ئەم شـــــیعرە، هەم لە ڕەهەندە کەســـــییەکان و هەم لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانیشـــــدا، وەڵامێکە بۆ ستەم و بێدادی.

## بەندکراو[41]

لەناکاو،
وەک بەرکەوتەی گوللەیەک بێدەنگ،
لەبەردەم گلێنەی چاوەکانم
بێدەنگ دەبێ و
شار، خۆی لائەدا و ڕێگا ئەکاتەوە،
تەنیا لە ڕادیۆکانەوە نەغمەیەکی خەمگین:
«بازاڕی درێژی ئەلعەزیز»[42]

خەیاڵم لای هەڵاتن نییە
نامەردی ناکەم،

---

[41] ئەم شیعرە ساڵی ١٩٥١ لە زیندانی ئەنقەرە نووسراوە.
[42] ئاماژەیە بۆ گۆرانییەکی میللی شاری ئەلعەزیز کە دەڵێ:
بازاڕی درێژی ئەلعەزیز
دوکان بەرامبەر یەک ڕیز
هەر دەیهێنم، عاشق بووم من
لە بەرچاوی دۆست و دوژمن.

تاقەتی پەشیمانیم نییە

ئەمەوێ پاڵ بدەمەوە

جگەرەیەک داگیرسێنم

دوکەڵەکەی گەوهەر ئەهێنێ

بڵێم دۆڕاوم یان شەرمەزار

نە ئەمم، نە ئەو،

من غەریبم، تۆ جوان

دنیا پڕە لە هیوا

هێندە سەیرم ئەم سەرلەئێوارەیە

خۆشەویستم

وەک بڵێی دێوێک بمبات،

لە هەردوو لام،

دوو نێزە...

## ڕامانێک لە شیعری «بەندکراو»

شیعری «بەندکراو»ی ئەحمەد عارف، ئاوێنەیەکە لە ئەزموونە تاڵەکانی زیندانی لەو سەردەمەدا و ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و کۆمەڵایەتیی کەسێکە لە نێوان سەرکوت و ناعەدالەتیدا گیری خواردووە. ئەم شیعرە کە لە ساڵی ١٩٥١ لە زیندانی ئەنقەرە هۆنراوەتەوە، نەک تەنیا دەربڕی دۆخی دەروونی و جەستەیی شاعیرە، بەڵکو نیشاندەری ڕوانگە قووڵەکەی ئەوە بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی. ئەحمەد عارف لەم بەرهەمەدا بە زمانێکی سادە بەڵام لە هەمان کاتدا سیمبۆلیک، هەوڵ دەدات ئەزموونی زیندان و ناتوانایی لە دەربڕینی هەستە ڕاستەقینەکان بە وێنە بکێشێت؛ شوێنێک کە بێدەنگی لەناکاو وەک ئەوەی گوللەی بەرکەوتبێت لەسەر چاوەکانی پێچراوە و شار، بەهۆی ئەم بێدەنگییەوە، ڕێگا و ڕێڕەوی خۆی کراوە دەبینێت.

لە یەکەم دێڕەکانەوە، شاعیر بە بەکارهێنانی وێنەی بەهێز و تیژ، کەشی سارد و بێبەزەیی زیندان بۆ خوێنەر وێنا دەکات. ئەم وێنە سەرەتاییە بە جۆرێک دەربڕی شۆک و بێجووڵەیی لەناکاوە؛ وەک ئەوەی کەسێک گوللەی بەرکەوتبێت، لە هەمان ساتدا لە دەربڕینی هەست بێتوانا بووە و بێدەنگییەکی قووڵ لە چاوەکانیدا

هەڵکەندراوە. ئەم بێدەنگییە نەک تەنیا باری جەســــتەیی بەڵکو باری دەروونی و ناوەکیی شـــــاعیریش دەنوێنێ؛ بێدەنگییەک کە لە بەرامبەر ئازار و ئەشکەنجەکانی ژینگەی زینداندا، وەڵامێکی بە وشە دەست ناکەوێت.

لە درێژەی شیعرەکەدا، عارف باسی کاریگەریی ئەم بێدەنگییە لەســـەر شـــار و کەشـــی دەوروبەر دەکات. ئەم دێڕانە نیشـــــان دەدات هەروەک شـــــاعیر بێدەنگ بووە، شاریش لە باوەشی ئەم دۆخە سارد و داخراوەدا، ڕێگای خۆی دەکاتەوە؛ بەڵام ئەم کرانەوەیە لەگەڵ بارێکی خەم و خەفەتدایە کە لە فەزادا بڵاو بووەتەوە و تەنانەت لە کەشی ڕادیۆیی و ناوە ناســـراوەکانیشـــدا دەنگدانەوەی خەم ئامادەیی هەیە. ئەم دژیەکییە لە نێوان بێدەنگی زۆری تاکەکەسی و کرانەوەی گشتی شاردا، جۆرێک هاوپشتی تاڵ لە نێوان ســـەرکوتی ناوەکی و دەرەکیدا وێنا دەکات؛ شـــوێنێک کە هەردووکیان پێکەوە، وێنەیەک لە ناعەدالەتی و ساردی ژینگە دەگێڕنەوە.

ئەحمەد عارف لە درێژەدا بە بەکارهێنانی زمانێکی سادەی باو، باســـی باری دەروونی و کەســـایەتیی خۆی دەکـات. لێرەدا دەڵێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی ســـەختدا، نە وردەکارییەک لە ڕووخانی دەروونی و نە هەستی پەشیمانی لە ئەودا بەدی دەکرێت؛ بەڵکو ئەو خۆی

وەک کەسێک دەبینێت کە لە چارەنووس و ڕووداوە تاڵەکانی زینداندا، بێگیان، بەڵام بە شکۆوە ماوەتەوە. ڕەنگە ئەم ڕستەیە بە جۆرێک نیشاندەری ئەوە بێت ئەزموونی زیندان و سەرکوت، ئەوی لەوەی دەربڕینی هەیە بێبەش کردووە و لە هەمان کاتدا، بە جۆرێک کەسایەتییەکی جیاوازی لێ بەرهەم هێناوە.

شاعیر حەزی خۆی بۆ ساتێک ئاسودەیی و دڵنەوایی دەردەبڕێت. خواستی شاعیر بۆ بەسەربردنی ساتێکی کورت لە ئازادی و ئارامی بە جگەرەیەک بەدی دەکرێت؛ جگەرەیەک کە دووکەڵەکەی بە «گەوهەر» ناودەبات؛ بە واتایەکی تر، تەنانەت لە ناو تاریکی و فشاردا، نیشانەیەک لە جوانی و بەها هەیە. ئەم وێنەیە، درکەیەکە لەو ساتە دەگمەنانەی مرۆڤ لە نێو ژیانێکی پڕ لە شکاندا، دەتوانێت تۆزقاڵێک ئارامی بەدەست بهێنێت؛ واتە ئەو ساتانەی ڕەنگە، سەرەڕای هەموو ئازارەکان، بیرهێنەرەوەی بەهاکانی ژیان بێت.

بەشێکی شیعرەکە، بە زمانێکی توند، ڕەخنە لە گەندەڵی ئابووری و کۆمەڵایەتیی سەپێنراوی سەر کۆمەڵگە دەگرێت. لەم بەشەدا، عارف باسی بوونەوەرانێک دەکات لە پشت پەردەی پارە و سامانەوە چالاکی دەکەن. ئەو، ئەم بوونەوەرانە بە «سەگ» و «گورگ» دەچوێنێت،

بۆ ئەوەی بێبەزەیی و گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا ئاشکرا بکات. لەم بەشـــەی شـــیعرەکەدا ئەحمەد عارف، هاوکات لەگەڵ دۆخی زینداندا، بەرەنگاری ســـیســـتەمێک دەبێتەوە کە بەهاکانی مرۆڤایەتی بۆ پارە و دەســەڵات دادەڕمێنێت. ئەم ڕەخنەیە لە پێکهـاتەی دەســـەڵات، ڕەنگـدانەوەی گیـانی نـاڕەزاییی شـــاعیرە و تێیـدا تەنـانەت چەک و پـارە، جێگرەوەی بەهاکانی مرۆڤایەتی و شـەرەف نابن.

ئەم شیعرە، بەگشتی، وێنەی کەسێکە لە ناخی زوڵم و ســـەرکوتدا، هێشـــتا هیوای بە ئازادی و نوێبوونەوەی ژیان هەیە؛ کەســـێکە هەرچەندە بێدەنگییەکەی نیشـــانەی زەبری زۆر و گوشـــاری بەرگەنەگیراوە، بەڵام لە ســـاتە دەگمەنەکـانی دڵنەوایی و جوانیـدا دەدرەوشـــێتەوە. «بەنـدکراو» نەک تەنیـا شـــایەتیـدانێکە لە ئـازارە تاکەکەسییەکان، بەڵکو دەنگێکە لە نەوەیەک و کۆمەڵگەیەک کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بێدادی و ســـتەمدا، هێشـــتا نایەوێت ڕادەست بێت.

لە کۆتاییدا، ئەم شـیعرە خوێنەر بۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ لەســـەر چەمکی ئازادی، دادپەروەری و بەرخۆدان بانگهێشـت دەکات. ئەحمەد عارف بە بەکارهێنانی زمانێکی ســـادە بەڵام لە هەمان کاتدا پڕ لە هێما و خوازە، پەیامێک

لە هیوا و بەرخۆدان لە دڵی هەر خوێنەرێکـدا کە لەگەڵ ئازار و زوڵمدا دەستەویەخە بووە، جێ دەهێڵێت.

## پاش ڕەستاخێز

لە ڕەستاخێزتا پەشیمان نابمەوە هەرگیز!
لە یەکەمین هێڵی پانییەوە تا دوورترینیان،
لە هەر میلیمەترێکی نێوان هێڵەکانی درێژیا،
ڕائەچەنێت و هۆشیار ئەبێتەوە،
تۆبەکار و پاکبووەوە لە گوناح،
ماری ژەهراوی و کۆتریش،
تا وەختێ کە ئیدی هیچ ئازارێک لە کەسا نەمێنێت و،
دەستەکانمان بگەن بەو خەونە ونبووە،
لە ڕەستاخێزتا پەشیمان نابمەوە هەرگیز!
واز لەو چاڵەبەفرینە سپییەی دەرونم
لەو بەیانییەی ڕەستاخێز، لە بەیەکگەشتنی
لەش و گیاندا
ناهێنم هەرگیز.

ئەم ڕێکخستنە بێهۆکارە، پێشکەشییەکە لە دەستی

کوێرەکانا، لە شانەکانی مێشکدا قەوزەکان،
سیاناویان گرتووە، سەوز.
ئەوەش بەهێزترین و سامناکترینیانە،
یان خۆی لەگێلی ئەدا، یا هەر نازانێ.
قژی و نینۆکەکانی بە یەک شێوە درێژ ئەبن،
باخچەکانی گوڵ بۆ خەونەکانی ئەچەمێنەوە.

بەڵام من، لە شەشەمین ڕۆژی «ببە» گوتنەکەتەوە،
ئەم دێڕەشیعرە، ئەی یار، ئەم ئەڤینە سەرکێشە،
لە نێوان درزی پەراسووەکانمەوە چرۆ ئەکات،
گەورە ئەبێ حەفتا هەزار ساڵ لەسەر
ئاوە بێخاکەکان و
ـ و سێ جاری تر حەفتا هەزار ساڵ ـ
بەدەم هاواری ئاووو، ئاوووەوە، ددانەکانم
تف کردەوە.

تۆ پێشکەشت کرد،

حەرام، خوێنی سەگ...

نەخێر، بەسە بەخشندەییت،

شێت دەبم، گەر دەستی لێ بدەم،

دەڕشێمەوە، کاتێک دێتەوە بیرم،

سەرباری ئەوەش، لە شەرمێکی ترسناکدام

بەناوی «زانین»

خوێن،

یەکەمین شێتبوو...

نە نەڕەی ئەژدیهای ژانگرتووی شەیپوری ئیسرافیل،

نە تووڕەییی پەیامهێنەکان،

نە پاسەوانانی چوارسەری بەردەگەی دۆزەخ.

تەنانەت موویەکیشم ناژاژکێنن،

هەمان ئەم شتۆکەیە،

ئەوەی یار لە ماچکردنی تێر نەبوو،

هەمان کە لەسەر شانەکانم ڕوواوە،

لەو بەیانییەی ڕۆژی ڕەستاخێزا، لە بەیەکگەشتنی

## لەش و گیانا...

ئەی زیندانی کوێر، سوورِ نەخوات سەرت،
نە بترسە، نە سەرسام بە.
وەختێ چاکە و دڵنەواییيە میزاوییەکانت و،
هەر پێناسە و چەمکێک ون ئەبێت،
سەرەتا، بێئازار، بێتهۆڤن هەڵئەستێتەوە، بەدەم
زەردەخەنەوە.
سەرەتا، مامۆستا ستراديڤاریوس، کەوانی
ڤیۆلۆنەکەی ڕائەکێشێ.
ئینجا بەتامی قەدەغەنەکراوی بەهێ
جیهانێکی بێخوێن، بێفرمێسک، بێپیسی،
جیهانێکی نەمر ئەخوڵقێنم، بۆ کچەکەم[43].

---

[43] ئەم شیعرە لە دیوانەکەدا نییە و لە گۆڤاری "Yeni Ufuklar"، ژمارە ٣٥، ئابی ١٩٥٦دا بڵاو کراوەتەوە.

## ڕامانێک لە شیعری «پاش ڕەستاخێز» ی

## ئەحمەد عارف

شیعری «پاش ڕەستاخێز»ی ئەحمەد عارف، بەرهەمێکی ئاڵۆز و فرەلایەنە کە تێیدا وەک زۆرێک لە شیعرەکانی پێشتر، شاعیر بە زمانێکی سیمبۆلی و خوازەیی، برینە قووڵە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە چوارچێوەیەک لە پەشیمانی، شۆڕش و ناڕەزایی وێنا دەکات. لەم بەرهەمەشدا، ئەحمەد عارف بە کەڵکوەرگرتن لە وێنەی زۆر بەهێز و وشەگەلێک کە دەڵێی لە ئازار و ئەشکەنجەی پێشینان هەڵکەندراون، دەپەرژێتە سەر نیشاندانی کەشی سەردەم و کۆمەڵگەکەیەوە. ئەو وەختێ دەڵێت «لە ڕەستاخێزتدا پەشیمان نابمەوە هەرگیز!» واتە لە ڕۆژی دووبارە زیندووکردنەوە یان قیامەتدا، ناتوانم دەست لەم خەباتە هەڵبگرم؛ دەست لە هیوا و ناڕەزایی بەر بدەم.

لە دێڕە سەرەتاییەکاندا، شاعیر دەڵێ لە هەر گۆشە و قوژبنێکی نیشتماندا، تەنانەت لە یەکەم هێڵی پانییەوە تا دوورترین خاڵەکان، یادەوەری و ئازارەکانی ڕابردوو هەڵکەندراون؛ هەڵکەندراون بە شێوەیەک کە «ڕادەچەنێت و هۆشیار ئەبێتەوە» واتە هەر دڵۆپێکی تاسە و پەشیمانی، لە قووڵاییی بووندا نەخشی بەستووە. ئەو ئەم وێنانە وەک

نەخشـــێـک دەبینێ کە دەتوانێ جێگرەوەی برینەکـانی ڕابردوو بن؛ برینگەلێک کە لە ماری ژەهراوی و کۆترەوە دەکەونەوە. واتە لە دوو بوونەوەرەوە کە ســـیمبۆلن لە مەترسـی و ئاشـتی، لە مەرگ و ژیان. وا دیارە شـاعیر بە بەکارهێنانی ئەم وێنە دژیەکانە، ئاماژە بەوە دەکات ژیان، ســـەرەڕای هەموو ئازارەکان و هەڵەکانی ڕابردوو، دەبێت بەردەوام بێـت و هەرگیز لە ڕێگـای بێهیوایی دەســـــت هەڵنەگرێت.

ئەحمەد عـارف لە درێژەدا دەڵێت تـا ئەو کـاتەی لە کەسـدا یەک ئازار نەمێنێتەوە، ئەگەرچی دەستەکانمان ئەو خەونە ونبووە بگرن، لە ڕۆژی قیامەتدا هەرگیز دەســـتت لێ هەڵنـاگرم. ئەم دێڕانە، هـاوارێکن لە پـابەنـدبوون و بەردەوامی؛ دەڵێی تەنانەت ئەگەر هەموو ئازار و برینەکان فەرامۆش بکرێن، ئەو هەرگیز لە دەست لە ڕەنگی سپی (لە شـــەرەف و پاکی) ناکێشـــێتەوە. لێرەدا ئاماژە بە «لەو بەیانییەی ڕەســتاخێز» دەتوانێت بە واتای ڕۆژێک بێت کە هەموو زوڵم و زیـادەڕۆییەکـانی تـاریکی لەنـاو بچن و ڕووناکیی دادپەروەری بەسەر جیهاندا هەڵبکات.

دوای ئەم بەشـــە ســـەرەتاییە، شـــیعرەکە بەرەو وەسـفی «ڕێکخسـتنی بێهۆ» دەڕوات؛ ڕوانینێکی ڕەخنەیی بۆ پێکهاتە ســیاســی و کۆمەڵایەتییەکان کە لە مێشــک و

دەماری خەڵکدا، وەک «قەوزەیەک لەسـەر شـانەکانی مێشـک» گەشـەیان کردووە. لەم شـیعرەدا، شـاعیر بە بەکارهێنانی وێنەی زیندوو و تیژ، ڕەخنە لە سیستەمێکی ناوبۆش و گەندەڵ دەگرێت و تێیدا تاکەکان یان کۆمەڵگا بە ئەنقەسـت خۆیان لە هۆشـیاری دوور دەکەونەوە. پێشـکەشـکردنی ئەم سیسـتەمە بۆ ئەو کەسـانەی توانای بینینی راسـتییان نییە یان پشـتگوێی دەخەن زەبری توندی ڕەخنەکانی شـاعیرە. هەروەها، بە ئاماژەکردن بۆ قەوزە و سیاناو لە شانەکانی مێشک و وەسفکردنی فەزای ئاوەڕۆی سـەوز، شـاعیر وەسـتانی فیکری و گەندەڵی زەینی دەخاتە بەرچـاو؛ شـوێنێک کە کێشـەی قووڵ هەن بەڵام یان نەناسـراون یان بە ئەنقەسـت پشـتگوێ دەخرێن. لە لایەکی دیکەوە، شـاعیر لە ڕێگەی وێنەی جیـاوازترەوە وەک گەشـەی بەردەوامی قژ و نینۆکەکـان و چەمـانەوە بۆ شـاردنەوەی گوڵ لە خەونەکاندا، ڕەهەندێکی ناوەکی لە هیوا و بەرگری نیشـان دەدات. ئەم دژیەکییە، لە نێوان دارمانی دەرەکی و هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی بەهـاکانی جوانی لە جیهـانی زەینیـدا، تەوەری سـەرەکیی بیرکردنەوەی شـاعیرانەیە. بە واتـایەکی دیکە، لە کـاتێکـدا کـات بە شـێوەیەکی بێبەزەییـانە لە تێپەڕبوونـدایە و کۆمەڵگـا لە دۆخی وەسـتان و نەزانیدا نوقم بووە، مرۆڤ لە ڕێگەی

خەونەکان و ناوەڕۆکەکانی خۆیەوە هەوڵ دەدات جوانی و هیوا بپارێزێت.

وشـــەی «ببە»، ئاماژە بە چیرۆکی دروســـتبوونی گەردوون دەکات. لە قورئاندا، خودا بە وتنی «ببە ـــ کن» گەردونی دروست کرد. دەستەواژەی «ڕۆژی شـەشـەم» ئـامـاژەیە بۆ ڕۆژی شـــەشـــەمی خیلقەت لە نەریتی ئیبراهیمیدا، واتە ئەو ڕۆژەی مرۆڤ و بوونەوەران دروست کران. پاشـان شـاعیر باسـی پرۆسـەی داهێنانی شیعری و ئارەزوی نەوەستاوی ناو شاعیر دەکات. دوای ئەمە بە دەربڕینێکی  بەهێز، وەسفی ئەزموونێک دەکات کە جەســـتەی شـــاعیر پارچە پارچە دەکات، ئێســـکەکانی پەراسووی دەشکێنێت و ناچاری دەکات خۆی بەدەستەوە بدات. ئەمە دەتوانێت هێمای ئازاری جەستەیی و دەروونی پرۆسـەی داهێنان بێت. دێڕی «حەفتا هەزار سـاڵ لەسـەر ئـاوە بێخـاکەکـان» بـاســـی کـاتێکی درێژ لە نـاڕوونی و بێکۆتاییبوون دەکات. دەستەواژەی «ئاوی بێخاک» هێمایە بۆ دۆخێکی ناڕوون، ناســـەقامگیر، و ژمـارەی گەورەی «حەفتا هەزار ســـاڵ» و دووبـارەکردنەوەی جەخت لە بێکۆتاییی ئەم دۆخە دەکاتەوە. پاشـــان بە دێڕی کۆتایی «بـەدەم هـاواری ئـاووو، ئـاووەوە، ددانـەکـانم تف کردەوە» وێنەیەکی زۆر کاریگەر دروست دەکات. شـاعیر

وەها باس لە ئاو دەکات کە هەم سـەرچاوەی ژیان و هەم هێمـای لەنـاوچوونە، بۆیە دەبینین خۆی تەرخـان کردووە بۆ کردەی داهێنـان تەنـانەت ئەگەر بە بەهـای لەنـاوبردنی خۆشی بێت.

ئەم شـــیعرە بە شــێوەیەکی بەهێز ئازاری خوڵقان، ئێشــــی بوون و ســــروشـــتی وێرانکەر وەک بنیاتنەری داهێنانی هونەری دەردەبڕێت. هەروەها هەســـتی ئازار و ڕۆشنبیری کە ئەزموونێکی عیرفانییانە دەبەخشێت، نیشان دەدات.

لە درێژەی شیعرەکەدا ئەحمەد عارف بە بەکارهێنانی وشـــەی وەک «حەرام» و «خوێنی ســـەگ» ئاماژە بە لایەنەکـانی گەنـدەڵی و نـادادپەروەری دەکـات. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو بە جۆرێک لە «بەخشـــندەیی»یش یادی دەکاتەوە کە ڕەنگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم گەندەڵییەدا، تەنـانەت بە بوونی هەموو ئەو ئـازار و پەشـــیمـانییەک، هێشـــتاش بوارێک بۆ ڕزگاری هەبێت؛ بوارێک کە ئەگەر دەستی لێ بدرێت، وەک «شێت دەبم» دەربڕی هەستیاری و زەبرپێگەیشـتنی قووڵی بوونی مرۆڤە. پاشـان قسـە لە ڕژانی خوێنێک دەکات و دەڵێ دەکرێ هی یەکەمین شێتبوو بێت، ئەوەی کە ڕەنگە بە واتـای ئارەزووی بێکۆتـایی یان

تەنانەت شێتی لە خۆشەویستی نیشتماندا بێت؛ شێتییەکی هاندەر بۆ گۆڕانکاری و شۆڕش.

لە کۆپلەی ناوەڕاستی شیعرەکەدا، شاعیر دەڕواتە سۆراغی ئاماژە سیمبۆلی و ئەفسانەییەکان. ئەم بەشەی شیعر، بە بەکارهێنانی وێنەی ئەفسانەیی و بوونەوەرە خەیاڵییەکان وەک چوارسەرەکان، ڕەخنە لە گوشارەکانی ستەم دەگرێت. ئەم وێنانە هاوکات لایەنە عیرفانی و سیاسییەکانی شیعرەکە زیاد دەکەن؛ بە جۆرێک هەر بوونەوەرێکی ئەفسانەیی، سیمبۆلێک لە زوڵم و ستەم دەبێت کە لە دڵی مێژوو و پێکهاتەی دەسەڵاتدا هەڵکەندراوە. هەروەها ئاماژە بە «تەنانەت موویەکیشم ناژاژکێنن، هەمان ئەم شتۆکەیە»، نیشاندەری هەستیاریی ئەحمەد عارفە بەرامبەر بەوەی بۆی بەنرخە؛ بەهاگەلێک کە تەنانەت بچوکترین نیشانەیەکیشیان، وەک تاڵەموویەک یان پارچەیەک لە جوانی دڵدار، ناتوانرێت پاک بکرێتەوە.

لە بەشی کۆتاییی شیعرەکەدا، ئەحمەد عارف بە زمانێکی پڕ لە پیشاندانی ئازار و هیوا، دەپەرژێتە سەر وێناکردنی باری دەروونی و جەستەیی خۆی و هاوپشتی لەگەڵ نیشتماندا. وا دیارە دەیەوێ نیشاندەری هەوڵێک بێت بۆ پاراستنی ئارامی لە بەرامبەر هەموو ئەشکەنجە و گوشارە دەروونییەکاندا. ئەو دەڵێت سەرەڕای هەموو

سنووردارییەکان و زیندانە دەرەکی و ناوەکییەکان، دەبێت بەردەوام بێ گوێدان بە ترس و سەرسامی، درێژە بە ڕێگای خۆی بدات. پاشان بە ئاماژە بە ئارەزووە قووڵەکانی مرۆڤایەتی، وەک بەکارهێنانی نموونە کولتوورییەکانی «بێتهۆڤن» و «سترادیڤاریوس» وەک سیمبۆلەکانی هونەر و ڕاستگۆیی، شاعیر نیشان دەدات کە لە نێو هەموو نادادپەروەری و برینە سەرسامهێنەرەکاندا، هونەر و جوانی هێشتا دەتوانن وەک هۆکارێک بۆ درێژەدان بە ژیان و بەرخۆدان بمێننەوە. وەختێک ئەو دەڵێت "ئینجا بەتامی قەدەغەنەکراوی بەهێ/جیهانێکی بێخوێن، بێفرمێسک، بێپیسی/جیهانێکی نەمر ئەخوڵقێنم، بۆ کچەکەم..." دەربڕی پابەندبوون و هیوای ئەو بە نەوەکانی داهاتوو و دروستکردنی جیهانێکی نوێیە، بێ ڕژانی خوێن و فرمێسک و هەبوونی ئازار. جیهانێک ڕەنگە تێیدا بەهاکانی مرۆڤایەتی بە شێوازێکی نوێ دووبارە پێناسە بکرێنەوە.

بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەم شیعرە، دەنگێکە لە دڵێکەوە، لە ڕووی خۆشەویستی و پابەندبوون بە نیشتمان و خەڵکەوە، لە هەموو ئەو زوڵم و کێشانە، دەست هەڵناگرێت؛ دەنگی هاوارێکە بۆ بەخەبەربوون، بۆ

بەرخۆدان، بۆ دووبــارە بنیــاتنــانەوەی بوون لە نێوان تاریکییەکانی سەردەمدا.

## ڕۆستەمۆ[44]

بە نەرمەلۆغەوە لە لەوەڕگاکانی مۆداندا[45]،
دەشتی مەقتەل[46]، لای ڕاستمان
چیاکانی چەرمیک، سپیپۆشی بەفر،
لای چەپیشمان، فوراتی سووری خوێنین
چواروەرزە، سەوزە دارستان،
خاک هەردەڵان و ڕەقەن.
بەهاران، لە بەرزاییەکانی دەرسیمەوە سەرەوژێر
مەڕومالات ئەلەوەڕێنن خێڵان.

[44] کاتێک ئەم شیعرەی ئەحمەد عارف لە ژێر سەرپەرشتی ئاتیلا ئیلهان، لە گۆڤارێکدا بڵاو کرایەوە، پیتی "ۆ" لە کۆتایی ناوی ڕۆستەمدا لابرا؛ چونکە وا بیر دەکرایەوە ناوی "ڕۆستەمۆ" زۆر ڕەنگ و بۆنی کوردیی هەیە! ئاوها کەشێک لەو سەردەمەدا زاڵ بوو.

[45] لەوەڕگاکانی گوندی مۆدان سەر بە سیڤەرەکە و ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بە (پەینیرجی).

[46] هەتا ناوەڕاستی ساڵای 1920 ناوی ناوچەیەک بوو، بەڵام ئێستاکە گەڕەکێکی سیڤەرەکی ئورفەیە و ناوەکەی گۆڕاوە بە (بورونجەک)، لەگەڵ گەڕەکێکی وێرانشەهری ئورفە بەناوی گییملی.

لە دار،

لە خەڵوز،

لە لۆکە،

وەک ڕووبارێکی ڕەوان دڵ ئەبات و ئەڕوا

بەرەو لای شەرەف و نان،

ئەڤینێکی ڕەشە و

ئاواتێکی سەوز

لەبەر ئەمەشە چیاکانی داگرتۆتەوە و

لە ئاوەکان پەڕیوەتەوە

چیرۆکەکانمان لە ڕەشماڵەکانا.

لەمەودوا دی قەدەغەیە ستەم؛

هەروەها باج،

سەرانە،

بێگاری،

کوشتن،

هاودەستیی قڕێژ،

تالاّن و،

ئینجا جوێن بە کچان، بە ماین،
قەدەغەیە، ئاوا فەرمان ئەکا پاشای چیاکان
لە دەستیشیا سێخۆری نەبەخشەری فەڕەنسایی[47]...

کەواتە بزانن حاڵی من
خێر بێت ئاقیبەت،
بزانن،
ئاشکرا و دیار
بۆ دۆست و دوژمن، چارەنووسم.

سەرەتا شێخولئیسلام فەتوا درئەکا،
واجبە ڕشتنی خوێنم لە هەر چوار مەزهەبا.
سەرای فەرمان ئەدات دواتر،
ئەسپەکان زین ئەکرێن لە ئۆردوگاکانا ئینجا،
لە تەنگانەترین ساتا گەیشتی، سەرداری تەتەران[48]

[47] جۆرێ تفەنگی فەڕەنساییە کە شانەکەی سێ گوللەی دەخوارد.
[48] مەبەست فەرماندەی نامەبەرانە.

دەستێکم نامەی بەخوێنسوور،
دەستەکەی تریشم، هەتوان،
دۆستۆۆۆ
بەم تۆزقاڵە نالێم شەڕ،
کوڕوکاڵن خەریکی ڕاهێنانن
تا چوارلامان گەمارۆ نەدرێت
سەنگەریان گرتووە چیاکان و
بۆسەیان ناوەتەوە ڕچەڕێکان.
سەڵاوات لێ ئەدەن، چیا چیا، تابوورەکان
ئێوارەیەکی خوێناوی بەسەر باخەکانی هەناردا
داهاتووە
ئەوەی دێت، پەیامهێن نییە
با ئیزرائیل بێت
دایکم حەڵاڵم بێ گەر هەڵێم...

## شیکردنەوەی شیعری «ڕۆستەمۆ» ی

## ئەحمەد عارف

لە شـــیعری «ڕۆســـتەمۆ»دا، ئەحمەد عـارف بە ســـوودوەرگرتن لە زمانی ســـیمبۆلی و وێنەی زیندوو، دنیای نیشـتمان، ژیانی خۆماڵی و هەروەها گوشـارەکان و سـەرکوتکردنە سـیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانی سـەردەمی خۆی وێنا دەکات. ئەم بەرهەمە وەک سـنوورێک لە نێوان ســروشــتی دەســتلێنەدراو و مێژووی تاڵ، لەلایەکەوە ڕەوتێکە لە خۆشـەویسـتیی قووڵ بۆ نیشـتمان و لەلایەکی تریشـــەوە هاوارێکە لە بەرخۆدان لە بەرامبەر ســـتەم و نادادپەروەری.

لە سەرەتای شیعرەکەدا، ناو و چەمکە جوگرافییەکان وەک «لەوەڕگاکانی مۆدان»، «دەشتی مەقتەل»، «چیاکانی چەرمیک» و «ڕوباری فورات» بەکار هێنراون. ئەم ناوانە تەنیـا نیشـــاندەری خـاڵە جوگرافییەکـان نین؛ بەڵکو بە ئاماژەکردن بە سـروشـتی جوان و دژوار، هاوکات ئاماژە بە ژیانی عەشـایەری و خۆماڵی دەکەن. بۆ نموونە «لای چەپیشـــمان فوراتی ســـووری خوێنین» وێنەیەکە ڕەوتی خوێناوی ڕووباری فورات نیشـان دەدات کە سیمبۆلێکە لە زینـدوویی و بەرخۆدان لە بەرامبەر ســـەختییەکـانی سـروشـتدا. هەروەها، دەسـتەواژەی «چوارووەرزە سـەوزە

دارســـــتـان/خـاک هەردەڵان و ڕەقەن» نیشـــــانـدەری دژیەکییەکە کە لە نێوان جوانییەکـانی ســــروشــــت و ســـەختییەکانی بوون لە خاک و زەویدا شـــاراوەیە؛ بە واتایەکی تر، سروشتی نیشتمان هێشتا لە هەر وەرزێکدا زیندوو و پڕ لە ژیانە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ سەختی و کێشمەکێشە تاڵەکاندا هاوڕێیە.

شـاعیر لە درێژەدا بە وێنەکانی ژیانی عەشـایەری و ڕەوتی گوندنشینی، دەپەرژێتە سەر وەسفی کەشوهەوای خەڵکی خۆماڵی و نیشان دەدات کە بەهار، کاتێکە عەشایەر لە دۆڵەکان و چیاکانەوە دێنە دەشـتەکان تاکوو ڕانەکانیان بلەوەڕێنن. ئەم وێنەیە، پەیوەنـدییەکی قووڵ لە نێوان سـروشـت و ژیانی خەڵکدا نیشـان دەدات. وەها ژیانێک لە دڵی مێژوو و کولتووری زێدی شـاعیردا ڕیشـەی هەیە و تەنانەت لە بەرامبەر گوشارە مۆدێرنەکان و سەرکوتکردنە سیاسییەکاندا، هێشتا بەردەوامە.

لە درێژەدا، شـاعیر بە وشـەگەلی وەک «دار، خەڵوز، لۆکە» دەپەرژێتە سـەر دەربڕینی ئەوەی لە کەرەسـتە سەرەتاییەکانی ژیاندا دەبینرێت؛ واتە ئاگر، خەڵوز و لۆکە. ئەم ڕەگەزانە، هەر یەک بە نۆرەی خۆی، سـیمبۆلێکن لە مـاندووبوون و هەوڵی ئەو خەڵکەی وا لە دڵی دژوارییە ئابووری و سـروشـتییەکانەوە، ژیان دروسـت دەکەن.

وەختێک ئەحمەد عارف دەڵێت «وەک ڕووبارێکی ڕەوان دڵ دەبات و دەڕوات/بەرەو لای شــەرەف و نان/ئەڤینێکی ڕەشــە و/ئاواتێکی ســەوز»؛ ئەوەمان نیشــان دەدات کە خۆشــەویســتی بۆ نیشــتمان و بەها ڕەســەنەکان، وەک ڕووبارێکی ڕەوان، لە دڵی ســەختییە مادییەکانەوە (وەک پارە، نان و پێداویســتییەکانی تری) ســەرچاوە دەگرێت. «ئەڤینێکی ڕەش» یــان هەمــان «قەرەســەڤــدا» لێرەدا دەربڕی خۆشەویستییەکی تاڵ و قووڵە. خۆشەویستییەکی تێکەڵ بە شادی و لە هەمان کاتدا بە ئازار، ماندووبوون و فیداکاری.

لە درێژەی شــیعرەکەدا، شــاعیر دەپەرژێتە ســەر دەربڕینی ئەوەی لە ســەرکوت و زوڵمدا بەردەوامە. ئەو، لیستێک لە دیاردەکانی ستەم، چەوساندنەوە و لەناوبردن پێشکەش دەکات؛ لەوانەی لە ئاستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا بەرچاون. ئەم لیســتە، جگە لە ڕەخنەی توند لەوەی لە کۆمەڵگەدا باوە، دەربڕی ئەوەشــە ســتەم و بێدادی، تا ئەو ڕادەیە باو بوونە تەنانەت فەرمانی «قەدەغەیە» بۆ هەموو ئەم کردەوانە لەلایەن پاشای چیاکانەوە، کە مەبەست لێی «ڕۆستەمۆ»یە دەردەچێت.

بەشــی ناوەڕاســتی شــیعرەکە لە ڕێگەی وێناکردنی کەشوهەوای کەسی و چارەنووسی تاکەکەسیی شاعیرەوە،

چارەنووسی ڕۆستەمۆ دەستنیشان دەکات، ڕۆستەمۆی یاخی لە ستەم و چەوساندنەوە، ڕۆستەمۆی نەریتی کورد لە چیاکاندا. هەربۆیە شیعرەکە لەم ڕێگەیەوە دەربڕی چارەنووسی نادیار و لە هەمان کاتدا دیاری ئەوە؛ چارەنووسێک نەک تەنیا بۆ دۆستان بەڵکو بۆ دوژمنانیش ئاشکرایە. لە درێژەدا، بە ئاماژە بە بڕیار و فەرمانەکانی دەسەڵاتە ئایینی و سیاسییەکان، ڕەخنە لە ناڕێکییەکانی سیستەمی زاڵ و ئەو ستەمانە دەگرێت کە لە ڕێگەی فەرمانە فەرمی و ئایینییەکانەوە دەردەچن. ئەم بەشەی شیعرەکە ئەوە نیشان دەدات چۆن دەسەڵاتە ئایینی و سیاسییەکان، لە تەنیشت یەکترەوە، ستەم لە خەڵک دەکەن و چینەکانی خوارتر کۆتوبەند دەکەن.

پاشان ئەحمەد عارف بە دەنگێکی هاوکات ڕەخنەیی و تەنزئامێزەوە، دەپەرژێتە سەر وەسفی ڕوخسارەکانی دەسەڵات و ڕۆڵیان لە کۆمەڵگەدا. وێنەیەک لە فەرمانە سەرکوتکەرەکان لە ناو قەڵاکانی دەسەڵات پێشکەش دەکات. پاشان بە ئاماژە بە «سەرداری تەتەران» و بەراوردکردنی دەستەکانی ئەو کە «دەستێکم نامەی بەخوێنسور/دەستەکەی تریشم هەتوان»ە، شاعیر دژیەکیی نێوان بێبەزەییبوون و تواناپێدان وێنا دەکات. وێنەیەک دەکێشێ لەوەی لە نێوان خوێن و ئازاردا، هێشتا هێزێک

هەیە دەتوانێت دەرمانکەر بێت و ڕەنگە بە جۆرێکیش هیوابەخش یان هێزی بنیاتنانەوە بێ.

لە درێژەدا، شاعیر عارف جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران و هەڵاواردندا، هاوپشتی و یەکگرتوویی لە نێوان خەڵکدا پێویستە، ئەمەش لەپێناوی بنیاتنانەوەی عیزەت و شەرەفی مرۆڤایەتیدایە. ئەم بانگەوازە بۆ یەکگرتن، بیرهێنەرەوەی ئەوەیە تەنانەت لە باشترین بارودۆخدا، هیچ تاکێک بە تەنیا ناتوانێت لە تاریکی دەربازی ببێت.

لە بەشی کۆتاییی شیعرەکەشدا، وێنە ئاینی و ئەفسانەییەکان بەکار دەهێنرێن. شاعیر بە شێوەیەکی تاڵ و سەرکۆنەئامێز، تەنانەت مەرگ و فریشتەی مەرگیش (ئیزرائیل)، وەک هاوڕێیەک لە دۆخە سەختەکاندا دەناسێنێت. ئەم شێوازە دەربڕینە، جگە لە دروستکردنی هەستی دڵەڕاوکێ، ئەوەش نیشان دەدات کە لەو وەختانەی وا دەردەکەوێت ئیتر هەموو شتێک کۆتایی هاتووە، دیسانەوە هیوایەک لە دڵی مرۆڤدا دەمێنێتەوە؛ هیوایەک ڕەنگە لە ڕێگای ڕزگاری لە کۆتی زوڵم و سەرکوت، یان گەڕانەوە بۆ ژیانێکی ئازاد و شەرەفمەندەوە بێتە دی.

بەگشتی، «ڕۆستەمۆ» بەرهەمێکە تێیدا ئەحمەد عارف بە زمانێکی دەوڵەمەند لە وێنە سروشتییەکان،

خوازە خۆماڵییەکان و ئاماژە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەپەرژێتە سەر دەربڕینی ئەوەی لە قووڵاییی بوونی خەڵک و نیشتمانی ئەودا دەگەڕێ. ئەو لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕەگەزە جوگرافییەکان وەک چیاکان، ڕووبارەکان و دەشتەکانەوە، هاوکات جوانی و سەختی ژیانی خۆماڵی وێنا دەکات؛ لەلایەکەوە ئەم ڕەگەزانە سیمبۆلی هیوا و نوێبوونەوەی ژیانن و لەلایەکی ترەوە، ڕەنگدانەوەی ماندووبوون و سەرکوتکردنەکانن. هەروەها، ڕەخنە توندەکان و دەنگێکی ڕەخنەییی بەرامبەر بە هێزە سەرەڕۆکان و گەندەڵی ئابووری-سیاسی، نیشان دەدات.

لە کۆتاییدا، «ڕۆستەمۆ» وەک تێکڕای بەرهەمەکانی تری ئەحمەد عارف، لە تێکەڵکردنی هونەری زمانی، وێناکردنە بەهێزەکان و ڕوانگەی ڕەخنەیی بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەردەگرێت تاکوو دەنگێک سەرووی کات و شوێن بە گوێی مرۆڤ بگەیەنێت. ئەم شیعرە بانگمان دەکات بۆ بیرکردنەوەیەکی قووڵ لە بەها خۆماڵییەکان، خۆشەویستی بۆ نیشتمان و هەروەها پێویستیی یەکگرتن لە بەرامبەر زوڵمدا.

## ئەڤینی ڕەش

له خەونێکی دوورا زەیرەفونێکی ماندوو،
بێدەنگییەکە لە دواساتەکانی نیوەڕۆدا هەڵئەکات.
بارانێکیش کە بۆنی بەرزەخی لێ دێت،
هێشتاکەش، لە بیرکردنەوەمدا تەنیاییيەکی بێسنووره.
سەڵتەنەتێکی سەوزی تێر بەسەر منارەکانەوە،
نزاگەلێکی تەڕیش، نەناسراو و قووڵ.
لە پەنجەرەکانا بەدەم شینەوە ئەنۆشرێ،
بۆ یادەوەریی دووری ئەوانەی کە خۆشمان ویستون.
پایزێکی قوڕقوشمین، گۆشەگیرییەکی توند،
ناوچەوانە تادارەکان لە فێنکاییی شووشەکانا.
جا کوڕگەلێ کە لەنێو ئەڤینێکی ڕەشا،
چاوەڕێن، چاوەڕێن لەم ئێوارانەدا.

## ڕامانێک لە شیعری «ئەڤینی ڕەش»

ئەم شـــیعرە لە فەزایەکی خەیاڵی و لە هەمان کاتدا خەمبار، وێنەیەکی تەنیایی هەتاهەتایی و حەســـرەتی ناوەوە پیشـــان دەدات. شـــاعیر بە بەکارهێنانی وێنەکانی ســـروشـــت و ڕەگەزە مەعنەوییەکان، دنیایەک لە هەســـتە دژبەیەک و لە هەمان کاتدا تێکەڵبووەکان دروست دەکات. واتە لە شـــوێنێکدا کە تێیدا بنەمایەکی ماندوویی و ئازار، لەگەڵ بیرەوەرییە دوورەکان و یادی خۆشـــەویســـتان، هێشتا لە مێشکیدا زیندوو ماونەتەوە.

لە کۆپلەی یەکەمدا، شـاعیر ئاماژە بە دارێک دەکات، واتە زەیرەفون یان دەوەنزەنبەق، کە لە کولتووری ناوچەکەدا هێمای ئارامی و بیرەوەرییە کۆنەکانە، کە ماندوو و ژاکاو لە خەونە دوورەکاندا وێنا کراوە و وەک هێمای گیانێکی ماندوی ئازارەکانی ڕابردووە. ئەم وێنەیە نەک تەنیا بارێکی ســـۆزداری قورســـی هەیە، بەڵکو بە جۆرێک دەربڕی تێپەڕبوونی کات و لەناوچوونی ئارامییە. لە درێژەدا، ئاماژە بە حاڵەتێک دەکات تێیدا چارەنووس وەک دوو دیوی یەک دراو دەردەکەوێت؛ دوو ڕەگەز کە هاوکات لەلایەن ژیان و هەروەها لەلایەن تەنیاییەوە بە یەکترەوە بەســـتراونەتەوە؛ وێنەیەک لە هەرەســـهێنان و نزمبوونەوەی ڕۆح لە بەرامبەر ماندوویی و نامۆبووندا.

ئەم وشـــەســـازییە بە شـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ هەســـتی بەجێهێشتن و وازلێهێنانیش لەخۆ دەگرێت.

ئینجـا بە بەکـارهێنـانی خوازەیەکی زۆر مەعنەوی، بـارانێکی دوور وێنا دەکات کە بۆنی بەرزەخ دەدات. ئەم بـارانە، وەک یـادهێنـانەوەیەکە لە ڕۆژگـاری تێپەڕبوون لە دنیای مادییەوە بەرەو دنیایەکی تر، هەســـتێک لە نهێنی و جیابوونەوە لە کات و شـوێن لەگەڵ خۆی دێنێت. ئەم بۆنە نـائـاســـاییە، نەک تەنیـا هەســـتی غوربەت و دووری دەوروژێنێـت، بەڵکو بە جۆرێـک دەربڕی تێکەڵبوونی بیرەوەرییە شـــیرین و تاڵەکانیشـــە. بیرەوەرییەکی وەها هەرگیز لە مێشـــکی شـــاعیردا ناســـڕێتەوە. شـــاعیر بە ڕاشـــکاوی ڕایدەگەیەنێت لە بیرکردنەوەکانیدا، تەنیاییەکی بێکۆتا و چڕ ماوەتەوە؛ ئەم تەنیاییە ئێستا وەک سێبەرێکی هەتاهەتایی لە مێشـکیدا نیشـتووە و هەرگیز لەناو ناچێت. بە واتـایەکی تر، تەنـانەت لەنـاو خەونە دوورەکـان و لە هەوای نهێنیئامێزی بارانیشـــدا، هەســـتی تەنیایی هەروا بەردەوامە؛ حاڵەتێک کە لە پشت هەر وێنەیەکەوە، هەمیشە نیشانەی برینە قووڵە ناوەکییەکان هەیە.

دێڕەکانی دواتریش بە جۆرێک ڕێڕەوی گیانەکی و مەعنەوییانە دەگرنە بەر. وێنەیەک لە دنیایەکی ســـەوز و ژیانبەخش پێشـــکەش دەکات. واتە ئەو شـــوێنەی منارە

بەرزەکان وەک هێمایەک بۆ بانگەوازی نوێژ و پاڕانەوە، لە ناو سروشتێکی سەوزدا، دەردەکەون. ئەم منارانە تەنیا نیشـــانەی گەشـــەکردن و زیادبوون نین، بەڵکو هەڵگری پەیامە گیانەکییەکان و نوێژگەلێکن کە بە شێوەیەکی نهێنی و قووڵ، لە دڵی شـــەوە تەماوییەکاندا بەردەوامن. پاشـــان دەڵێ ئەم نوێژانە وشـــک و ڕووکەش نین، ئەوانە وەک دڵۆپەکانی باران، شـێدار و دەوڵەمەند لە واتا و نهێنیکارین و بە قووڵاییی گیـان و دەروونـدا ڕۆ دەچن. ئینجـا لە درێژەدا، ئاماژە بەوە دەکات کە لە پشـــت پەنجەرەکانی ماڵەوە، بیرەوەریی و دەنگی خەم و شـــینی هەتاهەتایی هەیە؛ دەنگێک کە وەک ئاوازی پرســـەیەک، بیرهێنەرەوەی ئەو کاتە شـیرین و تاڵانەی خۆشـەویسـتان و بیرەوەرییە دوورەکـانە. ئەم دەســـتەواژەیە هـاوکـات بیرهێنەرەوەی دووری و دڵتەنگییە بۆ کەســـانێکی خۆشـــەویســـت یان یادەوەرییەک کە لە چینەکانی مێشـــکی شـــاعیردا هێشـــتا ماوەتەوە و نەخشی بەستووە.

بەدوای ئەمانەدا شاعیر کەشی وەرزێک و هەستێکی ســـەنگین وێنا دەکات. هەروەک قورقوشـــم یان گوللە دەربڕی ســـەختی و تـاریکی پـایزە، ئەم حـاڵەتە لە دڵی سروشتەوە وەک هێمایەک بۆ جیابوونەوە و ساردییەکانی ڕۆح بەکار هاتووە. پایزەکەش وەک قورساییی قورقوشمی

گوللەیەکە، لەســـەر دڵی هەمووان دەچەقێت. ئەم وێنەیە، نیشانەی بەرگەگرتنی ئەو ڕوخسارە ماندوو و ڕەقانەیە لە بەرامبەر ئەو سەرمایەی لە پەنجەرە فێنک و بێگیانەکانەوە دەڕژێتە دەرەوە. لە کۆتاییدا، شـــاعیر ئاماژە بە گەنجانێک دەکات کە بە ئەشقێکی تاریک و پڕ لە ئازارەوە چاوەڕوانی شـــتێکن. چاوەڕوانییەک پڕ هیوا و هەروەها گومان و خەمیش. ئەم دووبارەبوونەوەی «چاوەڕێبوون» جەخت لەسەر هەستی درێژخایەن و بێکۆتابوونی تاسە دەکاتەوە؛ حاڵەتێکە کە تێیدا کات لە دەســـتەکانی شـــەودا گیری خواردووە و هیچ پەناگەیەکی لێ نادۆزرێتەوە.

بە گشتی، ئەم شیعرە بە زمانێکی سادە و لە هەمان کـاتـدا پڕ لە خوازەی مەعنەوی، وێنەیەک لە دنیـایەکی دووانەیی پێشـــکەش دەکات. شـــاعیر بە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ســروشــتی وەک دار، بارانی بۆندار و منارە ســـەوزەکان، فەزایەکی گیانەکی و لە هەمان کاتدا خەمبار بۆ خوێنەر وێنا دەکات. ئەم تێکەڵەیە، دەربڕی حەسرەت و دڵتەنگیی قووڵە، لە هەمـان کـاتـدا نیشـــانـدەری گەڕانی بێوەســـتانی مرۆڤە بۆ دۆزینەوەی واتا و پەناگە لە ناو تێپەڕبوونی کات و گۆڕانکارییە هەتاهەتاییەکاندا.

لەم نێوەنـدەدا، دەنگی شـــاعیر بە جۆرێک ترپەی ئەڤیندارانە و دڵتەنگانەیشـــە. ترپەیەکە وادیـارە لە هەر

دڵۆپێکی باران و هەر بانگێکی سـەر منارەکاندا، بەزیندویی مـاوەتەوە و خوێنەر بۆ گەشـتێـک لە دڵی کـات و بیرەوەرییەکان بانگهێشت دەکات.

لە ڕاسـتیدا ئەم شـیعرانە، سـەرەڕای کورتبڕییان، بارێکی واتایی قووڵیان هەیە و هێشـتا دوای تێپەڕبوونی سـالآن، توانیویـانە لە دڵی خوێنەرانـدا جێگەی خۆیـان بپـارێزن، چونکە هەر یەک لە وێنە بەکـارهـاتووەکـان، نیشـانەی ڕاسـتییەکی مرۆڤانەیە. وەها ڕاسـتییەک کە تێیدا تەنیـایی، ئەڤین، خەم و هیوا هەموویـان پێکەوە، ڕۆڵێکی جیانەکراوە دەگێڕن.

لەم دیدگایەوە، دەتوانین بڵێین ئەم شـیعرە نەک تەنیا کـارێکی ئەدەبیی جوانە، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکی ئەزموونە نـاوەکی و ڕۆحییەکـانی شـاعیرە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دنیای دەوروبەری خۆیدا. شـاعیر بەم وێنانە، وەک گەوهەرێک لە تاریکیی شـەودا، نیشـانی دەدات کە ئەڤین و دڵتەنگی پێکەوە دەتوانن دڵی مرۆڤ بخەنە بەرەنگـاری و لە هەمان کاتدا، پرشنگێک لە هیوا دروست بکەن.

## تۆلیاتی[49]

پالمیرۆ، پالمیرۆ[50]، کرێکاری پڕشکۆ
بۆنی باروت دێ لە برینە گەرمەکانت
لە شیرێک کە بڕاوە، لە مەمکی دایکان و
زڕاوە خەوی ساواکان
لە کاتێدراڵە بۆندارەکانی ئەم نیمچە دوورگەیە و،
مەیدانە بەتەمەنەکانی ڕۆمادا،
لەگەڵمانن.
شین شین لە دەریاوە هەڵئەکات شنە،
کەفەڵی هەتاوگرتەی سیسیل،
لە کارتپۆستاڵی خەیاڵینا باخچەکانی ناپۆلی

---

[49] لە ڕاستیدا ئەحمەد عارف هیچ ناوێکی بۆ شیعرە هەڵنەبژاردووە و دواتر ئەم ناوەی لێ نراوە.

[50] ئاماژەیە بۆ پالمیرۆ تۆلیاتی (Palmiro Togliatti)، سیاسەتمەدار و ڕابەری پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا کە یەکێک بوو لە بەناوبانگترین کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئیتالیای پاش جەنگی جیهانیی دووەمدا.

لەگەڵمانن

لەگەڵ ئێمەیە هەوا

لەگەڵ ئێمەیە ئاو

لەگەڵ ئێمەیە ترسی سینیۆر دی گاسپێری[51] و

هەموو سینیۆرەکان،

مشکەکانی دێر تۆقیون.

[51] ئالچیدە دی گاسپێری (Alcide De Gasperi) سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی ئیتالیا بوو، کە بە دژایەتی و سەرسەختی بەرامبەر بزوتنەوەی کرێکاری ناسرابوو.

## ڕامانێک لە شیعری «تۆلیاتی»

شیعری «تۆلیاتی»، بەرهەمێکی جیاوازی ئەحمەد عارفە. ئەم شیعرە بۆ هاوخەمی و پشتیوانی نێونەتەوەیی وتراوە. شیعرێکە پڕ لە شۆڕش و پابەندبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە تێیدا شاعیر بە کەڵکوەرگرتن لە زمانی سیمبۆلی و وێنەی بەهێز، دەنگی کرێکاری و شۆڕش دەگەیەنێتە گوێ. ناونیشانی شیعرەکە، «تۆلیاتی»، ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناوی پالمیرۆ تۆلیاتی، سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالیا، یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە ئیتالیا، دەکات. تۆلیاتی لە 18ی تەموزی 1948دا وەختێ لە پەرلەمانی ئیتالیا دەهاتە دەرەوە، هەوڵی کوشتنی درا و بە سەختی بریندار بوو.

لە یەکەم دێڕەکاندا، شاعیر بە بانگەوازی «پالمیرۆ، پالمیرۆ، کرێکاری پڕشکۆ» نەک تەنیا باس لە کەسایەتی و پێگەی ئەم ڕێبەرە کۆمۆنیستە دەکات، بەڵکو ئەو وەک هێمایەک لە بەرخۆدان و سەرکەوتنی کرێکاران و چینە چەوساوەکان پیشان دەدات. لە دێڕە سەرەتاییەکاندا، ئەحمەد عارف کەڵک لە وێنەی هەستەکی و زیندوو وەردەگرێت: «بۆنی باروت دێ لە برینە گەرمەکانت» کە وێنەی هەوڵی تیرۆرکردنەکەی دەگێڕێتەوە. لە درێژەدا، بە

شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەو ئازارانە و لەدەستدانانە دەکات بەدوای خەباتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەلایەن فاشیست و مافیاکانەوە بەر گیانی خێزانەکان و نەوەکانی ئێستا و داهاتوو کەوتووە؛ لەوانە بڕانی شیری دایکان و لەدەستدانی ئارامی خەوی ساواکان. ئەم وێنانە، وەک بڕێک لە ئازار و ئەشکەنجەی قووڵی ژیانی کرێکاری و خەڵکی، کەشی شیعرەکە پڕ لە هەستی ڕەخنە و ناڕەزایی دەکات.

شاعیر پاشان دەپەرژێتە سەر کەشی شاری و مێژوویی. ئەم دێڕانە دەربڕی ئەو خاڵەن کە بۆنی فیداکاری و ئازار، تەنانەت لەو شوێنانەی سیمبۆلی هێز و دەسەڵاتی نەریتی بە ئەژمار دێن - وەک کڵێساکان و گۆڕەپانە مێژووییەکانی ڕۆما - ئامادەیی هەیە و بە جۆرێک، بە مێژوو و چارەنووسی خەڵکی وڵاتەکەوە گرێ دراوە. ئەم ئامادەبوونی بۆنە مەعنەوی و مێژووییە، نیشاندەری ئەوەیە ڕۆحی شۆڕش و خەبات، لە هەموو ڕەهەندەکانی کولتوور و مێژوودا ڕۆچووە و لە دڵی هەر گۆشەیەکەوە تێدەپەڕێت.

شاعیر بە بەکارهێنانی ڕەنگی شین و وەسفی شنەی دەریا، کەشی مێدیتەرانەیی وێنا دەکات کە هاوکات سیمبۆلێکە لە ژیان، جووڵە و تازەیی. ئەو بە باسکردنی

سیسیل و ناپۆلی ئاماژە بە جوگرافیای جوانی نیشتمانەکەی تۆلیاتی دەکات، هەروەها نیشان دەدات کە سروشت و کولتووری مێدیتەرانەیی، بە نۆرەی خۆیان هەڵگری ڕۆح و بزووتنەوەی خەڵک و کرێکارانن؛ ئەوانیش وەک شنەی دەریا بەرەو ئازادی و نوێبوونەوەی ژیان بەڕێ دەکەون.

لە درێژەدا، ئەحمەد عارف باس لە کەشی سیاسی و دەسەڵاتە چینایەتییەکان دەکات و بە شێوەیەکی ڕەخنەیی ئاماژە بە هێزە سەرکوتکەرەکان و چینەکانی سەرەوە دەدات. ئالچیدە دی گاسپێری، کە سەرۆکوەزیرانی ئیتالیا و دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کریستیان بوو، وەک نوێنەرێک لە چینی فەرمانڕەوا و دژەکۆمۆنیزم لێک دەدرێتەوە. هەروەها وەک سیمبۆلێک لەو دەسەڵاتانەی کەڵک لە سامان و پارە بۆ سەرکوتکردنی گەلان وەردەگرن. دەربڕینی ترسی هەموو سینیۆرەکان و پاشان ئاماژەدان بە تۆقینی مشکەکانی دێر، وێنەیەکی تەنزئامێز و لە هەمانکاتدا تاڵە لە ترس و لاوازیی دەسەڵاتدارانی سەرمایەدار و سیاسییە کریستیانەکان کە بە ناوی دیموکراتییەوە لەگەڵ فاشیزمدا دەستیان تێکەڵ کردووە.

بەگشتی، «تۆلیاتی» شیعرێکە کە لە زمان و وێنە زیندووەکانەوە بۆ دەربڕینی پەیامە سیاسی و

کۆمەڵایەتییەکان سـوود وەردەگرێت. ئەحمەد عارف بە بەکارهێنانی ناوی ڕاستەقینە و لە هەمانکاتدا خوازەی بەهێز، ستایشی کۆمۆنیزم دەکات و ڕەخنەش لە ستەمی سیستەمە سەرکوتکەرەکان دەگرێت. ئەو نیشان دەدات کە فیداکاری و گیانبازی کرێکاران، وەک پالمیرۆ تۆلیاتی، لە بەرامبەر بێبەزەیی چینە دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتە زاڵمانەکاندا، هێشتا زیندوو و بەردەوام دەمێنێتەوە.

52...............

لێفەکەم باخی گوڵەشینکە

خەو، گۆرانی ون لە پرچمدا

لەسەر سەرینم، یەکەم سێبەری کچێنی و

یەکەم لەبیرچوونەوەی سەمای ئازادی.

لە نەرمی ماچەکانت کە وەک کەفێکی سووکن،

ژوورێکی بەهەشتی لە تاوانە پیرۆزەکان،

لە سپێتی بێدرومانی چارشێوت

مانگێک لە هەوران ئەتکێتەوە

---

[52] ئەم شـــیعرە لە کتێبی "ئەحمەد عارف دەگێڕێتەوە: دڵم، چاڵی دینامیتە"، لە نووســـینی ڕەفیق دورباش وەرگیراوە. ئەحمەد عارف ئەم شـــیعرەی لە تەمەنی هەرزەکاریی خۆیدا، واتە ئەو کاتەی لە شـــاری ئەفیون خوێندکاری ســـاڵی یەکەمی ناوەندی بووە، هۆنیوەتەوە. هەربۆیە لە ڕووی کێش و ڕیتم و تێمەکانی شیعرەکەوە سادەیی پێوە دیارە.

شەرابێکی شینباو لە چاوەکانتا

ماندو لە سێبەری مۆسیقا

تۆ هەردەم وەها جوانی دولبەرم

منیش بێ هیچ خودایەک، لێدراوی تۆم.

.............[53]

سەرلەئێوارەیەکی شەرابییە
بەسەر باخ و چیاکاندا فەرمانڕەوا،
ڕێک لە وەختی گەڕانی تەواوی دونیادای
تریفەش، ئاو ئەخواتەوەکەمێکی تر

لەسەر کەمەری سوورهەڵگەڕاوت ناقوسەکان
بێسڵەمینەوە ئەکوتن،
لە مانشێتەکانا، درۆ کیلۆمەتر کیلۆمەتر
ئەلەرێتەوە و ئەچەرخێ.

تۆ، لە بەرگی مناڵیتا

---

[53] ئەم شیعرە بێناونیشانەش لە کتێبی "ئەحمەد عارف دەگێڕێتەوە: دڵم، چاڵی دینامیتە"، لە نووســـینی ڕەفیق دورباش وەرگیراوە. ئەم شیعرە یەکێکە لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی شاعیر و ساڵی 1947 لە گۆڤاری مەیدان (Meydan)دا بڵاو کراوەتەوە.

تێکەڵ بە مەرەکەبی چاپخانە
دەستەکانت ڕیسوا لە شەکەتیی کار
ئەوەیان برد کە بە دۆست گازت ئەکرد،
با، گیانی لەگەڵ خۆیا بردووە.

لە هیوا ئەچێت
لە عیشق،
لوولەیەکی ساردی تفەنگە،
کوێر، لە بۆسەدا،
لە پشتەسەرتەوە ستەم،
گیانیشم ڕایخستووە خوانێکی تەواو،
ڕێک لە بن لووتتا
ئازادی.

ئەکرێ خۆشت بوێ،
لێ لە نێوانتانا گوللە
ناوچەی قەدەغە هەیە،

تۆ گەنجیت
ئەڤینت هێندە جوانە دەتوانرێ لەپێناویا بمری
کەچی پیاوانی یاسا هەموو پیر.

...............[54]

...منیش دەبەن ئازایان
بۆ ئەو شوێنەی
کە بە ئەڤین پێی گەیشتون
ئەو ئازایانەی کە،
زمانیان تف کردۆتەوە
ئەو ئازایانەی
کە پیاوەتییان ورد کراوە.

شان بە شانی یەکتر، درێژکشاو،

[54] ئەم شیعرە بێناونیشانەش لە کتێبی "ئەحمەد عارف دەگێڕێتەوە: دڵم، چاڵی دینامیتە"، لە نووسینی ڕەفیق دورباش وەرگیراوە.

بەدرێژاییی باڵایان
سەرتاپایان خوێن.
ئەو ئازایانەی کە،
هەریەکیان، پارچەیەکی نیشتمانن.
لە چاوانیانا
گێژەڵووکەیەک جوێن
دایک و خوشک و
ئاخ نەفرەتی...

له تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند

.............[55]

خۆریش قەدەغەیە
دیوارەکان هەن و
ترسناکە، تەنیایی قەرەوێڵەکانی زیندان
لەسەر لا پاڵکەوتوی تۆ لە پێخەوەکەتا،
جگەرەی هاوڕێت بە لێوتەوە و
درەختانی قەیسی ڕەنگە گوڵ بگرن ئەمشەو.
شەیپوری «بخەون»ی قشڵەکان لێ داوە
وا تۆش لە دەرەوەی جوانترین شەڕەکان بەجێ ماوی
دڵت، مینا بیرێکی داڕوخاوە لە زۆنگوڵداغ
سەریشت، وەک قڕەوگاڵەیەکی سەرشەقامە لە چین...

---

[55] ئەم شیعرە بێناونیشانەش لە کتێبی "ئەحمەد عارف دەگێڕێتەوە: دڵم، چاڵی دینامیتە"، لە نووسینی ڕەفیق دورباش وەرگیراوە.

ئەم چەند شـــیعرەی کۆتایی هیچ ناوێکیان نییە و بە ســـــادەیی و شـــێوازی دەربڕینیاندا دیارە لە شـــیعرە سەرەتاییەکانی ئەحمەد عارفن و ماناکانیان زۆر ڕوونە و بە پێویستم نەزانی هیچ سەرنجێکیان لەسەر بدەم.

دوا وتەی ئەم وەرگێڕانە دەمەوێ ئەوە بێـت کە شیعری ئەحمەد عارف بەرهەمێکی هونەری و کۆمەڵایەتیی قووڵە بە زمانێکی پڕ لە ســیمبۆل، خوازە و وێنەی بەهێز، دنیـای نـاوەکی و دەرەکی مرۆڤ لە نێوان ســـەختی و بەرخۆدانــدا وێنــا دەکــات. شـــیعری ئەو لە نــاخەوە لێکـدانەوەیەکی دووفـاقییە بۆ ژیـان: لەلایەکەوە ســـتەم، ســـەرکوت، تەنیایی، برین و دیوارە بەرزەکان و لەلایەکی ترەوە خۆشــەویســتی، هیوا، شــکۆفەی بەهار و پرشــنگی ئـازادی. ئەحمەد عــارف بە کەڵکوەرگرتن لە جوگرافیـای نیشـــتمان و ئاماژە بە کوردســـتان، ئەنادۆڵ و ناوچەکە، هاوکات پەیوەندیی قووڵی خۆی بە خاک و دەستی خەڵکی سـاکارەوە دەردەبڕێت و لە هەمانکاتدا بە ڕەخنەیەکی تیژ، سیستەمە سەرکوتکەرەکان و دەسەڵاتە زاڵمەکان دەخاتە ژێر پرســیارەوە. لە قووڵاییی تاریکترین ســاتەکانیشــدا، شــیعری ئەو هاوارێکە دژی ڕادەســتبوون، بانگەوازێکە بۆ ڕۆیشــتن بەرەو ڕووناکی و دەنگێکی ڕەســەنە کە لە پاش

هەموو تاریکییەکەوە، هێشتا هیوای بە سبەینێیەک هەیە تا کۆترەکان ئازادانە تێیدا بفڕن و خۆر، کە ڕۆژێک قەدەغە بوو، بەسەر هەموو دەشت و کێڵگەکاندا تیشک بداتەوە.

ئەحمەد عارف، وەک ئەوەی هەموو شـــتێکی وتبێت، پاش ئەم شیعرانە، هەرگیز هیچی تری بڵاو نەکردەوە.



Ahmed Arif

# Hasretinden Prangalar Eskittim

Çeviren Dilşad Hîwa

لە تاسەتا کۆت و زنجیرم ڕزاند